MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

رینیه موریس

# کوردستان یان نەمان

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:**

**ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل**

هەولێر - 2008


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کوردستان یان نەمان**
- نووسینی: رینیه موریس
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: جەرجیس فەتحوڵلا
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (2691) ساڵی 2008
- نرخ: (4000) دینار
- چاپی یەکەم : 2008
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

زنجیرەی کتێب (340)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست


پێرست ........ 3
پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی ........ 5
بەشی یەکەم: وڵاتێکی بێ سنوور ........ 11
بەشی دووەم: مۆرتیۆری یاریگاکانی ناو چیاکان ........ 25
بەشی سێیەم: میللەتێك كە مێژوو لە بیری کردووە ........ 51
بەشی چوارەم: وا خەریکە دەمرێ ........ 87
بەشی پێنجەم: قەسابخانەی هاونیشتیمانانی سڤیل ........ 121
بەشی شەشەم: ڕۆڵەکانی نەینەوا ........ 153
بەشی حەوتەم: رۆژی قیامەت ........ 185
بەشی هەشتەم: ئاخرین کەس لە گەورە پیاوانی مەزن ........ 233
بەشی نۆیەم: دادپەروەری و چاکە کاری ........ 253

## پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی

ڕەنگە ئەم کتێبە دەگمەنترین کتێبێك بێت کە دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی عەرەبی لە کوردستانی عێراق لەبارەی شۆڕشەکەیەوە. دانەرەکەی کە پیاوێکی فەڕەنسییە لە ساڵی 1967دا بڵاویکردۆتەوە. ئەمەش لە پاش ماوەیەك کە نووسەر لە نێو جەرگەی شۆڕشدا، ماوەیەك کە لە گرنگترین و ترسناکترین ئەو ماوانە بوو کە شۆڕش بڕیویەتی ئەویش بەدیاریکراوی ماوەی مانگی ئایاری ساڵی 1966 بوو، کە تێیدا ژیابوو. ئەم کتێبە، شەشەمین کتێبە لەو زنجیرە کوردییەی کە دەستم کردووە بە وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی کە لەو کاتەدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التآخي) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، بووم لە بەغدا.

لە بارەی ناساندنی ناسنامەی دانەرەوە دەڵێین کە (رینیە موریس) لە بنەڕەتدا پەیامنێرێکی ڕۆژنامەوانی کارامەی هەڵکەوتووی نێو جەنگی دووەمی جیهان بوو. ئەو (سەرنووسەر)ی لادیپیش دومیدی lapepeche du midi بوو کە لە شاری تولوزی فەڕەنسا دەردەچوو. ئێستا کە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵە. ئەو لە قوتابخانەی نورمالی باڵا و لە کولێژی (لویسی گەورە) لە پاریس، زانستەکانی خوێندووە. جەنگ و داگیرکاری نازی بۆ وڵاتەکەی ئەو وای لێکرد ئاراستەیەکی تایبەتی بۆ ژیان لەلا گەڵاڵە ببێ، پاش ئەوەی بڕوانامەی لیسانس لە ئاداب وەردەگرێ و پاش رزگاربوونی فەڕەنسا رووی کردە بواری ڕۆژنامەوانی لە هەموو بوارەکانیدا جا کاروباری جەنگ بوایە یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان هەواڵ یان دادوەریی یان وەرزشی بوایە. پاش بەڕێ کردنی ماوەی بیست و سێ ساڵ لەم پیشەیەیدا بوو بە پسپۆڕێك لە بەرامبەر هەموو پەرەسەندنەکان و رووداوە سیاسییەکاندا. کۆششە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەو لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا دوو خەڵاتی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی پێبەخشی کە یەکێکیان خەڵاتی (ئارمۆران F.J.Armorin) لە ساڵی 1954دا بوو لەبەرامبەر کتێبی (هیندی چینی



رزگاربوو). خەڵاتی (ئەلبرت لۆندر Albert Londres) لە ساڵی 1956 لەبەرامبەر کتێبی (وڵاتی لادێ: جەنگی سێبەر). ڕۆژنامە جیهانییەکان زۆران جار راپۆرتە هەواڵییەکانی ئەویان بڵاودەکردەوە هەروەکو لە بارەی دەنگوباس و هەواڵە وروژێنەرەکانی کە لە بارەی جەنگی کوردییەوە بڵاوی کردنەوە، روویدا. ئەم کتێبەی ئێستای بەرهەمی گەشتێکە کە بۆ ناوچەکانی شۆڕشی کورد کردوویەتی بۆ ئەوەی ببێتە شایەت حاڵێك بەسەر ترسناکترین شەڕەکانییەوە و هەروەکو خۆشی دەڵێ، ((ئەو شەڕە خوێناوییە نەزانراوە یان پشتگوێ خراوە لەلایەن رای گشتی جیهانەوە)) ببینێ و پاش ئەوەی کە کارەساتەکان و سەختییەکانی ژیانی میللەتەکە دەبینێ کە سووربوون و پێداگرییان لەسەر خەبات لە پێناوی مافی خۆیان لە ژیانێکی سەربەرزو ئازاددا لە ئاستی هەمان ئەو توندوتیژی و زەبروزەنگەدا بوو کە بەسەریاندا سەپابوو بەڵێن بەخۆی دەدا کە دەنگوباسەکانی بڵاوبکاتەوەو راستییەکان لە بارەیەوە رابگەیەنێ و بڵاویان بکاتەوە هەروەکو چۆن بۆن و بەرامی گوڵانی سەرمەست کەری چیاکانی بڵاوی دەکەنەوە)) ئەمە بەپێی گوزارشتی دانەر خۆی کە هەروەکو لە کۆتایی کتێبەکەیدا هێناوییەتییەوە.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی عەرەبی، زیادکردنی بۆ سەر لیستی هاوچەشنی خۆی، پەیوەندییەکی خۆشەویستییە کە بەرامبەر گەل و وڵاتی عەرەب هەمە و پێداویستی ئاگاداربوونیەتی لەسەر خەباتی گەلێکی دێرین کە لە ناخۆشی و خۆشیدا بەدرێژایی چەند سەدەیەك هاوبەشی بووە، ئەمە سەرەڕای هاوبەشی ویژدانی لەگەڵیدا. خەباتی کورد، ئەو خەباتەی کە هەندێك کەس زۆربەی جار بە هۆکاری دەمارپەرستی نەتەوەیی هەڵدەستێ بە شێواندنی روخساری و پیشاندانی بە ئاوایەکی جیا لەڕووە راستییەکەی خۆی، ئەمەش زۆرجار ئەوکاتانەیە کە زۆر لە سیاسەتوانان و فەرمانڕەوایانی کۆنەپەرستی عەرەب لافی لێدەدەن هەر بۆ ئەوەی پەیوەندییە گومانلێکراوەکانی خۆیان بە کۆلۆنیالیستەوە داپۆشن. مێژووی نوێ چەندین هەقیقەتی سەختی ئاشکرا کردووە کە ئەویش ئەمەیە هەموو ئەوانەی کە بەدەنگی زۆر بەرز ((عروبە))ی خۆی رادەگەیەنێ ئەو لە هەمووان زیاتر ئیمانی بە

((عروبه)) لاواز و له هەمووشیان بەپەلەترە بۆ ئەوەی لەدواوەڕا خەنجەر لە پشتی دۆزە گەوهەرییەکانی بدات چ لەو کاتەدابێ کە بەرژەوەندێکی لەو کارەدا هەبێ یاخود لەو کاتەدا بێت کە هەلی بەگیر دەکەوێ.

له هۆکارەکانی ئەو خۆشەویستییەی من، گەورەبوونمە لە ژینگەیەکی عەرەبی و فرچك خواردنم بە شیری ئەو زمانە بەرز و شاکارەیەوە هەروەها پەیبردنم بە نهێنییەکانی و بگرە بەشداربوونم لەگەڵ برا عەرەبەکانم لە سۆز و چالاکییە نیشتیمانییەکانیاندا لە گشت قۆناغەکانی ژیانی سیاسیمدا بەر لە هەستی نەتەوەیی خۆم. بەشداریم لە بەندیخانەکان و گرتوخانەکاندا بەتایبەتی لە دۆزی گەورەی ئەوان (فەلەستین)دا هەروەکو کەسانیتریش لە کورد بەشداربوون، کردووە.

لە جەنگەی ئەو دەمارپەرستییە نەتەوەییەدا کە لە سەرەتادا هەروەکو چەکێکی بەرگری لە بەردەم تەماعکارییەکانی داگیرکەری کۆلۆنیالیستدا بەکارهات، مافەکانی نەتەوەکانی دیکە پشتگوێ خران لە پێش هەمووشیانەوە مافەکانی گەلی کورد پێشێلکرا و نیشتیمانپەروەران و تێکۆشەرانیشی سیمای مەرگ لە رووخساریان درا. ئەم گەلە زۆرلێکراوە بەئاواتەوە بوو نووسەرێکی پاکی عەرەبی بدۆزێتەوە کە رای گشتی عەرەبی بەرەو راستەرێی مامەڵەیەکی بەویژدانی دادپەروەرانە و داننان بە مافەکانی کورد لە ژیانێکی ئازاددا، ئاراستە بکا. ئەم کارە بە لێڕوانینی زۆربەیان بە ئەندازەی ئەوە کە کارێکی شەکەتکەر بوو بەهەمان ئەندازەش ترسناك بوو، چونکە لەو زەمەنەدا پێداویستی بە ئازایەتی و لەخۆبوردوویی بوو، نووسەری عەرەب بەجۆرێکی گشتی ئێستاش دیلی کۆمەڵگاکەی و رژێمە سیاسییەکەیەتی و ترسنۆك و بگرە خۆپەرستە و ئامادە نییە قوربانی تەواو بدات.

ئەمە هۆکارگەلێکن کە خستیانمە سەر ئەو بارەی کە پێناسە و ئاشنا بوونێك لەمەڕ خەباتی نزیکترین دراوسێی ئەوان، لە پێناوی جێگیرکردنی سادەترین مافەکانی خۆیدا وەکو گەلێك کە هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆیدا دەژی و زۆر بەرژدی و سووربوونەوە پارێزگاری لە زمان و نەریتە نەتەوەییەکانی خۆی دەکا،



هەروەها بۆ ئەوەی بەڕووی راستەقینەی خۆیدا سروشتی خەباتی ئەم گەلە تێبگەن چونکە نموونەیەکی زیندووە لە خەباتی هەموو ئەو گەلانەی کە کەوتوونەتە ناو جوغزی نفووزی بێگانەوە بە هۆی تەماعکاری فەرمانڕەواکانیانەوە. هیچ سوودێك لەوەدا بەگەلانی نەتەوەی عەرەبی ناگا کە هەندێك لە نووسەرانی بەکرێگیراو شۆڕشی کوردستان بە قەوارەیەکی ئیسرائیلی بەراورد بکەن و بە ((ئیسرائیلی دووەم))، یان ((ئەو خەنجەرەی کە بەنێو کەلەکەی رۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەبییدا چووە)) وەسفی بکەن.

هەر بۆیە دڵسۆزانە تکام وایە ئەم کتێبانە کە وەریان دەگێڕمە سەرزمانی عەرەبی باشترین پەیك بن بۆ گەلانی عەرەبی تا هەقیقەتی خەباتی گەلی کوردی دراوسێ و هاورێ تێبگەن. لەبەر ئەوە پاساوێك لەوەدا نابینم کە خوێنەری عەرەبی بە بیرێکی کراوەو گیانێکی بەویژدانەوە پێشوازی لەم وەرگێڕدراوانە نەکا، هەروەها بواری ئەوە نەدا کە هەستی تەسکی دەمارپەرستی نەتەوەیی بەسەر هەستی دادپەروەرییەکەی زاڵ ببێ، و قۆناغەکانی بەرگری سەربازییانەی ئەم گەلە لە بوونی خۆی بە هەڵوێستێکی دوژمنکارانە وەرنەگرێ. دواین تێبینیم کە بەڕوانینی من هەر دەبێ بیخەمە روو ئەمەیە:

ئەگەر ئەم کتێبە لە بە دواداهاتنە مێژووییەکانی خۆی دابماڵێن، ئەوا تەنیا رووبەڕووی قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی شۆڕشی کورد دەبێتەوە کە لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی 1961دا هەڵگیرساوە. ئەم شۆڕشە بەبەراورد لەگەڵ شۆڕشە نیشتیمانییەکانی تردا وێڕا بە چوار جار ئاگربەستییەوە لەوانەیە لە هەموان تەمەن درێژتر بێ. لەم ماوەیەدا کە دەکاتە یازدە ساڵ کۆمەڵێك نوچدان و گۆڕانکاریی سەرکردایەتی یان لاوەکی، بەسەرهاتووە وەکو کە بەسەر هەموو شۆڕشەکانی تردا هاتووە، بەڵام لە سەرینی سەرکردایەتی بەڕێز ((مەلا مستەفا بارزانی)) یەوە هەرگیز لە رێبازی رەسەنی خۆی دەرنەچووە، لەبەر ئەوە خوێنەر کە بەدوو رووداوەکانی ناو شۆڕشەکەدا دێت تووشی سەرسامی نابێ کە لە نێو پیاوانی دەرکەوتووی شۆڕشدا کۆمەڵێك ناو دەبینێ دەدرەوشێتەوەو هێندێکی تر

دەکوژێنەوە. زۆران جار شۆڕش لەگەڵ ئەو کاروانەدا لێکچواندنی بۆ کراوە کە بەرەو جێگایەك دەڕوا دەبینی هێندێك لە سوارەکانی دادەبەزن و هێندێکی دیکەی نوێ پێیەوە پەیوەست دەبن و لەڕێگا تەی کردنی خۆشی هەر بەردەوامە. لە نێو ئەوانەدا خەڵکانێك هەن هەر لە سەرەتاوە یان لە نیوەیدا ئارامیان لەبەر دەبرێ و بەردەوام نابن، یا ئەوەتا شتێکی تر دەدۆزێتەوە کە ڕێگای نادا زیاتر بەردەوام بێ یان دوادەکەوێ بۆ ئەوەی لە پاشاندا پێیەوە پەیوەست ببێ، یان مانوو دەبێ و بەوەندە کە بەدەستی هێناوە قەناعەت دەکا یاخود کارێکی قازانج بەخشتری بەگیر دەکەوێ و دوای دەکەوێ. لەراستیدا ئەمەش سروشتی دەروونی بەشەری و نەریتی گەردوونە هەر لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ خۆی تێدا بینیوەتەوە و گۆڕانیشی بەسەردا نایە. هۆکارێك شەرمەزارم ناکا ئەگەر پەنجە بۆ ئەوانە درێژ بکەم کە خۆی وەدواخست یان خۆی پێشخست، یان ڕۆیشت و پاشان هاتەوە، یان خیانەتی کردوو پاشان بوو بە دڵسۆز، چونکە بواری داوەری کردن بەر تەسکە لە حاڵی ئێستادا و هەروەها شۆڕش هێشتا کۆتایی نەهاتووە و مێژوو ئەو مافەی هەیە کە لە پاشاندا داوەریی خۆی بکا چونکە مێژوو لەدادوەرە باشەکانە ئەگەر نەڵێین باشترینیانە.

**جەرجیس فەتحوڵڵا**

**پارێزەر**

**بەیروت- کوردستان**

**1ی نیسان-** 31**ی کانوونی یەکەمی** 1973

# بەشی یەکەم

## وڵاتێکی بێ سنوور

# وڵاتێکی بێ سنوور

**((لەژێر دارگوێز مەنوو نەخۆش دەکەوی))**

پەندی کوردی

ئەم قسەیە کوردە چیانشینەکان پێیان گوتم، هەروەکو زۆر لەلادێنشینەکانی وڵاتی خۆمان. بەڵام دوو فڕۆکەی مێك لە بەرزایی ئاسمانەوە یاری بازبازۆکێ[1] یان بەسەر پشتی یەکترییەوە دەکرد، بواری ئەوەیان نەدەدایین کە لە هەڵبژاردنی جێگای خۆمان سەر پشك بین. ئەم دووانە کە قاسیدی مەرگ بوون، لەگەڵ کازیوەی بەیاندا، مرۆڤ و ئاژەڵیان پێکەوە راو دەناو لە گەشتێکی خۆڕایی دا نەبوون، دوو فڕۆکەکە بۆمبایان بەناو شیوەکەدا دەباراند و ئینجا بەهەمان سادەیی ئەکروباتیکی کە باڵندەی پەرەسێلکە پێی راهاتووە بۆ ئاسمان بەرز دەبوونەوە.

پاشان کە مەودایەك دوور دەکەوتنەوە، دەستیان دەکرد بەسەمای بالیێ و لێك بڵاو دەبوونەوە. ئەو دەنگدانەوەیەی کە لەو مۆسیقا کاس کەرەیانەوە هەڵدەستا، جاڕی روودانی کارەساتێکی بە نێو ئەو چیایانەدا رادەگەیاند.

ئاسمانی دەمەو ئێوارە بەریزێك گوللە شەق بوو، دەستڕێژەکان بەسەر تاشە بەردێك کەوتن کە دە مەتر کەمتر لێمانەوە دوور بوو، بە دەم تەقینەوەیەکی تەپەوە زەوی کەمێك لەرزایەوەو شتێك لە شێوەی کۆمەڵە خۆڵێك کە هەر وەك گۆڕێکی تازەداپۆشراو دەچوو بەرز بۆوە. ئاخۆ چ بیرکردنەوەیەك ناو ئەم سەرە خۆڵاویەی داگرتبێ کە لە ناو کۆمەڵە زیندەوەرێك دایەو بۆتە نیشانەی ئەم دوو فڕۆکە مێکە؟ تۆ پێت وایە نەفرەت لەو قەدەرە دەکا کە زوڵمی لەو کەسانەی دەوروپشتم کردووە، لەوانەی لە قەسابخانەی پێنج ساڵی رابردوو رزگاریان بووە؟ گوڵە بەیبونێکم بۆ یادگار لێکردەوە.. بۆ یادگاری، هەروەکو ((ئوفیلیا هاملیت)) بە گوڵە رۆزمارییە کێویەکەی گوت[1]. وا خەریکم سێزدە گۆپکەی تێدا دەژمێرم... لەگەڵ بیست و نۆ خولەك کە هەروەکو ((ئەبەدیەت)) بێ بڕانەوەیە... فڕۆکەکان حەوت جار بە شێوەیەك داهاتن کە زۆری نەدەما خۆیان لە درەختەکان بدەن. لەژێر باڵەکانیانەوە ئاگریان دەباراندە خوارەوەو لەو سەرەوە بەرەو ئاراستەی ئەو چیایەی تر کە بەفر لوتکەکانی داپۆشیبوو، وورکەوتنەوە. لەوێشەوە جارێکی تر دەگەڕانەوە تا بارانێکی تر مەرگ ببارێنن. ئەوانە بە شێوەیەك بەرەو رووت دەهاتن هەروەکو بە ئەرکی سەردانەوەی دراوسێیەك هەڵبستن، لەوەشدا لەبەر نەشارەزایی خۆیان تەنیا پشتیان بەبەختی خۆیان بەستبوو. لەسەر ئامۆژگاری ژنە کوردەکان ژێر سێبەری دارگوێزەکەم بەجێ هێشت. لەناو ئەو مێرگە یەکجار رەنگاو رەنگ و پڕ خەیاڵەدا کە هەروەکو فەرشێکی رۆژهەڵاتی دەچوو، کۆمەڵێك قاپ و قاچاخ کە سەنعەتی چیکوسلۆڤاکی بوون، لێرەو لەوێ پەرت و بڵاوبوو بوون و هێشتا کە هەر گەرم بوون، هەروەها کۆمەڵە چاڵێکی گڵی تێدابوو. بەردێکی بەرزی لێ وردو خاش بوو بوو، ببووە پارچەیەکی بریقەدار، لە خوارەوە کۆمەڵە سەربانێك بەپاڵ یەکەوە نووسابوون، چاڵیان تێکەوتبوو، لانکەیەکی جۆلانەیی هەڵگەڕابۆوەو پەڕۆو پاڵە کۆنەکانی، هەروەکو چۆن ریخۆڵەکان لەناو سگ دێنە دەرەوە، ئاوا هاتبوونە دەرەوە. پیاوان و ژنان، مناڵەکانیان پێ بوون و خۆیان بەکراسەکانیانەوە کێش دەکردو چاوەکانیان داکەوتبوون ئەمانە لە خوارەوە بەشێنەیی بەرێگایەکدا دەڕۆیشتن هەردوو تەنیشتی دار سپیندار بوو، مناڵەکان ترسابوون و بەسەر پشتی دایکیانەوە بەسترابوونەوە یا خۆیانیان بەسنگییانەوە نوساندبوو، و بەدەنگێکی نوزانەوەوە هاواریان دەکرد. ئەم دیمەنە غەمناکە هێندە بە خامۆشییەوە بەڕێوە دەچوو تەنانەت ورتەیەکیشی تێدا نەدەبیسترا، هەموویان چاویان لە ئاسمانەوە بڕی بوو.

---

[1] یارییەکی مناڵانەیە، بەنۆرە بەسەر پشتی یەکتریدا باز دەدەن.

[1] ئوفیلیا: کچە پاڵەوانی شانۆنامەی بەناوبانگی هاملتی شکسپیری شاعیر. دانەر لێرەدا یادی دیمەنێك لەشانۆنامەکە دەکاتەوە کە لەوێ ئوفیلیا گولێك دەچنێ و بەسەریا دەلاوێتەوە.

پێنج ساڵە دڵڕەقیی سێبەری بەسەر وڵاتدا کردووە، وڵاتی خاپوور بوونی سەرتاپایی. بێ دەنگییەکی تەواو بەسەر کاروانەکەدا زاڵبوو، تەنیا ((موختار))ی گوندەکە نەبێ ئەوەندەی گوت کە کەس بەجێ نەماوە.

هاوڕێکانم تفەنگەکانیان بەشانیانەوە کردو خەنجەرەکانیان خستەبەر پشتێنەکانیانەوەو بەو ڕێگا زیخاوییەدا بەرەو پێشەوە ملمان نا.

ئەمە لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوودا بوو، لەو دەمەدا کە فەڕەنسییەکان بەبۆنەی جەژنی ((جان دارك))ەوە [1] ئاهەنگیان دەگێڕا.

لە کوردستان مەسیحییەکان تەئکید لەوە دەکەن لەناو ئەم جەنگەدا هاوتایەکیان لە جان دارك هەیە، ئایین بە نیشتمانەوە دەبەستێتەوە. ئەو جەنگەی کە هەڵەی ئینگلیز لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا یەکەمین هۆکاری هەڵگیرساندنی بوو. لەوێ بەهیچ کلۆجێك ناکرێ مرۆڤ لایەنی سەیری ئەم واقیعە دەربخا، هەموو شتێك تێکەڵێکی سەیرە: ئەفسانەو بێ نرخی، پیاوەتی و دڵڕەقی، شادمانی و ترس و لەرز، خۆشگوزەرانی و هەژاری. بەڵام ئەگەر وادابنرێت کە ئازادی هەمان پایەی ئایینی هەیە ئەوا تێکۆشان بەرگی قوربانی دان بەخۆوە دەگرێت. ئەمانە بە تفەنگ تەقەیان لە فڕۆکەکان دەکرد.

**من لەڕیزی ون بوواندا بووم لەووڵاتەدا کە سنووری نییە چونکە بەسەر پێنج وڵاتدا دابەش کراوە: تورکیا، سووریا، عێراق، ئێران، یەکێتی سۆڤێتی. ئەی ناوی چییە؟ ئەوێ بە کوردستان دەناسرێ و هەمووی چیایە.** کەم وایە ناوی بهێنرێ —نەك بە شێوەیەکی ڕوون- کەشتی نوح بەرەو چیای دووری ئارارات چوو، ئەو چیایەی لوتکە بەرزەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکانی ڕوسیاو ئێران و عوسمانی هاوسنوورە. بەڵام نووسراوەی سریانی تەورات دەڵێ ئەم کەشتییە بەرەو چیای (جودی داغ) چووەو لەوێ گیرساوەتەوە کە شانەوشانی ڕێگای موسڵ-

[1] جان دارك (1411-1431) کچە پاڵەوانی فەڕەنسی کە بەحەماسەیەکی ئایینی و نیشتمانییەوە سەرکردایەتی یەکەمین سەرکەوتنەکانی فەڕەنسای کرد لە دژی داگیرکەرانی بورگندی و ئینگلیزەکان، کە بووە هۆی دەرکردنی داگیرکەران لە خاکی فەڕەنسا.



ئامێدی درێژ دەبێتەوە. لافاوی تۆفان ئەو دەشتەی نێو وڵاتی نێوان دوو ڕووباری جارانی داپۆشیوە. مەسیحییەکانی پێشوو لە ئاخرین وێستگەی ئەم کەشتییەدا ((کڵێسا)) یەکیان دروست کردووەو ناویان ناوە ((کڵێسای کەشتی)) پاش ئەوان مسوڵمانەکان هاتوون و ئەم ((کلێسایەیان)) کردە مەزار و خەڵکی سەردانی دەکەن. هەروەها هەردوو ڕووباری دیجلەو فوڕات لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەم دوو ڕووبارە مەزنەی کە لە تەوراتدا ناویان هاتووەو لەسەر لێواری ئەم دوو ڕووبارە —هەروەکو گشت دەنگوباسەکان دەڵێن- یەکەمین تۆوی ژیانی ئادەمیزادی لێ ڕواوەو یەکەمین سروشتی خواوەندی لێ هاتۆتە دەرەوە. هەروەها لێرەوە، شەوێك لە شەوان ((هەرسێك مەجوسی)) بەرەو ((بەیت لەحم)) چوون، ئەو فەیلەسووفە ئەستێرەناسە جادووگەرانەی دەچنەوە سەر تایفەیەك لەو جادووبازانەی ماوەیەکی درێژ سەرقاڵی هەڵێنان و وەرگێڕانی نهێنییەکانی گەردوون بوون.

**خاکی ئێرە خەریکە جوانی و گەشاوەیی تێدا نامێنێ، ڕووبەرەکەی وەکو ڕووبەری فەڕەنسا پان و بەرینە، نەوتی زۆری تێدایە، کە مایەی ماڵوێرانی ئێستایەتی. ئەمەیە کوردستانی دابڕاو کە گەلێکی لێ دادەنیشێ مێژوو لەبیری کردووە. گەلێکی فەرامۆش کراو هەرگیز کەسێك گرنگی پێ نادا. دوازدە ملیۆن مرۆڤ بە تایبەتمەندییە نەژادییە ڕەسەنەکانی خۆیەوە، گەورەترین کۆمەڵگای بەشەری لە ڕۆژهەڵاتی نزیك، لە هەموویان سەختگیرتر گەلێکی نەبەز و شانازی بەخۆ، جەنگاوەرو پتەو و سەرسەخت، شاعیری و ئیلهام بەخش، چیایی و بەدەن داڕژاو و بەپارێز، دەست بە خەنجەرو لەش سووك وەك سووکیی باڵندە. لە ئەفسانەکانی مێژوودا کورد ئاوایە. ئەو بەدرێژایی مێژوو لەسەر زەوییەك بنەجێ بووە کە خاکی یەکانگیرییە لە ڕۆژهەڵاتی نزیك داو بەدایکی گەلان و ئایینەکان ناسراوە، کورد دوایەمین ڕەوەندی هیندو ئەوروپاییەکانن کە بەم سیفەتەیانەوە هەڵگری یادگارەکانی ئەو سەردەمە ڕابردوانەن کە ئێمە میراتگری بووین و لەبیرمان چۆتەوە.** لە عێراق جارێکی تر کورد دەجەنگێ و هەستی دڵە ڕاوکێ

دەخاتە ناو دەروونی براکانی و هەروەها ناو دەروونی ئەو پێنج دەوڵەتەی کە وڵاتەکەیانی داگیرکردووە. ئەم جەنگە بەرئەنجامی نیو سەدە لە شۆڕشەکان و کاروکردەوەی سەر کوت کەرانەو قەسابخانەیە، کورد لە بیرکراوەو لەلایەن رای گشتی جیهانییەوە فەرامۆش کراوە، تەنانەت وا دێتە بەرچاو کە ئەم ریشە دەرهێنانەی بە کۆمەڵی نەژادی کورد، پیلانێکی بێدەنگی نا ئاوێزەو رێککەوتنێکی لەسەرکراوە. هەموو بانگەوازەکانی ئەم میللەتە زوڵم لێکراوە کە رووبەڕووی لە ریشە دەرهێنان بۆتەوە، بۆ هەیئەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ویژدانی جیهانی تا ئێستا هیچ وەڵام دانەوەیەکی نەبووە. هەروەها ئەو نامانەی کە ئاراستەی سەرۆکەکانی دەوڵەتە گەورەکان و قەداسەتی پاپاکراون هەروەکو مەرەکەبی سەر کاغەز ماونەتەوە. من بەبێهودە بەناو جەماوەری خاوەن بیرەپاکەکاندا ئەوانەی هەڵگری پەیامی مرۆڤ دۆستین، هەروەها مزگێنی دەران لەوانەی زۆر بەخێرایی زوڕنا بۆ بەرگری کردن لە رەوشتە بەرزەکانی مرۆڤایەتی لیٚ دەدەن، دەگەرێم.

**- لای کێ ناڕەزایی دەربڕم و، بۆ شەهیدبوونی ئەم گەلە کێ ریسوا بکەم.**

تاوانێك لەوەدا نییە کە بەرپرسێکی گەورەی لێك دابڕینی رۆژهەڵاتی نزیك و ئەوروپا لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی کەمێك هەست بە هەڵە بکا. چونکە ئەو بەوە لە خۆی دەبورێ کە قەوارەی دارایی خۆی وا دەبینێ لەسەر پەترۆڵ راوەستاوە، هەروەها بەرژەوەندی سیاسەتەکەشی بەپێی هەندێك کێشان و پێوان کە تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نفوزی هەڵچووی سۆڤێتی، لەوە دایە کە داژداری لە عەرەب بکا. جیهانی سێیەم کە دەربارەی مافی گەلان لە بڕیاردانی مافی چارەنووسی خۆیان یەکجار زۆر هەستیارن، هەموو توانای خۆیان لەوە دا چڕکردۆتەوە کە بەرگری لەو نەتەوە دروست کراوە نا دێرینانە بکا. هەروەها جیهانی سێیەم زۆر گورج و دەستوبردن لە هات و هاوارو ریسواکردنی جیاوازی نەژادیی لە بچووکترین بواردا کە هێزی سپی پێستەکان پێی هەڵدەستێ. کەچی دەبینین داوای هاوکاری ئەفرو-ئاسیایی دەکا بۆ چاوپۆشی کردن لە



قەسابخانەیەك کە دەرحەقی میللەتێکی رەسەن دەکرێ، میللەتێك کە مێژوویەکە رسکاوە و بەخۆیدا هاتووە و ژمارەی دانیشتوانی بەرامبەر هەموو دانیشتوانی عێراق و لوبنان و ئەردەن و کوێتە بەسەر یەکەوە. هەر چۆنێك بێ ئەم پرسە ((عەبدولناسر)) زۆر پێیەوە ماندووە.

سەردەمێکی نالەبارە، یەکێتی سۆڤیەت ئەویش بێ دەنگە. پێش هەموو شتێك سەرقاڵی هەڵدانی مانگە دەست کردەکانە بۆ بۆشایی ئاسمان، کە بە ناوی (قاهیرە) و (دیمەشق) و (بەغداد) ەوە ناونراون. لەپاڵ ئەوەشەوە فڕۆکەکانی ((ئەلیوشن))ی روسی دەبینی کە بێ شەرم و ئابڕوو هێرش دەکەنە سەر هاونیشتیمانیانی بێ چارەی کورد کە داخوازی شتێکی سادە دەکەن، کە بریتییە لە دانپێدانانی مافەکانیان. هەروەها بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم ((کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست کراوە)) لەوانەی کە بەسەر ((ڤێتنام)) دا دەبارێنران، بەڵام هەموو ئەمانە، بە لەبەر چاوگرتنی شیکردنەوەیەکی سیاسی تێروپڕ لە بڕو بیانوو، وا پێدەچێ لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، بۆ پاساودانەوەی قوربانی دان بە میللەتێکی غەیرە عەرەبی، پرسێکی قبووڵ کراو بێ. هەروەها (فاتیکان) وا دەردەکەوێ، هەروەکو ئەوەی بیەوێ چاو لە ئاستی ئەو راستییە واقعییە وەربگێرێ کە باوەشی چەکدارانەی کوردستان کەمینەیەکی لە مەسیحییەکانی ((کاسۆلیك و ئەرسەدۆکس و نەستوری و هی تر تێدایە، کە ئارەزومەندانە و بەوپەڕی ئیرادەی خۆیانەوە بەشداری لەو خەباتەدا دەکەن و بەڕوحی جەنگاوەرانی خاچ پەرستییەوە گۆش بوون. پەرستگاکانی عێراق داخراون و زۆر گەورە پیاوان و سەردارانی لە چەوسانەوە دان و هەندێکیان فڕێ دراونەتە تاریکستانی بەندیخانەکانەوە. زۆربەی گوندە مەسیحییەکان وێرانکراون یا تاڵانکراون. ئەی ئەوانە پاشماوەی ئەو میللەتە نین کە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ((نەسرانییەت)) دا سەختترین شێوەی کوشتن و قەڵاچۆکردنی دڕندانەیان بەدرێژایی سەدەکانەوە بەهۆی ئایینەکەیانەوە چەشتووە؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەردوو سەفەری ((ئەرمیاو یوئیل)) ی تەورات[1] وەسفێکی هاوچوون بەم حاڵەتە دەبینین... مەزراو کێڵگەکان وێران بوون، شارودێ هەموو لە غەمدا دەژین، ئاگر لەوەڕگاکانی داگرتووە. بڵێسەی ئاگر درەختی باخەکان دەسوتێنێ. لەم وڵاتەدا هەموو کەسێك رادەکا... و خۆیان لەناو دارو دەوەندا دەشارنەوە... بەسەر بەردا هەڵدەگەڕێن. شار بەتەواوی چۆڵ کراوەو زیندەوەری تێدا نەماوە...

کوردستان ئەو وڵاتەی سنووری نییە ئیتر چی لێ نەماوەتەوە بۆ پارچەکردن و لێك دابڕین ببێت. چوونە ناو کوردستان سەختییەکی تایبەتی تێدابوو. دراوسێکانی بەتەنیا ئەوانن کە بنکەی تەندروستی سەر سنوور، دانانێن چونکە لەوە دەترسن، کە هاوبیرانی ئاژاوەگێڕی تاعونیان بۆ بڵاوبکاتەوە! بەڵام هەنگاو هەڵێنانەوە درێژ دەبۆوەو بەترس و سامەوە خۆی لێك دەکێشایەوە. لە بەیروتەوە بەجۆرێکی نهێنی پێدزکەم کردە ناو زنجیر چیاکانی زاگرۆسەوە، بەسواری (ئوتوبیس) کە خەریك دەبوو لەبەر تینی گەرماکە ئاگری تێبەردەبوو، چەند قۆناغێك کە لە ژمارە نەدەهات رێگام بڕی. مرۆڤ لە نهێنی ئەوەی چۆن دەیتوانی بەو رێگایەدا برواو خلۆربێتەوەو پێچ بکاتەوە سەرسام دەبوو، جاری وا هەبوو دەتگوت دەگاتە کۆتایی جیهان. دیمەنی کۆمەڵە گۆرستانێکی شومناك، وێرا بەپیاوانی سەختگێری روخسار هەڵبزرکاو کە لە بچووکترین رووداو و لەچاو تروکانێکدا دەستیان دەگەیشتە خەنجەرەکانیان، بێزارییەکی لە رادەبەر ناشیرینی دێنایە پێشەوە، لەوێ نموونەیەك لە شەوانی ((کالابریا)) دەبینییەوە کە ئیتر ئیرەییمان بە دیمەن و نموونەی ئەو شەوانە دەبرد، کە (بول لویس کورییە) وەسفی کردووە. ئەوێ لەسەر شێوەی فلیمەکانی رۆژئاوای ئەمەریکا گالیسکەی راونانی بۆ ئەو ئاژەڵە کێویانە پێ دەوێ کە بەسەرو یاڵی ریشن و پەرش و بڵاویان و کلکی درێژیان کە هەروەکو تیرە ئەستێرە وایە، دەتباتەوە بۆ یادی دانیشتنەکانی بادەفرۆشی هەمەجییەکان و سەر و سیمای بەویقاری کەژاوە رووپۆشکراوەکان. پاش پێدا هەڵگەڕانێکی شەکەتکەر وەکو ئەو رێگا تەسك و پێچاو پێچە

[1] (دوو سەفەرن لە سەفەرەکانی عەهدی کۆن). ئەرمیا و یوئیل دوو پێغەمبەری یەهودییەکانن. ئەوان یەهودییەکانیان لە ئاکامی کاروبارە دزێوەکانیان ئاگادار کردۆتەوە.



سەختانەی کە قاچاخچیان پەنای بۆ دەبەن، وێڕای سەرگێژبوون و زرمەی تۆپ و مەترسی بەردەوامی فڕۆکەکان. بەهەر حاڵ هەموو شتێك تەواو بوو. کاتی گەیشتنم شەڕەکان لە گەرم بوون دابوون. بەسەدان تەرمی بەجێماو چیاکانیان بۆگەن کردبوو... من لە ((ڤردۆن)) ی[1] کورد دا ئامادەبووم. لەو شەڕەدا کە هێرشبەرانی عێراقی ژمارەیان دەکەس بەرامبەر بەیەك کەس، و ناپاڵمیان تێدا بەکاردەهێنا، کەچی عێراقییەکان هەنگاوێك نەچوونە پێشەوە. پاش ئەوە بەرێگای ئێراندا گەڕامەوە. بەڵام گیانم بەقریشکەی دەسرێژو بۆردوومانی تۆپخانەو تەقینەوەی بۆمباو دڵڕەقی و کارەسات و ترس پڕبوو بوو. لەوێ تاکە رۆژنامەنووس بووم کە ئەو شەڕە توندوتیژەم بینی، ئەو شەڕەی کە دیلی تێدا نەگیرا. فڕۆکە کین لە دڵەکان راوی ئافرەت و پیرو مناڵ و جەنگاوەرانی وەکو یەك دەکرد. من پەیمانم دا بە هەموو ئەو دایکە سیما پاکانە، کە لەناو جل و بەرگی ئاڵ و واڵایانەوە، کە ترس و برسێتی هەناوی دەخواردنەوە و، داوایان لێ دەکردم کە هەموو شتێك بە جیهانی دەرەوە رابگەیەنیم.

ئەم میللەتە بەدبەختە تاکە میللەتی فەرامۆش کراوە. (مەلا مستەفا بارزانی) کە مایەی سەرسامییە و ئەو ئاخرین کەسە لە گەورە پیاوانی جەنگ کە لە چەرخی ئێمەدا ون بووەو تەریك کەوتووە. لە کاتێکدا ئێمە لە بەرەی شەڕدا لەناو زرمەی تۆپ باراندا بووین بەمنی گوت ((**دادپەروەری و ویژدانی جیهانی بوونیان نەماوە**)).

ڕۆژێك لە میانی گەشتەکەم لە گوندێکی بچووکی نزیك بە بەرەکانی شەڕ گیرسامەوە کە دەتگوت لەسەر لێواری ئاگر دانراوە. لەوێ زەماوەندی بووك گواستنەوە بوو، جا داخی خۆم دەربڕی کە نەمتوانی وێنەی ئەو بۆنەیە بگرم. جا بۆ لوتف نواندن و بەخێر هێنانم دووبارە دەستیان کردەوە بە گێڕانی ئاهەنگەکە... لەبەر ئەوەی هاتنەوەی فڕۆکە مێکەکان هیچ گومانی لێ ناکرێ و ئەوان لە کەسێك دەگەڕێن بیکوژن، لەبەر ئەوە ناڕەزایم دەربڕی و پێم گوتن کە وێنەگرتن لەژێر مەترسی مردندا بە هیچ جۆرێك پاکانە ناکرێ و ئەم کارە

[1] شارێکە کەوتۆتە باکووری فەڕەنسا. لە نزیکییەوە زنجیرەیەك شەڕی خوێناوی لە ساڵی 1916 دا روویدا و نزیکەی دە مانگی خایاند و بەهەدوولا نزیکەی یەك ملیۆن سەربازی تێدا لەبەین چوو.

مەترسی قەسابخانەیەکی لێ دەکەوێتەوە، ئاگادارم کردن کە حەزدەکەم خۆ سازدانەوە بۆ ئاهەنگ گێران واز لێ بێنین و بڵاوەی لێبکەن. سەرۆکی گوندەکە کە چەند ریز فیشەکدانی لە خۆی بەستبوو و خەنجەری لەبەر پشتێنەکەیەوە نابوو گوتی ((سەردەمێکی زۆرە بوینەتە قوربانی پەترۆڵ، ئەمجارەیان بێ جێ نابێ بەقوربانی ئەم زەماوەندە بین)).

ئاشکرایە لەوەی کورد کە تەسلیمی ئەو گۆشەگیرییە بوونە، هەست بە لەبیرچوونەوە دەکەن- دیارە کە ئەمە بێ بەڵگە نییە لەبیرچوونەوەیەك کە لە ئاستی خیانەت دایە، کورد جگە لەوەی لە کاروباری خۆیان سەربەخۆبن و جڵەوی کارەکانی خۆیان بە ئەستۆوە بگرن مەبەست و مەرامێکی تریان نییە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا حەز دەکەم کە بانگەواز بۆ ویژدانی خەوتووی بێ ئاگای جیهانی بکەم بە تایبەتی گەلی فەرەنسا ((چونکە لەوێ وا حسێب دەکرێ کە ئەم گەلە هێمای ئازادی خوازانە)) هەروەها حەز دەکەم سەرنجی هەمووان بۆ ئەو دەرەنجامە چاوەڕوان نەکراوانە رابکێشم کە لە ئەنجامی ململانێیەك دەکەونەوەو دەبنە هۆکاری زیاتر شڵەقاندنی باری نائارامی ناوچەیەك کە لە هەموو ناوچەکانی تری جیهان پتر شیاوی تەقینەوەیە. جیهانی عەرەبی هەیکەلێکی شل و شەوێقی هەیە. موسڵمانان لێك بڵاوبوونەو لەناو خۆیاندا بەش بەش بوونە، سیمای ئایینی بەسەر سیمای نەتەوایەتیدا زاڵە، بەڵام گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان خەریکە بەرە بەرە جێگای ئاین دەگرنەوە. زاڵبوونی زایونیزم ئەمرۆ قۆناغی دووەمی دەبڕێ، لە نێو چوارچێوەی نەتەوایەتی شۆڕشگێری عەرەبی ئەم بەرو ئەوبەر کەر لە نێوان کۆمۆنیزم و بەرژەوەندەکانی پەترۆڵدا، دۆزی کورد وەك واقیعێکی راستەقینەی مێژوویی، جوگرافی، ئابووری و ئینسانی لەو نێوانەدا خۆی بەرجەستە دەکا. دۆزی کورد ئێستا هۆکارەکانی بوونی خۆی بڕیوەو پێ دەنێتە قۆناغی کردارییەوە. بەپێی ئاماژەکانی کار شوناسی گەورەی فەرەنسی ((بییر روندو)): [1]

**((کلیلی سەرەکی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە)).**

---

(1) نووسەرێکی فەرەنسییە لە کاروباری کورد دەکۆلێتەوە.

# بەشی دووەم

## مۆریتۆری[1] یاریگاکانی ناو چیاکان

[1] Moritori ئەمانە زۆرانبازی کارانی رۆمانین، کە لە ناو یاریگاکانی رۆمانیدا، زۆرانبازی دوو قۆڵی ((تامردنیان)) لە بەینی خۆیاندا لە یاریگاکانی رۆمانیدا ساز دەدا.

# مۆریتۆری یاریگاكانی ناو چیاكان

**((سەری بێ نامووس ناچتە جەنەتێ))**

پەندی كوردییە

شەوێك بێ بەڵگەنامەو بێ تەپڵ و بوق لێدان چوومە ناو كوردستانی عێراقەوە- لەو كاتەدا كە فڕۆكەكان بەسەر لوتكەكانەوە دەسوڕانەوە. ئەوانە لە بنكەكانیانەوە لە هەردوو شاری موسڵ و كەركووكەوە هەڵدەستان. لەوێ تەئكیدیان دەكرد كە فڕۆكەكان پێش بەرەبەیان ناتوانن هەڵبستن. نەوەكو باڵەكانیان بەر چیاكان بكەون. بەڵام بەرۆژ هەر لەبەرەبەیانەوە تا دەمی ئێوارە بێ پسانەوە لەگەڵماندا بوون. ئاسمانی سەر ئەو لوتكە بەفرینانە بە پرشنگی ئەستێرەكانی سەرمەستی كردبووم. ئەوە چیرۆكی ((هەزار و دووشەو))[1] ی من بوو، لەو دیكۆرە جوانەدا كە هەر بۆ شاردنەوەی رازی گەشتەكەم بوو- چوومە ناو دڵی ئەفسانەوە، لەوێ تێگەیشتم بۆچی روحی مرۆڤی كورد روەو ((لەمپەرشكێنییەكان- الخوارق)) خۆی كێش دەكا، منیش لەلایەن خۆمەوە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەكانی زێدگاو كەژاوەی جنۆكە خۆم ئامادە دەكرد.

ڕێبەرەكەم ناوی ((شیرۆ)) بوو كە لە زمانی كوردیدا مانای شێر دەگەیەنێ لەبەر روناكی چرای شیوەكە بۆم دەركەوت كەسێكی قژ زەردی چاو سەوزە، بەدەن و ئەندامێكی رێكی هەیە و رواڵەتی گەورەیی تێدا بەدی دەكرێ. ئەوە رواڵەتی مرۆڤێكی سەربەستی میللەتێكی دێرین و رەسەنە: ئێستا بە كارێك راسپێردراوە كە تەنیا هاوڕێیەتیم ناكا، بەڵكو گفتوگۆم لەگەڵدا دەكاو وەڵامی پرسیارەكانم دەداتەوە و لە كاتی پێویستیشدا بەرگریم لێ دەكا. ((غولام)) خزمەتكارێكی چەكدارەو بۆ هاوڕێیەتیمان لەگەڵماندایە، ئەو ئامادەیە بۆ دابین كردنی هەر شتێك ئارەزووی بكەم و لەهەر جووڵانەوەیەك و دەستپێشكەرییەكدا لەخۆبوردووە.

([1]) ئاماژەیە بۆ كتێبی ناسراوی ((هەزارو یەك شەو)).



مێزەری ((شێر)) جامانەیەكی گوڵداری سوور و سپییە، كە عەشیرەتی سەرەكی بارزان پێی دەناسرێنەوە. جلێكی خاكی لە شێوەی جل و بەرگی ناسراوی كوردی لەبەردایە كە بریتییە لە چاكەتێكی كورت و دامەنەكەی دەچێتەوە ناو پشتێنێكی پانی رەنگاو رەنگی سەرنج راكێشەوە، شەرواڵێكی خەت خەتی پان و پۆر لە كەمەردا دەبەسرێتەوە. تفەنگێكی لوولە درێژ كە هەمیشە لەگەڵێدایە، ریزە فیشكەدانێك بەدەوری قەدیدا هاتووەو خەنجەرێكی دەسك شاخی بزمار رێژكراو بە كێلانێكی بریقەدارو نوك چەماوە كە لەبنی پشتێنەكەیەوە دەرچووە و دارجگەرەیەكی تەختەی نەخشكراوی پێیە. لە یەكەمین قۆناغی رێگای ((گیانبازییەكەمدا، شێر دەمانچەیەك و شەش یەدەگیشی هەڵگرت. ((غولام)) كەلوپەلەكانمی خستە سەر پشتی جاشەكەرێكی بچووك. شێر كە شتێكی لە زمانی ئینگلیزی دەزانی دەسبەجێ گوتی ئەمە بەزمانی كوردی پێی دەگوترێ ((جاش)) بەزمانی فەرەنسی بوریكو...

شێر دەسبەجێ دەستیكرد بە روونكردنەوەی زاراوەكەو گوتی ئەمە بەرامبەر بە وشەی ((خاین)) دەوەستێتەوە. ئەم ناولێنانە لەواقیعدا بەوانە دەگوترێ كە لەریزی كورد جیابوونەتەوە و حكوومەتی بەغدا چەكداری كردوون. ئەوانە وەكو ((هاركی سپی))[1] عەرەب وان. پاش ماوەیەك لە بارەگای سەربازیی مەلا مستەفا بارزانی ئەمەیان بۆ روون كردمەوە.

ئەم گوێدرێژە ئاساییە غەریزەیەكی بۆ ئاشكرا كردم. كە بە ناو ئەو پێچاو پێچە تەسكانەدا بەرێگایەكی بەردین بە سورمایی ناوچەوانی چیاكەوە هەڵكەنرابوو، ئەو هەڵەی نەدەكرد. ((شێر)) ئاگاداری كردمەوە كە بۆ ئەوەی هەڵ نەخلیسكێم لەگەڵ ئاژەڵەكە برۆم و هەرگیز لە خەتی ئەو دەرنەچم، بۆیە لە نزیكییەوە دەرۆیشتم و تەنانەت زۆر جار كلكی بەردەم و چاوم دەكەوت و لە سوڕانەوەدا زۆر یارمەتی دەدام. خۆم پێ رانەگیرا پرسیار لەوە بكەم چۆن ئەم ئاژەڵە دەتوانێ پێكانی لەسەر ئەم رێگا

([1]) هاركی: ئەو ناوەیە خەڵكی مەغریب بۆ سوپای فەرەنسی لە باكووری ئەفریقا بۆ (فیرقەی بێگانە) بەكاری دەبەن.

تەسك و باریکە دابنیٚ؟ تاریکایی لە سەرسوڕمان رزگاری کردم. کاتیٚك وردە بەرد لەژیٚر قاچمەوە بەرەو هەڵدیٚرگەی خوارەوە خلۆر دەبوونەوەو دەنگی هاشەی بەردەکان وردە وردە نەدەما، منی هیٚنایە سەر ئەو بارەی کە تەئکید لە هاوسەنگی خۆم بەسەر بەردیٚکەوە بکەم. شیٚر بەدوامەوە بوو لایتەکەی دەرهیٚناو ئینجا گوتی:

- بۆیە لایتەکەم دانەگیرساندووە تا ریٚگای رۆیشتنمان ئاشکرا نەبیٚ. هەروەها گوتی چاوی مرۆڤ لەناو چیا پتر بەهیٚز دەبیٚ و توانای دۆزینەوەی گەورەتر دەبیٚ. هەروەها واباشترە بیری خۆم لە بەسەرداکەوتنی هەڵدیٚری قوڵ و ترسناك ببویٚرم، پاشان بە ئاوازیٚکی لیٚبڕاوانەوە گوتی:
- دوای جاشکەکە بکەوەو لیٚی لامەدە.

وشەی جاش بە فەرەنسی پیٚکەنینیٚکی بیٚگەرد و پڕ لە سەدای بەدوای خۆیدا هیٚنا. لە راوەستانیٚکی کورتدا رەخنەی لە پیٚڵاوە نەرم و قوماشییەکەی من گرت و وەسفی پیٚڵاوی دروستکراوی خۆجیٚیی خۆیانی کرد کە ژیٚرەکەی لە پەڕۆ و پاڵی کۆنەو پەستراو دروستکراوەو سەرەکەشی بە ریٚسراوی لۆکە چنراوەو بەناوی کلاشی ((هەورامان))[1] ەوە دەناسریٚ کە مەڵبەندی دروست کردنییەتی. ئەو دەیگوت بەس ئەوەندە لەئاودا تەڕ نەبیٚ نادڕیٚ. هەروەها باسی سیفەتەکانی دەکردو دەیگوت:

- لە کاتی پیٚویستدا بەباشی بەزەوییەوە دەنووسیٚ و تۆ وا پیٚویست بوو پیٚڵاویٚکی ((کاتو چوك)) کە لە بازاڕەکانی ئیٚران زۆرە بکڕی.

خەریك بوو لە لوتکە نزیك دەبووینەوە. دەم و چاوم کە ئارەقی کردبۆوە بە ئاوی بەفرەکە شۆردەوە... بەفر و ئاسمان چ مروارییەکی بەنرخ و نایابن! گوتم:

ئەستیٚرەمان لیٚ هەڵدیٚن.

شیٚر بەزاراوەیەك کە لە قسەکەی خۆی دڵنیابیٚ گوتی:

هەموو کەسیٚك ئەستیٚرەیەکی هەیە بەسەر سەرییەوە دەدرەوشیٚتەوەو کاتیٚك ئەو کەسە دەمریٚ ئەو ئەستیٚرەیە دەکەویٚتە خوارەوە. دەربارەی کورد شتم دەزانی کە باوەڕیان بە خەرافات هەیە. دەمزانی ئەوان ئایینی ئیسلامیان بەپیٚی باوەڕی

[1] مەبەس ناوچەی هەورامانە



خۆیان گونجاندووە. کاتیٚ لە بەرزایی لوتکەکە بووم بایەکی سارد تەزاندمی. جاشکەکە کە راهاتووە لەم جۆرە شویٚنانە پشووبدات و بحەسیٚتەوە. بەرەڵابوو تا بەناو ئەو گیاو گۆڵەی کە لە نیٚو درزی بەردەکاندا مابوونەوە بلەوەڕیٚ. ئیٚستا لە پیٚشمانەوە لە مەدای چاومەوە چیاکانی ((زاگرۆس)) دیارن: تیٚکەڵاویٚکی سریالی لە ئەبەنۆسی داپۆشراو بەسەدەف، سیٚبەرەکانی ئیٚمە لەناو روناکییەکی درەوشاوەدا مەلەی دەکرد کە هەر لە تیشکدانەوەی بەردی بەنرخی چاوە پشیلە (ئوپاڵ) دەچوو. پرسیارم کرد ئەستیٚرەی کەوتوو مانای چی دەگەیەنیٚ؟ شیٚر بەدڵنیاییەوە گوتی ((گیانی مرۆڤیٚك کە ئاخرین هەناسەی دەدات)). لە ناخی خۆمەوە کەوتمە بیرکردنەوە: پاش پیٚنج ساڵ لە جەنگ بیٚگومان بەئەندازەی دڵۆپە باران لەم کوردستانە ئەستیٚرە کەوتوونەتە خوارەوە... لیٚرو لەویٚ لەپەنا و پەسیوی چیادا پشکۆی ئاگر وەکو گوڵە ئەستیٚرە دەدرەوشانەوە زانیم لە گوندەکان ژیان گوازتراوەتەوە بۆ شەو. خەڵکی گوندەکان بەڕۆژ لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە ماڵەکانیان بەجیٚ دەهیٚڵن بۆ ئەوەی لەناو بەردو دارستانەکاندا خۆیان بشارنەوە... شیٚر تەئکیدی بۆ دەکردم کە لە خۆم دڵنیابم و ئارخەیان بم. هەروەها گوتی: عیٚراقییەکان ئاگربارانی هەر شتیٚك دەکەن کە بجوولیٚتەوە تەنانەت ئاگربارانی میٚگەلە مەڕو سەگیش دەکەن. لە خوارەوە سیٚبەری روناکییەك تابلۆی کاروانیٚکی جوانی کیٚشابوو. ئەوە تاکە ریٚگایە کە لەڕەواندزەوە بۆ سنوورەکانی ئیٚران دریٚژ دەبیٚتەوە و هەمان ئەو ریٚگایەیە کە عیٚراقییەکان دەیانەویٚ دەستی بەسەر دابگرن، ریٚگاکە بەلیٚواری رووبارەکەدا دریٚژ دەبیٚتەوە.

گوتم بەرەو کویٚ دەچین؟

بەرەو ئەو ریٚگایە لیٚرە هەمووان بەرەو ئەم ریٚگایە دەچن.

- ئەی مەلا مستەفا لە کویٚ دەدۆزینەوە؟
- لە جیٚگایەك لە نزیکی ریٚگاکە. ئەویش تەنیا لەشەودا دەجوولیٚتەوە. ئەو هەموو شەویٚك جیٚگای خۆی دەگۆڕیٚ و هەرگیز دوو شەو لەسەر یەك لە جیٚگایەك ناخەویٚ.

شیٚر پیٚی گوتم چیاکان پڕن لە جاسووس و ئەوانە هەلی پاشاگەردانی جەنگ دەقۆزنەوە تا سوودی خۆیانی لیٚ وەربگرن. حکوومەتی بەغداد پەیمانی داوە هەر

کەسێك (مەلا مستەفا بارزانی) بکوژێت دە هەزار دیناری عێراقی خەڵات بکا (سەدو پەنجا هەزار فرەنکی فەڕەنسی)

- ئەی گەلی کورد مەلا مستەفایان خۆش دەوێ؟

شێر نیگایەکی راستەوخۆی تێ بڕیم.. تیشکدانەوەی بەفرەکە نیگاکەی راگرت. پاشان گوتی:

- بێ ئەو کوردستان بوونی نییە.

- کەوابێ چارەنووسی ئێوە بەندە بە مەلا مستەفا بارزانی و بەو ڕێگایەوەکە...

- تەنیا بە مەلا مستەفا، ئەو خۆی ئەو ڕێگایە دەپارێزێ... شێر هەمیشە بەسووکایەتییەوە ئاماژەی بۆ عەرەب دەکرد بەمەش خەسڵەتێکی نەژادپەرستی بەبەر جەنگدا دەکرد. هەرچەندە ئەو لەگشتەنی کردن دوور دەکەوتەوە، بەڵام رەخنەی لە شێوازی جەنگی ئەوان دەگرت و شێوازی جەنگی ئەوانی بەترسنۆك و دڕندەگەرێتی وەسف دەکرد کە جگە لە زمانی هێز لە هیچ زمانێکی تر حاڵی نابن. ئەوە هەمان شت بوو کە دوای چەند رۆژێك مەلا مستەفا بارزانی بەمنی گوت. جاشکەکە بەرەو خوارەوە سوڕایەوە. بەسەر بەرزایی بەردێکەوە سوڕاینەوە کە بە هۆی رنووی بەفرو جووڵانەوەی لەسەرەخۆی سەردەمانێکی دوورەوە لوس و رووتەن ببوو. پاشان خۆمان لە ناوەڕاستی کۆمەڵە مێرگێکدا بینییەوە و تا پتریش بەرەو قوڵایی دەچووین پتر چڕتر دەبوو. شەپۆلێکی رەش لە دارستانی بەڕوو بەچوار دەورمانەوە بوو، سەگوەڕێکی دوژمنانە رەشماڵی ماڵە رەوەندانی بە ئێمە نیشاندا. شێر تیشکی لایتەکەی ئاراستەی چەند سەگێکی گەورەی سپی چاوکولکاوی چڕو پڕ کردو چاویانی پێ کوێر کردو پاشان چەند بەردێکی پێ دادان و نەیهێشت پەلامارمان بدەن. بەڵام جاشکەکەمان بۆنی شتێکی کردبوو. بەردەوام سکاڵای دەکردو بە دوایدا دەزەڕی. هەندێك گوێ درێژی تر کە لەوێ بوون و لەو تاریکاییەدا لەچاو ون بوو بوون بۆیان دەستاندەوە.

مێگەلێك بەرخ کە بەدوویەکەوە ریزیان بەستبوو، رێگایان لێ بەستین. لەوێ چەند ئەسپێکمان بەرچاو کەوت کە بێ هەست و خوست لەژێر درەختەکانەوە



وەستابوون. هەندێك تارمایی لێمان نزیك بوونەوە تفەنگیان بە شانیانەوە بوو. شێر بۆی روونکردمەوە کە تفەنگەکانیان بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەوانە جەنگاوەرن، چونکە زۆربەی کورد چەکیان هەیە.

لەوێ سێ رەشماڵی گەورە. یەکجار بەنزمییەوە هەڵدرا بوون، کە رەنگە لە ناو گیایەکی درێژدا ون بووبان. پاش سڵاوو سڵاو ستاندنەوە- ئەوان دەستیان لەسەر سنگییان دانابوو- شێر منی پێ ناساندن و هۆی هاتنەکەمی بۆ روونکردنەوە، کە ئێمە چووین پاڵیان دابۆوە. یەکێکیان بۆ لوتف نواندن هاتە ئاخاوتن و شێر بەم شێوەیە بۆی وەرگێڕام:

((ئەوان سوپاست دەکەن بۆ ئەو زەحمەتە گەورەیەی کێشاوتە تا لە مەینەتی و لێقەومایی ئێمە ئاگادار بیت)).

بۆ دانیشتن بانگ کراینە یەکێك لە رەشماڵەکان و دەسبەجێ ئاگری پشکۆکانیان گەشاندەوەو بڵێسەی بەرزبۆوە، رەشماڵەکان لە رایەڵی درێژی مووی بزنی رەش چنرابوون. پاشان لە هەر لایەکەوە ئەستوندەگیان دابوونە بەرو لە ژوورەوە لە پشت دیواری چیغێکەوە دەنگی سرتەی ئافرەت و گریانی منالان دەهات، چوار مەشقی لە شێوەی بازنەیی لەسەر حەسیرێك و فەرشێکی بە گوڵ نەخشێنراو دانیشتین و دەستمان کرد بەچا خواردنەوە. گوێم بەدەنگی قورسی زمانی کوردی ئاشنا بوو.

کاتێك لای ئەوان هەستاین و دوعا خوازیمان کرد. شێر پێی گوتم کە فڕۆکەکان دووجار هێرشیان هێناوەتە سەر کاروانەکەو بە ئاگری شەستیر بۆردوومانی کردوون و قەسابخانەی بۆ ئاژەڵەکانیان داناوەو هەروەها ئافرەتێکیشی کوشتووە.

- ئەو ژنە بۆ مردن هاتبووە ئێرە، ئەمەش لێك هەڵبڕانی ژیانە. ئەو ژنە جلەکانی خۆی لەئاوی تاڤگەکە دەشۆری، زۆر ترسابوو و رای کردبوو خۆی بشارێتەوە، کاتێك فڕۆکەکان هەستی پێ دەکەن. لە شوێنی خۆی وشك دەبێ و ناجووڵێتەوە. پاشان بێ ئیرادە بەرەوخوار بەسەر ئەو تاشە بەردانەوە گلۆر دەبێتەوەو تەرمەکەی لەوێ دەگیرسێتەوە.

- بەر کوێی کەوتبوو؟

- بەر سنگی. گولەیەکی دۆشکە چووبووە ناو سنگییەوە.
- ئەی چارەسەریان نەکردبوو؟
- نەخێر. چۆن بتوانن فریای بکەون. لەو چیا بەرزەدا تەنانەت نەخۆشخانەکانمان ناتوانن چارەسەری برینی کاریگەر بکەن. دەتوانم بڵێم دەرمانمان نییە... جیهان گاڵتە بە ئازارەکانی گەلی کورد دەکا.. بەڵێ بەم شێوەیە ئەم ئافرەتە خوێنی لێ داچۆڕابوو تاگشت دەمارەکانی خوێنیان تێدا نامێنیێ...

لەسەر لوتکەکە نیزکێکم بینی بەتیژی بەبەرچاومدا تێدەپەڕی، ئەوە بێگومان ئەو ساتە بووە کە ئافرەتەکە تیایدا گیانی لەدەست دەدا. کەوتینە ڕێ و هەردووکمان بیرمان قاڵ بوو. بێدەنگی بەسەرماندا زاڵ بوو، بەڵام ناوە ناوە دەنگی تەقینەوەیەکی خامۆش دەهات.

شێر گوتی: ئێمە خەریکە لەبەرەی ڕەواندز نزیك دەبینەوە

- دوانزدە کێلومەتر لەسەر هێڵێکی ڕاست.

چەند مێگەلە ماڵاتمان بینی تا دەهات ژمارەیان زیادی کرد. ئەوانە لە ژێر درەختەکانەوە کاوێژیان دەکرد! پیاوەکان خۆیان لە پاڵتۆکانیانەوە وەرپێچابوو. ئەوانە تا بەرەبەیان بەدەوری ڕەشماڵەکانیانەوە شەوخونی دەکێشن، ئەوانە نیمچە کۆچەرین و ژیانیان بەتەواوی وەکو ڕەوەند وایە. لە وەرزی زستاندا لە گوندەکانی خۆیان کە بەناو ئەو شیوانەدا بڵاوبوونەتەوە دەمێننەوەو لەگەڵ وەرزی بەهاردا بەرەو لەوەڕگە چیاییەکان ((زۆزان)) سەردەکەون، لەوێ بە درێژایی هاوین تا بەفر دەتوێتەوە دەمێننەوە. ئەوانە کەمیان لە شیوەکاندا ماونەتەوە، ئەوانەی لەوێ سەقام گیربوون ((دەمانیێ)) واتە کۆچەرەکانی پێشوو کە پاشان بوونەتە گوندنشین لەوانەی کە بەجۆرێك سووکایەتییەوە پێیان دەڵێن ((باب مری)) ((باب مردوو)) یا ((گامری= گامردوو)) یا ((گاوەستی= گاماندوو)). ئەمساڵ ئاهەنگی جەژنی ((بروودان)) کە بەبۆنەی گواستنەوەی ماڵات و مێگەلەوە بەرەو ((زۆزان)) دەیگێڕن، ناکەن.

بۆ ئەم بۆنەیە کچان خۆیان دەڕازێننەوەو خەزێم دەکەنە لای چەپی لوتیانەوە. بەڵام ئاگری شادی لە چیاکاندا ناکرێتەوە، گەرچی نەریتی جەژنی نەورۆز جەژنی



بەهار ئاگرکردنەوەی شادی سەپاندووە! من لە وڵاتی ((زەردەشت))م کە لەوێ بۆ هەتا هەتایە ئاگر بە داگیرساوی دەمێنێتەوە و خامۆش نابێ چونکە هێمای خواوەندی ڕاستییە. لێرەوە بەناو ڕێگاوبانێکی ئاشکراتردا دەستمانکرد بە ڕۆیشتنێکی خێرا کە بە دەوری چەند کێڵگەی بچووکدا دەڕۆیشت و گا بەردی زل بەدەمیانەوە دەڕۆیشت، هەندێکیان وا ڕەش بوو بوون کە لەڕەنگی شەو پتر ڕەش داگەڕابوون و بۆنی خۆڵەمێشیان لێدەهاتەدەر. شێر هەڵیدایەو گوتی: ئەوە ناپاڵمە. دوژمن تەکتیکی خاکی سووتاو پیادە دەکا.

ژاوە ژاوی ڕێگا... لەولاترەوە، لای ڕووبارەکە، هەراو هۆریایەکی تر بەرەو لامان دەهات کە دەنگێکی پڕ لە قریشکە و تیژی تێکەڵاو لەدەمەقاڵەی پیاوان و باعە باعی مەڕان و زیڕەی ئوتۆمبێل دەماری پیاوی دەهاروژاند. هاوڕێکەم ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوەو گوتی:

- ئێمە پازدە ئۆتۆمبێلی لەو جۆرەمان هەیە کە لە هاتوچۆ ناکەون، هەروەها ئۆتۆمبێلی تریش هەن کە لە ئێرانەوە بەمەبەستی بازرگانی دێن و دەچن.

لەو کاتەدا واقیعەکە پرسیارێکی مەنتقییانەی قووت دەکردەوە:

چ جۆرە بازرگانییەك؟

شێر سەرنجی بۆ هاژەی ڕووبارەکە ڕاکێشام و گوتی: پیاو لە نزیکی تاڤگەکانەوە هەست بە نزیك بوونەوەی فڕۆکەکان ناکا. ئێستا خەریکە لە گوندێك نزیك دەبینەوە سەربانەکانی تەختن و هەندێکیان لە هەندێکی تریان بەرزترن، چرای تەویلەکان دەدرەوشانەوەو هەروەکو کۆمەڵێك گوڵە ئەستێرە[1] دەبریسکانەوە. دەنگێك لەناو تاریکاییەوە تێمانی ڕاخوری. شێر بەچەند وشەیەك وەڵامی دایەوە، جەنگاوەرێك لەسەر زەوی هەستایە سەرپێ و ڕەشاشەکەی بەسنگییەوە نوساندبوو، هەرگیز بە ئەقڵمدا نەدەهات بەو ڕادەیە لێمان نزیك بێت، چونکە هەرچەند هەنگاوێك دەبوو. لەناکاو لەناو تاشەبەردەکانەوە چاوم بە ئاگری جگەرەیەك کەوت.

(1) گوڵە ئەستێرە: زیندەوەرێکی فسفۆرییە لەشەودا لەشی دەدرەوشێتەوە.

بەهەق راستیان گوتووە، کورد لە ناو چیاکانی خۆیدا دەژی. جەنگاوەرەکە بەرەو خێوەتێکی سەربازی پێشمان کەوت کە لەژێر فشاری لق و پۆپی درەختەکانەوە داهاتبۆوە شێر گوتی:

- ئەمانە ((**پێشمەرگە**))ن جەنگاوەرانی نیزامی سوپای شۆڕشگێری کوردستان. وشەی پێشمەرگە مانای ((بەخشینی ژیان))، بەڵام دەقی وەرگێرانی ئەم وشەیە مانای ((ئامادەی مەرگ لە پێناوی رزگاری کوردستان)). لێرە کەمێك دەحەسێینەوە تا ئۆتۆمبێلێکی ((جیب)) دێت و هەڵمان دەگرێ...

ئەوانە شەش پیاو بوون بەکەرەسەو جل و بەرگی چوون یەکەوە، تەنیا رەنگی مێزەرەکانیان جیاواز بوو. ژووری خێوەتەکە بەفانووسێك روناك کرابۆوە. فەرماندەکەیان بەخێرهاتنی کردم و شێر بۆی وەردەگێرام. لەسەر رایەخەکە کە دروستکراوی خۆماڵی بوو، و بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی نائاوێز و رەنگاوڕەنگی زەقەوە خەت چین کرابوو، دانیشتبوون، ئەوان لە شێوەی چوار مەشقی کە جۆرە دانیشتنێکە پێویستی بە راهێنانێکی سەخت هەیە، لەوێ ئەم هەلەم قۆزتەوە، و لە شێوەی کەسێکی کە چوار مەشقی دانیشتووەو دەنووسێتەوە.دەستم کرد بە تۆمارکردنی تێبینییەکانم. جگەرەی عێراقیان پێشکەش کردم کە لە شاری سلێمانی دروست دەکرێ و لە یەکێك لە ئەمبارەکانی ئازوخەی دوژمن، لە هەڵمەتێکی شەوانەدا دەستیان کەوتبوو. هەروەها یەکێك لە پێشمەرگەکان تاوەیەك برنجی ئامادەکراو، چەند دەسك تەرەپیاز و هێلکەی کوڵاو و پەنیری سپی خۆماڵی و چەند نانێکی هێنا کە هەر وەکو قوماشی کریپ تەنك بوو. هەروەها قاپێکی نیوە پڕی لە شلەیەکی سپی بۆ هێناین، کەوچکێکی گەورەی تێدا بوو. شێر ئاوا وەسفی کرد:

- ئەمە ((دۆ))یە، ماستی تێکەڵ بە ئاو و لەمەشکەدا ژەنراوە. بە وریایی و دوو دڵییەوە ئەو شلە خەستەم خواردەوەو لە تامی تیژییەکەی خۆشم لێهات. بەڵام ئەم دۆ خواردنەوەیە بەدرێژایی گەشتەکەم لەئارانەبوو. پاش من خانەخوێکان بە هەمان کەوچك خواردبوویانەوە و نانیان خواردبوو. لەوێ لەو دەم و چاوە ئەسمەرو برۆنزییانە وورد بوومەوە گەرچی ریشەکانیان دەم و چاویانی تێك شکاندبوو،



هەندێك وێنەی ناو تەورات هاتنەوە ناو مێشکم... ((**داواکردنی مردن لە پێناوی رزگاری کوردستان**)) ئەوانە کە لە ((مۆریتۆری)) یاریگا چیاییەکانی خۆیانن من دیمەنی زۆرانبازی کارانم تیایاندا دەبینی، زۆرانبازیکارانی رۆمانی مێزەر بەسەری جەنگی رزگاری کە بەلای ئەوانەوە وەکو ((باوەڕ)) ((عەقیدە)) وایە... هەروەها سزار (قەیسەر)ی خۆشیان هەیە: مەلا مستەفا بارزانی ئەو پیاوەی پێشەوای سەربازی و سیاسییە و هیچ کەسێك چەند و چوونی لە پێشەوایەتی ئەودانییەو دەست بەرداری نابن. و لە کاتی پێویستدا لە جیاتی سیاسەت و دیبلۆماسیەت چەك بەکار دەهێنێ. شێر پاروویەکی لە سەلکە پیازی تەڕ لە ناو نانێکی رەقبوودا بۆ پێچامەوە و گوتی: ئەمە پێویستە چونکە ئەم پاکژکەرەوەیە لە وڵاتێکدا کە زۆربەی دانیشتوانی بەدەست سك چوون و زەحیرییەوە دەناڵێنێ وەکو ئامرازێك لە ئامرازەکانی خۆپاراستن بەکاردەهێنرێت. لە راستیدا ژەمی خواردنی کورد بێ پیازی تازەنییە.

لە کاتی چا خواردنەوەدا گوت و بێژ لەسەر گەشتەکەمان کرا. شەڕ لە ناوچەی رەواندوز گەرم بوو. سوپای عێراق لە رووی ژمارەو کەرەسەوە باڵا دەست بوو. بەسەرکێشی و ملهوڕییەوە هەوڵی دەدا رێگای خۆی بکاتەوە. هەرگیز شەڕ بەو شێوە توندوتیژی و گەرمییەوە نەکراوە، بەرپرسەکەیان بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و هەڵوێستەکەی راڤە کرد:

- بەلایەنی کەمەوە جگە لە ((جاش)) ژمارەیان دەگاتە سی هەزار کەس، هەروەها سەد تۆپی قورسیان پێیە لەگەڵ تۆپخانەی سووك و زرێپۆش و فڕۆکەکان. ئەوان بێ پسانەوە تۆپ بارانمان دەکەن و سەنگەرەکانمان بەناپاڵم دەڕشێنن. هێزەکانی ئێمە هەر لە زاخۆ تا خانەقین بەدرێژایی بەرەیەکی شەڕ کە درێژییەکەی پێنج سەد کیلۆمەترە دەگاتە پازدە هەزار کەس. ئەگەر چەکی تەواومان هەبوایە دەمانتوانی لە بەرامبەری ئەو ژمارەیە جەنگاوەر بخەینە شەڕەوە. لە بەرەی رەواندز چارەگێکی لە شکری ئێمە کە دەکاتە نزیکەی سێ تا چوار هەزار جەنگاوەر هەیە. بەمانای ئێمە یەك بەرامبەر بەدە دەجەنگین. ئەوە پێنج ساڵە بارودۆخەکە بەم شێوەیەو ئێمە

شکستمان نەدیوە. پێشمەرگەیەك لە چیاکانی خۆیدا بەئاسانی دەتوانێ بەتەنیا بەرامبەر دەکەسی دوژمن خۆی رابگرێ. بەڵام ئێمە بەدوازدە تۆپ بەرەنگاری فڕۆکەکانیان دەبینەوەکە زۆربەیان تۆپی ((105 ملم))ین. ئەوانە لە شەڕەکانی پێشوو تر لە دوژمن گرتوومانن. سەرچاوەی چەکی ئێمە لە پلەی یەکەم دا سەرکەوتنەکانی خۆمانە، ئێمە پارەمان نییە تا چەکی پێ بکڕین ئەگەر هەشمان بێت کەس ئامادە نییە پێمان بفرۆشێت.

– ئەی پێشمەرگە بەچی دەژی؟

– بەوەی پێیەتی یا دەستی دەکەوێ. خواردنی سەرەکی پێشمەرگە ماست و پەنیر و برنج و ساوارە ((ساوار، گەنمی کوڵاوی هاراوەی وشك کراوەیە)) لە راستیدا زۆربەی کات خواردنی پێشمەرگە بریتییە لە نانی وشك و ئاوی رووبار و تاڤگەکان. ئەگەر هەلیشی بۆ هەڵبکەوێ لەسەر ئاگری چیلکەدار چا دروست دەکا. لە رۆژانی رەمەزانیشدا بەچەند شیشە گۆشتێکی برژاوی مەڕ خۆی شاد دەکا. لە پاشاندا خۆشت لە نزیکەوە دەچیتە ناو ژیانی واقیعیانەی ئەوان و حوکمی خۆت دەدەی...

هەر ئەوەندە هاتمە سەر وروژاندنی کێشەیەکی هەستەوەر، مەبەستم باسی ((جاش))ە دەسبەجێ گفتوگۆمان سیمایەکی هاروژێنی بەخۆیەوە گرت و نەفرەت و باوەڕێکی قورس بە تۆڵە سەندنەوە هاتە ناو باسەکەوە. ناپاکان لە کوردستان لە ریزی پیاوکوژاندا حسابیان بۆ دەکرێ. پیاو کوژیش کە یەکێك دەکوژێ، ئاکامی کارەکەی دەسبەجێ ((تۆڵە سەندنەوە)) دەهێنێتە پێشەوە، واتە حەق ستاندن ((دوژمنی باوك قەت نابێتە دۆستی کوڕ)) ئەوە پەندی پێشینانی کوردی تەئکیدی لێ دەکا، هەروەها پەندێکی تر لەپشتییەوە زیاتر پشتیوانی لێ دەکا ((واباشترە خوێن لەدەستتدا بێت. نەك وەکو قەرز بمێنێتەوە)) ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی بەسەر قەرزی شەرەفدا جووت دەبێتەوە. زانیم کە مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێك لە کۆششەکانیدا بۆ یەکخستنەوەی ریزەکان و ئەنجام دانی ئاشت بوونەوەو رێککەوتنەوەی نیشتمانی ئاماژەی بە جوامێری و بەرزی سیفەتی لێبووردن بەرامبەر ئەو برایانە کە گومڕابوون، کردووە. هەروەها هەمیشە داواکاری ئەوانەی رەت دەکردەوە کە داوای



کوشتنی سەرۆك جاشە دیلەکانیان دەکرد... ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر دیل هەبێت، چونکە پەندی کوردی تەئکیدی دەکا (لە کوردستان پەندەکان وەکو یاساکانی ژیان وان) ئەوەی شەرەفی نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە، زۆرجار لە چیا بەپێی ئەم بنەمایە فەرمانی بڕیاردراو جێبەجێ دەکرێ.

ژمارەی ئەو (جاش)انە چەندە؟ بەغدا ژمارەیەك دەڵێ. لە راستیدا دوژمن لافی ئەوە لێ دەدا کە سی هەزار جاشی هەیە. ئەمەش مافی ئەوەیان دەداتێ پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن کە سوپایەکی کوردییان هەیە ژمارەی لەو سوپایە زیاترە کە لەژێر فەرمانی بارزانی دایە. لەوەش بترازێ ئەوان نکوڵی لە بوونی شۆڕش دەکەن. بەڵام پێشمەرگە ئابڕوی ئەم درۆیە بەوە دەبەن کە دەڵێن: ئەگەر وایە هەق وایە ئەوان سەرکەون بەسەر ئێمەدا. بەڵام سەرکەوتن، هەمیشە پیشەی ئێمەی شۆڕشگێڕە کە بەباشترین شێوە ئەنجامی دەدەین و لەیەك کاتدا پێکەوە رووبەڕووی جاش و سوپا دەبینەوە. وا دەردەکەوێ ((جاش)) بەم فێڵە خۆش حاڵن کە بوونەتە کەری حکوومەتی بەغدا. لەواقیعدا خیانەتکاران لە ژێر فەرمانی سەرۆکە میراتییەکانی خۆیاندا دەجەنگن و مانگانەیەك بەبڕی پازدە دیناری عێراقی و خواردن و چەك و کەلوپەلەوە لەگەڵ مۆڵەتی دزی و تاڵان. (ئەم مووچەیە لە عێراق بەرامبەر 2500 فرەنکی فەڕەنسییە) وەردەگرن، کە مووچەیەکی باشە. جا سەرۆك جاشەکان سوودێکی زۆر لەوە دەچننەوە کە جاشەکانی خۆیان لە پێناوی زۆرکردنی چەند درهەمێکی یەهودا[1] زیاد بکەن. پێ داگری من، بەرامبەرەکەمی بەرەو جێگایەکی هەستیار راکێشا کە ئەوان بە وریایی و ئەسپاییەوە لێی نزیك دەبنەوە. ئەم جاشانە هەروەکو ناشاردێتەوە هاونەژادی خۆیانن و لەڕاستیدا ژمارەیان پێنج تا شەش هەزار کەسە. هێشتا نەریتەکانی عەشیرەتگەری پایەگای بەرچاوی خۆی هەیە لە کوردستان. هەرچەندە بە هۆی زاڵبوونی ژیانی هاوچەرخەوە خەریکە لێك هەڵوەشان دەچێتە ناخییەوە.

(1) یەهودا: یەکێکە لە دوانزە قوتابییەکانی مەسیح کە ناپاکی لێ کردوو لە بەرامبەر سی پارچە زیودا تەسلیمی یەهودییەکانی کرد. لەبەر ئەوە بۆتە نموونە کە بۆ ناپاکی لەبەرامبەر نرخێکی پوچدا دەهێنرێتەوە.

داستانی بارزانییەکان بەڵگەیەکی یەکسەرە دەدا بە دەستەوە. کێشمەکێشمی کۆنی میراتی و کێبەرکێی نێوان کەسایەتییەکان لە کۆمەڵگایەکی فرەچینی تا ئەو پەڕی چینایەتی رۆڵێکی گەورە یاری دەکا، ناوچەی زێبار کە دراوسێی بارزانە هیچ دەستەڵاتێکی ئایینی یان سیاسی، بەسەر ناوچەی زێی گەورەوە کە نفووزی ((شێخ ئەحمەد)) برای مەلا مستەفا بارزانی بە سەریدا زاڵە، ناگیرێ. وەك زانراوە لە رابردوودا کێ بەرکێی دۆستانە هەبووە، لە پێناوی جۆشدانی گیانی میللی، دەستی قەدەر ئەم کێبەرکێیەی بەبۆن و بەرامێکی رۆمانسی گوڵاو پڕژێن کرد، و کەرەسەی ئەم جوانکارییەش کە رێکەوتنی لەسەر کرا ئەوە بوو کە مەلا مستەفا بارزانی، یەکێك لە کچەکانی ((مەحمود ئاغا))ی سەرۆکی زێبار ((حەمایل خان)) بخوازێت، کە ژنی سێیەمی بووەو گوتراوە بەلایەوە پەسەندترینیان بووە. ئەم ژن خوازییە هەرگیز لاگیری ((مەحمود ئاغا))ی لەگەڵ حکوومەتدا تێك نەدا هەر لەگەڵ دەسپێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا بەر لە پێنج ساڵ پێش ئێستا، گشت پیاوانی عەشیرەتەکەی بە ئاراستەی رێرەوی خۆیدا رامالی.

هەموو ئەوانەی کە وەکو مزی خۆ فرۆشتنیان یان ئەوانەی ناکۆکی گەوهەرییان لەمەڕ شێوازی خەبات نایەوە، ئەوانە هیچ ئاکامێکی ئیجابیانەیان لە شەڕدا نەدەبینی و گرەویان لەسەر سەرکەوتنی بەغدا دەکرد. هەندێکی تر بە ((بیانوی دڵسۆزی یان تەماعکاری)) رێگای هاوپەیمانیتییان تەنانەت لەگەڵ شەیتاندا هەڵبژارد بەس بۆ ئەوەی لە ژێر فەرمانی مەلا مستەفا بچنە دەرەوە. هەروەها دەستەی سێیەم هەبوون کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بازرگانییان بە ((سۆرانچێتی)) یەوە دژی (پیرەمێردی رێگری بادینانی) دەکردو هەوڵیان دەدا بیروڕای گشتی دژی ئەو ژاراوی بکەن. کوردستانی عێراق لە دوو پارچەی جیاواز پێکهاتووە ((بادینان)) لە باکوور و ((سۆران)) لە باشوور کە زێی گەورە لەیەکیان جیادەکاتەوە. هەرچەندە زمانی کوردی زمانی هەردوو ناوچەکەیە (زمانی کوردی زمانێکی هیند و ئەورووپییە و خوشکی زمانی فارسییە)، بەڵام هەر پارچەیەکیان زاراوەیەکی جیاوازی هەیە. کرمانجی لە بادینان و سۆرانی لە سۆران. رەواندزیش دەکەوێتە لێواری هەردوو پارچەکە و



خەڵکەکەشی بەهەردوو زاراوەکە قسە دەکەن و لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی خەڵکی باکوورە، کەمێك هەست بە نامۆیی دەکا لە باشووردا کە ئێستا شەڕەکان لەوێ بەڕێوە دەچن. بەڵام ئەوانەش کە خۆشیان ناوێ بە چاوی شکۆمەندییەوە دەیبینن و، مەلا مستەفا جێگای پاپەندبوونی زۆرایەتی هەرەزۆرە. دواهەمین دەستە فەرمانڕەوایانی فێڵبازو فریو دەری بەغدان کە تەنیا بەفیتنە هەڵگیرسێن و پشێوی ساز لە قەڵەمی دەدەن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە ((جاش)) دوژمنێکە حسابی بۆ دەکرێ. ئەوانە کوردن و چیایین و هەمان لێهاتوویی جەنگاوەریی پێشمەرگەیان تێدایە کە گاڵتە بە لێهاتوویی و توانای فەرماندەیی عەرەبەکانی دەشت و بیابان دەکەن. کورد تا رادەی سەرکێشی ئازان و ماندوێتی و شەکەت بوون کاریان لێ ناکا. لە بۆسە نانەوە و هێرش بردنیشدا کارامەیە. کورد لەشەڕدا پشت ناکاتە دوژمن بەڵکو بەرەو پێشەوە مل دەنێ تا سنگ بە سنگی دوژمنییەوە جووت دەکا. بەڵام کورد هەوڵ دەدا دوژمن بۆ گۆرەپانی پەسەندکراویی خۆی، واتە بەرزایی چیاکان رابکێشێ. لەوێ جگە لە فڕۆکە و بۆمباو ئاگری شەستیرەکانی لە هیچ کەسێکی تر ناترسێ و هەرکاتیش ئاشکرا بوو، بۆ خۆ پەنا دان و خۆپارێزی پەنا درەختێك یا بن بەردێکی بەسە. کورد چیاییەو سنگ کراوەیە خاوەن چالاکی و زیندوێتییەو سوارچاکە و لە هەموو زروفێکدا دەمینێتەوە. ئەو پاشای لوتکەکانەو بە هەموو شادی و ئارەزوویەکەوە، هێرشی شەوانەی خۆی لە پێ دەشتەکاندا ئەنجام دەداو ترس دەخاتە ناو دڵی دوژمنییەوە. هێزەکانی دوژمن کە لەناو شارو شارۆکەکاندا کۆبوونەتەوە تەنیا بەرۆژ دەتوانن خۆیان دەربخەن و بگرە بە پشتیوانی یەکەکانی زرێپۆشەکانیانەوە، دەتوانن رێگاکانی هاتوچۆ کۆنترۆڵ بکەن. شێر و هەڤاڵەکانی لە شانازی کردن بە کوردێتی خۆیانەوە گەرم بووبوون و لە بیریان چوبۆوە کە ئەم پەسن دانە (جاش) ەکانیش دەگرێتەوە، لە راستیدا من شایەتی دەدەم کە ئەم پەسن دانەی خۆیان دوورکەوتنەوە لە واقیع نییە و بە رەچاوکردنی خەسڵەتەکانی ئەم میللەتە پەسنێکی تەواو رەوایە، بەدوا قسەکانی ئەوان دا گوتم:

- کەوابێ گومان لەوەدانییە لێکدانی پێشمەرگەو جاش زۆر توندوتیژە...

- بەڵێ و نەخێر. شەڕی بەتاکەوەی کورد لەگەڵ عەرەبدا زۆر لەوە توندوتیژترە. بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەوانە بوونەتە کرێگرتە ئازایەتی سروشتی خۆیان لەدەس داوەو بیروباوەڕی پێویست بۆ شەڕکردنیان نەماوە. ئەوانە بە هۆی گرێی خیانەتەوە هەست بە شورەیی ریسوا بوون دەکەن. دەرکردنی رەسمی ((گومرگی)) ئەوان کە چەك بۆ پێشمەرگە دەنێرن، ئەم راستییە دەسەلمێنێ. ئەوانە کەتێ دەگەن هیچ سوودێکیان لە شەڕدا دەست ناکەوێ دێنە ناو ریزەکانی خۆمانەوە.

لە ماوەی مانگی نیساندا کە تاڕادەیەك ماوەیەکی هێمنی بوو حەفتاو چوار کەس هاتنە ریزەکانی ئێمەوە زۆربەیان ((جاش))بوون.

سەرۆکەکەیان گوتی:

- کورد ناتوانێ ماوەیەکی زۆر لەریزی عەرەبدا بمێنێتەوە چ جای ئەوەی لە پێناوی عەرەب شەڕبکا.

- ئەگەر جاش لە خۆیەوە خۆی تەسلیم بکا، چی لێدەکەن؟

- ئەگەر تاوانێکی ئەنجام دابێ ئەوا چارەنووسی بەندە بە ئیرادەی کەس و کاری کوژراوەکە. شمشێرو کفنی بە بەردەمییەوەیە. مەبەستم ئەوەیە دەکەوێتە بەر رەحمەتی غەدر لێکراو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ داوای ((لێ خۆش بوون)) رەت بکرێتەوە. گیانی تۆڵە سەندنەوە خەریکە نامێنێ.

بیرم لەم وڵاتە دەکردەوە، وڵاتی هەژاری و نەداری. هیچ جۆرێك پاراستنی تەندروستی لە ئارانییە و رێژەی تەمەن بۆ ئەوانەی کە لە مردنی بەربڵاوی سەردەمی منالّی رزگاریان دەبێ لە سی ساڵ تێ ناپەرێ، لەوانەشە ئەمە ئازایەتی سووکایەتی کردن بەمردن و هەمیشە هەست بە مردن، روون بکاتەوە. ئەمە دوایەمین هەڵبژاردنێکی توندوتیژە...((**مردن مردنە ئەم لنگە فرتێیە چییە**))؟... ئەمە پەندی پێشینانە... دەنگی زرمەی تۆپ دێتە گوێ... هەوڵم دا ئەو جێگایە بزانم کەمنی لێم، پرسیاری ئەو گوندەم لە شێر کرد، وەڵامی دامەوە ئەمە سوودی نییە، چونکە نابێ کەس بزانێ لەچ رێگایەکەوە هاتوویت، لەو دەمەدا ئەوەم لە خەیاڵ نەمابوو کە



من یەکێکم لەو چاودێرە رووپۆش کراوانەی ناو جەنگێکی رووپۆش کراو. پێشمەرگەیەك هاتە پێشەوە نامەیەکی پێ بوو بە گرنگییەوە پێچرابۆوەو لەناو قەدی پشتێنەکەیەوە شاردبوویەوە. پاش خوێندنەوەی نامەکە سەرکردەکەیان گوتی:

- لە ماوەی دوو رۆژی رابردوودا دوژمن بەلانی کەمەوە پێنج سەد کەسی لێ کوژراوە.

سەرکردەکە بەشتێکی تایبەتی لەوانی تر جیانەدەکرایەوە، ئەو خاوەن رواڵەتێکی جوامێرانەو روخسارێکی وردو سمێڵێك بوو کە بەئاستەم دەبینرا. لە سوپای کوردیدا ویسام و پلەکانی سەربازی بەکارنایەت تەنانەت مەلا مستەفا بارزانی لەکاتی شەڕدا خۆشی هەروەکو سەربازێکی سادە لەسەر رایەخێك و لە هەوایەکی بەرکراوەدا دەخەوێ.

ئۆتۆمبێلێکی جیب هاتە پێشەوەو لەبەردەمی خێوەتەکە راوەستا. ئۆتۆمبێلەکە هەموو لایتەکانی هەڵکرابوون، وادیارە ناڕەحەتی زۆری بەدەست خۆلێکدانەوە چەشتبوو تا ئەوەی نزیکەی چوار سەد لێدراوی پێوە بوو، و جۆرێك ئاوڵەی پێوە نووسابوو هەر ئەوەندەی پێدەویست ئەو پارچانەی پێوەیەتی بەپلیتە مەعدەنییەکەوە لێ بکرێتەوە. لەتەنیشت سایەقەکە دانیشتم و شێریش لەخانەی دواوە لە نێوان دوو پێشمەرگەکە هەر وەکو پەیکەر دانیشتبوون و تفەنگەکانیان لە نێوان ئەژنۆکانیانەوە گرتبوو، دانیشت. جێبەکە بە رێگایەکدا کەوتە رێ پڕ لە هەڵەت و چاڵ و بەزەحمەتەوە بەناو ئەو شیوو پارچە بەردە بەرزانەوە رێگای خۆی دەکردەوە، من بە قایم خۆمم بە شیشی کورسییە شکاوەکەوە گرتبوو، لە نێوان ترس لە کۆنی ئۆتۆمبێلەکە و لە نێوان تەڵەی ئەو هەڵدێرە ترسناکانە، کە روناکی لایتەکان بێ بەزەییانە لە هەر سوڕانەوەیەکدا بۆی ئاشکرا دەکردم، دووبەش ببووم، بەڵام شارەزایی و زیرەکی سایقەکە ئەو ترسەمی رەواندەوە.

لێرە لە ناو ئەو چیایانە هەروەکو ئەسپ هەن ئەسپە ئاگرینەش هەیە... پاش ئەوەی خۆمان لە ئاوی بەفراوەکە هەڵکێشا، گەیشتە خوارەوەی شیوەکە کە شان بەشانی جادەکەوە بوو، پاسەوانی سەر پردەکە رایگرتین.

هەندێك بوتلی كوكا كولا لە خانوویەكی نیوە رووخاودا هاتنە بەر چاوم سەر سامیان كردم، لەوێ لەبەر روناكی مۆم هەموو شتێكیان دەفرۆشت. شێر بانگی پێشمەرگەیەكی كرد ناوی ((محەمەد)) بوو، ئەم ناوە لەوێ ناوێكی زۆر بڵاوە. كوڕە لاوەكە رەشاشێكی راست و چەپ بەسەر سنگییەوە هەڵواسیبوو، رواڵەتی لاوی ئەم كوڕە سەرنجی راكێشام، پرسیاری تەمەنیم كرد:

- هەر چۆنێك بێ حەڤدە ساڵە، بەپێی ئەو رێسایەی دامان ناوە. كەسانی لە تەمەنی ئەو بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگە دەبێ پەنا بەرنە بەر فێڵ كردن، زۆری وا هەن كە تەمەنی خۆیان زیاد دەكەن بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕدا بكەن. محەمەدیش لەو شەڕەی دوایی ((سەفین)) دا دەركەوت، كە یەكێك بوو لەتوندوتیژترین شەڕەكانی ئەم جەنگەی ئێستامان. هەروەها جەنگاوەرانی دێرینیش هەن كە تەمەنیان لە شەستەكان تێپەریوەو ماوەی سێیەكی سەدەیەكە لەگەڵ مستەفا بارزانی دان...

((محەمەد)) تەئكیدی لەوە دەكرد كە تەمەنی هەژدە ساڵە، بەڵام بەدرۆ وای دەگوت و لچی لێمان بادەدا. ئۆتۆمبێلەكە لەسەر پردەكە راوەستا. ئەو رووبارەی ژێرمان بە خوڕ و رێژەنەوە دەڕۆیشت، وام بەخەیاڵ دادەهات رووبارێكی جوانە، چونكە كە لایەكانی كەوتە سەر بەڕوونییەكی خەیاڵی هاتە پێش چاوم... مێگەلە مەڕێك رێگەكەیان لێ گرتین. شوانەكانیان زۆر بە هەڵپە بوون پێش ئەوەی رۆژ بێتەوە بەرەو رێگای لەوەڕگاكان لێیان بخوڕن و لە هەمانكاتیشدا لەو ناوچەیە دووریان بخەنەوە كە شەڕی لێ دەكرێ. ئەم مێگەلانە وەكو شەپۆلی دەریا پێكیاندا دەداو بە هەموو سەركیشییانەوە دەهاتنە پێش جێبەكەمان و رێگایان لێ دەگرتین. ئێمە دەبوو پێش كاروانی بێ بڕانەوەی ئەو ئەسپانە بكەوینەوە كە رەشماڵەكانیان دەگوازتەوە. ژنەكان بە شێوەیەك سواربوون كە نەم دەزانی چۆنە، ئەوان جێگای خۆیان لەسەر باری ئەو كەلوپەلانەی ناوماڵەكانیانەوە گرتبوو. منداڵەكان لە ناو خەروارەكاندا خەوتبوون و سەریان خوار دەبۆوە. لە هەر پەنایەكی رێگاكەدا بزنێك بەو مووە درێژانەیەوە یان مەڕێكی گەورە بەو خورییە پڕەوە دەبینرا، چاویان لە تاریكاریی شەودا دەبریسكایەوە. بەهەمان تین و تاوی دڵنیایەكی پەرێشانەوە خۆیان فڕێ دەدایە ناو



رووبارەكە. یان خۆیان بە تیشە شاخێكەوە دەگرتەوە هەروەها كۆمەڵە سەگێكی دڕ و هار و هاج كە هەروەكو گورگ دەچوون، كاتێ بە دوای جێبەكە دەكەوتن پتر هارترو دڕتر دەبوون ئەوە لە جیاتی ئەوەی كە بەدەوری مێگەلەكەیانەوە بن و كۆیان بكەنەوە. هەندێك پێشمەرگەی ئەسپ سوار كە هەڵدەستان بە ((پەیوەندی شەوانە)) لەوێ بوون و پاش ئەوەی تەئكیدیان لە ناسنامەكان كرد، رێگایان بۆ ئۆتۆمبێلەكە كردەوە.

لە ناكاو جێبەكە بەلای چەپدا سوڕایەوەو رێگای گشتی بەجێهێشت و بە هەورازێكی ركدا دوبارە رێگای گرتەوەبەر. لە تەنیشتی رێگاكەوە كە لەهاتوچۆكاران ژاوەی دەهات، دوو چاڵی گەورەمان بینی بۆمبا دروستی كردبوو. ئەم رێگایە بۆ مەڕ و ماڵات قەدەغەكراوەو تەنیا جەنگاوەران هاتوچۆی پێدا دەكەن. لەو رێگایەوە چوومە ناو گوندێكی گەورەوە كە چراكانی داگیرسابوون و وەكو هۆڵی كڵێسا لە شەوی سەری ساڵدا دەدرەوشانەوە و لە كۆمەڵی چەكداران جمەی دەهات لە هەموو لایەكەوە كۆمەلێك ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر هەبوون. ئۆتۆمبێلی درێژ لە شێوازی (میر و فنجی)[1] لەوانەی كە هەریەكەیان لە تەختەی ئەستوور چاك كراوەو لەسەر تایەی بچووك دامەزرێنراون، هەروەها هەندێك هەیكەلی تێكشكاوی ((پاس)) كە لە دەستی سكراب رزگاریان ببوو لەوێ بوون. كۆمەلێك ئەسپ سوار تەپ و تۆز لە ژێرسمی ئەسپەكانیانەوە بەرز دەبۆوە و رەوەیەك گوێ درێژ سوارەكانی خۆیان هەڵداویشت، ژمارەیەك پێشمەرگە بەپەرش و بڵاوی و بە شێوەیەكی سەیر وەك چۆن لە تورەگەی رەشی جادووگەرانەوە شت دێتە دەرەوە ئاوا دەهاتنە دەرەوە. پرسیارم لە خۆم كرد: ئەمە چ شێوەیەكە لە خواپەرستی كە خەڵك لە ناو دیكۆری ئەم پەناگایە كە لە چرا دەدرەوشایەوە. كێبەركێی بۆ دەكەن؟ بە واتایەكی زۆر سادە ئەوە كاتی كۆبوونەوەی فراوانی ئەنجوومەنی جەنگ بوو. شێر گوتی:

- ئەمە ((گەلاڵە))یە.

---

([1]) مەبەس زنجیرەی پاشاكانی هەوەڵێنی فەڕەنسایە، كە بە (میرۆ فینی) یاخود (میر و فنجی)، كە شارلمان لە ساڵی (615ز) دایهێنا. دەناسرێ.

ناوی گەلاّله یەکجار شیرینەو ئاوازێکی تەوراتی ناو ئینجیلێکی زۆر ترسناکی هەیە. ((گەلاّلە)) بنکەی سەرەکی بەرەی ناوخۆییە. ئێرە دلّی زیندووی چیاکانی کوردستانی عێراقە کە لەسەر ئاوازی جەنگێکی هەمیشەیی بە پالّە پەستۆیەکی بەرزو درێژخایەنی خوێن لیّ دەدات. کۆمەلّە هەیکەلێکی خانووی دارِماوی وێران لەوانە قوتابخانەو مزگەوت کە بۆ سەردەمێکی تر چاکترین دیمەنی دەبیّ بۆ فلیمێکی جەنگی. پیاو هەمان هەستی ((پوالو)) ی کتێبی ((صلبان الغابة)) رولاند دورجیلیە[1] دای دەگریّ لە کاتێکدا لەبەردەم دیمەنی گوندە سامناکەکانی ناوچەی سەرەوەی ((مۆز))[2] دا راوەستاوە.

گەلاّلە بەرۆژ چۆلّە. بەلاّم ئێستا بە تیشکی سەدان چراوە دەدرەوشێتەوە و لە جوولاّنەوەیەکی بەردەوام دایە، بەتایبەتی لە کاتی ئێستا کە ناوەندی ئامادەکردن و رێکخستنی ئەو جەنگاوەرانەیە کە بەرەو بەرەکانی شەرِ دەچن یان لەوێوە دەگەرِێنەوە. گەلاّلە بازارِێکی گەورەشە ((بازارِی رۆژهەلاّتی)) کە دوکانی قوولّ وەکو هێلانە لە بچووکترین سووچ و پەنا چاك کراون و کالاّو کەلوپەلەکانیان هەروەها چایخانەشیان لە سەر زەوی داخراوە، ئەمەش یانەی سەربازانە: هەیکەلی خانوویەکە بیّ نەخشەی ئەندازەیی لە کۆنکرێت سازکراوە ((ئێستا نیوەی روخاوە)). هاتووچۆکەرانی ئێرە چیرۆکەکانی جەنگ کە لەبرِانەوە نایەن، بۆ یەکتری دەگێرنەوە. و بەبۆنی بەهێزی گۆشتی برژاو گێژبوونە، ئەوان گۆشتی برژاو بەچای یا کۆکا کۆلا یا ئاوەوە دەخۆن. دیمەنی کچانی خۆداپۆشیوی گەلاّلە کە لە دەست قەرەباڵغی و پرِی شەقامی سەرەکی رادەکەن لەگەلّ ئەوەدا کە خۆیان بۆ پەناگەی سوچی بەلّەکۆنی سەربانەکانیان دەدزنەوە یەك ناگرنەوە. جگە لە ژنان ((خواردنەوەی روحی))یش

---

([1]) رۆلاند دورجیلیە (1885-1937) نووسەرێکی فەرِەنسییە، ناوبانگێکی گەورەی لەم کتێبەوە کە دەربارەی تراژیدیاکانی جەنگی یەکەمی جیهانییە لە بەرەکانی فەرِەنسا بلاّوبۆوە ((پوالو)) لەو جەنگەدا بە سەربازی فەرِەنسی دەگوترا. کەمانای (قژن، یا توکن)ە.

([2]) رووباری مۆز لە چیاکانی ئەلّپەوە هەلّ دەقولّیّ و بەفەرِەنسا و بەلجیکاو هۆلّەندا دا تێدەپەریّ و لەویّ دەرِژێتە ناو کەنالّەوە.



هەردووکیان بە حوکمی ئاین حەرام کراون. هەروەها لەویّ هەر شتێك کە بتەویّ لە پێداویستی و تەواوکاری، بە دەستدەکەویّ: کەلوپەلی بە کەلّك و جوانکاری، حەلوای مالّئاوایی لە کاتی چوون بۆ بەرەکانی شەرِ. دیاری بەبۆنەی گەرِانەوە بە سەلامەتی، فرۆشیارانی دەسگێرو بازرگانانی خۆ ولاّتیش هەن کە لەژێر پەردەو بیانوی زروفی جەنگدا یاری بە نرخەکانەوە دەکەن. هەروەها هەموو جۆرە پارەیەك هەر لە دیناری عێراقییەوە تا ریالی ئێرانی و لە پاوەنی ئینگلیزییەوە تا دولاری ئەمریکی وەردەگیریّ و واباشترە کە لە نرخی گۆرِینەوەدا چەندو چوون نەکەی. پێشمەرگە مانگانەیەك بەبرِی پێنج دیناری عێراقی (75 فرەنك) وەردەگریّ و ئەوەی خێزانی هەبیّ زیادەیەکی تری هەیە. ئەوانەی کە کادرن هەلّبەتە زیاتر وەردەگرن و زۆر لەوانە خاوەن مولّك و داهاتی تایبەتی بوونە و بە هۆی شۆرِشەوە بەجێیان هێشتووە.

کاتێك پرسیارم لە شێر کرد کە ئایا خانەی ئافرەت بازی لێرە هەیە؟ نیگەرانی لیّ وەدەرکەوت و وەلاّمی دامەوە:

- لای ئێمە ئافرەت بازی و هەتیو بازی بوونی نییە. ئەمەمان بۆ کەسانی تر بەجێهێشتووە.

لە سەربانی خانوویەکەوە تا سەربانی خانوویەکی تر، خەلّك دەبینی لە بەر پرشنگی جوانی ئەستێرەکان نووستون یا نان دەخۆن یا قسەو باسیانە. گەیشتمە بارەگای سەرکردایەتی. خانوویەکی رووت و لە هەموو کەلوپەلێکی ناو مالّ والاّ بوو. بەلاّم بەردەرگاکە لە ئاپورِای هاتوچۆکەرانی بەپەلە جمەی دەهات و هەر لە شانەی هەنگ دەچوو. کاغەزی بە لاغەکان و برِیار و فەرمانەکان لەسەر رایەخەکە پەرش و بلاّوبوون و دەزگای تەلەفۆنی لیّ نەبوو. ئەگەر دەزگای پەیوەندی کردن هەبێت ئەوا لە بنکەکانی بەرەکاندا هەیە. ژمارەیەکی کەم دەزگای بیّ تەل هەیە کە لە دوژمن گیراون. بەلاّم ژمارەیەکی زۆر زۆر تەتەر و پۆستەبەر نامەی نوشتاوەو وردو پێچراوەی لە بابەتی نامەی دلّداری دەبەن و دەهێنن. لێرە باس لە هەموو کاروبارێکەوە دەکریّ. هەوالّەکانی جەنگ و کاروباری ئاسایی ژیان چونکە بەرەکانی جەنگ لەواقیعدا هەموو ولاّت دەگرێتەوە. لە گەلاّلە شتێکم لە ناکۆکییەکی نێو

ڕواڵەتی جیاوازییەکی مێژوویی دۆزییەوە. ئەو چاڵە سوتاوانەی کە بە هۆی بۆمبای ناپاڵم، یاخود ئەو وێرانکارییەی ڕۆکیتەکان دروستیان کردووە، وەك کاردا نەوەیەك هەر کەسێك لە مەترسی هەمیشەیی فڕۆکەکان وریا دەکاتەوە لەوەی کە هێرشی مەرگ چێنی ئەوان تەنانەت شوانانیش نابوێرێ. گەڵاڵە لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرۆژماندووە تەنیا یەك جار هێرشی فڕۆکەی کرایە سەر: چەند بۆمبایەك لەیەك کاتدا بەسەر مزگەوت و قوتابخانەکەدا کەوتن، لەو شەوەدا کە شەوی هەینی بو مزگەوت لە نوێژکەران کە نوێژی جەماعەتیان دەکرد ژاوەی دەهات. خواوەند لە فریای کورد هات و لەو سێ بۆمبایە دوانیان نەتەقینەوە و ئەوەشیان کە تەقییەوە، تەنیا زەرەری ماڵیی لێکەوتەوە. ئێستا هێزی ئاسمانی عێراقی، زۆر بەکەمی نەبێ ناوێرن هێرش بۆ سەر گەڵاڵە بکەن. یەکێك لەو چوار تۆپە ئاسمانییەی کە لەشکری کورد هەیەتی لەوێ لەسەر  لوتکەیەکی بەردین کە بەسەر گوندەکەدا دەڕوانی جێگیرکراوە و هەڵدەستێ بە پاراستنی ئاسمانی ناوچەکە. بە هۆی ئەم لوتکەیەوە، فڕۆکەکان ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر هەستێکی تایبەتی لە کاتی هێرشی ستەمکارانەیان دا. فڕۆکەی مێك و هاوکر هنتر ئیتر جورئەتی ئەوە ناکەن هێرشی خۆ کوژییانە بکەن. بەڵام فڕۆکە ((ئەلیوشن))ەکان لەبەرزایەکی زۆر دەفرن و چۆن بۆیان ڕێکەوت ئاوا وردە وردە بارەکانیان هەڵ دەڕێژن. یەکێك لەو فڕۆکانە تا بەرزییەکی کەم نزم ببۆوەو داهاتبوو بارەگای گشتی مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش کە لەو شیوەی تەنیشتییەوە بوو بۆردومان بکا. لەهەمانکاتدا نەیدەزانی تۆپی دژە ئاسمانی لێیە، نەشیتوانی بوو لە چیاکان ئاودیو بێت کە ((ئەمین)) تۆپچی بە دووەم تۆپ ئەنگاوتبووی و خۆی بە لوتکەکەدا دابوو، و بەخۆی و بارە تەقەمەنییەکەیەوە تێك و پێك شکابوو.

((ئەمین)) پێی گوتم:

– بەڵێنی زۆر شتیان پێ دابووم ئەگەر فڕۆکەیەك بهەنگێوم. یەکێك بەڵێنی ئەسپێکی پێ دابووم. یەکێکی تر، بەڵێنی دابوو کچەکەیم بداتێ. ئەوەی سێیەم دەیگوت نیوەی دوکانەکەمت دەدەمێ. ئەم بەڵێنانە هەموویان بەڵێنی سەر ئاو بوون و



کەسیان وەفایان نەبوو. بەڵام ئەوە بەلامەوە گرنگ نییە. تەنیا دەمانچەی ئەفسەری فڕۆکەوانەکەیان وەکو پاداش پێشکەش کردم.

((ئەمین)) هەروەکو گشت ئەندامەکانی تری سەرکردایەتی دەمانچەکەی خستۆتە بەر پشتێنەکەیەوە، جگە لەوەش تاقمی چەکی خۆشی بەتەواوی پێیە، بەڵام ئەمین نەفرەتی لەو شەیتانبازییەی دوژمن دەکرد کە لە ئازایەتی و نزیك بوونەوە لە مەترسی، دوورە... لەناو کەلاشی فڕۆکە ئەلیوشنەکە چوار تەرمی شێواوی تێدابوو، ئەفسەری فڕۆکەوان ناوی ((خالد محمد)) و، ژمارەکەشی (6069) بوو. یادنامەیەکی ڕۆژانە کە بە وردی واقیعەکانی بە زمانی عەرەبی تێدا تۆمارکرابوون، لەناو گیرفانی دا دۆزرابۆوە. داوام کرد ناوەڕۆکەکەیم بۆ بەرچڤە بکەن: تۆمارێکی تیروتەسەلی ئەو بۆردومانە چڕو ڕێکو پێکەی گوندەکان، قەڵاچۆکردنی مەڕ و ماڵات بە ئاگری شەستیر. ئەمە گرنگترین کارە سەربازییەکانی ئەم نامیلکەیە بوون.

شەو لای ((شەفیق ئاغا)) بووم. ئەو یەکێکە لە خاوەن بیرانی شۆڕشی کورد. ئەو لە بەرزترین شوێنی گەڵاڵە دادەنیشێ و ماڵەکەشی بە پاڵ سنگی شاخەکەوەیە. لەپەنجەرەوە یەکەم سپێدەی بەرەبەیانم دی. چراکان کوژێنرانەوەو بازاڕ هەڵگیرا. ((شەفیق ئاغا)) پیاوێکە تەمەنی کامڵە و لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگای خۆیەتی.  جلی پێشمەرگایەتی لەبەرەو چەکی تەواوی پێیە. سەفەرو گەڕانی زۆر بیرکردنەوەیەکی قووڵ و لێڕوانینێکی تیژی داوەتێ. ئەو بە ئەتەئکیدەوە دەیگوت، ئەوەی ئێستا لە ڕەواندز دەکرێ، ڕەنگە مەزنترین شەڕ بێت کە گەلەکەی کردوویەتی. گوتم: **بەبایەخێکی گەورەوە خۆم بەشایەتێکی دادپەروەر لەسەر ڕووداوەکانی ئێرە دەگرم. بەڵام ((شەفیق ئاغا)) گومانی لە دروستی ئەم قسەیە دەربڕی و بەدوای ئەوەدا گوتی: ئێمە بەتەواوی لەلایەن هەموو جیهانەوە فەرامۆش کراوین. کەس جەسارەتی نییە ڕاستییەکانی تایبەت بە ئێمە ئاشکرا بکا. ئەوە کارێکی مەحاڵە. تەنانەت ڕاستی ڕووداوەکانیش ئاشکرا بکرێن لای هیچ کەسێك کاردانەوەیەك دروست ناکا.**

پەیمانم دایە کە ڕاستییەکان بلێم. شەفیق ئاغا بەدوای ئەوەدا دەستی بۆ درێژ کردم و گوتی: **هیچ کارێك لەوە نەجیبانە ترو شەڕەفمەندانەتر نییە پێناسەی**

**میللەتێك بكەی. لەو کاتەدا کەڵەشێر قوقاندی ئەوە قوقانی بیرهێنانەوە[1] بوو، شێر هەڵیدایە و گوتی کەڵەشێر** گیانلەبەرێکە پیرۆزی خۆی هەیە چونکە ئەو راسپێردراوە کە خۆر لە خەو هەڵبستێنێ.

کانییەکەی تەنیشتمان هانی دام خۆم بشۆم. ئێستا ئافرەتێکم دێتەوە بیر کە لە تافی منالّی دابوو، منالّەکەی خۆی بەکۆڵی خۆیەوە بەستبوو. گۆزەکەی پڕ دەکرد لە ئاو. شەرواڵێکی فراوانی لەبەردابوو، بەسەرییەوە کراسێکی درێژی بەقۆپچەی لەبەردابوو لەسەر کەمەرییەوە پشتێنێکی رەنگاو رەنگ بەستابوو. قژی بەکەزی هۆنرابۆوە، کلاوزەرێکی نەخشکراو لەناوەڕاستیدا پارچەیەکی کەسك و سووری تەنك بەسەرییەوە بوو. هەموویان پێکەوە ((سەمفۆنیا))ی ئاوازێکی سووری گەش و زەرد و سەوز یان پێك دەهێنا. ئەمانە بەلای کوردەوە خۆشەویستترین و جوانترین رەنگن. ئافرەتی کورد سەرەرای ئەوەش زۆرایەتی هەرە زۆریان موسڵمانن. رووپۆش ناگرنەوە و پەچە ناخەنە سەر دەم و چاویان، بەڵام سەرپۆش دەخەنە سەر سەریان و لای نابەن... لەگەڵ هەر لەرینەوەو جوولانەوەیەکی ئەم ئافرەتە منداڵە، بازن و ملوانکەو خرخاڵەکانی دەزرنگانەوە. لە لای پێشەوەی پشتێنەکەیەوە ریزێك پارەی مەعدەنم بینی کە پێیەوە دوورابوو. رەنگی ئەسمەر و چاوی رەش و لوتێکی ورد و لێوەکانی پڕبوون... بەراستی جوان بوو. خۆشی ئەوەی دەزانی. لە کاتێکدا چاوەرێی دەکرد گۆزەکەی پڕ بێت، بەدەوری کانییەکەدا دەهات و دەچوو تا منالّە بزۆزەکەی هێور

(1) لێرەدا ئاماژە بە واقعێك دەکرێ کە لە ئینجیل داهاتووە. ئەو ئێوارەیە پێش ئەوە حەزرەتی مەسیح و دوانزە قوتابییەکەی دەسگیر بکرێن، حەزرەتی مەسیح رووی کردە یەکێ لە حەوارییەکانی (پەترەوس) و پێشبینی خۆی پێ گوت: تۆ ئەی پەترۆس بەرەبەیان لەدەمی قوقەی کەڵەشێر نکۆڵی لە ناسینی من دەکەی. هەرواش بوو، حەزرەتی مەسیح بەرەو ماڵی قازییە یەهودییەکە راپێچ کرا، پەترۆس خۆی گەیاندە پاسەوانەکەی حەزرەتی مەسیح و بەخۆمات دانێکەوە دانیشت، بەڵام یەکێك لە کەنیزەکانی ماڵەکە لێیەوە وردبۆوە ناسییەوە، پاشان هاواری کرد کە ئەمەش یەکێکە لە قوتابییەکانی مەسیح، پەترۆس ترس کەوتە دڵییەوە و حاشای لەوە کرد. لەو کاتەدا کە نکۆڵی کرد کەڵەشێر قوقاندی، جا قسەی پێغەمبەری خۆی هاتەوە یادو لە پەشیمانیدا دەستی کرد بە گریان.



بکاتەوە. ئەم بارە ئەرك گرانە تاکە باری سەرشانی ئافرەتی کورد نییە، بەڵکو زۆر بارگرانی تریشیان بەسەرشان و بەسەر سەر و ئەژنۆیانەوە هەیە. هەرچەند زیاتر نزیك دەبووینەوە هەندێك گومان و سڵ بوون دای دەگرت. بەڵام وێرای ئەوەش رازی بوو کە پێم بڵێ ناوم ((گوڵێ))یە. (بەمانای گوڵ) منداڵەکەی کە لە ناو قۆنداخەکەیەوە پێچرابۆوە، هەروەکو جلەکانی دایکەکەی رەنگاو رەنگ بوو، بەپێی نەریتی باو لە نوشتەو دوعا و چاوەزار، پارچە ئاقیق، پارچە بەردی گەوهەر، تورەگەی پڕ لە خۆڵی نهێنی، دوعای ئەفسوناوی، ئایەتەکانی قورئان بۆ پاراستن و پارێزگاری لە ژیانی. پەندێکی کوردی دەڵێ: ((ئەو ماڵەی منداڵی تێدابێ شەیتان رووی تێ ناکا)). و دەڵێن((منالّی کورد، ئەگەر لە ساڵانی یەکەمی تەمەنیدا لە مردن رزگاری ببێ خوا خۆی دەیپارێزێ هەرچەندە لە سەرەتای تەمەنیدا تووشی ژیانێکی سەخت و گران دەبێ.

((گوڵێ)) نارەحەت بوون و تورەبوونێکی پیشان نەدا، ئەمە وای لە شێر کرد خۆی بگەیەنێتە لام. بەڵام ئەو خۆی تێك نەداو وتوویژیشی لەگەڵماندا نەدەکرد. لە کوردستان موغازەلەکردن لەگەڵ ژناندا کارێکی ترسناکە و گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێ. هەر ئافرەتێك تووشی ((زینا)) بێت سزای کوشتنی بەدەستی باوکی یان یەکێك لە براکانی وەردەگرێت. هەروەها دیاردەی قەیرەکچێنی هەروەکو فرەژنی دیاردەیەکی نایاب و کەمە. کەمتر وایە یەکێك ببینی خۆزگە بۆ دوو ژنی بخوازێ. ئەوان زۆر تەئکید لەوە دەکەن کە پیاوی دووژن وەکو دەرگاوان وایە. هەروەها دەشڵێن کە ژن و مێرد بەزۆری لە ژیانێکی کۆك و یەکگرتوودا دەژین و وەکو چۆن ((پاچ و خاکە ناز)) ئەم دوو ئامێرە هەمیشە بەیەکەوەن ئەوانیش هەر ئاوا تا دەخرێنە گۆڕەوە لە یەکتری جیانابنەوە. ئافرەتی کورد کۆڵەگەی ماڵەوەیە. دەبینی هەر لە بەیانی زووەوە تا تاریکان دادێ سەختترین کاری ناو ماڵ ئەنجام دەدا. هەر ئەو نان دروست دەکا، ماڵات دەدۆشێ، پەنیر دروست دەکا، مەشکە دەژەنێ و رۆن دەگرێ، دارو چیلکە کۆ دەکاتەوە. شیاکەی ماڵات دەشێلێ و دەیکا بە پەپکە بۆ سووتەمەنی و قوڕیش دەشێلێ بۆ خانوو دروست کردن. هەروەها بەکاروباری جووتیاری و باخەوانی هەڵدەستێ و زۆر جاریش بەشداری کاروباری گشتی دەکاو کاتێك پیاوەکەی لە

مالّەوە نەبێ بێ هیچ شەرم و دوو دڵییەك جێگاكەی دەگرێتەوە. ئەم مەسئەلەیە بۆ گاڵتەكردن نەگوتراوە و قسەیەكی باویشە ((بۆ ئەوەی ئافرەتێك رازی بكەی، دەبێ تورەگەیەك پارەی زیو یا خەرارێك درۆ دابگری)) بەمانا یان دەبێ پارەی سوور بدەی یان بەلێنی پارەیەكی گەورە (لە نێوان 250 تا 200 فرەنك) بدەی. ئەم بڕە پارەیەش تێن دەخاتە سەر كەسانێك كە پارەیەكی كەمیان هەیە.

((گوڵێ)) گۆزەكەی خستە سەر شانی و رۆیشت، بەم دیمەنە دڵگیرەیەوە هەر لە كچێكی بوهیمی ئەفسانەیی دەچوو. دەستی چەپی لەسەر كەلەكەیەوە دانابوو، بە دەستی راستیشییەوە لەسەر سەرییەوە دەسكی گۆزەكەی گرتبوو. ئەو لە جوولانەوەی ناو ئەو كراسە نیگا كێشەی دا، هەموو ئەو نەخشە بەرزانەی دێنایەوە بیرم كە لەپۆرترێتە دێرین و باستانییەكاندا دەبینرێت، سەری منداڵەكەشی بەسەر پشتییەوە بەئاوازێكەوە رێك لەگەڵ رۆیشتنی دایكیدا بەپێی سیستەمێكی بڕگە بڕگەی مۆسیقی دەلاژایەوە. شێر پێ گوتم كە مێردەكەی گوڵێ ئێستا لەبەرەی رەواندز شەڕ دەكا.

دانیشتوانی گەلاڵە ئێستاكە بە كۆمەڵی بچووك و كەم بە پێچ و پەنای چیاكاندا بڵاوبوونەتەوە. بەلای رۆژهەڵاتدا لوتكەكان- بەڕەنگێكی سوور داپۆشراون، چاڵ بەفرەكانیش تیشك دانەوەیەكی زیوی زێڕباویان هەیە. بەلای رۆژئاوادا تۆپێك هەیە كە كاتی رۆژ رادەگەیەنێ. ((شەفیق ئاغا)) پێشم كەوت و بەناو چیمەنێكدا كە بۆمبای ناپاڵم دابڕدابڕی كردبوو، دەرۆیشتین. یەكێك لە پێشمەرگەكان چەند رایەخێك و لەگەڵ پێداویستی خواردەمەنی بۆ ژەمی نیوەرۆ لەگەڵ خۆیدا هێنا. لەرۆیشتنەكەماندا بەردەوام بووین تا ئەشكەوتێكی بچووك كە لەناوەوە پێچەكانی زۆر تەسك بوون، ئێرە هەشت سەد مەتر لە ((گەلاڵە)) دوورتر نابێ. شارۆكەی گەلاڵە چۆڵەو جگە لە سەگەلی بەڕەڵاو پەلەوەر شتێكی دیكە نابینییەوە. تۆپە دژە ئاسمانییەكە لووتی بەئاسمانی شینەوە هەڵنابوو، كە هەر دەتگوت ئەڵماسە دەبریسكێتەوە. پێشمەرگەكە بەلق و پۆپی دارەكان



ئاگرێكی كردەوە بۆ ئەوەی چای دروست بكاو شەفیق ئاغاو[1] شێریش رایەخ و پێخەفەكانیان راخست. بانگی منیان كرد پاڵ كەوم و سەرخەوێك بشكێنم چونكە شەوی داهاتوو جم و جۆڵی پێوە دەبێ. هەستم بە ئارەزووی خەوتن نەدەكرد، بەڵكو لەو بێ دەنگییەدا هەستم بە گیانی دۆزەرەوەیەكی لاو دەكرد كە گرنگی بە یارییەكی بچووكی جەنگ دەدا. ((گەلاڵە)) بەو ماڵانەیەوە كە سەربانەكانی تەخت و رەنگیان خاكی بوو هەر لە تەپۆڵكەیەكی لمینی دروست كراو دەچوو. كەمێك پێش كاتژمێر حەوتی بەیانی یەكەم فڕۆكەی میك بەسەر سەرمانا هات، گومانی تێدا نییە بۆ ئەوە هاتبوو چۆڵیی شارۆكەكە بەسەر بكاتەوە.

(1) یەكێك بوو لە گەورەپیاوانی شۆڕشی كورد كە بەدڵسۆزی و لە خۆبووردوویی و ژیرمەندی ناسرابوو. هاوڕێیەكی نزیكی وەرگێڕی عەرەبی ئەم كتێبە بوو. ئەندامی تەنفیزی سەركردایەتی شۆڕش، و یەكێ بوو لە دڵسۆزانی بارزانی نەمر و خاوەن پایەكی تایبەتی بوو لەلای ئەو. لە ساڵی 1967 لە كەركووك كەوتە بەرهێرشی تیرۆریستان و هەردوو پاسەوانەكەی كوژران و خۆشی بە جۆرێكی سەرسوڕهێنەر رزگاری بوو. پاش بەیاننامەی ئازاری 1970 كرا بە بەرێوەبەری گشتی كارگەی توتن لە سلێمانی. پاش نسكۆی شۆڕش لە ساڵی 1975 ئاوارەی ئێران بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی لە پەناگیریدا بژی.. بەڵام كە پیاوانی شۆڕشی پێشوو كەوتنە بەر پەلاماری تیرۆریزم، ئەمجارەیان دەستی تیرۆر خۆی گەیاندێ و بەداخەوە لە ساڵی 1981 گیانی سپارد.

# بەشی سێیەم

# میللەتێک کە مێژوو لە بیری کردووە

# میللەتێک کە مێژوو لە بیری کردووە

**((شێری پیس دوو جارا شەڕ دخوازی))**

پەندی کوردی

تۆپە دژە ئاسمانییەکەی گەلاڵە، لە تەقەکردن لە سێ فڕۆکەی هاوکرهنتر کە وەك باڵندەی تێك شکێنەر بەسەر خوارەوەی شیوەکەدا دەسوڕانەوە، دریغی نەدەکرد. ئەم فڕۆکە ئینگلیزییانە ترسناکترین شتە کە کورد لێیان دەترسێ، هاوکرهنتر خێراییەکەی لە فڕۆکەی میکی سۆڤێتی کەمترە و لەوان کاراترەو زیاتریش توانای مانۆری هەیە. ئەوان لەسەر ((بڕگەکانی ئاوازێکی داماوانە))[1] لەیەك کاتدا هەر لە دەستڕێژی شەستتیرەکانییەوە تا بۆردومان کردن بە بۆمبای ناپاڵم و تا دەگاتە تەقاندنی موشەك بە وێرانکاری و بۆردوومان هەڵدەستن. وەکو شارەزایانیش تەئکید دەکەن ئەم جۆرە فڕۆکەیە باشترین شەڕکەرە لە زەوی سەختدا. شەفیق ئاغا بە یاری کردن بە تەسبیحەکەیەوە سەر گەرم بوو. تەسبیح ئامرازێکە ئینسانی رۆژهەڵاتی کاتی پێ بەسەردەبا. ئەو بەهێمنی و بە وشەی سەنگین وێنەی تاوانبارکردنی دوژمنانی گەلەکەی دەکێشا و ئەم بڕیاردانەی خۆشی بە بەڵگەی مێژوویی و پەندی بەهێز کە لەم جۆرە بۆنانەدا کارێکی حەتمی دەبن، دەهێنایەوە ((هەرگیز پێیان مەڵێ فەرموو چونکە دەسبەجێ لەسەر فەروەو پاڵتۆیەکەت دادەنیشن)). لەو دیو ئەو لوتکەیەی خۆمان لێ شاردبۆوە، زرمەی تۆپ لەگەڵ بۆردومانی ئاسمانی نۆرەیان دەکرد. فڕۆکەکان لە پشکنینی جەهەندەمییان بەسەر هەردوو چیای **((زۆزك))** و **((هەندرێن))** کە جەرگەی شەڕەکان بوون. دەهاتنە پێشەوە تا لەسەر **((گەلاڵە))** دەسوڕانەوە. شێر هەروا یاری بەتفەنگەکەیەوە دەکرد. جەنگاوەری کورد کە لە ژێر سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی دایە هەرگیز تفەنگی خۆی بەجێ ناهێڵێ تەنانەت لە ناو جێگای نوستنەکەشیدا هەر پێیەتی. جەنگاوەری کورد تفەنگی چیکی لوولە درێژی لە جۆرەکانی تر بەلاوە پەسەندترە، چونکە ئەنگێوەترو کاریگەرترە. هەروەها پێویستە لەسەری زۆر بە دڵسۆزانە دەست بە فیشەکەکانییەوە بگرێ و هەر گوللەیەك ئامانجی خۆی بپێکێ. نەخشێکم لەسەر زامنی تفەنگەکەی شێر بینی... ئەم تفەنگە چەکی رێگرێکی راستەقینەیە. ئەم نەخشەیە شێرێکە چوار پەلی بەسەر گۆی رۆژێکەوە کێشراوە، ئەمە دروشمی ئیمپراتۆریەتی فارسییە.

هەردوو هاورێکەم پێش نووستن دەستیان کرد بەجگەرەکێشان. هەردووکیان مێشکیان بە واقیعی ئەو گۆشەگیرییە تەواوەی خۆیانەوەو بەپێ نەزانینی ئەوروپاییەکان بە تێکۆشانی ئەوانەوە سەرقاڵ بوو. پێم گوتن هەندێك لە فەڕەنسییەکان- جگە لە ژمارەیەك لە تایبەمەندەکان بە کاروباری رۆژهەڵات- لە بواری پەیوەندی ئێوە بە قەسابخانەکانی ئەرمەن، هەروەها بەکێشەی دروز، باستان دەکەن و بەرپرسیارێتی ئەم کارە دەخەنە سەرشانی تورك و، هەندێکی تریان یادگارێکی کاڵ بۆوەی دەربارەی کێشەی موسڵ هەیە، گوتم:

- ئەگەر جاری وا دەنگوباسێك لەمەڕ ئەم ململانێ کردەنییەی ئێوە بڵاودەبێتەوە، ئەوا حەپەسان دایان دەگرێ لەوەی کە ئێوە لەم بەشەی جیهاندا بوونتان هەیە، و ئینجا لە رووی پرەنسیپەوە کرداری پشێوی و هەرانانەوە کە ئێوە دەیکەن پرۆتیستۆ دەکەن. ئێوە ئەم خەڵکە شەریفانە! هەراسان دەکەن و پشوودانیان لێ تێك دەدەن. من هەستی دەوروپشتی خۆم و زۆر لە هاورێ دڵسۆزە رۆژنامەنووسەکانی خۆشم دەزانم... ئێوە بەهەقیقەت میللەتێکن مێژوو فەرامۆشی کردوون.

((شەفیق ئاغا)) و ((شێر)) گوێیان بۆ قسەکانم راگرتبوو، کاتێك ئەم راستییە سەختەم پێ گوتن سیمای غەمباری و نائومێدی دای گرتبوون. لە کاتێکدا **دەوڵەتێك**

[1] مەبەستی نووسەر بڕگەکانی ئاوازی مۆسیقایەکە هەر بڕگەیەکی لە چەند ئاوازێکی بەرزەوە بوو پێکهاتووە و نووسەر بە خواستنەوەی ئەم گوزارەیە بۆ وەسفکردنی ((داماوی)) دەیەوێ وێنەیەکی پڕ لە وردەکاری بۆ هەموو جۆرەکانی داماوی و بێ نەوایی پلە بە پلە بەرەو سەرەوەی وەکو بڕگەکانی مۆسیقا پێشکەش بکا.

((**که به داتاشین**)) **دروست کراوه**[1] له چاودێری و دەست له پشت دانی هێزه گەورەکان بەهرەمەنـدە ئێـستا هەڵدەسـتێ بـە بـەکارهێنانی هـەموو جـۆره ئامرازێـك بـۆ قەڵاچۆکردنی ئەم میللەته لەسەر ئەم هەسارەیه هەر لەبەر ئـەوەی ژێـر خـاکی ئـەوان کانگەی پەترۆڵی تێدایه. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرەو روسیا، و لەم حاڵەتەدا فەرەنـساشی لێ دەرناکـەین کەلـه پیلانـی قەڵاچـۆکردنی بەکۆمـەڵی ئـەم میللەته هاوبەشن.

بەدەم دامرکانەوەی ئاگری جگەرەکانیانەوە نیگای ئەوانیش دامرکایەوەو له ناو ئـەو ئەشکەوته لەرزۆکەدا که هەر له سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوه باپیرانی ئەوان، و رەنگـه باپیرانی ئێمەش، تیایدا ژیاون، منیان رووبەرووی مێژووی خۆیان بـه جێهێـشت. ئەوانـه ژین سەخت و جەنگاوەر و تێکۆشەر ژیـاون و مێژوویـەکی مـەزن و پاڵـەوان بـازی بـێ هاوتایان هەبووه، که سەرچاوەی ئیلهامی رێزلێنان و سەرسامبەخشی گشت میللەتێکـه کـه لـه پێنـاوی ئازادیـدا خـەبات دەکـا. لـه رۆژگـاری زوو ئەفـسانەیەك هـەبووه... مێژوونووسانی پێشوی عەرەب رەچـەڵەکی کوردیـان دەبـردەوه سـەر ((جنۆکـه)). ئـەم جنۆکانه له چیاکان دەژیـان، چـوار سـەد کـچی هـەره جـوانی رۆژئـاوا هـەڵ دەگـرن و دەیانهێننه حەرەمی ((مەلیك سلێمان)) ئەویش له تورەییدا ئاگری لێ دەبـارێ و دەریـان دەکا، ئەوانیش دەگەڕێنەوەو له وارێکی ترسناکی ئەم زەوییەدا کـەوا ناسـراوه بارەگـای هەمیشەیی جنۆکان بووه، رەچەڵەکی خۆیان دەخەنەوه و گوایا گـەلی کـورد لـه تـوخمی ئەو زاوزێیەوه هـاتوون و ژیانیـان لەگـەڵ سـەختی و ئاوارەییـدا بەیەکـدا لکـاوەو ئـەم سروشتانەیان بۆ به جێهێشتوون، لەدوایشدا ئەمه بووەته ماکی شەڕ و نەگبەتی بۆیان.

واقیع ئەم ئەفسانەیه تەئکید دەکا. پاشماوەی مـرۆڤ لـه کوردسـتان لەسـەر خـۆڵ هەڵکەنراوەو لەسەر بەرد له شەوێکی زەمەندا نەخش کراوه. هەروەها تـابلۆی گڵێنـه هەیه که ئاماژه بۆ ئـەوه دەکـا کـه ((ئـەداد نـیراری سـێیەم)) مێـردی بەختـەوەری

[1] مەبەست دەوڵەتی عێراقه که پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ رازی کـردن و دابینکردنـی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەته گەورەکان، به جۆرێکی دەسکرد، له چەند پارچەیەك کۆکرایـەوه بێ ئەوەی واقیعی جوگرافی و ئیتنۆگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێ.



((سەمیرامیس))ی شاژنی جوانی ئەفسانەیی ئاشـوور[1] جـەنگی لـه دژی عەشـیرەته یاخی بووەکانی ناو وڵات بەرپاکرد، هەرچەندە ئەگەر بەبنەما زۆر کۆنینـەکانی گـەلی کوردا بچینه خوارەوه، و لەبەر تیشکی زمانی تایبـەتی کـورددا، ئـەوا بـێ چـەند و چوون بۆمان روون دەبێتەوه که باپیرانی ئەم گەله هەروەکو رای گشتیش لەسـەر ئـەوه کۆکه میدییەکانن. چیانشینه سەختگیرو زەبر بەدەسـتەکانی زاگـرۆس یەکـەم کـەس بوون که توانیان له پەترۆل چەکێکی جەنگ دروست بکەن پـێش ئـەوەی یۆنانییـەکان بتـوانن ئـاگر دابگیرسـێنن[2]. ئـاگری میـدیا یەکـەمین ئـاگرەو سـەرکەوتوانەش بەکارهاتووه. بەپێی لێکدانـەوەی تـۆژەرانی کـورد ئێـستا ئێمـه لـه سـاڵی 2579ی مێژووی ئەوان داین. سەردەمی ئەوان له ساڵی 612 (پ.ز) وه دەسـت پـێ دەکـا لـه کاتێکـدا (کەیخوسـرەو) پاشـای میدیاییـەکان شـاری ((نەینـەوا)) ی وێـران کـردو ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لەناوبرد. ئیستاجیس ((هشتاسپ)) که نەوەی بوو له سـەدەی داهاتوودا له ئاکامی ناکۆکی ناو خێزانەکەیانەوه بەیـەکجاری سـەربەخۆیی خـۆی لـه دەستدا و کوڕه بچووکەکەی (کورش)ی گەوره پاشای فارس لەوێدا سەرکەوت.[3]

بـەڵام ئاکـامی رووداوەکـان هـەر چـۆنێك بـووبێ، کـورد لەسـەر نەتەوایـەتی و نەریتەکانی خۆیان یەکجار پێداگربوون. هەر وەکو پێـشان وەك میللـەتێکی جیـاواز و

[1] سەمیرامیس (نزیکەی 840 پ.ز) ئێـستا پـاش دۆزینـەوەی پەیکەرەکـەی لـه میـانی هـەڵ کۆلینەوەکانی نەمرود، ئیتر به ئەفسانه نەماوەتـەوه، بـەڵکو راسـتییەکی مێژووییـەو ئـەوه دروسته که شاژنی ئاشوور بووه و ناوی (شەموراما) بووەو ژنـی (ئـەداد) یـان (هـدد) نـیراری سەرکردەی سوپاکەی بووەو له رۆژگاری حزائیل پاشای یـەهودا، پێکـەوه حوکمیـان گێـراوه، تابلۆیەکیش دۆزراوەتەوه که داگیرکردنی (دیمەشق) له سەردەمی پاشا (حزائیل) دا دەسەلمێنێ.

[2] له مادەی گڕگری سوتێنەر پێکهاتووه، یۆنانییەکان و پاش ئەوانیش رۆمەبیزەنتییەکان لـه جەنگەکانی دەریادا بۆ سووتاندنی کەشتی دوژمنەکانیان. یـا لەسـەر شـورەکانەوه بەسـەر کەلوپەلی گەمارۆدەرو هێرشبەرەکانیان دەکرد. بەکاریان هێناوه.

[3] له راستیدا کۆرشی گەوره کوڕی (ئیستیا جیس) (هشتاسپ)ی ئـاخرین پاشـای میدییـەکان نییه، بەڵکو یەکێکه لەنەوەکانی... ئـەم کۆرشـی گەورەیـه (600- 529 پ. ز) زنجیرەی پاشایەتی ئەخمینی فارسی دامەزراند پاش ئەوەی که ئەکباتانی پایتەختی تێکدا.

بێگەرد مانەوە. ((هیرۆدۆتس))[1] شایەتی بۆ سروشتی شۆڕشگێڕێتی ئەوان دەداو ((گزنفون))[2] ئاماژە بەو ((کوردوجی)) یە جەنگاوەرە سەر سەختانە دەدا کە لە ئاکامی ئەو تەنگەتاوکردنەی لە دەستی ئەوان تووشی هات، گەیشتە ئەو رادەیە کە گەڕانەوەی (خۆی و دە هەزار) کەسەکەی یەکجار سەخت بێت. ئەو لە (ئاناباسیس) دا دەگێڕێتەوە کە ئەو ئازارەی ئەوان پێیان گەیاند و ئەو زەرەرەی ئەوان لێ یان دا بەرامبەر هەموو ئەو ئازارە بوو کە سەربازەکانی لە هەموو شەڕەکاندا لەگەڵ سوپاکانی ئێرانیدا چەشتویانە. (گزەنفۆن) ئەم شتەی وەکو شتێکی لابەلا لەناو بیرەوەرییە بەناوبانگەکەی گێراوەتەوە. ((گزەنفون)) بەتەنیشت رەواندزدا تێپەریوە ((زۆر جار مرۆڤ بەسەختی دەتوانێ رێگای خۆی هەڵ بژێرێ)) ئەوێ ئەو جێگایەیە کە دوای دووهەزار و سێ سەدو شەست و شەش ساڵ لە گۆڕەپانەکانیدا توندوتیژترین و سەختترین شەڕی تێدا دەکرێ لە نێوان کورد و عەرەبدا. وێرای تێپەڕینی یەك بەدوای یەکی سەدەکان کورد بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە بەندبوون و گەشەیان پێداوە، بەڵام ئەوان سەرقاڵی ناکۆکییە دەرەبەگایەتییە ناوخۆییەکان بوون و لەناو چیاکانیان

(1) هیرۆدۆتس (485-425 پ.ز) مێژوونووسێکی یۆنانییە و خاوەنی کۆنترین کتێبی مێژووە و هەر بۆیە بەباوکی مێژوو ناو دەبرێ. کتێبەکەی هیرۆدۆتس کە بۆمان بەجێ ماوە دەربارەی جەنگاکانی یۆنان و فارس لە ساڵانی (490-479 پ.ز) هەروەها دەربارەی رووداوەکانی پێش و پاش ئەوە نووسراوەتەوە. کتێبەکەی ئەو لەو باس و بابەتانە پێکهاتووە کەلەکاتی گەشتەکانیدا بە وڵاتانی میسرو سووریا و ئاسیای بچووك و یۆنان و وڵاتی ئارس و وڵاتی نێوان دوو رووباردا کردوویەتی کۆیکردۆتەوە لە کتێبەکەدا راستییە مێژووییەکان و جوگرافییەکان لەگەڵ هەندێ ئەفسانە و خورافیاتدا تێکەڵ بوونە.

(2) گەزەنفۆن (430-355 پ.ز) سەرکردەوە خاوەن بیرێکی یۆنانییە و قوتابی فەیلەسووفی گەورە ((سقرات)) بووە، و دوو کتێبی لەمبارەیەوە هەیە. لە کتێبی سێیەمی (ئاناباسیس)دا رۆڵی خۆی لە پەلامارەکەی کورشی بچووك دا(410 پ. ز) لە دژی نەیارەکەی ئەرتحشتا، وەسف دەکا و سەرکردایەتی کردنی خۆی بۆ دە هەزار چەتەی سەربازی یۆنانی کە لە ناوەڕاستی وڵاتی عێراقدا چەندین شەڕوشۆڕیان دژی فارس بەرپاکردوە پاشان ناچاربووە لە رێگەی کوردستانەوە بۆ لێوارەکانی دەریای رەش پاشەکشێیان پێبکا، دەگێڕێتەوە.



داخۆیان پەنا داوە پتر لەوەی لەگەڵ دەس تێوەردانی جیهانی دەرەوەدا رووبەڕووببنەوە. هەر چەندە کورد بەرهەڵستییەکی سەختی لەگەڵ عەرەب داکردووە، بەڵام ئایینی ئیسلامیشیان وەکو ئایینێکی پێشکەوتوو قبوڵ کردوەو پاش ئەوان مەغۆل هاتوون. کورد نەیان زانی چۆن سوود لەمە وەردەگرن و بۆ بەرژەوەندی خۆیانی دەقۆزنەوە، هەروەها نەشیان توانی چۆن سوود لە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارسی و عوسمانی وەردەگرن. هەروەکو نەشیان زانیوە سوود لە ناوبانگی پیاوە مەزنەکانیان وەکو سەلاحەدینی کوڕی ئەیوب[1] وەردەگرن کە یەکەمین کەسە جیهانی ئیسلامی یەکخستووە. ناوبانگی ئەم پیاوە بە هۆی سەرکەوتنەکانییەوە بەسەر خاچ پەرستەکاندا لە (تەبەریە)و ئازادکردنی ((قودس)) لە سەدەی دوازدەیەمدا، ئێستاش لە جیهانی مەسیحیدا بە زیندوویی ماوەتەوە: رووداوەکان چەند سەیر دەگەڕێنەوە! ئێستا حکوومەتی عەرەبی بەغدا دەیەوێ سومعەی ئەو دوژمنە مەزن و خاوەن سەروەرییەی فیلیپ ئوگوستوس و ریچارد دڵ شێر بۆ خۆی پاوەن بکا تا بەسەر ئەو جاشە جیابووەوانەی دابڕێ کەشان بە شانی خۆی لە دژی مەلا مستەفا بارزانی و هاوپەیمانە مەسیحییەکانی ئەو دەجەنگن و ناوی ((سوارەی سەلاحەدین)) یان بەسەردا بسەپێنێ.

سیستەمی دەرەبەگایەتی کورد، سەرەڕای پارچە پارچەییەکەشی، گەرایەکی زۆر بەهێزی نەتەوایەتی لە ناخی دا هەبووە کە هەر لەو توێکڵەدا نەماوەتەوەو لە نێو کۆت و بەندەکانی خۆیەوە گەشەی کردووە. ئەوەتا تورکەکان دەستیان بەسەر پارچەی هەرە گەورەی کوردستان دا گرتووەو مل کەچی دەستەڵات و یاساکانی خۆیانیان

(1) سەلاحەدین یوسف ئەیوب (1138-1193) باوکی سەلاحەدین لە کوردستان ئاوارەی (تکریت) بووە، سەلاحەدین لەوێ لە دایك بووە و لە (دیمەشق) مردووە. دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبییە. گەورەترین پاشای موسڵمانان بووەو لە رۆژانی جەنگی خاچ پەرستی سێیەمدا سەرکردەی موسڵمانەکان بوو. بەسەر زەنگییەکاندا سەرکەوت و سووریا و لوبنان و فەلەستین و موسڵی داگیر کردو ئینجا تەبەریەشی داگیرکردو لە نزیك حوتەین (لە ساڵی 1187) پاشای قودسی بەدیل گرت و (بەیتل مەقدەسی) ئازاد کرد.

کردوون. لەم بارەیەوە دەگێرنەوە کە خۆر گیرانێك لە 21 ئابی 1514 بۆتە هۆکاری گۆرانکارییەکی یەکلاییکەرەوەی هەتا هەتایی لەسەر ئاستی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم جۆرە دیاردە سروشتیانەکە لێرە ترس دەخاتە ناو دڵانەوە و والێك دەدرێتەوە کە دیوێك یان هەژدیهایەك یا تەنینێکی گەورە ئەو هەسارە ئاسمانییەی قووت داوە، جا بۆ ئەوەی بیتۆقێنن و ناچاری بکەن نێچیرەکەی بەرەڵا بکا. لەسەر زەوی ئاگری زۆرو گەورە دەکەنەوە، لە بنی مەنجەڵ دەدەن. دەهۆڵ لێ دەدەن، هاوار دەکەن و دەقیژێنن، لە رۆژگاری ئێستا دا بەرەو ئاسمان تەقە دەکەن. من هەمان داب و نەریتم لەناو گەلانی رۆژهەڵاتی دووریشدا بەتایبەتی لە ((لاوس)) بینی. کەوابێ هەموو دیاردە سروشتییە ((سنوور بەزێنەکان)) لە کوردستاندا کاردانەوەی سەیری لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە هاوسەنگی گۆی زەوی لەسەر جووڵانەوەی مێشێك، کە گای سوور تەنگەتاو بکا ئەو گایەی گۆی زەوی بەسەر پشتییەوەیەتی، راوەستاوە ئەم مێشە کە جاروبار گاکە دەگەزێ، گایەکە لەتاوا دەجووڵێتەوەو لە ئەنجامی ئەم جووڵانەوەیەیدا لەرینەوەو بوومە لەرزە روودەدا، وەکو ئەوەی لە ئابی 1966 لەهەردوو ئیقلیمی ((ئەرزەرۆم و بتلیس)) دا رووی داو هەزاران کەس بۆنە قوربانی. وەئەگەر ئەم مێشە وای بەخەیاڵدا هات بەقایم گاز لەو گایە بگرێ ئەوا ناچاری دەکا زەوی بخاتە خوارەوە و بەمەش کۆتایی بە جیهان دێ.

بەم جۆرە، لە 21 ئابی 1514 دوو سوپای زەبەلاح لە نزیك (چاڵدێران) بۆ روبەڕووبوونەوە هاتنە مەیدان. ئەم خۆر گیرانە ترس و پشێوی خستە ناو دڵی فارسەکانەوە کە دروشمیان ((رۆژ)) بوو و شادی و گەشبینی خستە ناو دڵی دوژمنەکەیانەوە و مژدە و نیشانەی خێریان تێدا دەبینی و ئاکامیش بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن. سوڵتان سەلیمی یەکەم[1] هەستا بەدابەش کردنی کوردستان

[1] سەلیمی یەکەم نۆیەم سوڵتانی عوسمانی بوو (لە 1512-1520 حوکمی کردووە) لە جێگایەك بەناوی (مرج دابق) دەوڵەتی مەمالیکی لەناوبردو بەمەش دەستی بەسەر سووریاو میسر و فەلەستیندا گرت و پاشان وڵاتانی عەرەبی خستە ژێر باری حوکمی خۆیەوە. لەساڵی 1514دا لە شەڕی چاڵدێراندا کە شەڕێکی یەکلاکەرەوە بوو بەسەر=



بەسەر پێنج میرنشیندا کە بەمیرات فەرمانڕەوایی بکەن و لە باری بنچینەییدا گوێ رایەڵی و ژێر فەرمانی تەواویان بۆ ئەو هەبێت، بەڵام هیچ کام لەو میرنشینانە نەبوونە ناوکی دەوڵەتێك لە ناو دەوڵەتێکی دیکەدا. سوڵتانەکانی ئالی عوسمان سەدە لە دوای سەدە سیاسەتێکی سنترالیستی سەرکوت کەرانەی پاکسازیی لە رادەبەدەریان پیادە کرد. شاعیری گەورەی کورد ((ئەحمەدی خانی))[1] بەردەوام بانگەوازی یەکگرتنی بۆ گەلەکەی دەکرد تا لەیەك کاتدا بەرەنگاری تورك و عەرەب و فارس ببنەوە. ئەم بانگەوازە بۆ پشتیوانی کردن لە خەبات کە بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەیتوانی لەوە زیاتر هەنگاو بنێ، بەردەوام بێ هودە مایەوە. لە دەمێکدا مرۆڤی کورد تەنیا بۆ هۆزەکەی و بەهۆزەکەیەوە دەژی هەروەکو چۆن هەنگ کە هەرشتێك هێرش بۆ پوورەکەی بەرێ بەرەنگاری دەبێتەوە یا وەکو مێروو کە بەرگری لە شارە مێرووەکەی خۆی دەکا. لە دەمێکا کە تورك، بۆ سەر هاوسەنگی بە کۆمەڵی شێخان و گەورە پیاوانی کورد ئەوانەی خاوەن دەستەڵاتی موتڵەق بوون سەرچاوەی هەڕەشەبوون، ئەوا مانەوەی رایەڵی بەهێزی هۆزایەتی، لەڕاستیدا ئەمڕۆ سەرچاوەی هێزە لە کوردستان هەروەکو سەرچاوەی لاوازیشە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رایەڵە، ئەم هەستە نەتەوایەتییە دەخەملێنێ کە خەبات لە چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە بۆ چوار چێوەیەکی گشتی دەگوازێتەوە و هاوکاریەکی بە گوڕوتین دەخولقێنێ.

لە ساڵی 1805 (عەبدولرەحمان پاشای بابان لە سلێمانی) یەکەم شۆڕشی گەورەی راگەیاند و لە پاش خۆی میرو شێخانی کورد لەسەر رێبازی خەباتی ئەو رۆیشتن، بەڵام ئەم راپەرینانە گەرچی کاری پاکسازی و کوشتن و چەوسانەوەو قەسابخانەی

=ڕەچەڵەکی ئیمام موسای کازم. سەرکەوت، شا ئیسماعیل دەستی بەسەر جڵەوی کاروباردا گرت و ئینجا ئازەربایجان و فارس و لەوێشەوە دەستەڵاتی خۆی بەرین کرد تا لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتە (هرات) و لەباشووریشەوە بەغداو هەروەها، دەستەڵاتی خۆی بەسەر کەربەلاو نەجەف دا سەپاند و مەزهەبی شیعەی تێدا بڵاوکردەوە، بەڵام شەڕی چاڵدێران ناچاری کرد دەست لە بەشێکی گەورەی کوردستان هەڵبگرێ.

[1] بەناوبانگترین شاعیری کورد (1650-1708) لە شارۆکەی بایەزید لە کوردستانی تورکیا لە دایك بووەو لەوێش مردووە، ئێستا گۆڕەکەی مەزارە.

بەدوودا هات، بەڵام تا ساڵی 1914 نەپسانەوە، لە بۆتەی ئەم مل ملانییەدا یەکەمین زەنگی راستەقینەی وریا بوونەوەی نەتەوایەتی زرنگایەوە کەلە پلەی یەکەمدا بە دەست پێشکەری میری پێشووی جەزیرە ((بەدرخان بەگ)) [1] بوو کە بۆ قاهیرە کۆچی کردو لەوێ ژیاوەو یەکەمین جووڵانەوەی یەکگرتووی چالاکی بە ناوی (هیڤی کورد- هیوای کورد) دامەزراند، ئەم جووڵانەوەیە یان کۆمەڵەیە پاش لادانی سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم و سەرکەوتنی شۆڕشی جون تورك[2] دەستیکردبە بنیاتنان و بوژاندنەوەی ئامانجە رەواکانی کورد. لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا زۆر لە پێشەوایان و شێخانی کورد چوونە پاڵ بەرەی هاوپەیمانانیان بەبەرژەوەند زانی و چوونە ناو ریزی هێزەکانی روسیاوە ئەو هێزانە تا نزیکی چیاکانی زاگرۆس نزیك بوونەوە. پاشان کە تورکەکان ئاگربەستی ((مودروس)) یان لە 30 تشرینییەکەم لە 1918 دا مۆرکرد ((ئەنجوومەنی نیشتمانی)) دەستوورێکی بۆ کوردستانی سەربەخۆ راگەیاند، و ئینگلیزەکانیش کە بۆنی پەترۆڵیان لە وڵاتی نێوان دوو رووباردا کردبوو لە لایەن خۆیانەوە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بەسەرۆکایەتی ((شێخ مەحمود بەرزنجی)) نارەزاییان دەرنەبڕی.

ئەوە بوو لە 10 ئابی 1920 بە هۆی ((پەیمان نامەی سیڤەر))ەوە هاوپەیمانەکان بە ژاوەنانەوەو شانازییەکی زۆرەوە، بناغەی سەربەخۆیی کوردستان و ئەرمینیایان دارشت. هەردوو ماددەی ((62، 64)) لە بەشی چوارەمی ئەم پەیمان نامەیە هیچ بوارێك بۆ لێ شێوان و تەماوی بوون ناهێڵێتەوە. ئەم دوو مادەیە ناسنامەی هەموو

([1]) لە نەوەکانی ئەو: میر کامەران بەدرخان کە مامۆستایە لە پەیمانگای زمانەکانی رۆژهەڵات لە پاریس. ئەو ئێستاش درێژە بە رێبازی باپیرانی خۆی دەدا.

([2]) سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم (1876-1908) ئەو دەستووری لە کارخست و دیکتاتۆرییەتی تاکە کەسی خۆی داسەپاند. بەڵام کۆمەڵێك ئەفسەری سوپای تورك بەسەرکردایەتی ئەنوەر، نیازی، و (تەلعەت) کە فەرمانبەرێکی مەدەنی بوو لە نێوان خۆیاندا کۆمەڵەیەکی نهێنیان بە ناوی (جون تورك- تورکیای لاو) پێکەوەنا و ئامانجیان دووبارە گێرانەوەی دەستوور بوو، پاشان چەند هێزێکی سەربازییان لە مەکدۆنیاوە بەرەو ئەستەمبوڵ هێناو عەبدول حەمیدیان ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە.



نیشتمانپەروەرێکی کوردی ئاشکرا کردو بۆ یەکەم جار ئەم بەڵگەنامە گرنگە دیبلۆماسییە، لەبەرچاوی خەڵکی جیهان نیشتیمانی کورد دەستەبەر دەکا، کەبەداخێکی گەورەوە لێرەدا شایانی ئەوەیە کە بەبیر رای گشتی زاڵم و بیرەوەری لاوازی جیهانی بخەمەوە: لیژنەیەك کە بارەگای لە قوستەنتینییە دەبێ و لە دوو نوێنەری هەر کام لە سێ حکوومەتەکانی بەریتانی و فەرەنسی و ئیتاڵی دیاری دەکرێ. ئەم لیژنەیە لە ماوەی شەش مانگدا هەر لە رۆژی جێبەجێکردنی پەیمان نامەکەوە هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پرۆژەی حوکمێکی ناوخۆیی بۆ ئەو ناوچانەی زۆرایەتی دانیشتوانی لە کورد پێکهاتووە. ئەم ناوچانەش دەکەونە رۆژهەڵاتی رووباری فورات و باشووری سنوورە باشورییەکانی ئەرمینیاوە کە لەپاشاندا سنوورەکانی جێگیر دەکرێ و باکووری سنووری تورکیا لەگەڵ سووریاو وڵاتی نێوان دوو رووبار (مادەی 62)....

پاش ساڵێك لە بەرواری جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەم پەیمان نامەیە ئەگەر هاووڵاتیانی کورد لەو هەرێمانە کە لە مادەی 62 دا لە ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلاندا دیاریکراوەو پاش پێشکەش کردنی بەڵگە لەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمانە ئارەزوو دەکەن کە لە تورکیا جیا ببنەوە و ئەگەر ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلانیش گەیشتە ئەوە کە ئەم خەڵکانە شایانی ئەو سەربەخۆییەن و ئەو مافەی پێدان، ئەوا لە ئێستاوە تورکیا پەیمان دەدا کە پشتگیری لەو راسپێرییە دەکاو دەس لە هەموو مافێك و خاوەندارییەك کە لەو هەرێمانەدا هەیبێ، هەڵدەگرێ. وردەکارییەکانی ئەم دەس هەڵگرتنەش لە کۆنگرەیەکی تایبەتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەگەڵ تورکیا دا تاوتوێ دەکرێ. ئەگەر ئەم دەس هەڵگرتنە هاتەدی و تەواو بوو ئەو کاتە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هیچ لارییەکیان لەوە نابێ ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیە بچێتە پاڵ ئەو کوردانەی لەبەشەکەی تری کوردستاندا دەژین کە ئێستا کەوتۆتە ناو ویلایەتی موسڵەوە.... لەبەر ئەوەی ئەم ویلایەتە بەناوبانگە کە بەویلایەتی موسڵ دەناسرێ و بەدەستی ئینگلیزەوە بوو لە ژێر پەردەی ئەوەی کە ئینتدابیان بەسەر عێراق و فەلەستینەوە هەبوو، کەوتنە بانگەشە بۆ رەواج دان بە

بنەماڵەی هاشمی حیجازی عەرەبی و لە 23 ی ئابی 1921 دا 1 ئەمیر فەیسەڵ کە فەڕەنسییەکان لە سووریا دەریان کردبوو، لەسەر عەرشی پاشایەتی بەغدا جێگیرکرد، شێخ مەحموود بەرزنجی دەسبەجێ رەتی کردەوە دان بەسەروەربی دەوارنیشنێکی بیابان دا دابنێ، و لە شاری سلێمانی خۆی بە حوکمدار (مەلیك) ی کوردستان راگەیاند. لە ئاکامی ئەوە (لەندەن) سزایەکی قورسی بەسەر دادا. ئەم سەرکوت کارییە، شای ئێران (رەزا پەهلەوی کە هەوڵی دەدا دەستەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتدا مەحکەم بکا، هاندا هەموو پێشەواکانی کورد دووربخاتەوە. هەروەها لە قوستەنتینییەش (مستەفا کەمال) دەستیکرد بەلاواندنەوەو خۆ نزیك خستنەوە لە کۆمارە نوێیەکەی روسیای بەلشەفی و ئینجا داری یاخی بوونی لە پەیمان نامەی سیڤەر راست کردەوە،و یۆنانییە داگیرکەرەکانی هەڵ دایەوە ئەودیوی سنووری وڵاتی خۆیان. دەوڵەتانی رۆژئاوا لەوە ترسیان لێنیشت و هەر ئەوەندەیان لە دەسهات کە پەیمان نامەی (لۆزان) لە 24 ی حوزەیرانی 1923 دا مۆر بکەن، هەرچەندەش ئەم پەیمان نامەیە، کە زوڵم لە پاش زوڵم بوو کە دەرهەق بەکوردو ئەرمەن کرابوو، پەیمان نامەی سیڤەری سڕییەوە. جا رۆژئاوا بۆ ئەوەی پاکانەی خۆی پێ بکاو ویژدانی خۆی لە بەرامبەر ئەوەدا کەڕ بکا ئەم دوو مادەیەی خستە ناو پڕۆژەکەوە:

حکوومەتی تورکیا پەیمان دەدا کە پارێزگاری تەواو و سەرتاپایی لە ئازادی و بوونی هەموو دانیشتوانی تورکیا بکا بێ جیاوازی لە نەتەوایەتی و جێگەی لە دایکبوون و ئاین و پاشکۆیەتی. (ماددەی 38)... هەروەها حکوومەتی تورکیا هیچ کۆت و بەندێك ناخاتە بەردەم ئازادی بەکارهێنانی زمان، بەجێ هێنانی رێ و رەسمە ئاینییەکان، رۆژنامەوانی و چاپەمەنی بە هەموو شێوەکانییەوە، هەڵسوڕانی رێکخراوە سیاسیەکانی هەموو رەعیەتەکانی تورکیا(مادەی 39) عیسمەت ئینونو [1]

[1] عیسمەت ئینونو (1884-1973) سیاسەت وانێکی تورکە و لە رەچەڵەکدا کوردە. نزیکترین کەس بووە لە (مستەفا کەمال) و پاش ئەو بووە سەرۆك کۆمار (1938-1950). ئەو رۆڵی گەورەی هەبووە لەو هێرش و پەلاماردانانەی بۆ سەرکوت کردنی کورد سەرەڕای ئەوەش کە کورد بوو ئەنجام دران.



سەرۆکی شاندی دان و سەندنی تورکیا خۆی بۆ هەموو جیهانی راگەیاند کە تورکیا وڵاتی تورك و کوردە و ئەوان مافی خۆیانە پێکەوە فەرمان رەوایی وڵات بگێڕن. تەنیا دوای حەوت مانگ پاش ئەمە ((مستەفا کەمال)) هەستا بەدوورخستنەوەی پێشەواو روناکبیرانی کورد بێ ئەوەی هیچ گوناه و تاوانێکیان ئەنجام دابێت. دوای ئەمەش ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغەکرا.

ئەگەر نەتەوە یەکەیەکی چەسپاو بێ، ئەوا بیرۆکەو چەمکی دەوڵەت بنیاتێکی جووڵاو بەخۆیەوە دەگرێ، بەپێی پێناسەی میر بەدرخان (کۆم بوونێکی لە جیابوونەوە نەهاتووە لە بەینی زەوی و کۆمەڵێك ئادەمیزاد دا کە هەریەکێکیان بوونی ئەوی تر دەچەسپێنێ) .

سەرەڕای ئەوەش، وێرای بەڵێنی رەسمی هاوپەیمانەکان، زۆرجار بەرژەوەندی ماڵی و تەماعکاری سیاسی سەرۆکەکانی حکوومەتەکان سنوور و نەخشەی دەوڵەتەکان دیاری دەکا بێ ئەوەی واقعی نەژادی، مێژوویی، جوگرافی، سیاسی لەبەر چاو بگیرێ. کە وابێ هەموو رێ و شوێنێك خرایە کار بەس بۆ ئەوەی کوردستان دروست نەبێ. هەرواش بوو کوردستان کە بەرەو سەربەخۆیی و شاد بوون بەو مافانە ئاواتی دەخواست کە بەژمارەیەك لەو دەوڵەتە تازانە کە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ژانە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتنە ئاراوە، لە دایکبوونەکەی وەخرا.

ئەگەر ئینگلتەرا هەستێکی روحی نیشان بدایە، هەرچەندە فەڕەنساش لە مەیدانی ململانێی ئیمپریالیستیدا پشکیکی گەورەی لەو لێپرسراوێتییە بەردەکەوێ، ئەوا رەنگ بوو بە هەردووکیان کاریگەری یەکلایی کەرەوەیان هەبایە لە کاتی درکاندنە هاوبەشەکەیان لە 8 ی تشرینی دووەم 1918 کە لەوێ دا بە شێوەیەك کە لیکدانەوە هەڵناگرێ رایانگەیاند کە ئەوان لەم بەشەی جیهاندا... جگە لە رزگاربوونی تەواوی میللەتان کە ماوەیەکی دوورو درێژە لە ژێر نیری تورکاندا دەناڵێنن، و جگە لە دامەزراندنی حکوومەت و بەرێوەبەرایەتی نیشتمانی کە سەرچاوەی دەستەڵات لە خودی خۆیان و هەڵبژاردنی ئازادانەی دانیشتوانەکانی

خۆیانەوە وەربگرن، هیچ ئامانجێکی تریان نییە... **کەچی پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی تەنیا کوردستان بەپارچە پارچە کراوی مایەوە**، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (بەیعەتی) خۆی بۆ کێشەی هاوپەیمانەکان دەربڕیبوو، و خۆ بەستنەوەی راشکاوانەی بە داخوازییە رەواکانی کوردستانەوە ئاشکرا کردبوو. بەڵام چاوی بە ژیان هەڵ نەهات و جارێکی تریش لە نێوان تورکیاو سووریاو عێراق و ئێران و یەکێتی سۆڤیەتیدا خۆی بە پارچە پارچەکراوی بینییەوە.

ئەم بارودۆخە ترسناکە دروست هاوشێوەی بارودۆخی ((پۆڵەندا))ی سەدەی رابردووە کە تۆوەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە.[1] ئەم بارودۆخە بنەمای هۆکاری هەلئاوسانێکی گەورەی باری ئاسایشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە هۆی زۆر و زەوەندەیی پەترۆڵ تیایدا زەمینەیەکی هەمیشەییە بۆ هەموو جۆرە تادارییە پیسەکان. لەواقیعدا پترۆڵ هاندەرێکی گەورە بووە کە باشترینی بڕیارەکان لە گەرمایی خۆیدا نقوم بکاو بیان خنکێنێ. بەریتانیا هەرگیز لەوە نەپرینگایەوە کە رەواج بە بانگەشەکانی بدا کە ویلایەتی موسڵ دەبێ بچێتە پاڵ عێراقەوە. هەروەکو هێزی ئاسمانی پاشایەتی بەریتانی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی نوێی شێخ مەحموود بەگەرمی کەوتە کار. لە هەمانکاتدا ((مستەفا کەمال)) یش هەستا بە داواکردنی کانگاکانی زێری رەش. ((مستەفا کەمال)) بە شێوەیەکی وەحشی گەرانە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی کوژاندەوە. بەڵام بە راگەیاندنی حاڵەتی ((نەفیر عام)) نرخێکی گرانی لەهەقی ئەوە دا و هەستا قەسابخانەیەکی بۆ کورد دانا کە ژمارەی قوربانیانی گەیشتە دوو سەدو پەنجا هەزار کەس لە پیاوان و ئافرەتان و منداڵان، دانیشتوانە یاخی بووەکانیشی بە زۆرە ملێ کۆچ پێ کرد. کۆمەڵی گەلان لە رووی ئەمەدا بێباك بوو. وەك بڵێی هیچ پەیوەندی بەم کارەوە نەبێ. دەگێڕنەوە کە ((لوید جورج)) بۆ بەدەست هێنانی موسڵ زۆر بە

([1]) لەسەدەی هەژدەیەم پۆڵەندا سەربەخۆیی خۆی لە دەستدا و لە نێوان ئیمپراتۆریەتەکانی روسیا و ئەڵمانیا و نەمساو هەنگاریا دابەشکراو ئاوا مایەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ئینجا یەکی گرتەوە.



پێداگرییەوە ((کلیما نسو)) تەنگە تاو دەکا، ئەویش وەڵامی دەداتەوە: دەکەوێتە کوێوە؟ دەتەوێت؟ باشە با بۆ تۆ بێ. کاتێك دڵنیا دەبێ کە ژێر خاکی ئەو هەرێمە پترۆڵی تێدایە بەم نوکتەیە وەڵامی دایەوە:

- پترۆڵ؟ کاتێك پێویستم بە پترۆڵ دەبێ دەچم بۆ دەرمانخانە. فەرەنسا لە بەرامبەر ئەو ئاسان کارییەدا کە پێشکەشیکرد رێژەی 25٪ ی لە پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق (ئای. پی. سی) دەسکەوت و لە 16 کانوونی یەکەمی 1925 لە کاتی بەستنی سی و حەوتەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلاندا بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەرچوو. (سەیری راپۆرتی کۆمیسۆنی راسپێردراو بە توێژینەوەی کێشەکە بکە لە لاپەڕە 57 ی راپۆرتەکەدا)...

ئەگەر وەرگرتنی دەرەنجامی دەرکەوتوو لە واقعی پێکهاتەی دانیشتوان بە جیا وەربگیرێ، ئەوا کورد 5/8 ی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێك دەهێنێ، ئەم بەڵگە نەتەوەییە بەتەنیا بەسە بۆ راسپاردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد.

بەڵام کۆمەڵی گەلان تەنیا بەوە گیرسایەوە کە داوای زەمانەت بکا بۆ ئارەزووەکانی کورد کە ئەویش دیاریکردنی فەرمانبەران بۆ زامن کردنی مافەکانی ئیداری، دادوەری، پەروەردەیی، کردنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی ئەو بەڕێوەبەرایەتی و پەیمانگایانە بوو. ئەم مەرجەش هەروەکو لەتەهاوتاکەی تری کوردستان لە تورکیا لە عێراقیش بەڵگە نامەیەکی مردوو بوو.

بە دوای ئەمانە زنجیرەیەك راپەڕین و شۆڕشی کوردی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا هاتن کە تا رادەیەك شێوەی دۆزێکی گشتییان بە خۆیانەوە گرت.

لە بەهاری ساڵی 1930 تورك ریسواترین و توندترین رێ و شوێنی بەربەرییان بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی گەورەی ئیحسان نوری پاشا لە ناوچەکانی چیاکانی ئارارات بەکارهێنا. لەوانە سەد روناکبیری کوردیان گرت و، بە زیندوویی دەیان خستنە ناو گونییەوەو هەڵیاندەدانە ناو ئاوی گۆمی ((وان))ەوە. کاتێك کۆمەنترنی دووەمی

سۆشیالیستی هەستا بە نارەزایی دەربڕینی رەسمی لە دژی ئەم قەسابخانە شێوە ((هیکا تۆم))ییە [1]. وەزیری دادی تورکی ((محمد ساد)) زۆر بە سەرەڕۆییەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەمانە تورکی دڵسۆز نین. لەبەر ئەوە هیچ مافێکیان لە وڵاتی ئێمەدا نییە، ئەمانە کۆیلەن و بەس.

جا بۆ ئەوەی ئەم رێبازە بە شێوەیەکی باشتر پیادە بکرێ، حکوومەتی ئەنقەرە لە 5 ی ئایاری 1932 یاسایەکی بەناوبانگی بە ناوی یاسای دوورخستنەوە، بە پاکانەی هۆیەکانی: تەندروستی مادی، سیاسی، روناکبیری و ستراتیجی دەرکرد. کاتێك ئەم یاسایە کەوتە باری پیادەکردن بەشێك لە کوردستان بوو بە بیابانێکی چۆڵ.

ناوی (کوردو کوردەکان) بووە ناوێکی نایاسایی و بەزۆرە ملێ لە جیاتی ئەوە زاراوەی ((تورکەکانی چیا)) یان لە جێگایدا سەپاندو بەم شێوەیە تا رۆژگاری ئێستامان هەروا ماوەتەوە. جا ئەو مەسەلە بەناوبانگەی کە دەڵێ ((وەك کورد بەهێزە))بۆ شێواندن و هەڵگێرانەوە، بە کۆڵکێشە بە هێزەکانی شارەکان دەگوترێ. ئینگلیز تەنانەت پاش ئەوەی بەر لە ماوەی دیاریکراوی خۆی کۆتاییان بە ئینتدابی خۆیان بەسەر عێراقەوە هێنا، بەزەبری بۆمبای فڕۆکەکانیان هەستان بە تواندنەوەی شۆڕشێکی نوێ ی شێخ مەحموود کە رازی کردن و رام کردنی کارێکی ئەستەم بوو.

پاش ئەو مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ (شێخ ئەحمەد) ی برای هاتە مەیدانی مل ملانێ وە و هەرگیز مەیدانی بەجێ نەهێشت. خوێنی مەسیحییەکانیش تێکەل بە خوێنی کورد بوو، بەتایبەتی لەکاتی قەسابخانەی دڕندانەی ئاشووریان لە ((سیمیل)). جا بۆ ئەوەی سەردانەواندنی کوردستان مسۆگەر بکەن و دانیشتوانی قەلاچۆ بکەن تورکیا و عێراق و سووریا لەسەر داخستنی سنوورەکان رێکەوتن. فەرەنسا کە لەسەر زمانی ((پۆل بونکور)) لە کۆمەڵی گەلان داوای کرد (بەرێوەبەرایەتی ناوخۆیی) بدرێ بە کورد، بەڵام بێهودە مایەوە. تورك بە دانانی مەنجەنیقی گەورە لە ((دەرسیم))

(1) هیکا تۆم: زاراوەیەکی لاتینییە کە مانای پێشکەشکردنی قوربانییە بۆ خواکانی یۆنان و رۆمان، و بڕی قوربانیەکەش سەد گایە.



ئاستی تیرۆرستی خۆیان گەیاندە بەرزترین پلە. کە لەوێدا پەنجا هەزار ژن و منداڵ و پیری کوردیان بەزیندویی تێ فڕێ داو سووتاندیانن! بەڕاستی رووداوێکی هەراسانکەر بوو. بۆنی گۆشتی برژاو بووە هۆی هاروژاندنی هەست و نەستی رۆژئاواییەکان. ((جەلال بەگ)) وەزیری ناوخۆی تورکیا هەستا بە هێمن کردنەوەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی رۆژئاواییەکان بەوەی کە پێی دەگوتن ((پێویستە بەزەبری هێز رێ گران بەرەو شارستانی بەرین)).

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو سەرەڕۆیی و سەرکێشییەش لە نکوڵی کردن لە بوونی هەستی نەتەوەیی کوردیدا، عێراق و تورکیاو ئێران بە جۆرێکی ناراستەوخۆ دانیان بەو راستییە دانا، ئەویش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە لە ساڵی 1937 واتە بەر لە سێ ساڵ پێش ئێستا پەیمان نامەی سەعد ئابادیان ئیمزا کرد. لەو زەمەنەدا پشیلەی هارو هاج تری دیکە لە جیهان دا هەبوون. ((هتلەر)) هەستا بە دووبارە داگیرکرنەوەی ((راین)) و بەرەو سەر زەمینی سۆدێت ملی ناو لیکاوی دەمی سڕییەوە هەروەها مۆسۆلینی پاش داگیرکردنی ((حەبەشە)) پتر کەوتە مڕاندن و خۆبادان. هەروەها یابان جێ پێی خۆیم قایم کردو تەماعکارییەکانی خۆی لە ئاسیا هێنایە دی. هەروەها جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا هەڵگیرسا تاوەکو تاقیگایەك بۆ چەکەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بەکاری بهێنن کە تازە لە قۆناغی ژان لێهاتندا دەچووە دەرەوە. لە کات و ساتێکی وادا کێ هەبێ گرنگی بەوە بدا کورد چی بەسەر دێ؟

کورد تاك و تەنیا و بێ پشت و پەنا بوون. بەڵام خاوەن باوەڕێکی مەزن و لە شکان نەهاتوو بوون کە هەر ئەوەش دە ئەوەندەی تر مایەی چەوسانەوەیان بوو. کورد لە داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئینگلیز و روس سوودیان وەرگرت و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دامەزراند، ئەم حیزبە پێشڕەوی خەباتی ئەوان بوو. لە 24 ی کانوونی دووەمی 1946 لەسەر لێواری ناوچەی داگیرکراوی ژێر دەستەڵاتی سۆڤیەتی لە باکووری وڵاتدا یەکەمین کۆماری کوردییان دامەزراند. ئەوە یەکەمین کۆماری کورد بوو کە دامەزرا و پایتەختی ئەوێ ((سابڵاخ)) یان مهاباد، شاری مانگ یا شاری میدییەکان بوو. سەرۆکی ئەم کۆمارە قازی محەمەد پیاوێکی ئازا، رەوشت

بەرزو هەڵکەوتوو لە ڕەچەڵەکەوە خێزانێکی دێرینی ئایینی بوو. هەروەها ئەم کۆمارە سەرکردەی سەربازی خۆی هەبوو ((ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی)) کە پاش ئەوەی ئینگلیزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی پترۆڵ ناچاریان کردبوو بە خۆی و هێزەکانییەوە لە عێراق پاشەکشە بکا. ئاڵای ئەم کۆمارە لە سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز[*] وە رۆژێك کە لە ناوەڕاستی دا بوو، پێکهاتبوو. هەمان ئاڵا ئەمرۆ جارێکی تر لە کوردستانی عێراق دا دەشەکێتەوە. هەوڵ دانی ئەم کۆمارە بۆ بانگەواز کردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو. عێراق و تورکیا بەپەلە پەیماننامەیەکی هاوکاری هاوبەشیان مۆرکرد. مەلا مستەفا بارزانی دەبوایە بەرەنگاری هێزە سەربازییەکانی ئێرانی بێتەوە کە تاران بۆ لە ناوبردنی ئەم هەوڵ دانە جیابوونەوە خوازییە ناردبوونی. ڕۆژئاوا کە زۆر وریا و لەسەر هەست بوو، بەپێی هەڵسەنگاندنی ((عەقید ئسفنستۆن)) سەرۆکی هەواڵگری لە وڵاتانی کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی- ئەرمەنی لە ژێر نفووزی سۆڤێتیدا ترسیان ڕێ نیشت. بەڵام لە نرخی چوونە دەرەوەیان لە ئێران مهابادیان بەرێکەوتنێکی نەوتی گۆڕییەوە. لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی 1916 جیهان هەروەکو خووی پێوە گرتبوو، جارێکی تر چاوپۆشی لەو قەسابخانەیە کرد کە — ئەم جارەیان ئێران دەرهەق بە کورد کردی، ئەوە بوو کە هەموو لێپرسراوەکانی کوردیان بە قازی محەمەدیشەوە لە سێدارە دا. تەنیا مەلا مستەفا بارزانی و پیاوەکانی دەربازبوون. هێزەکانی عێراق و تورکیا و ئێران کەوتنە خۆیان بۆ دۆزینەوەو ڕاونانی، بەڵام ئەو بەرەو ئەرمەنستانی سۆڤیەتی ڕێگای گرتە بەر، پاش ئەوەی زنجیرە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵیاندا دەکاو چەندین دەربەند و هەڵدێرگەی شاخاوی پڕ لە بەفرو بەستەڵۆك دەبڕێ خۆی دەگەیەنێتە ئەرمەنستان. ئەم داستانە پاڵەوانییە بەشێکی شاکارە لە مێژووی کوردا و هەتا دنیا ماوە بەنەمری دەمێنێتەوە. ئەم داستانە لە ریزی کاروانە گەورەکەی ماوتسی تۆنگ دایە. ئێستا جیهانی دژ بە کۆمۆنیزم ئەم ڕووداوەیان کردۆتە پەردەیەك بۆ پاکانەکردنی خۆیان لە سەرکوتکردنی

---

[*] ئاڵای کوردستان چوار ڕەنگە: ڕەنگی سوور و سپی و زەرد و سەوز.



جووڵانەوەی رزگاریخوازی و پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە مەلا مستەفا بارزانی لە ناو سوپای سۆڤیتیدا پلەی ژەنڕاڵی وەرگرتوە بۆیە ناویان ناوە بە (مەلای سوور). لە واقیعدا ئەم پیاوە ئەرستۆکراتییە دژی مارکسیزمە لەم کات و وەختەدا کە لە تاراوگە دەژیا لەداخ و تورەییدا ددانی خۆی لە چیرەوە دەبرد.لەم ماوەیەدا کە کورد ئیدی سوپایەکی رێك و پێکیان نەما. خەباتی ئەوان بۆ مەیدانی دیبلۆماسییەت گوازرایەوە. بانگەواز لێدان بۆ سەرۆکی دەوڵەتانی هەیئەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، چالاکی رۆشنبیری بۆ بوژاندنەوەی فۆلکلۆری خۆیان، ناساندنی مێژوو، و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی خۆیان. شاری سلێمانی دڵی زیندووی هەستە نیشتمانییەکانیان بوو. بەڵام ترس و لەرزی تورکیاو عێراق و ئێران هەر مایەوەو ئەم ترسەش کاتێك دەرکەوت کە ساڵی 1955 ئەم دەوڵەتانە پەیمانێکیان لەگەڵ بەریتانیا بەست کە بەپەیمانی بەغدا ناسراوە و کۆپی کراوی دووەمی پەیمانی (سەعد ئاباد) بوو، ئەم پەیمانەش لە ژێر سەرپۆشی دروست کردنی بازنەیەکی تر لە زنجیرەی پەیمانەکانی دژ بە سۆفیەت بەسترا.

لەو سەروبەندانە بازنەی ئاسۆی سیاسی فراوان تر دەبوو، ئیتر بەتەنیا لە ئەوروپا بە چڕبوویی نەمایەوە. بەتایبەتی لە ئینگلتەراو فەرەنسا. رۆژهەڵاتی دوور ئازادی خۆی لە ژێر رکێفی ئیستعمار دەرهێناو زەمینەی بۆ دامەزرانی چینی کۆمۆنسیتی رەخساند، هەروەها مەنجەڵی ئەفریقاش هاتە جۆش و کوڵان. ئەمەریکا و سۆڤیەت هاتنە پێشەنگی مل ملانییەکەو بایەخ پێدانی مۆسکۆ بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا ئەو حەلەسەر زەمینی راوکردنی تایبەت بە دەوڵەتانی رۆژئاوا بوو، زیاتر بوو. ((جەمال عەبدولناسر)) بەریتانی و فەرەنسی و ئیسرائیلیەکانی لە ((کەناڵی سویس)) تێکشکاند. بانگەوازی ئەو بۆ یەکێتی هەموو عەرەب سیمایەکی ئایینی بەخۆیەوە گرت و ئەو رۆژگارە لە وڵاتانی ئیسلامیدا قسەیەکی باو دەبیسترا کە: خوا دوو کەسی هەڵکەوتووی بۆ ئێمە ناردووە، یەکەمیان ((محەمەد)) (د.خ) کە چواردە سەدە پێش ئێستابوو، و دووەمییان ((جەمال عەبدولناسر)). لە بواری هاوسەنگی دالەنگیوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ناو چوار چێوەی مەرامەکانیدا، دەرەتانی

دۆزییەوە تا لە بواری دۆزی کوردیدا کاربکا، ئینجا بەرەسمی دانی بەبوونی دۆزی کوردا ناو — بەپێی دەقی گوزارەکەی- بوونی دۆزی کورد وەك بوونی نیل بەسەر زەوی میسرەوە ئاشکرایە. ئینجا لە ئایاری 1958 دا رادیوی قاهیرە بەرنامەیەکی تایبەتی کوردی کردەوە، کە دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو. لە 14ی تەمووزدا شۆڕش لە عێراق هەڵگیرساو ژەنەراڵ ((قاسم)) بنەماڵەی هاشمی سەر بە رۆژئاوای روخاند. جەماوەر هەردوو لاشەی ((وەسی)) عەبدول ئیلاو سەرۆکی وەزیران ((نوری سەعید))ی خستە ژێر پێوە. کۆمار رایگەیاندراو پەیمانی بەغدا هەڵوەشێنرایەوەو دەستووری نوێ لە مادەی (3) دا یەکسانیی مافەکانی کورد و عەرەبی ئیقرار کرد. رێگەدرا کە مەلا مستەفا بارزانی پاش دوازدە ساڵ ئاوارەیی بەسەرکەوتوویی بگەڕێتەوەو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکا. پاش سەدەو نیوێك خەبات رێگەدرا حزبێکی سیاسی کوردی شەرعیەت وەربگرێ. ئەم کارە بووە هاندەرێکی گەورە بۆ براکانی ئەوان کە لە پارچەکانی تری کوردستاندا دەستیان بە جم و جۆڵ کرد. لە گەرمەی ئەو دڵە راوکێیەی کە تووشی رۆژئاوا ببوو، رۆژئاوا هات لەژێر ((وصایە))ی ئەمریکیدا لە جیاتی پەیمانی بەغدا پەیمانی ((سەنتۆ))ی هێنایە ئاراو، تورکیا و ئێران سەدان پێشەواو روناکبیری کوردیان فڕێدایە زیندانەکانەوە. لە 16 تشرینی یەکەمی 1960 ژەنەراڵ ((کورسیل)) لە ئەنقەرە بە راشکاوی ئەم هەڕەشەیەی راگەیاند کە : ئەگەر تورکە ئاژاوەچییەکانی چیاکان ئارام دانەنیشن ئەوا قەسابخانەیەك چاوەڕوانی خۆیان و وڵاتەکەیان دەکا)) ئەمە دیسانەوە وەکو دان پیانانێکی ناڕاستەوخۆیە بەهەقیقەتی وڵاتی کوردستان.

بەڵام هەر ئەوەندە رژێمی ((قاسم)) جێ پێی قایم بوو، جڵەوی بۆ دەمار پەرستی عەرەبی شل کردو لە سیاسەتی هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ کورد هەڵگەڕایەوەو مۆڵەتی کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەڵوەشاندەوەو رۆژنامەو پەخشی بەرنامەکانی رادیۆی کوردی داخست و دەستی کرد بەکردەوەی سەرکوت کەرانەی گەورەو مەلا مستەفا بارزانی ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر چیاکان، لە 11ی ئەیلوولی 1961 شۆڕش بەرپا بوو، وەتین و تاوێکی گەرمی گشتی بەخۆیەوە گرت و هەروەها



ئەو تین و تاوەش کە مەسیحییەکانی کوردستان دەریان خست قەرەبووی هەندێ لەو عەشیرەتانەی کردەوە کە پشتیان کردە شۆڕش. بەم شێوەیە جەنگێکی رێکخراو دەستی پێکرد کە کۆتاییەکەی دیار نییە. ((قاسم)) دەستی لە هیچ ئامێر و ئامرازێکی جەنگی نەگێڕایەوە، لە تۆپ. زرێپۆش، فڕۆکە. لەو کاتەدا مەلا مستەفا بارزانی بە کەڵك وەرگرتن لە ئەفسەرانی کوردو ئەو سەربازە عێراقیانەی کە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە، دەستی کرد بە بنیاتنانی سوپای شۆڕش. سەرکەوتنەکانی ئەو یەك بەدوای یەکدا دەهاتن. حزبی بەعس و ژەنەراڵ عەبدول سەلام عارف هەستان بەکودێتایەکی سەربازی، ئەمەش بە قۆزتنەوەی گیانی بێزاری و ناڕەزایی کە لە وڵاتدا تاوی سەند بوو، و پاش ئەوەی پەیوەندی نهێنی یان بە شۆڕشی کوردەوە کردبوو وە بەڵێنیان دابوو ئەگەر کودێتاکەیان سەرکەوت بەڵێنی خۆیان لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد جێبەجێ بکەن. ((قاسم)) لە 8ی شوباتی 1963 کەوتە ژێر لێشاوی کودێتاچییان و کوژرا. لە ئاکامی ئەوە مەلا مستەفا بارزانی رازی بوو شەڕ رابگرێ. بەڵام ئەم رژێمە نوێیەش وەکو رژێمی پێش خۆی تەنیا مەرامی ئەوە بوو سوود لە وەخت وەربگرێت و، کاتێك کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە نێوان میسر و سووریا و عیراق راگەیەندراو هیچ ئاماژەیەکی بەچارەنووسی کورد نەدا، مەلا مستەفا بارزانی یاداشتێکی پێشکەشکرد کە تیایدا چەمکی ئۆتۆنۆمی روون کردبۆوە: یاساکانی ناوچەیی، بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ، بەشداری کردن لە حکوومەت، سوپاو پۆلیسی ناوچەیی، پشکی داهاتی نەوت بەپێی رێژەی دانیشتوان، دانانی کەرکووك و موسڵ ((واتا کانگانی نەوت)) لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردی. لە 10ی حوزەیران حکوومەت بە هایدان ((أنذار)) وەڵامی مەلا مستەفا بارزانی دایەوەو تێیدا فەرمانی پێ دەکا کە چەکەکانی تەسلیم بکا، و خەڵات دیاریکرا بۆ هەر کەسێك بارزانی تیرۆر بکا، وەزیری بەرگری ((صالح مەهدی عەماش)) رایگەیاند کە هەڵمەتە عەسکەریەکەی ((وەکو سەیرانێکی سادەی سەربازی دەبێ)) ئەم خۆ هەڵدانەوەو خۆ ئازا کردنەی حکوومەت لەوەڕاهاتبوو کە زێبارییەکانی دوژمنی بارزانی هاتوونەتە پاڵیان، و لەهاو دەستی سەربازییانەی جەزائیر و سووریا و یەمەنی باکوور،

سەرچاوەی گرتبوو. شەڕەکان گەرم ترو وەحشیانەتر بوون و قەسابخانەی دڵتەزێنی دەرهەقی کورد بەتایبەتی لە شاری سلێمانیدا تێدا ئەنجام درا. هەروەها فڕۆکەی عێراقی بۆمبی ناپاڵمی تێدا بەکارهێناو بەئاگری شەستیرەکانی کەوتە قەڵاچۆکردنی بەرنامەرێژکراوی دانیشتوان و مێگەلی مەڕو مالات. بەڵام گەلی کورد کەوتە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حکوومەت و هاوپەیمانەکانی و گەرچی نرخێکی گرانی لەتۆڵەی ئەوەدا بەخشی کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوە بوو، بەڵام سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێنا. ئەم قەڵاچۆکردنە بەپێی ئەو بانگەوازانەی کە شۆڕش ئاراستەی ویژدانی جیهانی دەکرد، هەر لە هەڵمەتی قەتلوعامی هیتلەری یانە دەچوو. مەلا مستەفا بارزانی وەکو ئەفسانەیەکی لەشکان نەهاتوو چووە ناو بیرو هۆشی خەڵکییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی نائومێدی خۆی لە بێدەنگی هێزە گەورەکان، بەتایبەتی فەڕەنسا نەدەشاردەوە. تەنانەت ژەنەڕاڵ دیگول گوێی خۆی لەئاستیدا کەڕ کردبوو. حزبی بەعس وەکو حزبێکی سەرسەخت و کەللە شەق و بێزەوونی لێهات بەلای عێراقییەکانەوە، لە ناو جەرگەی بەغدا خۆپیشاندان بۆ هاوپشتی لە ئاشتی و دانانی رادەیەك بۆ شەڕ دەستی پێکرد. دیکتاتۆرییەتی حیزبی بەعس تا دەهات هەموو سنوورەکانی دەبەزاند. لە 15 ی تشرینی دووەمی 1963 ((موشیر عارف)) جڵەوی حوکمی گرتە دەست و دەسبەجێ ((ژەنەڕاڵ عەبدولڕەحمان عارف)) ی برای کرد بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی سوپای عێراق. ئەم حکوومەتە نوێیە بەپەلە رێگای ئاگر بەس و هێمن کردنەوەی گرتە بەر. ئەمە وای لە ((مەلا مستەفا بارزانی)) کرد لە 10 ی شوباتی 1964 دا فەرمانی ئاگر بەس رابگەیەنێ. ئەم بڕیارە لە ناو قەوارەی پارتی دیموکراتی کوردستان دا قەیرانێکی تەقاندەوە کە خەریك بوو بگاتە رادەی جەنگێکی ناوخۆیی.

به لێڕوانین لە ناخی ئەم بابەتە لە کوردستاندا و ئەگەر لەو جێگایە بیت کە لەوێ شەڕی ((ڕەواندز)) ی تێدا دەکرا، ئەوا لەلای خۆتەوە جۆرێك خۆپارێزی تێکەڵ بە دڵەڕاوکێ دەبینی کە باڵی بەسەر میزاجی پاڵەوانانی ئەم دراما ناوخۆییەدا کێشاوە. ((مەلا مستەفا بارزانی)) پێشەوای کلاسیکی دێرین و مەزنترین جەنگاوەری بێ



هاوتا کە ئەم چەرخە هێناویەتە دنیاوە بێ رارایی کەوتە لێدانی ئەم کۆمەڵە کادرە لاوەی کە بیرۆکەی ئەنجام دانی چاکسازی پێشکەوتن خوازانەو سۆشیالیستییان بە پێویست دەزانی پێش ئەوەی چەك هەڵ بگیرێ و لێکدانی جەنگی دەست پێ بکا. ئەم مل ملانێ فیکرییە لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنی پرسەکان، مەودای نێوان ئەم دوو بەرەیەی زیاتر لەیەکتری دوورخستەوەو تین و تاوی لە یەکتری خوێندنی پتر جۆشدا. بەڵام ئەم پیرەمێردە (ئەو لاری لەم ناو هێنانە نییە) کە فەرمانەکانی بەرێوەدەبران و لە هەمانکاتیشدا زۆر بەخۆیدا رادەپەڕموو، عەزیمەتی دانەنەوی. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ لە هەلومەرجی قەیرانەکەی ساڵی 1964 ئەستەم بوو بتوانێ بەرامبەر بەنەیارە ئایدیۆلۆجی و تەماعخوازەکانی بێباك بوەستێ. ژمارەیەك لە کادرەکانی حیزب ئەگەر نەشڵێین زۆربەیان رەخنەیان ئاراستەی بارزانی دەکرد کە بێ ئەوەی راوێژ لەگەڵ ئەواندا بکا فەرمانی راگرتنی شەڕی داوە. ئەوان درێژە دانی خۆیان لەسەر شەڕ راگەیاند. بەڵام بارزانی بەرگری لە گۆشەنیگای خۆی بەوە دەکرد کە نابێ هیچ هەلێك بۆ دان و سەدان لە دەست بدرێ. ئەم بەرگری کردنەشی پشت ئەستوور بوو بە ئازارو ناخۆشییەکانی کە گەل تیایدا دەژیا. ئەم مەسەلە بەناوبانگەی ئەو بەم شێوەیە بڵاو بۆوە:

- جارێك ئەسیرێك داوا لە پاسەوانەکەی دەکا دەست و قاچی بکاتەوە، کاتێ پرسیاریان لێ کرد گوتی حەز دەکەم تا ئەو دار بەڕووە بەپێ بڕۆم، پاسەوانەکان رازی بوون، پاش ئەوەی مەرامی هاتە دی، پرسیاریان کرد. چیت دەسکەوت؟ ئەسیرەکە بێ دوو دڵی گوتی: من سێ هەنگاو رۆیشتم)). ئێستا پێویستە لەسەر ئێمە دەرەتانێك بۆ گەلەکەمان بکەینەوە سێ هەنگاو بڕوات.

لە کۆنگرەی حیزبدا ((مەلا مستەفا بارزانی)) ئامادەبوو. لە وێدا تاوانی ئەوەیان دایە پاڵ کە هەوڵی داوە شۆڕش نەهێڵێ. بارزانی دەسبەجێ هەر سێ سەرکردەی بەرەکان ((عومەر مستەفا)) و ((عەلی عەسکەری)) و ((جەلال تاڵەبانی)) دوورخستەوە، ئەوانە لەو کاتەدا بە جێگای ئومێدێکی گەورە بۆ کوردستان حسێب دەکران. لە ئەنجامی ئەوە ئەوانە چونە پاڵ ریزی ((جاش))ەوە. ئەم کارە بارزانی خستە

ناو غەمێکی قووڵەوە. پاش ئەوە کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێی دامەزراند کە لەگەڵ ئارەزووەکان و شێوازی بیرکردنەوەی ئەودا یەك بگرێتەوە. ئەگەرچی هەندێك لە کادرەکانی حیزب لێرەو لەوێ جۆرە دوو دڵی و راراییەکیان نیشان دا، بەڵام زۆرایەتی هەرە زۆری گەل بە جێگای ئومێدیان دەزانی و پشتگیرییان لێ دەکرد. هەرچەندە پەردە داماڵین لە رووی ناپاکاندا ئەرکێك بوو، بەڵام بارزانی قسە جوینەوەی فرێدایە لاوەو دەستی کرد بە راونانی نەیارەکانی تا پەنایان بردە بەر ئێران. لە واقیعدا کەس نییە تا ئەو رادەیە لە خۆی و تواناکانی راپەڕموێ دەرسی نیشتیمانپەروەریی فێری ئەو پیاوە بکا کە بەر لە سی ساڵ پێش ئێستا ئاڵای خەباتی لەسەر لوتکەی چیاکان بەرزکردۆتەوە. بارزانی و حاڵەتەکەی ئەو هیچ هاوچونێکی لەگەڵ ئەو پێشەوا رۆژهەڵاتیانەدا کە لە کۆشکی رۆژئاوایی قەشەنگدا لە ژیانێکی نەرم و ناسکدا دەژین، نییە.

موشیر ((عارف)) بێ دوو دڵی کەوتە قۆزتنەوەی ئەو جیابوونەوەیە و دەستی کرد بە نزیك بوونەوە لە ((مەلا مستەفا بارزانی)) و بە راشکاوی ریایی بۆ دەکردو دنەی دەدا لەو ئیجرائاتانەی کە دژی ئەو ((ئاژاوەچی)) و ((فیتنە هەڵایسێنانە)) کردوویەتی. لە ناکاو واکەوتە بەرچاو کە رێکەوتن و برایەتی لەگەڵ دەرەبەگێکی ((پیرەمێرد)) دا کە سیمای (عەنعەناتی) تیرەگەری و دەستەڵاتی رەهای عەشایەری بە سیمایەکی زاڵەوە پێوە دیارە، بەلاوە پەسەند ترە لە چەکە شۆڕشگێرەکانی لاوەکان. بەڵام موشیر عارف لە هەڵسەنگاندنی سەرسەختی و قوڵایی ئەم نیشتیمانپەروەرە لە ساتوسەودا دوورەی لە پێشەوای کوردا هەیە، بەهەڵەدا چوو بوو. **لە پێویستترین هۆکارەکانی ئەم خۆ وەخراندنە نزیك بوونەوەی وەرزی درونەوەی دانەوێڵە بو لە کوردستان و تەواوکردنی بڕینی ئەو ((سێ هەنگاوە)) بوو. لەم حاڵەدا ((مەلا مستەفا بارزانی)) دەست پێشکەرییەکی سەرسامهێنەری بنیاتنانی ئاشت بوونەوەی نیشتیمانی دەست پێکرد، ((ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕش)) ی دروست کرد، کە لە پاش ئەنجوومەنی کۆماری مهاباد لە مەقامی پەرلەمانێکی کردەوەیی بێ پێشینە بوو، لەوێدا جەلال تالەبانی و ئەوەش لەگەڵیدا بوون جێگەی خۆیان گرت.**



پاشان دیسانەوە لێکدان لە چیاکان دەستی پێ کردەوە و بەرەکانی تێکۆشان دووبارە بنیات نرانەوە، و لە 10 ی شوباتی 1965 ((مەلا مستەفا بارزانی)) یاد نامەیەکی پێشکەشی حکوومەتی بەغدا کرد کە داخوازییەکانی تێدا خرابوونە روو کە وەکو دووبارە راگەیاندنی جەنگ وا بوو. جارێکی تر حکوومەتی عێراق تا ئەوپەڕی توانا هێزی خۆی کۆکردەوەو هەموو ئامێرێکی جەنگی کە باوەڕی وابوو سەرکەوتنی یەکجاری پێ مسۆگەر دەکا، خستە مەیدانەوە، بەڵام ئامانجی خۆی بەدەست نەهێناو وڵات بەشەڕو کوشتار ماندوو بوو. لە پایزی داهاتوودا پیلانێکی سەربازی دژی ((موشیر عارف)) شکستی هێنا، لەم پیلانەدا براکەی خۆی رزگاری کرد. پاش ئەمە بۆ یەکەم جار کەسایەتییەکی شارستانی لیبڕال ((وەك دەیانگوت)) بە سەرۆکی حکوومەت دانرا کە (عەبدولرەحمان بەزاز)) بوو، بەڵام سوپاکەتاکە هێزی باڵا دەستە لە عێراق هەروەکو لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانی تریشدا هەروایە، پیاوانی خۆی لە ناوەندی دەستەڵاتەکانی خۆیاندا هێشتەوە بە تایبەتی ژەنەڕاڵ ((عەبدول عەزیز عەقیلی))[1] دوژمنی سەرسەختی کورد لە پۆستی وەزیری بەرگری دا مایەوە و راشیان سپارد پیلانێکی هێرش دژی کورد ئامادەبکا کە لە وێدا هێڵی یەکلایی کردنەوەی تێدابێ.

لە راستیدا بە درێژایی پایزی 1965 — 1966 ئاگر بەس لە ئارادا نەبوو، باری سیاسی عێراق گەیشتە پلەی تەقینەوە. جەنگی کورد زۆربەی داهاتی نەوتی هەڵ دەلووشی و دۆخی ئابووری زیاتر بەرەو خراپی دەچوو، هەروەها پێنج هەزار کەسی دیموکراسیخواز لە بەندیخانەکان و سەربازگەکاندا گیرابوون، بە تایبەتی لە زیندانی

(1) پاش ئەوەی باری حکوومەتی بەعس جێگیر بوو، ((عەبدول عەزیز عەقیلی)) گیراو بە تۆمەتی جاسووسی تاوانبارکرا، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر، بەجۆرێکی نهێنی دادگایی کراو حوکمی مردنی بەسەردا درا، بەڵام کەس زانیاری نییە ئایا ئەم حوکمە بە حەپسی هەتا هەتایی گۆڕا و هێشتا لە ژیانداماوەیان نا پاش ئەوەی حوکمدرا مەلا مستەفا بارزانی بەهەستی مرۆڤ دۆستی شەخسیی خۆی موداخەلەی کرد)) بۆ ئەوەی ژیانی رزگار بکا. پێ دەچێ ئەگەر دەستێوەردانی قاهیرە نەبوایە لە ساڵی 1966 نزیك بوو ببێتە سەرۆك کۆمار، وەکو دەڵێن ((عەقیلی) پاش گیرانەکەی بیروباوەڕی لەمەڕ شۆڕشی کوردستانەوە گۆڕابوو.

((نەقرەتول سەلمان))[1] کە کەوتۆتە ناوجەرگەی بیابانێکی دوورە دەستەوە، لەو سەرو وەختەدا بەغدا لە باری سەقامگیری لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا و لە ململانێی پرسە ناوخۆییەکاندا لە کەش و هەوایەکی دەردەداردا دەژیا. هاوکات ئەنگلۆسکسون هەولێکی گەورەیان دەدا ڕێکەوتنێکی تازەی نەوت مۆر بکەن کە لە توندوتیژی و گرانباری ئیجرائاتی ((قاسم)) کەم بکاتەوە. کە ماوەیەکی کەم پێش کوژرانی پیادەی کردبوون. هەروەها کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە عێراق لە کۆمەڵەی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە جیا بکەنەوە کە بەرژێمی شۆڕشگێر دەناسران، بەڵام مۆسکۆ بە وریاییەوە یاری دەکرد و بۆ ئەوەی لە بەرامبەر گوشارەکانی ئەوروپیدا هاوسەنگی بێنێتە دی لە ئاستێکی زۆر تەسکدا وەکو دلۆپە دەرمان! چەکی بۆ عێراق بەڕێ دەکرد. ئێرانیش هەلی خۆی قۆزتەوە و دووبارە کێشەی سنوورەکانی زیندوو کردەوە، ئەم کارە وەکو گرەو کردنێك بوو لەسەر جەنگی کورد کە بووە گرانبەهاترین ((کارت)) لە یارییەکی فێڵ بازانەی سەر گۆرەپانی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەمەدا بەغدا هیچ دوو دڵییەکی لەو ریسك بازییەدا نەکرد کە خەسڵەتێکی نێو دەوڵەتی بەسەر کێشەیەکدا ببڕێ کە تا ئەو دەمە ئەو پەڕی کۆششی دەخستەگەڕ لە چوار چێوەی پرسە ناوخۆییەکاندا قەتیسی بکات. لە هێرشێکی گەورەی راگەیاندن دا ئیسرائیل و ئێرانی تاوانبار کرد کە یارمەتی ((مەلا مستەفا بارزانی)) دەدەن، کە ئەو کاتە لەبەری ((پێنجوین)) بوو، و بارزانی یەك بەدوای یەکدا بانگەوازی ئاراستەی هەیئەتی نەتەوە

[1] یەکەم جار (نەقرەت سەلمان) قەڵایەکی سنووری بوو، لە ساڵی 1927 بە ئاگاداری و سەرپەرشتی کاپتن کلوپ (ابو حنیك یا کلۆپ پاشا کە پاشان سەرۆك ئەرکانی ئەردەن بوو) کە یەکێك بوو لە ئەفسەرانی سوپای داگیرکەری بەریتانی لە عێراق بنیات نرا، (نەقرەت سەلمان) دەکەوێتە شیوێکی نزمەوە لە بیاباندا (هەر بۆیە ناونراوە نەقرەت) جێگایەکی بەر بڵاو و بەرینە و لە نزیکترین خاڵی ئاوەدانییەوە دووسەد کیلۆمەتر دورە ئەویٚ لەکاتی خۆیدا بەر لە نەخشە کێشانی سنور بۆ شکاندنەوەی هێرشەکانی دەوارنشینەکان و وەهابییەکان سازکرابوو. لە کۆتایی سییەکاندا حکومەتی عێراقی بۆ گرتن و بەندکردنی نەیارانی سیاسی خۆی بەکاری دەهێنا بە تایبەتی شیوعییەکان، ژمارەی بەندییەکانی لە هەڵکشان و داکشان دابووە تا حکوومەتی بەعس لە ساڵی 1968 بەندیخانەکەی لێ هەڵگرت.



یەکگرتووەکان دەکرد کە موداخەلە بکەن. بەڵام بێ ئەنجام بوو. هەر لەو کاتەدا سەرەڕۆیی و بەرزە فڕی موشیر ((عارف)) پتر زیاد دەبوو، لە 4 کانوونی دووەمی ڕۆژی سوپادا[1] نووسی ((یاخیبووانی کورد لە ئارادا نەماون)). کاتێك بانگەوازی ((عەبدولناسر)) بۆ یەکێتی عەرەبی لە لایەن سعودیەو ئەردەنەوە بەرپەرچیدرایەوە، موشیر ((عارف)) دەست پێشکەری ناوبژیوانی قاهیرەی بۆ ((کۆتایی هێنان بە یاخیبوون)) قبووڵ کردو ((ناسر)) ((عارف))ی وادار کرد کە پرسی کورد وەك پرسێکی سیاسی سەیر بکا تا وەك پرسێکی سەربازی. لە گۆڕەپانی شەڕدا مەلا مستەفا بارزانی توانی هێرشێکی عێراق لە نزیك سنوورەکانی ئێران تێك بشکێنێ و دووبارە ((پێنجوین)) بگرێتەوە. سەرۆکی وەزیران ((بەزاز)) هەستا بە سەردانی موسڵ بۆ دووبارە بە هێزکردنەوەی ورەی روخاوی سوپاکەیان. دوای ئەوە بە ئاشکرایی دەستی بۆ کورد درێژ کردو داوای ((هاوکاری برایانە))ی لێ کردن و بەدەستەکەی تریش هەڕەشەی دەکرد بۆ هێرشی بەهار کە ژەنەڕاڵ ((عقیلی)) بەهەموو وردەکارییەکەوە نەخشەی بۆ دەکێشاو ئامادەسازی بۆ دەکرد. لە 10 ی ئازاردا ((عارف)) گەیشتە کەرکووك بۆ ئەوەی بۆ خۆی سەرۆکایەتی یەکەم کۆبوونەوەی ((ئەنجوومەنی باڵای بەرگری)) بکا کە هەموو فەرماندەکانی سوپا تیایدا بەشداربوون و پێنج کاتژمێری خایاند، لەوێدا هیچ کامێکیان ئارەزووی خۆی لە ((پاکتاو کردن و لە ناوبردنی شۆڕش)) نەشاردەوە.

پاشان گازی ژاراوییان بۆ راگرتنی جووڵانەوەی پێشمەرگەو بڵاوکردنەوەی پشێوی بەکارهێنا، بەڵام رەشەبا گازەکەی بردە ئەو دیو سنووری ئێرانەوە. ئەم رووداوە دیبلۆماسییە ((مەلا مستەفا بارزانی)) هان دا داوا لە خاچی سووری نێو دەوڵەتی بکا تۆژینەوە لەم کارە بکا، بەڵام بەغدا رەتی کردەوە. پاش ئەوە هەموو نیشانەکان

[1] هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا سوپای عێراق بەبۆنەی دامەزراندنییەوە ئاهەنگ دەگێرێ و نمایشی سەربازی بەرێوە دەباو لە لایەن گەورە ئەفسەرانی سوپاوە بەم بۆنەیەوە وتار دەخوێندرێتەوە و گوتار دەنووسرێتەوە.

ئاماژە یان بۆ نزیکبوونەوەی رۆژی ((ج))[1] دەکرد کە رۆژی دەست پێ کردنی هێرش بوو. موشیر ((عارف)) رێ شوێنی توندوتیژی دەرهەقی ئەو هاولاتییانە راگەیاند کە لە خزمەتی سەربازی دواکەوتوون، و حکوومەت کۆمەلێك بڕیاری ئامادەسازی سەربازی و داواکاری ((پۆلەکانی ئیحتیات)) ی دەرهێنا کە هەموو ئەوانەی دەگرتەوە کە تەمەنیان لە پەنجا سالْ کەمترەو خزمەتی سەربازیان نەکردووە. سەرۆکی دەولەت لە کاتی سەردانی بەرەی شەڕدا دانپیانانێکی سەرنجڕاکێشی لەمەڕ ((نەبوونی مەعنەویات و دیسپلینی سەربازی تەواو لە ناو سوپادا)) راگەیاند. ئەمە لە کاتێکدا چوار لەسەر پێنجی سوپاکەی چوار سالْ بوو شەڕی کوردی دەکرد. لە کاتی گەڕانەوەی سەرۆکی دەولەت بۆ بەغدا پالپشتی تەواو و گشتی لە لایەن ((جەلال تالەبانی)) و ئەو کادیرانەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لێکرا کە لەژێر سەرکردایەتی ((مەلا مستەفا بارزانی)) چوو بوونە دەرەوە. هەروەها دەنگۆیەکە وابوو کە ئەمانە دەیانویست دان و سەندنی ئاشتی لەگەلْ حکوومەتدا بکەن و دەستیان کرد بە هەولدانێکی گەورە بۆ هەلگیرانەوەی دانیشتوان لە دژی پێشمەرگە. هەروەها لەڕاگەیاندنی رەسمی باسی خۆبەدەستەوەدانی بە کۆمەلی پێشمەرگەی دەکرد. بەلام رادیۆی ((دەنگی کوردستان)) لەبەرنامەکانی خۆیدا بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویات هەلدەستا بە بلاوکردنەوەی دەنگوباسەکانی شەڕی پایز، و ئاماژەی بەو زەرەرو زیانە گەورەیە دەکرد کە لە باری مالی و روحییەوە لە سوپا دراوە. هەروەها ئاماژەی بە سەرکەوتنی پێشمەرگە دەکرد[2] لە شکاندنەوەی هێرشێکی یەکەکانی کوماندوز ((مەغاویر)) ی عێراق کە لە جەنگی شاخاویدا مەشقی تایبەتییان لە ئوسکوتلەندا پێ کرابوو. بەلام لە مانگی نیساندا رووداوێکی گەورە هاتە ناو مێژووی رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە.

---

([1]) لە زاراوەی سەربازیدا هایدانی ((ج)) مانای دانانی سوپا لەوپەڕی ئامادە باشیدا بۆ هێرش کردن.

([2]) وشەی پێشمەرگە لە زمانی عەرەبیدا ((الفدائی)) دەگرێتەوە کەلە دوو وشەی کوردی پێکهاتووە کە دەقی وەرگێرانی وشەکە مانای ((ئامادە بۆ مردن)) دەگرێتەوە.



لە عێراق بە دەگمەن وایە سەرۆکەکانی دەولەت بە مردنی سروشتی بمرن! موشیر ((عارف)) لەم رێسایە دەرنەچوو. دەمەو عەسری رێککەوتی 13 ی نیسان فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکەی ((عارف)) لە نزیك گوندی ((نشوە)) لە پارێزگای بەسرە کە لەوێ هەردوو رووباری دیجلەو فورات)) تێکەلْ دەبن. کەوتە خوارەوەو سووتا. لەم رووداوەدا هەندێك کەسایەتی تریش کە لەناو فڕۆکەکەدابوون کوژران لەوانە (عبداللطیف الدراجی) و وەزیری پیشەسازی ((مصگفی عبداللە)). ئەم رووداوە بە شێوەیەکی رەسمی وا راگەیاندرا کە بەهۆی هەلکردنی گەردەلوولی لمی بیابانەوە روویداوە، و هەلیکۆپتەرەکانی تر کە لەگەلیدا بوون بە جۆرێکی سەیر رزگاریان بووە. رۆژنامەکانی ئێران باسیان لەوە کرد کە کودەتایەکی نهێنی نەخشەبۆکێشرا و لە ئارادابووە. رادیۆی ((دەنگی کوردستان)) ئاماژەی بەم کارە کرد کە ئەم کارە تێکدەرییە دەستەیەك پێشمەرگەی کۆماندۆ ئەنجامیان داوە. هەروەها بروسکەکانی ئاژانسەکانی دەنگوباس درکاندنێکیان بلاودەکردەوە کە گوایا ((مەلا مستەفا بارزانی)) بەر پرسیارێتی خۆی لەم رووداوە نەشاردۆتەوە. کاتێك هەلم بۆ رەخسا دەربارەی ئەم رووداوە پرسیارم لە خۆی کرد، ئەم درۆ و دەلەسەیەی ریسوا کردو گوتی: ((**موتلەقەن دەستم لە مردنی ((عارف)) دانییە بە مردنیشی غەمبار نیم ئەو هەموو کاتێ بەرامبەر ئێمە زۆر دلڕەق بووە. تەنانەت گازی ژاراوی دژی ئێمە بەکارهێنا. وەختێك دەستەلاتی گرتە دەست سوێندی خواردبوو لە زەرفی هەفتەیەکدا لە ناومان بەرێ. تەنانەت سلێ لەوە نەکردەوە بۆ نکۆلی کردن لە دادپەروەری دۆزەکەمان درۆیەکی ئاوا گەورە بکا کە کورد عەرەبن و بەس، کە بەم درۆیە جیهانی هێنایە پێکەنین تەنانەت شوێن کەوتووەکانی خۆشی. من هەرگیز شتێکی وام بە رۆژنامەکان نەگوتووە کە بم خاتە جێگایەکەوە بەرپرسیارێتییەکم لە مردنی ((عارف))دا هەبێ. بەلام چونکە هەلومەرجی رووداوەکە نا ئاوێزو نامەعقول دێتە بەرچاو، یەکسەر عێراقییەکان بەپێی قسەی باویان کە دەلێ ((دەستی کوردی تێدایە)) هەموو خەلك حوکمی سەیرو سەمەرەیان لە هەمبەرر رووداوەکە کە بارێکی تەم و مژاوی بەسەردا**

**هەبوو، دەگوت، و شیکردنەوەی نامەعقولیان لێ هەڵ دەهێنجا، یەکێك لەوانە دەیانگوت کە گوایا من بە شدارییەکم تێدا هەیە. لێرە هەموو شتێك دەگونجێ و دەشێ، ناخی ئەم رژێمەی ئێستا، حوکمی سەیرو نا ئاوێز لەگەڵ خۆیدا دێنێ و دەبا.**

مردنی سەرۆکی دەوڵەتی عێراقی دەنگۆی جۆربەجۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێناو دەبرد. براکەی کە لەو کاتەدا لە مۆسکۆ بوو ((لەوێ سەرقاڵی دان و سەندنی رێکەوتنێکی چەك بوو)) بە خێرایی گەڕایەوە بەغدا بۆ ئەوەی جڵەوی سوپا بگرێتەوە دەست خۆی، بەڵام ((عەبدولناسر)) کە بە ژێرکەوتنی ((بن بیلا)) ئاخرین هاورێی خۆی لە دەستدا بوو. یارمەتیدەری دەستە راستی خۆی ((موشیر عەبدول حەکیم عامر)) ی نارده بەغدا و فەرمانەکانیشی هێشتنەوەی بارودۆخی ئێستای عێراق وەکو خۆی بوون، و توانی ((ژەنەراڵ عارف)) وەکو سەرۆکی دەوڵەت بسەپێنێ هەرچەندە ژەنەراڵ عقیلی بۆ پاڵاوتنی پەسەندتر بوو. سەرۆك کۆماری نوێ بەپەلە رایگەیاند ((پێویستە دۆزی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارەسەر بکرێ. کە بەکارهێنانی زمان و دابی ئەوان دەستەبەر بکا و پارێزگاریی لە نەریتەکانی ئەوان بکا. ئەمڕۆ کورد برای ئێمەن و ئەوان بۆ یەکپارچەیی نیشتمانی عێراق زۆر دڵسۆزن. جگە لە بارزانی کە تاکەکەسی جیابوونەوە خوازە))

((مەلا مستەفا بارزانی)) لە ماوەی ئەم مانگەدا هیچ جار ئاگربەسی رانەگەیاند ((ئەمەش لە دووربینی خۆیەوە بوو)) تا ژەنەراڵ ((عقیلی)) لابراو لە جێگای ئەودا ((شاکر محموود شکری)) باڵوێزی پێشووی عێراق کرا بە وەزیری بەرگری. بە شێوەیەکی ((زمنی)) روون بۆوە کە بەغدا هێرشی بەهاری دوا خستووە. هەندێك لە گیراوەکانی ئازاد کردوو و بڕیارەکانی نیشتەجێکردنی زۆرەملێی کە بەسەر هەندێك لە کەسایەتییەکانی کوردا سەپێنرابوون، هەڵوەشاندەوە. هەروەها دەستەڵاتی ئەوەشی پێدان کە بچنە ناو دانوسەندنی ئامادەکارییەوە. پاشان ژەنەراڵ عارف کتوپڕو لە ناکاو نکوڵی لە لێدوانەکەی پێشووی خۆی کرد و سەروبن هەڵیگێرایەوە و لە 28 نیسان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا گوتی: لێرەدا مەبەس ئەوە نییە ئۆتۆنۆمی بدرێ بە کورد بەڵکو ژمارەیەك کەسایەتی کورد هەن کە حکوومەت گومانی لە



دڵسۆزییاندا نییە، خەریکی ئەوەن پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانەوە دەکەن لە باکوور بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەن چەکەکانیان فڕێ بدەن. حکوومەت ((موتڵەقەن)) کاری بەسەر ئەم پەیوەندییانەوە نییە چونکە حکوومەت هەرگیز بیر لە دان و سەندن ناکاتەوە. وە ئۆتۆنۆمی بەخشین بۆ کورد لە ئارادا نییە، بەڵام حکوومەت ئامادەیە هەروەکو هاونیشتمانییەکانی تر ژیانێکی سەر بڵندانە و ئارامیان بۆ زامن بکا)). لە رۆژی پاشتردا رۆژنامەکانی بەغدا چەند هەواڵێکی گرنگیان دەربارەی کۆتایی هاتنی یاخیبوون بڵاوکردەوە و ئەمەش ئاماژەی بۆ سزادانێکی رووپۆش کراو دەکرد! کە ئەویش هێرشی بەهاری رابردوو بوو کە رۆژی 15 ی نیسانی دیاری کردبوو، بەڵام بەهۆی مردنی ((موشیر عارف)) ەوە دواخرابوو.

لە یەکەم رۆژی ئایار شەڕ لە بنکەی رەواندزەوە لە قۆڵێکی بەرەوە کە هەر بەنەریتی باو لە زستاناندا ئارامی باڵی بەسەر دا کێشاوە، شەڕ دەستی پێکرد، ئەوێ رێگایەکە کە فەڕەنسییەکان کاتێك لە بەغداوە دێن بۆ یاری پێ خلیسکەی سەر بەفرو بەستەڵۆك بەرەو ((حاجی هۆمەران)) بەوێ دا دەردەچن، حاجی هۆمەران ئامانجی کۆتایی هێرشەکانی حکوومەتە. لەوێ لە کاتی ئاگر بەسدا کە ((مەلا مستەفا بارزانی)) رایگەیاند بوو، و حکوومەت بە جۆرێکی ناراستەوخۆ بەوەی کە دواخستننی پیادە کردنی پلانی هێرشەکەی راگەیاند بوو، قبووڵی کردبوو، لەو دەم و ساتەدا یەکەم ((گورز)) یان لە کورد وەشاند. هەرچەندە بەلای ئەوانەوە کارێکی لە ناکاو نەبوو. مەکتەبی تەنفیزی شۆڕشی کورد رۆژێك راستی ئەم پەیوەندییانەی کە لە نێوان ئەوان و شاندەکەدا بەرێوە چووە لە کۆتایی نیساندا سەلماندو پاشان گوتیان:

- لەوانەیە لە سەرەتادا ((عارف)) دڵسۆز بووبێت. بەڵام پاشان لە ژێر فشاری سوپادا رای خۆی گۆریبێ. سوپا سوورە لەسەر ((جەنگی خۆی))! پاش ئەو هەموو شکستەی تووشی بووە رق و تۆڵە سەندنەوە لەناو دڵی سوپادا گەشەی کردووە. بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤی سەربازی حەز ناکا لە سەرکەوتندا کەس کێ بەرکێی لەگەڵدا بکا. بەهەر حاڵ ((عارف)) هەروەکو ئەوانەی پێش خۆی: ((قاسم)) و براکەی خۆشی لە کاتی دەستەڵات گرتنەدەستدا، هەوڵیان دەدا بۆ بەهێز کردنی

دەستەلاّتی خۆیان سوود لە وەخت وەربگرن، بەوادەو بەڵێن دەیانویست بمانخافڵێنن و پاشان خافڵگیرمان بکەن، بەلاّم ئێمە هەمیشە وریایی و ئاگاداری خۆمان بەرنادەین. لەوانەشە جاروبار لەوبێ متمانەییە خەڵك سەرسامی بیانگرێ. بەلاّم چۆن بتوانین متمانەی خۆمان هەرچەندە بۆ کارێکی سادەش بێ بەو جۆرە خەڵکە بدەین کە لە سەنگینییەوە دوورن؟ ئەوانە ناکۆکی و رکابەریی یەکتری هێزو پرزەی لێ بریون و تەنیا یەك شت کۆی کردوونەتەوە کە فێل کردن و گزی کردنە لە ئێمە... لەبەر ئەوە لەوە باشتر نییە ئەم پەندە بکەینە رێساو سەرەتایەك بۆ خۆمان:

((**شێری پیس دوو جار شەڕ دەکا**)). **مانای وایە دۆڕاو رەفزی ئەوە دەکا هەرگیز دان بە شکستی خۆیدا بنێ.**

# بەشی چـوارەم

## ((وا خەریکە دەمرێ....!!))

# وا خەریکە دەمرێ

**((هەتا تو جەهەنەمی نەبینی جەنەت بەتو خۆش نابی))**

((پەندی کوردی))

لەژێر فشاری تەقینەوەی رۆکیت و بۆمباکاندا چیاکە دەلەرزییەوە. پیاوێکی لادێی لەگەڵ ژنەکەی لە ناو دالآنی ئەشکەوتێکدا بۆ حەشارگەیەك دەگەڕان. ترس و لەرزی هەڵوێستەکە لە پەل و پۆی خستبوون و جووڵانەوەیان بۆ نەدەکرا. جل و بەرگی پیاوەکە: هێندەی پینە پێوە بوو کە ئەستەم بوو بتوانی رەنگی ئەسڵی جلەکانی لەگەڵ پینەکانی لە یەکتری جیا بکەیتەوە. ژنەکەشی: جلێکی لەبەر بوو ئەوەندە شۆڕابوو شڕو وڕ بوو بوو. ئەوانە تاڵی و سوێری رۆژگار چرچاویانی بە ماندوێتی و زەحمەتکێشان شەقار شەقار کردبوو، زەحمەت بوو مرۆڤ بتوانێ تەمەنیان دیاری بکا. پیاوە لادێییەکە ئەم ماوە بێدەنگییەی بەهەل زانی و بە خۆ خشاندن بۆ ژێر ئەو دارمێوە کێوییانەی کە پێش دەمی ئەو بەنداوە بچووکەی سەر کانیاوەکەوەی رازاندبۆوە، بەرەو خوارێ شۆڕ بۆوە. ئاوی کانییەکە بەرەو کێڵگەیەکی خوارەوە دەچوو، لەوێ چرۆی پاقلە بە جۆرێکی هەروەکو چۆن ئەستێرە لە بەشێکی ئاسمان دا بەلاو بوونەتەوە ئاوا بلاوبوو بوونەوە. لە دابەشکردنی خۆبەخۆی مۆسیقای جەنگ هەمیشە جێگای دیمەنێکی هارمۆنی لە دیمەنەکانی ژیان هەیە. ((شەفیق ئاغا)) و ((شێر)) لەکاتی (دیاری کراوی) نان خواردن دا گەڕانەوە. لە جێگایەك کە دوکەڵی ئاگرەکەی بەباشی حەشاردا بوو. پێشمەرگەکان پیاز، برنج، شلەی تیژی گۆشتی بەرخ، پەنیر و ماستاو یان ئامادەکردبوو. لەو ساتەدا فڕۆکەکان بە ئاسمانەوە نەبوون، هەر ئەو ساتە لە هەر دوو بنکەی ئاسمانی کەرکووك و موسڵ کاتی نان خواردنی ژەمی ئێوارە بوو. تەنیا تۆپەکان نەبێ کە بەسەر کێشییەوە لە تۆپ بارانی خۆیان بەردەوام بوون. لەو دەمەدا کە پێشمەرگەکان چایان پێشکەش دەکرد، ژنە لادێیەکە ورەی هاتە



بەرو هەستا سەبەتەیەکی دارین کە هەنجیری وشککراوەی تێدابوو بۆهێنایین و لە قولآیی سنگییەوە بەدەم گوتنی ئەم گوزارەی پاڕانەوەیە ئاهێکی هەڵکێشا، ئەم گوزارەیە کە دەبوو چەندەها جار دووبارە گوێم لێ بێتەوە:

- دەبێ هەموو شتێك بە بێگانەکان بگوترێ. هەستی گۆشەگیری و فەرامۆش کردن بەدەوری هەموو تاکێکی گەلی کوردەوەیە و دڵیان دەگوشێ. ئەوانە لە دەروونی ساویلکەی خۆیانەوە، کە لە هەموو جۆرە میکاڤێللییەتێکی سیاسیی بەدەرە و باری ژیانی ئێستایان لە هەموو ئەو مەینەتییەی کە دەی چێژن بۆ پێ نەزانیی جیهان دەگێڕنەوە، لە هەمانکاتدا توانای ئەوان لە چاوپۆشی و لێبووردندا شتێکە کە مرۆڤ لێی حاڵی نابێ. پێشمەرگە لەوە رانەدەوەستان پیاڵەی بەتاڵ لابەن و پیاڵە چای قورس بێنن. ئەوان بەشێك چای قورس دەکەنە پیاڵەوە و دوو بەش ئاوی گەرمی تێ دەکەن. دابیش وایە تا سێ پیاڵە چا رەت ناکرێتەوە.

لێرە گوێچکەی مرۆڤ بەتەقینەوەی بۆمبا رادێ و ئیتر مرۆڤ گرنگی پێ نادا، هەروەها بۆ بینینی فڕۆکەکانیش چاو بە ئاسمانەوە ناگێرێ. بێگومان راهاتن لەسەر رووداوەکانی جەنگ و خووگرتن بە مەترسییەکانەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازایەتی. ئێستا بەبەرچاوی منەوە لەناو ئەو لێرەوارە چڕو پڕەو لە ناو ئەو دارمێوە کێوییانەدا کە لق و پۆپی سەوز بەتەواوی دای پۆشیون، سەربازان دەبینم لە ژێر درەختەکاندا پاڵ کەوتوون و خەویان لێ کەوتووە. لە گۆشەیەکی ئەو لای گۆڕاییەکدا منالآن یاری دەکەن و وەکو بۆق لەناو خۆیاندا هەڵبەزو دابەزیان بوو. لە ناکاو دەنگی تەقینەوەی رۆکیت کە لە دیوێکی شیوەکەدا هات دنیای کاس کرد، ((شێر)) بەدوای ئەمەدا گوتی: عەرەبەکان پردی ((چۆمان)) بۆردومان دەکەن. ((شەفیق ئاغا)) ش بەو دەنگە ئارامەیەوە گوتی:

- کە وابێ ئومێدیان بەسەرکەوتن نەماوە. ئەوان ئێستا ئەو رێگایە بۆردومان دەکەن کە لە پێشدا بەتەمای ئەوە بوون سوودی لێ وەربگرن و تا ئەمرۆ دەستیان لێ دەپاراست.

تۆپە دژە ئاسمانییەکە بە تووڕەبوونێکی سەر شـێتانەوە تۆپـەکانی خـۆی بـە فڕۆکەی ((هاوکر هنتر))ەوە دەنا. فڕۆکەکە بەرەو بنی شیوەکە دادەهاتە خـوارەوە پاشان بە شێوەیەکی ستونی وەکو کەو بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە. ((شـێر)) رادیـو ترانزیستۆرەکەی کردەوە بەبێ دەنگییەکی تەواو گوێمان راگرتبوو. زیکـە زیـك و سـیرە سـیرێ رادیۆکـە ئـازاری دەدایـن، بـەڵام... ئـەوە بانگـەوازی، ((دەنگـی کوردستان)) بوو کە بە نوزە نوزێکەوە بەهۆی راوەستانی لـەناکاوی رادیۆکـە (بـە هۆی بۆردومانی ئاسمانییەوە داوای لێبووردنی دەکرد. بە دووی ئەمەدا ((شـەفیق ئاغا)) بە گاڵتە پێ کردنەوە شانی هەڵتە کاندو گوتی:

- ئەمە رێگای ئەوە لە بەغدا نـاگرێ لافـی ئـەوە لێ بـدا کـە رادیۆکـەمان لـە دەرەوەی خاکی عێراقە.

(شەفیق ئاغا) جگەرەیەکی لە توتنی کـوردی پێـچاییەوە و پاشـان خـستییە سەر سەبیلێکی درێژ کە لە دار دروست کرابوو، دەوری سەبیلەکە گرێ گرێ بـوو، ئەوە شوێنی برینی لقەکانی بوو. ئەڵقەیەکی مس بـە دەوری دەمەکەیـەوە هـەڵ کێشرابوو وەك کە دەهاتە بەر چـاو. ((شـەفیق ئاغـا)) مـژێکی لـە دار جگـەرە رەقەکەی داو دوکەڵ وەکو هەڵم بە ئاسماندا چوو. ئەو منی بە گەشتێکی فیکـری خێرا لە بارەی ئاسۆی گەلی کورد برد. ئەو گوتی: ژمارەی کورد بە دوازدە ملیۆن دەخەملێنێ. نیوەیان لە تورکیا دەژین چوار ملیۆن لە ئێران و دوو ملیـۆن و نیـو لەعیراق کە نزیکەی سێیەکی دانیشتوان دەبن، هـەروەها نیـو ملیـۆن کـورد لـە سووریا دەژین کە زۆربەیان لەدەست مامڵەی سەر سەختانەی حکوومەتی بەغداو ئەنقەرە پەرت و بڵاوبوونەتە ئەوێ. جا چ بۆ سـەر زەوی بـاب و بـاپیرانی خۆیـان بێت یا بۆ دیمەشق و حەلەب. ئەوان لە ژێر سایەی ((ئینتـدابی)) فەرەنـسی و لـە یەکەمین سەردەمی سەربەخۆیی سووریا لەژێر باری چەوسانەوەو جیـاوازی نـەژاد پەرستیدا نەبوون. بەڵام ئەم حاڵەتە وردە وردە بەرەو خراپ بوون تێکچووە.

لە ساڵی 1962 دیمەشق کەوتە بنیاتنانی سیاسەتی بەعەرەب کردنـی ناوچـە کوردییەکان. ئەم سیاسەتەشی لە رێگای بەرەڵاکردنی جلەو بـۆ دەوارنـشینەکانی



عەرەب بوو بۆ کارو بۆ کردەوەی تاڵان و برۆ لەسەر سـنوورەکان. پـاش راگەیانـدنی یەکێتی نێوان سـووریاو میـسر لـە سـاڵی 1962، سـووریا کەوتـە سـەر بـاری بەرێوەبردنی سیاسەتێکی نەخشە بۆ دانراوی رێکو پێـك بـۆ تـیرۆر و جیـاوازی و نەژادپەرستی، و جووڵانەوەی کوردیشی بە ((ئیـسرائیلی دووەم)) وەسـف کـرد. و چەند یەکەیەکی سەربازیشی لە سوپای خۆی نارد تا شان بەشانی سوپای عێراقی بەشداری لە جەنگی کورددا بکـەن. کوردەکـانی سـووریا کەوتنـە بـەر شـاڵاوی گرتن[1] و ئازاردان و چەوساندنەوەو وکوشـتن. لـە یـەکێتی سـۆڤێتیدا کـە لـەوێ ژمارەی کورد لە سەد هەزار کـەس پـتر نییـە، بەدرێـژایی پـشتێنەیەکی تەسـك بەسەر سـنوورەکاندا بڵاوبۆنەتـەوە ئـەوان بەیـەك چـاو لەگـەڵ هاوڵاتیـانی تـری سـۆڤێتی بەیەکـسانی سـەیر دەکـرێن. کـورد بـە کـردەوە لەگـەڵ کۆمـەڵگای دانیشتوانی ئەوێ تێکەڵ بوون و چوونەتە ناویانەوە. بەڵام ئەوان بـە پێداگرییـەوە زمـان و دابـەکانی خۆیـان پاراسـتووە. ئەمانـە هـەمووی لەگـەڵ ئـەو شـێوازە سیاسـییەدا یـەك دەگرێتـەوە کـە حکوومـەتی سـۆڤیتی بەرامبـەر کەمینـە نەتەوایەتییەکان پەیرەوی دەکا. حکوومەتی سۆڤێتی لـە سـاڵی 1963 دا لـەناو کومیسۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لـە دۆزی کـورد کـرد. بـەڵام لەبـەر تیشکی ئاڵ و گۆرە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراسـت جـارێکی تـر بەپەلـە هەڵوێستی خۆی گۆری. لەبەر ئـەم هۆیەشـە ئێـستا بـە ئاسمـانی کوردسـتانەوە ژمارەیەکی زۆر لە فڕۆکەکانی ((ئەلیۆشن)) و ((میك)) دەبینی. بەڵام لە ئێران لە پای چەند هۆکارێکی تاکتیکی، بۆ پاراستنی سەقامگیری نـاوخۆیی، کەمینـەی کورد لەوێ لە جۆرێك چاودێری کردن بەهرەمەندە. لە هەقیقەتدا کەمینەی کـورد لە یەکسانی تەواوی مافەکان بەهرەمەند نییە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ماوەیـەکی

(1) لەریزی گیراوەکاندا نووسەری ناسراو ((نورەالدین زازا)) بوو کە ئەمرۆ لـە بـەیروت دەژی و پاشـان لە ژێر فشارێکی دیبلۆماسی هەردوو حکوومەتی بەغداو سـووریا حکوومـەتی لوبنـان بڕیـاری دوورخستنەوەیدا (ڕ. موریس). ((دکتور نورەدین زازا)) ئێستا لە سویسرا دەژی و بەپێی توانـای خۆی وەکو هاوڵاتیەکی دڵسۆز بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ ((ج- فەتحوڵڵا)).

دریـژە پێـی راهـاتووە قەناعـەتی کـردووەو پـێ ی رازی بـووە. بـەڵام دەربـارەی ((تورکەکانی چیا))[1] کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون و هەروەکو پەنابـەری نـاو سەربازگەکان پاسەوانییان بەدەوردا دەکرێ، پاش ئەوەی کە جۆرەها شێوە مەینـەتی و نەگبەتی یان چێشتووە، ئێستا تورکیا بەو پەڕی کۆشـشی خۆیـەوە، لەکاردایـە بیـان خاتە ناو کونجی فەرامۆشـییەوەو سـەر قـاپێکی مەحکـەم بخاتـە سـەریان. تەنانـەت رێکەوتنی بەغدا ئەنقەرە بە شێوەیەکی سەرەکی لە دژی ئەوان دارێژرابوو.

شێر بە شانازی و گەورەییەوە گوتی:

- بەڵام ئـەو برایانـەی ئێمـە چـاوی هیوایـان لـە ئێمـە بڕیـوە. ئـەوان دوعـای سەرکەوتنمان بۆ دەکەن.

((عیسمەت شەریف وانلی) کە ((مەلا مستەفا بارزانی)) ناردبوویـە ئـەوروپا بێ راوەستان دەیگوت: پارچە پارچە کردنـی کوردسـتان لـە ئـەنجامی زاڵبـوونی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هات و دەمارپەرسـتی نەتەوەیی عەرەبەکانیش هەڵسا بە تەواوکردنی پاشماوەکەی تری)).

کاتژمێر شەشی ئێوارە پێشمەرگە بە کۆمەڵی بچووك بـچووك و بـەوریایی و هێمنییەوە دەستیان کرد بەشۆڕبوونەوە بەرەو ((گەلاڵە)). خۆر کە بەرەو ئاوا بوون لار دەبۆوە، دەچـووە نـاو قـوولایی ژوورەوەی ئەشـکەوتەکە لـەوێ عـەمبارێکی تەقەمەنی و ئازوقەی جەنگیی بـۆ ئاشـکرا دەکـردم کـە مەودایـەکی بـەرینیان داگیرکردبوو. پیاوە لادێییەکە ئەسپ و گامێش و بەرخـەکانی بـەرەڵاکردن، ئـەم ئاژەڵانە هاروژابوون و هـەر کامێکیـان بـای بـاڵی خـۆی لـەو مـاوە پـشوودانە خەیاڵییە خەوناوییەدا دەدا! لە پەرژینی زەوییەك نزیك بووینەوە ئاوەنیا کرابـوو.

---

([1]) لە تورکیا کورد بە ((تورکی چیا)) ناودەبرێ. لە بنەڕەتـدا ئـەم ناولێنانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ مستەفا کەمال ئاتاتورك و عیسمەت ئینونو. کاتێك لە کۆمەڵی گەلاندا بارودۆخی کـورد قسەی لێ کرا وشەی ((کورد))ی رەتکردەوەو لە وەڵامدا گوتی: لای ئێمە کورد نییە بەڵکو تورکی چیا هەیە، واپێ دەچێ ئەم وەڵامدانەوەیەی عیسمەت لەوە هاتبێ کە ترساوە لەوەی ئاشکرا ببێ کە رەچەڵەکی خۆشی کوردەو، ئەو هەمیشە سـوور بـوو لەسـەر شـاردنەوەی، هەروەکو پەڵەی شەرم بێ پێیەوە.



بەوێدا راڕەوێکی جوان هەبوو بە گوڵی کێوی رازابۆوە، گومانی نەبوو ئـەوێ جـێ پێی چەندین نەوە لە دڵداران و ئەوین داران بووە. هێشتا نەگەیـشتبووینە یەکـەم ماڵی شارۆکەکە فڕۆکەیـەکی ((میـك)) هـات و دەیویـست بـە ئـاگری چـزووی پێمانەوە بدات. بەڵام دیار بوو لە وادەی گەڕانەوەی خۆی دواکەوتبوو، بەئازایەتی و ترسی زەردەواڵەیەك دەستیکرد بە خـول خـواردن بەسـەر گەلاڵـەوە تۆپـە دژی ئاسمانییەکە بەرەو رووی بۆوە لێی هاتە دەست و ناچاری کرد رێرەوی بگۆڕێ و بە نارێکی بەو ئاسمانەدا بێت و بچێت، لـە دواییـدا وازی هێنـاو ریزێـك شەسـتیری کوێرانە کە هەقی ئەو ماندووبوونـەی بـوو کـە کێـشابووی، تەقانـدو گەڕایـەوە. جارێکی تر ((گوڵێ)) کانییەکەی داگیر کردبوو. ئەو بە خۆی و گۆزەکەیەوە بەپێی دابێکـی ((دنیـایی)) بـە ئـەرکی سەرشـانی خـۆی هەڵدەسـتا. لەگـەڵ هـەر جووڵانەوەیەك لە جووڵانەوە هاوسەنگەکانی ئاوێکی روون دڵۆپ دڵۆپ بەنەرمی و شێنەییەوە دەکەوتە سەر چەوەکە.

**بەلای منەوە کۆمەڵێك مانای پڕ لە بەڵگە هەبوو کە پرسی کورد یەکێکە لە پرسە گەورەکانی بواری هێنانەدی هاوسەنگی هێزەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاش ئەویش لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا. بەکەمێك حەپەسانەوە درکم بەوەکرد کە من هاتوومەتە ناو دەرگای جەنگێکەوە لەدەرەوەی سنووری زەمەن دایە کە تییایدا فڕۆکەی نوێ بابەت بۆمبا دەگرنە دۆلکە کۆنی ئاو.** ((گوڵێ)) لەو بولێڵی ئێوارەیە نموونەی ژنانی عەشیرەتەکەی بوو. بەسەر ئەو رێگا سەخت و تەنگەدا کە تەمەنی دیار نییە، گۆزەکەی (گوڵێ) کە لە دەمەکەیدا دلۆپە ئاوی پێدا دەهاتـە خوار، وەکو دانە مرواری بەسەریدا دەڕژانە خوارو ئەو رۆیشتنە نـەرم و سـووکەی جوان دەکرد. ((شێر)) لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- جیهان بەشێنەیی و بەئەسپایی دروست بووە نەك بەتینوتاوو زەبروزەنگ.

پێنج کاتژمێر تێپەڕی، من بەسەر ئەسپەکەمەوەم و ئەو هەروا بەرەو قـولایی چیاکان دەڕواو شـیو و دۆڵ دەبـڕێ و لـە ئـاوی ((زومرەدینـی)) نـاو بەسـتەکان دەپەڕییەوە کە جارو بـاریش لـەوێ رادەوەسـتاین بـۆ ئـەوەی تینـوێتی خۆمـان

بشکێنین... ئەسپەکە، ئەسپێکی قاپ رەش، سەرێکی بەرزو گەورەو ریشاڵی یاڵی درێژو کلکی قیت بوو ئەم جۆرە رەسەنێکی زاگروسی دێرین و زیرەکە چوار پەلی پتەو، و سمی قایم کە ناترازێ و خلیسك نابا، ئەو رەسەنێکە کە بەهەڵە بە رەسەنی عەرەبی ناوبراوە. جڵەوم بۆ شل کردبوو بەئارەزووی خۆی دەڕۆیشت، تەنیا لەو جێگایانە کە زەوییەکەی گۆڕایی بوو دەکەوتە نەرمە غار جڵەویم رادەکێشا. متمانەم پێ کردبوو، غەریزەی ئەو هەڵەی نەدەکردو لە رادار باشتربوو، وا من خەریکم مەشق دەکەم. یەکەم دەرس کە درکم کرد ئەوەبوو کە کوردستان لە رۆژگاری زۆر زوودا! نیشتمانی سەنتور بووە[1]. رێگای خۆمان گرتۆتە بەر، ئەو رێگایە یەکجار بە پێچ و پەناو یەکجار شاخاوی بوو، دەمانویست بگەینە شەڕگە بەر لەوەی شەومان لێ دابێت. دیمەنێکی جووتەوانە بوو: بەردو درەختی سەوز و بەنرخی بەڕوو لە هەموو جێگایەکدا دەبینرێت کە حەلوای گەزۆ [2] و مازوو دروست دەکا [3]. مرۆڤی کورد سترانبێژی تروبادوری [4] یەو زۆر جار لەشیعرەکانیدا گۆرانی بەسەر درەخت دا دەڵێ، ئەو، سەرەڕای سوودەکانی تری، پەناو داڵدەی خۆشی تێدا دەبینێ.

بەماوەیەکی کەم بەر لەوەی بەرە بەیان دابێ دوو کاروان لێشاوی بەشەریمان بینی، هەروەکو کۆچی یەهود لە وڵاتی میسر دەهاتە بەرچاو کە دەهاتن و بەلای یەکا تێ دەپەڕین. رەوەو مێگەلی ماڵات بە هۆی شەڕەکانەوە هەڵدەهاتن و لەو گوندانەش کە نزیکی بەرەی شەڕ بوون. بەرەو دۆڵ و شیوە حەستەم و نەدیوەکان کە لە هەڵمەتی ئاسمانی پەنایە و قایمە دوور دەکەوتنەوە. پیاوان و منداڵان بەسەر

---

([1]) زیندەوەرێکی خەرافیاتی یۆنانییەکانە، نیوەی مرۆڤەو نیوەی ئەسپە.

([2]) شیلەیەکی شەکراوییە ((کە زیندەوەری گەزۆ)) بەسەر گەڵاکانی داربەڕوودا دەی رێژێ، ئەو شیلەیە کۆ دەکرێتەوە خۆشترین حەلوای لێ دروست دەکرێ بەکوردی پێی دەڵێن ((گەزۆ))

([3]) ((مازوو)) بۆ پێستە خۆش کردن بەکاردێ.

([4]) توێژێك سترانبێژی سوارەی گەرۆك بوون لە چەرخەکانی ناوەڕاست لە چەرخی (10-13) لە فەڕەنساو ئیسپانیاو هەندێ وڵاتانی ئەوروپادا زۆر ئەفسانەیان لێ دەگێڕانەوە.



پشتی هەسپ و هێسترو گوێ درێژەوە، شانیان بەشانییەکەوە لەیەکتری تێ دەپەڕین. ئافرەتان لەژێر بارەکانیاندا چەمابوونەوە بێشکەی لادێییان کە بەسادەیی دروست کرابوون، بەپشتی خۆیانەوە بەستبوو، یاخود منداڵەکانیان دەلاواندەوەو کۆمەڵێك مریشکی زارەترەك بوویان، کە پێکەوە بەسترابوون هەڵگرتبوو، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی کە ئافرەتەکە هەڵی دەهێنایەوە باڵەکانیان پێك دا دەدا. یان بەرخی تازەزاوی شەوی رابردوویان بەسەر شانیانەوە هەڵگرتبوو! پیاوەکان بەهەموو سەنگین و جیدییەوە، بەچاوی کراوەو تفەنگی ئامادەوە سەرپەرشتی بەرێگادا هەڵگەڕانی ئەو کاروانە خەماوییەیان دەکرد. هەروەها کوڕەکان و مێر منداڵەکان فیکەیان بۆ مەڕەکان دەکێشا. لە کۆکردنەوەی مەڕەکان یارمەتی سەگەکانیان دەدا. میگەلی ماڵات بە غەریزەی خۆیان دوای مرۆڤ دەکەوتن و بەشوێن پێی ئەودا دەچوون و وایان هەست دەکرد کە نزیکبوونەوە لە مرۆڤ گەورەترین پەناگەی سەلامەتی یە بۆ ئەوان. ئەو دەنگدانەوەیەی کە لە تەقینەوەی تۆپ و بۆمباکانەوە هەڵدەستا لە دەنگی ئەسڵی بەرزتربوو. وەختێك فڕۆکەکان لێمانەوە نزیك دەبوونەوەو بەسەر ئاسمانی ئێمەدا دەهاتن ئەسپەکەم لە خۆیەوە رادەوەستا تا خۆی بەبەردێکەوە بنووسێنێ یا دەگەڕا لە ژێر دارێك پەنایەك بدۆزرێتەوە، سێبەری مەرگ رەنگدانەوەیەکی ((غەریزی)) لە زەرفی چاوتروکانێکدا دەخاتە ناو هەستەکانی ئاژەڵەوە، مەڕەکان بەسەریەکەوە مۆڵ دەبن و لەپەنای بەردە بەرزەکان یان دارو گژو گیای چڕو پڕدا خۆیان مات دەکەن، یا لە پەنا پێچەکان و درزەکاندا خۆیان دەشارنەوە، سەگەکان لەژێر سگی ئەسپەکاندا خۆیان پاڵ دەخەن یا ئەوەتا لە پشت پیاوانی خاوەنیانەوە خۆیان پەنا دەدەن.

خەڵکەکە لە بوونی من لەناو ئەواندا حەپەسابوون و دەستیان کرد بە پرسیار و وەڵام لەگەڵ هاورێکەم. ژنان سەرپۆش و کراسی درێژی رەنگینیان لەبەردابوو، لەبەرم دەپارانەوە، **هەندێکیان کە دەگەیشتنە لای من هێواش دەبوونەوەو بەتەنیشت زینی ئەسپەکەمەوە رادەوەستان و ئەو دەستە ناسکەی خۆیان بۆ لای**

**من رادەکێشا تا شەهیدبوونی هەموو ئەم میللەتە نیشان بدەن و، لێرەوە لەگەڵ خۆمدا بەسەر چیاکان و دەریاکاندا بیبەمەوە.** لە چاوە رەشەکانی ئەواندا کە هەر دەتگوت تووی رەشە، ئەوەندەیان فرمێسک لێوە رژا بوو وەکو پشکۆ دەبریسکانەوە، پاڕانەوەی هەموو ئەو ژنانەی تێدا دەردەکەوت کە بەدەس مەینەتییەکانی جەنگەوە دەیان ناڵاند. هەموو راوەستان و دواکەوتنێك بۆ من جێگای مەترسی بوو، بەڵام من گوێم بەوە نەدەدا. پاشان چوومە لای دایکێك لە سەرەتای تەمەنیدا بوو، چاوەکانی لەبەر تا داگیرسابوون. هەناسەکانی تەنگ و سواربوون، لەوەی چاوەکانی فرمێسکیان لیٚ نەدەرژا ئەوەندەی تر حاڵەتەکەی خراپ بوو بوو. ئەو ژنە پێش دوو رۆژ لە ژێر بارانی بۆمبادا منالێکی مردووی بوو بوو. ئێستا خەریك بوو دەمرد. ئەو رووەکەکانی دەوروپشتی دەڕنییەوەو ورد دەکرد. ئەو پێی ناخۆش بوو بەتەنیا لەوێ لەسەر لوتکەی ئەو چیایە بنێژرێ. ئەو باسی لە گۆرستانێکی گوندەکەیان و دار ئەسپیندارەکانی ئەوێ دەکرد دەیگوت هەر ئەوێ گۆری من دەبێ، هەروەها لە بارەی دوو کێلی هەڵکەنراو لەسەر گۆرە کاتییەکەی خۆی قسەی دەکرد و ئارەزووی ئەوەی دەخوازی لەبەردەمی گۆرەکەی قاپێکی پڕ لە ئاو دابنێن تا چۆلەکەو هەموو گیانلەبەرێکی دیکەی کێوی ئاوی لیٚ بخۆنەوە. لەوێ ئەو حاڵەتە وای دەخوازی بازنەیەك بە دەوریدا دروست ببێ تا لە گیانی شەڕەنگێزی بپارێزێ، کورد باوەڕیان بەهێزو کاریگەریی بازنەی جادوویی هەیە. هەندێك هێمن کەرەوەم دایە و هەندێ ڤیتامینیشم دا بە مێردەکەی کە پاشان پاڵ کەوت تا ماوەیەك لە نزیکی ئەو ئاگرە کە بۆ چالێنان هەڵکرابوو، خەوی لیٚ بکەوێ، ئەو ئیتر گوێی لە زیکەی فڕۆکە ((میك))ەکان نەبوو کە لەسەر لوتکەکە خەریکی دروێنەی مەڕو ماڵات بوون. بەسەر سەری ئەو ژنەوە کە لە گیانەڵاودابوو کوڕ و کچێکی منداڵ راوەستابوون هەریەکەیان پارچە نانێکی پیٚ بوو دەیانکرۆشت.



- ناوت چییە؟
- **رزگار.**
- ئەی تۆ.
- **خەبات.**

((ڕزگار بەمانای رزگاربوون. خەبات مانای تێکۆشان)) هەروەها ناوی ترم لە بابەتی ئەم ناوانە بەر گوێ کەوت کە لە منداڵەکانی خۆیان نابوون، وەکو ((**کوردستان**))، ((**ئازادی**))، ((**شۆڕش**)) بەم شێوەیە ئیرادەی گەل لە نەوەکانی داهاتوودا بەرجەستە دەبێ. فڕۆکەکان بەو پەڕی دیقەتەوە خولیان دەدا. پاشان بۆ سەر لوتکەی چیاکە بەرز بوونەوە ئینجا لەپشت ئەو دیمەنە تەختاییەی بەر چاومانەوە وەك تیری تیژ داهاتنە خوارەوە و دنیا لە دەنگی تەقینەوەیەکدا کاس بوو. بەم شێوەیە رێگای بەرەو پێشەوە چوونمان ترسناك بوو، بۆیە پێویست بوو وەکو تەگبیرێکی سەلامەتی لە یەکتری پەرت و بڵاوبینەوەو تاك تاکە و بەمەودای دوور لە یەکتری بڕۆین. ((شێر)) بەمەبەستی ((چاودێری و پشکنین)) دوو پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی بردە پێشەوە. ئەسپەکەم بەرەڵا کرد تا بە ئارەزووی خۆی بڕوا بەرێوە، بەڵام سەرنجم لەو ئاماژانە دەدا کە لە گوێکانییەوە دەردەچوو و لە مەترسی ئاگاداری دەکردمەوە. کاتێ لەسەر زینەکەوە هەڵی دامە خوارەوە بۆ سەر زەوی هاتە سەر سەرم و بە کونە لووتەکانی بۆنی پێوە دەکردم هەروەکو پێم بڵێ کە ئیتر ماوەی ترس و وریایی کۆتایی هات. پاشان کتوپڕ لەبەردەم چۆم و چوخردێکی پڕو چڕ کە بەسەر بەرزاییەکەوە بوو راوەستاو پاشان بۆ دواوە هەستایە سەر پاشوو، و سەری بۆ سەرەوە بەرزکردەوە، من نەمتوانی قاچم لە ناو ئاوزنگەکە راکێشم. زۆر بە زەحمەت توانیم جڵەوی بکەم و رای بگرم، ئەسپەکەم دەستیکرد بە حیلاندن و بەو دوو چاوە دەرپەریوەی بەچوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی تەماشام کرد هاوڕێکانیشم هەمان وەزعیان بەدەست ئەسپەکانیانەوە هەیە. پاشان یەکێ لە پێشمەرگەگان هاواری کرد:

- ژنەکە وا خەریکە دەمریٚ!

ئەو بایەی لە لوتکەی چیاکانەوە دەهات. بۆنێکی پیس و دڵشێوێن و تیژو ناخۆشی پێوەبوو کە بۆنی خوێنی گەرم بوو.

هەندیٚ پەڵەی سوور بەسەر چەوەکەوە بوون. ناوسك و هەناوی ئاژەڵ وەك بەدەنی ماری لوول خواردوو بەسەر ئەو مێرگانەوە کە قەدەغەیان شکابوو پەرش و بڵاو بوو بوون.

دوای ئەویش کۆمەڵێك کەلاکی ئاژەڵ لێرەو لەویٚ وونجڕ بووبوون، کۆمەڵێك ئەسپ و مەڕو بزن و هەندێك گامێش، ورگیان هاتبووە دەرەوە یا دوولەت ببوون، یا سەریان لیٚ ببۆوە، پارچە پارچە و هەندێکی تری لیٚ بوون شێوابوون و گیانیان دەدا. ئێمە دەستەو وستان و بەچاوێك کە هەڵنایە سەیرمان دەکردن. ماینێکی لیٚ بوو بە دیار جوانووەکەیەوە کە هەر چوار پەلی بڕابوونەوە لە غەمباریدا سڕ بووبوو. ئەو ئاژەڵانەش کە زیندوو بوون بەسەریەکەوە لە ژێر دالّدەیەکی خەیاڵیی باخچەیەکی دارچنار سرو حەپەساو و بیٚ دەنگ و خامۆش مۆڵیان خواردبوو هەر دەتگوت پێشبینی گەڕانەوەی فڕۆکەکان دەکەن. ئەسپەکەم بەسمەکانی سمکۆڵی دەکرد و زەوی هەڵ دەدایەوە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو ئارامی لیٚ بڕابوو. چوار شوان کە لە ناو درزی بەردە گرانیتەکانەوە خۆیان شاردبۆوە هاتنە دەرەوەو چیرۆکی ئەو بۆردومانەیان بۆ گێراینەوە کە فڕۆکە ((میك))ەکان کردیان:

- ماوەیەکی زۆر بە تۆپ لێیدا. تەنانەت هەر ئاژەڵێك بجووڵایەوە یان هەوڵی هەڵاتنی بدایە، دادەهاتە سەری. و بەتایبەتی یەکێکیان کەوتە دوای گامێشێك کە لە مێگەلەکەی هەڵبڕابوو، و بەرەو گوندی ((چۆمساك)) رای دەکرد. ئاگری فڕۆکەکە پارچە پارچەی کرد، ئێوە لەسەر رێگای خۆتان پاشماوەکەی دەبینین. بەخێرایی لێرە بڕۆن چونکە جارێکی تر دێتەوە و ئەگەر بتان بینیٚ دەرباز نابن. دەشتەکە پانە. فڕۆکەکان بە جووت دێن و شان بەشانییەك دەدەن و هەرشتێك لە ژێر خۆیانەوە ببینن رای دەماڵن.

تیشکی خۆر کەوتبووە سەر هەندێك قاپ و قاچاخی بەتاڵی مس تیشکەکە دەبریسکایەوە. دوویانم هەڵ گرتەوە، ئەوانە لە ((براگ))ە وەهاتوون ئێستاکەش هاتنیان بەردەوامە. فڕۆکەکان جارێکی تر هاتنەوە.



یەکێکیان بەسەر سەرمانەوە بەردەوام بوو لە سوڕانەوەی خۆی و دۆشکەکەی بە ئاراستەی ئێمە بوو لوولە قورسەکەی بۆ لێدانی ئێمە ئاراستە کردبوو، شوانەکان دەستیان کرد بەدنەدانی ئێمەو لەبەرمان دەپاڕانەوەو دەیانگوت ((خێراکەن لێرە بڕۆن)) وەك بڵێی لە ئێمە دەترسان، ئێمەش بەهەڵە داوان هەڵاتین و چووینە ناو زەمەندێکی چڕو بەرز لەو (زۆران)[1]ە کە لە رۆژانی ئاسایی دا دڵفڕێن و ئارامە و ئێستا بۆتە شانۆی تراژیدیایەك لە تراژیدیاکانی رۆژئاوای ئەمەریکا[2] کتوپڕ لەو جێیە چاومان بەسەرەگامێشێك کەوت کە لەناو هەندیٚ پنچکە دەوەن دا گیرسابۆوە)) هەر دەتگوت چالاّیی گۆڕێکە بەو دوو شاخەیەوە کە لە زەوی چەقی بوون وەك (قیسارە)) دەهاتە بەرچاوو زمانە سوورو خوێناوییەکەی هاتبووە دەرەوە. لە کاتێکدا بەرێگایەکی ئاشکراو روو بەرەوخوار بەرەو گوندە جوانەکەی ((چومساك)) کە ریزیك داری چنار لە لێوارییەوە سەمایان بەستبوو، دەبووینەوە فڕۆکەکە لە سوڕی یەکەمیدا نەی توانی بمان بێنیٚ، جاری دوەم بەسەر سەرماندا سوڕایەوە، فڕۆکە (میك))ە کە ماوەی یەك خولەك بەدوامانددا دەگەڕا، بەڵام بەسەدەیەك لە ئێمە رابورد. پاشان چی لە هەناویدا بوو بەسەر گوندی ((چومساك)) دا هەڵی رشت. ریزی گوللە دۆشکەکان پیٚ بەپێی خەتی گوڵە سۆسەنەکانەوە کە بەدرێژایی جۆگاکان بوون دەی کێڵا... جارێکی تر هاتینەوە سەر رێگای ئەسڵی خۆمان. بۆ ئەوەی بەهەر نرخێك بیٚ پێش ئەوەی ((دنیامان لیٚ تاریك بیٚ بگەینە رووگەو کۆتایی مەنزڵمان بۆ بارەگای گشتی مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش)).

سەرنجماندا کۆمەڵێك فڕۆکەی ((هاوکر هنتر)) بە دەوری لوتکەیەکی بەرزدا، کە بەسەر سەری بانێکی تەختەوە و بەلای رۆژئاوادا دەیڕوانی، دەسوڕانەوە، ئینجا بەپەلە داهاتە خوارەوەو شتێکی لە بارەکەی هەڵڕشت و پاشان بۆ ئاسمان بەرزبۆوە تا بارانی مەرگ ببارێنیٚ ئینجا بە دڕندانە هێرشی بردە سەر هەردوو

(1) مەبەست لە وەڕگای هاوینییە کە دەکەوێتە سەر بەرزایی چیاکان و گیای زۆر و ئاوێکی زەبەندەی هەیە.

(2) واتە فیلمەکانی هۆلیۆد کە دەربارەی چیرۆکەکانی رۆژئاوای ئەمەریکایە.

گوندی ((زارگەلی)) و ((بۆکریسکان)). دۆزینەوەی ئامانجی خۆی، بەجۆرێکی سەرشێتانە لە کەللەی دابوو، فڕۆکەکە ئێمەی بەدی نەکردو ئێمەش خەریك بوو لە لوتکەکە نزیك دەبووینەوە. ئێمە ئەسپە ترساوەکانی خۆمان لە ژێر بەڕووە سەوزەکاندا بەستبۆوە. دەستمانکرد بە خۆخشین لە ژێر ئەو گژوگیا چڕو پڕە چقڵاوییەدا هێشتا نەگەیشتبووینە ئەوێ لەناکاو جووتێك کەو لە هێلانەکەیان دەرپەرین. هەر ئەوەندە هەستیان بە نزیکبوونەوەی ئێمە کردبوو، بە فڕینێکی ترساو و شێواو لەشەقەی باڵیان دا. بەناو تەقینەوەو قریشکەی بۆمبادا بەرێگای خۆماندا سەرکەوتین، تا بچینە ناو ئاهەنگی مۆسیقایەکەوە کە ناڵەی ئادەمیزادو هاواری ئاژەڵ تێکەڵ دەبوون. فڕۆکەکان لە بەرزاییەکی کەم بەلای ئێمەدا تێپەرین، ئەوەندە نزم بوون توانیم جلە رەشەکانی هەردوو فڕۆکەوانەکە کە بەسەر مەعدەنی کورسییە روونەکانیانەوە تیشکی دەدایەوە ببینم. هەورێکی چڕی دوکەڵ و تەپ و تۆزێکی خەڵوزاوی کە بەرز بۆوە. بنی شیوەکەی دەخنکاند. ((شێر)) تەئکیدی دەکرد کە جگە لە چەند خالێکی بچووکی پاسەوانی، هیچ پایەگایەکی سەربازی نە لە ((زارگەلی)) و نەلە ((بۆکریسکان)) نییە. هەناسەیەکی غەمبارو نائومێدی دایەوە و نەفرەتی لە دەستەڵاتدارانی بەغدا دەکرد. ((لەوانەی کە هەموو کارێکی خاپووركردن و سووتاندن دەکەن بۆ ئەوەی نەگبەتییەکانمان چەند قاتی تر زیاد بکەن و زیاتر برسیمان بکەن و مەعنەویاتی گەلەکەمان بشکێنن)).

پاشان گوتی:

– بەهەقیقەت هەمووان داوای راگرتنی ئەو شەڕە دەکەن، بەڵام عەرەب بەر پرسیاری یەکەمی ئەم قەڵاچۆکردنە بە کۆمەڵییەن دیکتاتۆرییەتی ستەمکاری خۆسەپێنەر بەسەر عێراق و حکوومەت هەموو جارێك بەڵێن بەگەل دەدەن کە ئەوان دەس بەکارن بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم شەڕە دابنێنن.

ئینجا گوتی:



ئەلێرە هەستی نەتەوەیی روو لە هەڵچوون دەکا و پتر پتەو دەبێ، چونکە ئەو ئازارەی کە هەمووان پێوەی دەناڵێنن بەیەکسانی بەسەر هەمووواندا دابەشبووە کە ئەمە ئومێد زیاتر بەهێز دەکا. ئێمە مەسەلێکمان هەیە کە لە ساتەکانی تەنگانەو بێ ورەیی دا دووبارەی دەکەینەوە کە لە رەوتی درێژی خەباتدا بەهرەی دەرکەوتووە و باوەڕمان وایە:

ئەگەر رێگا دورو درێژ بێ
هەر چەند ژانیش بە ئازارو قوڵ بێ
هەرچەن بەتەمەندا چووبێ، بەڵام کچ بێ
کە ژان گرتی، منالْ بوونی، دواش بکەوێ، گرنگ نابێ

ئەمەش مانای وایە کە مادام هیوامان هەیە باکمان بە ئازارو سەختییەکان نییە.

پاش ئەوەی مەرگ داخی خۆی رشت، لە هەردوو گوندی ((زارگەلی)) و ((بۆکریسکان)) کشایەوەو فڕۆکەکانی دوورکەوتنەوە بۆ ئەوەی لە زنجیرە چیای ((مامە رووت)) لە نێچیری دیکە بگەڕێن. ئەو چیایەی کە بەر لە نیو سەدە سوارەی قوزاقی تزاری روس لەوێ ئوردویان خستبوو و بەسەر تورکاندا سەرکەوتبوون. پاش ئەوەی ((لێنین)) هاتە حوکم ناچار بوون پاشاشەکشە بکەن. شۆڕشگێڕێتی روس کاریگەری قووڵی لە چارەنووسی کوردستان کرد. لە دەمێکدا بیرم لەوە دەکردەوە بەرەی شەڕی رەواندز بەبەرچاومەوە بوو کە ئێستا چارەنووسی کورد رۆڵی خۆی تێدا یاری دەکا. لەبەرامبەریشمەوە ((چیای کارۆخ)) ی سەرکەش وەکو ستوون سەری بەرز ببۆوە و هەوری لێ هاڵابوو. بەو لوتکە بەفرینەیەوە هەر دەتگوت قالبە حەلوایە. ئەوێ پێگەیەکی بەرگری سەخت و بێ رێگایە و لە هەموو لوتکەکانی تر کە بە تەنیشتییەوەن دابڕاوە. لەبەر ئەوە ئەوێ تاکە پێگە بوو کە پێشمەرگە ماوەیەکی درێژ نەبوو پاش زەرەرێکی خوێناوی قایمکاری یان تێدا کردبوو ئەوێ چیایەکی لووس و رووتەن و ئاشکرایەو وا دێتە بەر چاو کە هیچ چەشنە بەربەستێکی سروشتی تێدانییە، بەرگری کردن لەوێ

کارێکی سەختە هەروەکو نرخێکی ستراتیژی بەرزیشی نییە. بۆ مەودایەك بەلای دەستە راستدا هێرش بەران لەسەر چیای هەندرێن بە هەردوو لوتکەکەیەوە کە وەکو سەرپشتی وشتر دەچوون و تا بەرزی دوو هەزار و هەشت سەد مەتر بە ئاسماندا چووبوون. پێشمەرگە لە ژێر گوشاری هێرشێکی بەرایی توندوتیژدا ناچاربوون پاشەکشێ بکەن. لەناو جەرگەی ئەو چیایە بەردەلاّن و لە پەناو پەسیوی ئەو دارستانەدا کە بە هۆی بۆمبای ناپالّمەوە وەك خەلّووز رەشدا گەڕابوون، گەمارۆ درابوون. بەتەنیشتی تری جادەکەوە. پێشمەرگە لە چیای ((زۆزك)) لێك هەلّبرابوون و بالّیان شکابوو، و لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە بەر پەلاماردان و جوولاّنەوەی بەدەوردا سوڕانەوەی دوژمن. لوتکەی ((زۆزك)) لوتکەیەکی رووتەن بوو، ئەو رووتەنییە لوتکەی ((ڤانتۆVentoux)) ی دێنایەوە بیر ئەم لوتکەیە بێ پەرواو بێ پسانەوە بە تۆپ و فڕۆکە بۆمباکوت دەکراو زەحمەت بوو بتوانرێ بپارێزرێ. ((ئەلیوشن)) ە رۆکیت هاوێژەکان وەك هەلّۆ چۆن بەدوای کەلاکەوە دەگەڕێ، ئاوا بەسەر ئەو لوتکانەوە دەسوڕانەوە و پردیان دەتەقاندەوەو پارچە پارچەیان دەکرد. پارچەی تەقیوی رۆکیتەکان و پارچە ساچمەی بۆمبای گەورە سەر لوتکەکەیان داپۆشی بوو. ئەو کاتە خۆر لە ئاقاری فەرەنساوە دەدرەوشایەوە. کاتژمێر لەوێ کاتی دەمەو عەسر بوو. هەرچەندە ژەمی نیوەڕۆم نەخواردبوو، بەلاّم برسێتیم زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو. برسێتی من تەنیا لەوە هاتبوو کە هەستم بە شەرم و شورەیی دەکرد. لەم روانگەیەشەوە، لە جێگایەکی جوان و بەرزدا دیمەنی دلّگیرو دلّفڕێن، هەستی مرۆڤ بە دڕندە گەرێتی ئەو تراژیدیایەو شەوق و تاسەی مرۆڤ بۆ ئاشتی، کاریگەرییەکی پتەو ترو ئازار بەخش تری بەسەر دەروونەوە دەبێ. من وام دەزانی لە خەوێکدام و ئەو دێوو دڕنجە دڕندانە بەو خۆڕانانە وەحشییانەی خۆیانەوە بە تراژیدیاو پاشماوەکانی جەنگەکەیان لە پانۆرامایەکی سەرتاپاییدا هەراسانم دەکەن.

بارەگای گشتی سیاسی- سەربازی شۆڕشی کورد لە ناو گەرووی تەسکی دۆلێك دایە، رووبارێکی تیژ کە لە بەفری تواوەوە دێت بە ناوەڕاستیدا دەڕوات. ئەم دۆلّە



دۆلّی ((ئاکۆ)) یە. ئاکۆ ئەو عەشیرەتەیە کە ((عەباس مامەند ئاغا)) ی بە ناوبانگ سەرۆکیانەو یەکێکە لە راوێژکارە دلّسۆزەکانی ((مەلا مستەفا بارزانی)). لەوێ تۆپێکی دژە فڕۆکە و دۆشکەیەکی گەورەی لێیە کە لەم بەرو ئەوبەری گەرووەکە دامەزراون. ئەوانە بۆ پارێزگاری لە کامپێك کە لە کۆمەلّە خێوەتێکی لە یەکتری دوورو باش حەشاردراو پێکهاتووە، دانراون. ئێرە سەنتەری ئەو کۆئەندامی دەمارانەیە کە راستەخۆ بە هەموو ترپە لێدانەکانی دلّی بەرەکانی شەڕەوە بەستراونەتەوە. هیچ بروسکەیەکیش لە بروسکەکانی دوژمن لە چنگیان دەربازی نابێ ((چاکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەزگای بێ تەلی ناردن و وەرگرتن)). لە ژێر درەختێك لەسەر گیاکە دانیشتم و لەگەلّ ((حبیب))[1] دەستم کرد بە گوتوبێژ.

(حبیب) 9 سکرتێری گشتی مەکتەبی تەنفیزی)) یەو هەلّگری بروانامەی دیپلۆمی ((ماف)) ە لە ((زانکۆی بەغدا)). هەروەها لەگەلّ عەقید قازی[2] سەرۆکی ئەرکان و یارمەتیدەرەکەی نافز[3] هەردووکیان لە ئەفسەرانی پێشووی عێراق بوون، عەلی شەنگاری، محەمەدەمین عەلی کە بە خاوەنی جوانترین دەسخەت ناسرابوو، عیرفان تالّەبانی: پارێزەرو قازی، دکتور حیکمەت: گەورە پزیشکی سەربازی، سامی: ئەندازیارو بەرپرسی تایبەتی راگەیاندن، کەوتمە گوتوبێژەوە، ئەمانە بە تێکرایی تەمەنیان لە چلّ سالّ بەرەو ژوور تر نەبوو. ((حەبیب)) لاوێکی رەش ئەسمەر، بەدەنێکی دارێژراو نیگای تیژو خێرا بوون. ئەو بە زمانی ئینگلیزی دەستی کرد بە راڤە کردنی هەلّوێست و گوتی:

- سوپای عێراقی زەرەرێکی زۆری چەشتووە، پێشمەرگەش لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا خۆیان راگرتووەو چەسپاون. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا مرۆڤ نازانێ ئاکامی

(1) حەبیب محمد کەریم سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(2) عەقید عەبدولڕەحمان قازی پاش بەیاننامەی رێکەوتنی ئازاری 1970 بوو بە سەفیری عێراق لە ئەندەنوسیا.

(3) مقدەم ((خوالێخۆشبوو نافز جەلال حەوێزی پاش رێکەوتنی ئازار بوو بە وەزیری کشتوکالّ لە عێراق و لە رووداوێکی ئۆتۆمبێل دا لە پارێزگای کەرکووك لە حوزەیرانی 1972 گیانی لە دەستدا.

کارەکان بەکویٚ دەگەن. من خێوەتی خۆم لە ژێر کۆمەڵە دارێکی چڕو پڕدا کەلە نزیکی چالێکەوە بوو، هەڵدا تا لە کاتی هەڵمەتی ئاسمانیدا باشترین خۆپاراستنم بۆ فەراهەم بکا. پێشمەرگەیەك کە ناوی ((ئەحمەد)) بوو وەکو پاسەوانێکی تایبەتی بۆم دیاریکراو ئەسیرێکیشیان ((ئەبو سەمرە)) بۆ خزمەت کردنم هێنا. هەروەها چوار پایەکی سەفەری یان هێنا زیکە زیکی زۆری لێدەهات، مێزێك و دوو کورسیش کە قاچەکانیان شل و لەق بوو بوون هێنا. ((ئەبو سەمرە)) بە گوڵی کێوی دەستی کرد بە رازاندنەوەی ماڵەکەم. دەمی ئێوارە روناکی ئەو چرا نەوتییە کە شێکی پڕ لە پشوودان و ئارام بەخشی رەخساندبوو، نزیکترین دراوسێی من کاهینێکی مەسیحی بوو کە ((بییر بول بیدار)) بوو..

ئەو پیاوێکی کورتە باڵا بوو، قاچێکیانی لەوی تر کورت تر بوو لە ناو شەرواڵێکی کوردی خەت خەت دا نقوم بو بوو. چاکەتەکەی زۆر درێژ و فراوان بوو قاتێکی رەشی لەبەر دابوو کە سپیایی ریشەکەی پتر دەبریسکانەوە هەروەها پەستەکێکی لبادی توکنی لەبەر دابوو لاوازییەکەی زیاتر دەردەخست، نیگای چاوی هەر لە نیگای چاوی بانبانك دەچوو، و هەمووان لەویٚ بە ((ئابونە)) ناویان دەبرد ((ابونا)) ئەم وشەیە وشەیەکی عەرەبییە و لەگەڵ زاراوەی mon pere دا بەرامبەرە. ئەو ئەندامی ((مەکتەبی تەنفیزی)) و ئەندامی ((ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕش))ەوە نوێنەری مەسیحییەکانە و لای ((مەلا مستەفا بارزانی)) رێزو حورمەتێکی زۆری هەیە. ئەو هاونیشتمانییەکی کوردی دەڤەری زاخۆیەو ناوی ئەسڵی خۆی ((پۆلس بێداری))ە تەمەنی خۆی بە حەفتاو حەوت ساڵ دادەنیٚ، و بەرێبەری روحی بارەگای گشتی دادەنریٚ. ئەو لە موسڵ گەورە بووەو لای باوکانی ((دۆمینیکان)) خوێندویەتی و ماوەی دوور و درێژ لە ئەوروپا ماوەتەوە. لە رۆما، لەندەن، برۆکسل و پاریس ژیاوەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سی ساڵ لەویٚ ماوەتەوە، ئەو بە هەموو رەوانییەکەوە بە



زمانی پاراوی فەڕەنسی قسە دەکا. ئەو کەوتە سەرهەڵدانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی و دەتوانم بڵێم حەزی دەکرد چی لە هەگبەکەی دایە هەڵیبڕێژیٚ نەوەکو شتێکی لەبیر بچێت. ئەو گوتی:

- رۆژێك لە میانی گوتوبێژدا لەگەڵ مسیۆ پۆو M.Puoux مەندوبی سامی فەڕەنسا لە سووریا کە هەر دووبەدوو بووین، کاتێك خۆشەویستی زۆرو بێبڕانەوەی مەسیحییەکانی ئێرەم بۆ فەڕەنسا هێنایەوە بیری، هێنامە گریان. پێم گوت. ئێوە وەکو دەستان لە ئێمە بەردا، لە ژێر بەزەیی وڵاتانی عەرەبیشدا بەجێتان هێشتین... ئێستاش سەیرکە چۆن ژەنەڕاڵ دیگوڵ گرنگییان پێدەدا و چاودێرییان دەکا، کەچی لە بەرامبەر بانگەوازەکانی ئێمەدا بێدەنگ دەبیٚ و بەلای دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دەشکێتەوەو شتێك لە پێناوی کوردو مەسیحییەکان دا ناکا؟

پاش ئەوە بە لێشاو نەفرەتی بەسەر هەموو شتێکدا دەباراند بە تایبەتی دەسدرێژکەرانی سووری و عێراقی، پاشان هاتە سەر تورکە نائینسانەکان کە بیٚ ئەوەی هەست بە هیچ شەرم و شورەییەك بکەن خێزانی منداڵەکانی ئێمەیان دەرکردو لە ژێر زەبری بۆردوماندا کۆچییان پێکردن. لای ئەو تەنیا ئێرانییەکان پلەو رێزێکیان هەبوو.

- ئەی پاپا؟ ئایا ئەویش پشت گوێی خستوون ئەی باوکە؟

- بەهەموو داخێکەوە دەڵێم کە نامەی ئێمە بۆ قەداسەتی پاپا لە 25 ی تشرینی یەکەمی 1963 هیچ وەڵامێکی نەبوو، تەنانەت ئامەژەیەکیشمان بەوەرگرتنی نامەکە پیٚ نەگەیشت. لەگەڵ نامەکەدا لیستێکی درێژی تایبەت بە شەهیدەکانمان تەسلیمی سەفیری پاپا کرد لە بەیروت. لە عێراق پتر لە دوو سەد هەزار مەسیحی[1] هەیە زۆربەیان لە ناوچەکانی ئوپەراسیۆنی سەربازی لە دۆل و

---

([1]) ژمارەی مەسیحییەکان لە هەموو عێراقدا دەگاتە 884 — 950 هەزار کەس، 35 هەزار کلدانی لە بەغدا دەژین لەم ساڵانەی دواییدا نیوەیان زیاتر بە هۆی جەنگەوە ئاوارە بوون.

چیاکانی کوردستان وە لە دەشتەکانی کەرکووك و هەولێر و موسڵ دەژین. لە ناو سەد و هەشتا گوندی ئەواندا بەلای کەمەوە سەدو پەنجا گوندیان خاپوورکراوە و دانیشتوانی ئەم گوندانە کە نزیکەی سی هەزار کەس دەبن ئێستا ئاوارەن و لە دارایی دنیادا شتێکیان نییە، نەگبەتی ملی گرتوون و هێزی لێ بڕیون. ئێستا لەدەوروبەری شارەگەورەکاندا دێن و دەچن و هەندێکیان گەیشتوونەتە بەغدا. بەدروستی ژمارەی قوربانییە بێ تاوانەکان لە پیرەمێرد و منداڵان و پەککەوتەکان، کە بە هۆی بۆردوومان کوژراون یاخود ون بوون، لە بەردەستماندا نییە. دەربارەی ئازاردان و پێ شێل کردنی شوێنە پیرۆزەکان و راگواستن، تیرۆرو ئەشکەنجەدان و هەتك کردنی حورمەتەوە، لە ژماردن نایە، بۆ نموونە: کێشەی رۆنسنیۆر رافائیل شوریز سەرۆکی گشتی کڵێساکانی هورمز[1] لە سەروی شارۆکەی ((ئەلقوش)) حوکمی لە سێدارەدانیان دا پاشان حوکمەی بۆ کاری سەختی هەتا هەتایی سووك کرا. بۆ ئێمە لەم خەباتی هەتا مردنەدا جگە لە هیوا بەسەرکەوتن شتێکی دیکە نەماوەتەوە. پێشمەرگە مەسیحییەکان کاتێك تەقە دەست پێدەکاو شەڕ گەرم دەبێ بە حەماسەت و دەس پێشکەرییەوە دێنە پێشەوە. هەر چۆنێك بێت ئایین لە خەباتی ئێمەدا کاریگەرییەکی گەورەی نییە. ئیمان و باوەڕی کوردەکان و مەسیحییەکان هەر یەکە ئەمەیە کوردستانی ئێمە.

باوکە (بێدار) بەردەوام پارچە حەلوای لەناو سەندوقێکی کۆن دەردەهێناو دەیخوارد، ئەو دەیگوت کە پاش تەواوبوونی ئەم جەنگە لە بەغدا دادەنیشێ. تا بگەڕێتەوە ناو کەسوکاری خۆی و رۆڵەکانی میللەتەکەی، و بە هۆی تەمەن زۆرییەوە واز لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەهێنێ کە ژیانێکی سەخت و پڕ لە مەترسییە. لەو

(1) لە راستیدا ئەو سەرۆکی کڵێساکانی کلدانییە، دادگای سەربازی موسڵ بە تۆمەتی حەواندنەوەو یارمەتیدانی پێشمەرگەی کورد، حوکمیدا پاش دوو هەفتە حوکمەکە بۆ کاری سەخت و هەتاهەتایی سووك کرا (دەنگۆ وابوو کە ئەمە بە ناوبژیوانیی سەرۆك کۆماری لوبنان فوئاد شەهاب بوو)) پاشان لە تەمووزی 1966 پاش ئەوەی سێ ساڵی لە ماوەی بەندبوونەکەی تەواوکرد ئازادکرا. ئێستا سەرپەرشتیاری ئەبرەشیەی کلدانییە لە ئەمەریکا.



کاتەدا بریسکەی تەقینەوەی بۆمبایەك لە کاتی بۆردوماندا هات، پاژنەی پێلاوێکی بەرەو رووی ئەو فڕێدا، ئەم رێکەوتە قەناعەتی پێکرد کە بەرەکەتی خوا چاودێری پەیامەکەی دەکا. ئەو جێگای رێزی هەمووان بوو. ئەوان بێ پسانەوە باسی زیندوێتی ئەفسانەیی و ریشەکەی ئەویان دەکرد. ئەو لە هەموو هەلومەرجەکاندا پیادە بوایە یان سوار توانای خۆراگراتنێکی سەرسامهێنەری هەبوو. لە کوردستان هەمووان بەوە دەیان ناسییەوە کە خەیاڵی ئەو زۆر پێش کەسایەتی ئەو کەوتۆتەوە. ئەو ماوەیە تەنیا جارێك بە جل و بەرگی ((کەهنوتی)) یەوە بینیم ئەوەش کاتێك بوو کە هاتبووە پێشوازی کۆمەڵێك لە دیلەکان. ئەوانەی دەنێردرانە لای ئەو بە پێی سەرەتاکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی و چاکە خوازی و ویژدانەوە مامڵەی لەگەڵدا دەکردن. کاتێ کراسێك و جووتێك گۆرەوی و شتێکم پارە دایە ((ئەبو سەمرە))وام بیردەکردەوە کە دیارییەکی بە نرخم پێشکەشی باوکە ((بول بێدار)) کردووە. پیاوێکی وەکو ئەو راهیبە- ئەو سەربازە بێ کڵێسایە کە بەپێی ئاڵوگۆری هەلومەرجەکانی بەرەکانی شەڕ دێت و دەچێ، و خێوەتەکەی وەکو کەنیسەیەکی بچووك وایە و کورسییەکی (ئیعتراف) ی تێدایە[1] خێوەتەکەی من ئاخرین هۆڵی ئەو بوو، کە بە ئاڵوگۆری وتووێژەوە بە شێك لە شەوگاری خۆی پێ بەسەر دەبرد. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە لەم رۆژگارە ناسك و چارەنوس سازەدا رۆژنامەنووسێکی ئەوروپی لەوێ ئامادەیە تا بە شایەتی بەرچاو و بەڵگەی بەردەستەوە، ئەم دەرفەتە نائومێدە. بە هێز بکا.

((ئەبو سەمرە)) ئێوارەی ئەو رۆژە بە فیزەوە چاوی بۆ ژەمێکی چەورو چۆڵ دەگێرا. شلەی خەست، مریشکی کوڵاو، دۆڵمە ((گەڵامێوی پێچراوەو پڕکراو لە برنج)) و سەوزەی باش لەهەر چی ئامادە بوو بێ. هەر چەندە مەراسیمی خواردن ئامادەکردنی ئەسیرەکەم دە ئەوەندەی تر گەورە بوو بوو، بەڵام هێشتا نەیتوانی

(1) شایانی باسە ئەو زۆر شانازی بە یەکێك لە قوتابییە هەڵکەوتووەکانی خۆیەوە دەکا کە باوکە تۆما بۆا p.Thomas Bois تاکەکەسی ئەوروپییە کە بایەخ پێدانێکی گەورەی دەربارەی گەلی کوردو بارودۆخی کوردستان هەیە. ماوەیەکی کەم پێش ئێستا. توێژینەوەیەکی بەناونیشانی ئاشنابوون بەکورد بڵاوکردەوە. – connaissance de kurdes.

سەرنجی من رابکێشێ یاخود بیروڕای من بە جۆرێکی تایبەتی لەسەر دوو دیمەن وەربگێرێ: یەکێکیان ئەو لووتە زلەی بوو کە تەحەمول نەدەکراو وەکو جاڕدەری هەراج خانە یا گاڵتە جاری لێکرد بوو، ئەوی تر بەکارهێنانی سەیری زمانی ئینگلیزی بوو. هەر جارێك دەمگوت سوپاس((thank you)) ئەو لە خۆیەوە دەیگوت vere much. ((باوکە بێدار)) نانی ئێوارەی لەگەڵدا خواردم. ئەو دەربارەی ((حەبیب)) قسەی کردو گوتی: ((حەبیب)) زۆر زیرەکە، تەمەنی سی و چوار ساڵە، هێشتا ژنی نەهێناوە. ئەو ((مەلا مستەفا بارزانی)) بۆ سکرتاریەتی گشتی هەڵی بژاردووە. لە دەرەوە وام تێبینی دەکرد کە کەسانی شارەزا وایان حسێب دەکرد ((جەلال تاڵەبانی)) کە بە خاوەن توانایەکی گەورە ناسراوە پێشەوای داهاتووی کوردە. بە ئەنقەست وتووێژم بردە سەر ئەو دراما گەورە ناوخۆییە کە بەر لەچەن مانگێك دەنگوباسی بڵاو بۆوە، ((باوکە بێدار)) دەستێکی بە ریشی داهێناو بۆ ماوەیەك هەندێك لە بیروڕا کانی لە ناو ئەو دەمە بێ ددانەیدا هێنان و بردن و لە پاشاندا ئەم دانپێدانانەی دڕکاند: من خۆشم هەمان بیرۆکەم دەربارەی ئەو هەبوو. بەڵام ئەوە تێپەڕی. ئەو ئێستا (خائینە). ئەو چەند زیرەکە ئەوەندەش تەماع خوازو حەسودە. ئەو لەو کۆمەڵە کەسانەیە کە زیرەکی شەرەنگێزییان هەیە. زمان لووسی و هەلپەرستی ئاگر بازانە هەر وایە یا ئەوەتا تەون و هەڵبەستێکی درۆیە یان خەیاڵە. روخانی ئەو مایەی غەمباری بەردەوامی ((مەلا مستەفا بارزانی)) بوو. بارزانی، ((جەلال تاڵەبانی)) لە پایەی کورێکی روحی خۆی حسێب دەکرد. من بۆ خۆم بەهاوکاری کەسانی تریش هەوڵمدا ئەم قەوارەیە پینە بکەم. ئەو دەیویست جێگای سەرۆکی گەورەمان بگرێتەوە و پیلانی لە دژی ئەو سازکرد تا گۆشەگیری بکا. مرۆڤ جەسارەتی ئەوە ناکا، بیر لەوە بکاتەوە خواستەکانی خۆی بخاتە جێگای ((مەلا مستەفا بارزانی)) کە نمای بەرجەستەی دۆزی کوردییە. بێ ئەو، جووڵانەوەکە دەبێتە یاریگاو جێگەی سەر گەرمی روناکبیران و کەسانی خۆ بەزانا زان و خاوەن قسەی لوس و گەورە گۆڕەپانی قەسابخانەی خوێناوی. پیلانگێران و کودەتای ((جەلال تاڵەبانی)) شکستی خوارد و لە شوباتی رابردوو هەڵات بۆ تاران. تا ئەو ساتە کەس



گومانی خیانەتی لەو نەدەکرد. ئێستا ئەو لە بەغدایە و هاوکاری دەستەڵاتدارانی ئەوێ دەکا تا هەندێك لە عەشیرەتەکانی سۆران بکا بە دوژمنی ئێمە.[1] هەروەها دەڵێن دەستی خستۆتە ناو دەستی ((جاش))ەوە. هەرکەسێ لەو رێگایەوە بڕوا من وێنای ئەوە ناکەم بەمەبەستێك بگا. ((جەلال)) کەوتە ژێر کارتێکردنی دوو کاریگەری رووخێنەر، یەکێکیان روحی خۆی و ئەوی تر ((ئیبراهیم ئەحمەد)) سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئێمە بە پێی توانای خۆمان هەوڵماندا کار نەگاتە ئەو رادەیە، (مەلا مستەفا بارزانی)) خۆشی زۆر نیگەران بوو، هەرچەندە لە دەرونی خۆیدا پەنگی دا بوو، و بەئاشکرا پێیەوە دیاری نەدەدا. پرسیم:

- دەڵێن ئارەزووی زۆرینەی لاوان بەلای ((جەلال تاڵەبانی)) دایە؟
- لاوان؟ هەن کە دەیانەوێ بجەنگن، لەناو لاواندا کەس نییە کە بۆ جێبەجێکردنی بانگەوازی ئەرکی نیشتمانی ئامادەنەبێ، هەروەها هەندێکی تر هەن: ئەوانەی کە دڕدۆنگی دەکەن و فەلسەفە لێ دەدەن. ئەوانەی کێشەکانی فیکر لەخانەی یەکەمیندا دادەنێن و بەدەم پرسیارەوە دەپرسن ((بناغەی شۆڕش لەسەرچی وەستاوە)) هەروەها هەیە سەرنجی تەنیا بەلای پلان کێشان و پرەنسیپە بیانییەکانەوەیە جا مارکسیزم بێ یاغەیری ئەوە کە ئەو لەگەڵ نەریتەکانی ئێمەدا جیاوازە، نەریتەکان سەرەڕای کۆنەپەرستییان زۆر جار ستونی رێکوپێکی و دیسلپینی ئێمەن. ئەوانە بەم کارە پرۆژەکان و پێداویستییەکانی چاکسازی بە سەریەکدا کەڵەکە دەکەن ((مەلا مستەفا بارزانی)) بەوە تاوانبار دەکەن کە (داژداری لە دەرەبەگەکان و کۆنەپەرستان دەکا... شۆڕش بەر لە هەر شتێك بە یەکخستنی هەڵوێستەکان و ئامادەکردنی چەك لە دژی کۆیلەتی و زەلیلی بەرپا دەبێ. میللەتێکی کەم فەرهەنگ لە سەرەتادا پێویستە ئامادە بکرێ و بەسەرەتاکانی دیموکراتییەت متوربە بکرێ، کادری چالاك پەروەردە بکرێ،

[1] ئەو هێلەی کە هۆزە کوردەکانی بادینانی کە بەزاراوەی کرمانجی زمانی کوردی قسەدەکەن لەگەڵ ئەو هۆزە سۆرانییانەی کە بەزاراوەی سۆرانی قسە دەکەن جیادەکاتەوە، رێرەوی زێی گەورەیە کە کەمێك بەلای خوارووادا دەچێتەوە.

ئابوورییەکەی لەسەر بنەمایەکی پتەو جێگیر بکرێ. دیموکراتییەت بۆ میللەتێکی دەوڵەمەندو ڕێکخراو یەکجار شتی چاکە، هەروەها سۆشیالیزم ئەگەر بە راستی پیادە بکرێ. تۆ پێم بڵێ ئایا بەرژەوەندی دەوڵەتە ئەفریقاییەکان کە بێ ئەوەی بچووکترین شەڕ بەرپا بکەن سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لەوە دابوو دابەکان و نەریتەکانی خۆیان لە قەسابخانەی کتێبەکان و توێژینەوەکان و فەلسەفە سیاسییەکانی توێژێکی دانسقەدا کە هیچ ڕێبازێکی نییە بکاتە قوربانی؟ سیاسەت بەرهەمی کرداری وەرگرتن و قبووڵکردنی ژیرییە. لەو کردارەدا تێکەڵ کردنی پیادەکردن و جێبەجێ کردن لەگەڵ تیۆری و پرەنسیپەکاندا دەبێتە کارێکی حەتمی. ئەوەش هەموو شتێك نییە هێشتا زۆر شت دەمێنێ بۆ ئەوەی لێهاتوویی لە سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بە راست و دروست بگەرێ لاوان هەن بۆ خێراکردنی رەوتی بەرەوپێشەوەچوونی ژیان خەون بە ئۆتۆمبێلەکانی پێشبڕکێ دەبینن لە کاتێکدا کە لە ژیانی گەلی ئێمەدا ئێستاش ئەسپ ڕۆڵی خۆی هەیە سیاسەت و ئایین چەند وەکو یەك دەچن هەردووکیان، پێش ئەوەی کەڵك لە دەقی باوەڕەکان وەربگرن کەڵك لە پێداویستییەکانی واقیع و ئیرادەی خۆبەخت کردن وەردەگرن.

لە کاتی چا خواردنەوەدا ((حەبیب)) بەخۆی و تفەنگەکەی دەستییەوە خۆی بە ژووری خێوەتەکەماندا کرد. ئەو بۆ سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاش قەیرانە گەورەکەی ساڵی 1964یش بۆ سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژێردرا بوو. ئەو بۆی گێرامەوە کە چۆن پێویست بوو ((مەلا مستەفا بارزانی)) لە سەرووی هەموو چەمکێکی سیاسییەوە پێشەوای گەل بێت. هەروەها باسی چۆنایەتی ئەوەی بۆ کردم کە حزب خۆی بە ئامرازێکی گەورەی شۆڕشێکی نیشتمانی دژی دەرەبەگایەتی و ئیستعمار دەبینێ. شۆڕشێك خاوەن ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانە بێت. هەروەها بنەماکانی ئەم حیزبە وردە وردە شانەی ڕێکخستنی تەنانەت لە ناو عەشیرەتە رەوەندەکانیشدا دروست کردو دروشمی پێشەوایەتی ((مەلا مستەفا بارزانی)) بەرزکردەوە. پاشان نەیاران چ لەسەر ئاستی تاك و چ لەسەر ئاستی



عەشیرەت زیادیان کردو چەمکی جۆربەجۆریان چ لە بارەی شێوەو چ لە بارەی ناوەڕۆکەوە بۆ خەبات کردن کەڵەکە کرد. پاشان باسی کرد چۆن ئەستێرەی ((جەلال تاڵەبانی)) لە ئاسمانی کوردا دەرکەوت، ئینجا بەدوای ئەمەدا گوتی:

((مەلا مستەفا بارزانی)) سەرکردەی مەزنی ئێمەیە. نە ئەو دەتوانێ دەسبەرداری ئێمە بێ و نەئێمەش دەتوانین دەسبەرداری ئەو بین. ئێمە و بارزانی وەکو ((گاندی)) و ((پارتی کۆنگرەی هیندی)) واین. ئەم بەراوردە جیاوازییەکی روون و سادەی تێدایە کە لە نێوان ((تەسەوفی کوردی و تەسەوفی هیندی)) دا هەیە یەکەمیان گیانی خۆبە دەستەوەدان و نەرم ونیانی ناگرێتە ئامێز کە ئەمە ((مەلا مستەفا بارزانی)) لە ((گاندی)) جیادەکاتەوە. بەڵام هەردووکیشیان لەمەدای دان بەخۆداگرتندا یەك دەگرنەوە.

کردەوە سەربازییەکانی ساڵی 1961 کەبە حەماسەتێکی میللی پشت ئەستوور بوو، پێگەی ئەم پیاوە پیرەمێردەی لە مەیدانی جەنگدا بەهێز کرد. بەڵام ئەو کاتە حیزب بە مەبەستی خۆ پاراستن دەستپێشکەری شەڕی چەکدارانەی لە 1962 دا بۆ عەشیرەتی بارزان بەجێ هێشت، یا لەوانەیە هەندێ لە پێشەوایانی سیاسی پێشبینی ئاکامێکی شکست و زەبر خواردنیان لەم جەنگەدا دەکرد کە لە دواییدا ببێتە هۆی وەلانان و رزگاربوون لە دەستی پێشەوایەکی کلاسیکی؟ هەر چونێك بێ ئەوان هەوڵیان دا هەرچەندە پێشیان نەکرا شانازی سەرکەوتنەکە بۆ خۆیان بدزن و لە بایەخی کەم بکەنەوە، و پاشان هەوڵیاندا، بەرگێکی سیاسی لەبەر سوپای شۆڕشگێریدا بکەن. بارزانی لەم دەستتێوەردانە ناوخۆییە لە کاروباری پیاوانی خۆی تووڕە بوو. هەر چونێك بێ لە ساڵی 1964 دا بە دووبارە یەکخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو ئەمڕۆکە دەیبینی قەیرانەکە نەما. پیرەمێرد لەسەروی هەموو شتێکەوە یە. سەرۆکی حیزب، مەکتەبی تەنفیزی، ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕش هەروەها سوپای شۆڕشگێری تەنیا لەژێر فەرمانی ئەو دایە. بارزانی لەم پایەی ئێستەیدا گشت ئەو دەستەڵاتانە بەڕێوەدەبات کە هەرکام لە ئەنجوومەنی تەنفیزی و ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕش هەیەتی. ئەنجوومەنی

تەنفیزی لە حەڤدە ئەندام پێکهاتووە، پێنج سیاسەتوان لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، پێنج کەس لە عەسکەرییەکان، پێنج کەس لە سەرۆکی عەشیرەتە گەورەکان. دوو کەس لە کەسایەتییە بەرزەکان لەوانە ((باوکە بێدار)) نوێنەری مەسیحییەکان، نوێنەرێك لە روناکبیران. هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لەشەست و سێ ئەندام پێکهاتووە: گشت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردە عەسکەرییەکان و سەرۆکی عەشیرەتەکان و ژمارەیەك کەسایەتی بەرز پێکهاتووە، کە هەر چوار مانگ جارێك کۆبوونەوەی خۆی گرێ دەدا. هەروەها لە هەلومەرجی نائاسایی دا یاخود لەسەر داوای ((مەلا مستەفا بارزانی)) یان لەسەر داوای دووبەش لەسێ بەشی ئەندامان. لە واقیعدا مەکتەبی تەنفیزی کە دەستەلاتی تەواوی پێدراوە گشت بەرپرسیارێتییەك دەخاتە ئەستۆی خۆی.

هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەش چالاکی هەیە هەرچەندە ئەم چالاکییە لە هەموو شوێنێك ناقانونییە. کۆمەك لە هەموو کوردەکان و دۆستەکانی ئەوان کۆدەکاتەوە. لە عێراق دەرەتانی ئەوە نییە باجی دەوری رێکو پێك لەناو میللەتێکدا کۆبکرێتەوە کە هەموو جۆرە ماڵ وێرانییەکیان بەسەر هاتووە، سەرەڕای ئەوەش گرانبەهاترین باجیان داوە کە ئەویش خوێنە. لە ئەوروپا ((عیسمەت شەریف وانلی)) نوێنەری تایبەتی ((مەلا مستەفا بارزانی)) هەڵسا بەدامەزراندنی سێ رێکخراوی چالاك کە ئەوانیش ((کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە)) و ((لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد)) و ((کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی کورد)) ن. بەم شێوازە هەندێك یارمەتی بەنرخی بەدەست هێنا. دوای ئەوە لە سەر داوای باڵوێزی عێراقی لە فەڕەنسا دوورخرایەوە، بەڵام ئەو توانی ((ئیقامەکەی)) نوێ بکاتەوە و بمێنێتەوە. هەروەها لە قاهیرەش ((جەمال عەبدولناسر)) لەسەر داوای بەغدا ((عەقراوی)) کە نوێنەری کورد بوو، دەرکرد. من ئەوم لە نزیکی ((مەلا مستەفا بارزانی)) بینی. کاتێك لە بارەی ناردنی نوێنەری شۆڕش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان قسەم کرد ئەندازیارێك کە ناوی ((سەعدی دزەیی)) بوو و خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواو کردبوو، پێی گوتم کە ((حەبیب)) جیابوونەوەی ((جەلال تاڵەبانی)) بە رووداوێکی نێو خۆیی



تەواو رووت دەزانێ هەروەکو کە بە عادەت لە هەموو شۆڕشەکاندا روو دەدا. ئەمەش رووداوێکە شوێنەوارێکی ئازاربەخشی هەیە وەك لەوەی شوێنەوارێکی مەترسیداری هەبێ. هەروەها گوتی ئێمە سێ سوپامان هەیە. یەکێك لەوانە لە بادینانە و لەوێ جێگیربووە دوانەکەی تر هەر یەکێکیان سەربەخۆیی خۆی هەیەو رابەری سیاسی پشتیوانی یان دەکا کە هەڵدەستن بە هۆشیارکردنەوەی مەعنەوی و شارستانی جەنگاوەران. بچووکترین یەکەی پێشمەرگە بریتییە لە ((پەل)) کە لە سی و پێنج پیاو پێکهاتووە، دوای ئەو ((لق)) کە بریتییە لە چوار ((پەل))، دوای((لق)) بە تالیون ((فەوج)) پاشان هێز ((لیوا)). ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت ئەوەیە بە چاکترین شێوە کەڵك لە هەلومەرجی ئەو شەڕە گەرمە توندوتیژە، بەو پەڕی توانای جم و جۆڵ، کەمی ژمارە، لاوازی چەك، وەربگیرێ. سەرەڕای ئەو سوپایانە، هێزێکی ترمان لە جەنگاوەران هەیە کە راستەوخۆ لە ژێر سەرکردایەتی ((بارزانی)) دایە و لە شەش سەد جەنگاوەری دانسقەی ناو هۆزەکەی خۆی هەڵبژێردراون.

ژمارەی تێکڕای پێشمەرگە دەگاتە پازدە هەزار پێشمەرگە. لە حاڵی ئێستادا توانامان نییە لەوە باشتر پڕ چەکیان بکەین.

لەڕاستیدا کەمی لە پارەو کەرەسە هەیە نەك لەجەنگاوەران. هەروەها بە عادەت وایە ئەو هێزانەی لەگەڵ دوژمندا زیاتر تووشی لێکدان دەبن، بەحوکمی پێویستی، جۆرێك چاودێری تایبەتییان لە تەقەمەنی و کەرەسەدا پێ دەدرێ. تۆ پێم بڵێ پارە لە کوێ بێنین تا پێویستییەکانی خۆمان دابین بکەین؟ ئەگەر پارەشمان دابین کردو ئەو کەرەسەیەشمان کڕی چۆن دەگاتە دەستی ئەو هێزانەمان کە لەناو ئەو چیایانەدان کە وڵاتانی دوژمن زۆر بە قایمی گەمارۆیان داوە. لەلایەن دەوڵەتانێکی کە لە دیبلۆماسییەتێکی یەکجار فێلبازانە بەهرەمەندن. ((حەبیب)) وای دەخەملاند کە رۆژانە پێشمەرگە نزیکەی پەنجا پارچە چەکی جۆراوجۆر و قەبارە جیاواز لە دوژمن دەگرن. من رۆژێك ((مەلا مستەفا بارزانی)) لە میانی گفتوگۆدا بە گاڵتەکردنەوە پێمی گوت:

- لەو کۆمەگە سەربازییەی کە دەگاتە بەغدا، جگە لە ئێمە کەسی تر سوودی لێوە ناگرێ.

بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوە ڕێگای لێ نەگرتوون نوێنەری خۆیان (دکتوور مەحموود عوسمان) کە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزییە بنێرن بۆ لەندەن بۆ ڕاگرتنی ناردنی کەرەسەی جەنگی بۆ عێراق لە بەرامبەر پەلامارنەدانی دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووك. بەڵام کارتی براوەی نێو گەمەی چارەنووس کە نوێنەرایەتی کوردستان دەکا ئامانجی خۆی نەئەنگاوت. ((حەبیب)) پێی گوتم:

- ئەگەر ئاین بەرزترین شێوە بێ لە شێوەکانی ڕزگاری مرۆڤ. ئەوا خەباتی ئێمە کارێکی ئایینییە.

زۆربەی هەرە زۆری تەکنیکاران و شارەزایانی سوپای شۆڕش ئەو کوردانەن کە لە سوپای عێراقی ڕایان کردووە. تا سەرەتای ساڵی 1964 پەیمانگایەکی مەشقی سەربازی لە ((ماوەت)) هەبوو کە سەر بە ((جەلال تالەبانی)) بوو، تا چووە پاڵ ڕیزی نەیارانی ((مەلا مستەفا بارزانی))یەوە، پاش ئەوە کرا بە سەربازگەیەك بۆ ئەسیران، ئەو کادرە لاوانەش کە لەوێ دەرچوو بوون پاڵیان دایە پاڵ برا گەورەکانی خۆیان.

کورد لە بنەماکانی هونەری جەنگیدا ئەوەندە پێشەنگن، کە لە کتێبە فێرکارییەکانی ((کلاوزفیتز)) یان ((ماو تسی تۆنگ)) دا بەرچاو ناکەوێ. هەر لە ساڵی 1961 وە کە ساڵی دەست پێ کردنی شۆڕشە تا دەگاتە شەڕی ڕەواندز لە هیچ لە مەیدانەکانی شەڕدا، لە هەزارو پێنج سەد جەنگاوەریان زیاتر بەکارنەهێناوە، ئەم ژمارەیە دەکاتە یەك بەرانبەر بە دەی سوپای هێرش کەر، ژمارەی قوربانیانی هاونیشتمانان، بەپێی ئامارێکی ڕەسمی لە (25.000) بیست و پێنج هەزار کەس تێپەریوە، ئەمە سەرەڕای خاپوور بوونی دوو هەزار گوند کە لەو ژمارەیە دوو سەد و شەست گوند بەتەواوی لەسەر زەوی سڕاونەتەوە. دەربارەی کەمینەکانی تر ((عەرەب، تورکمان، مەسیحی، یەزیدی)) لەلای کوردە موسڵمانەکانەوە ڕێزێکی چەند بەرامبەریان لێ دەگیرێ چونکە ئەوان بەدەست دوو جیاوازییەوە ئازار دەچێژن



یەکەمیان ڕەگەزپەرستی و دووەمیان سیاسی. لە کوردستان ئەرکەکان و مافەکان بەسەر هەمووان و بۆ هەمووان بەیەکسانی وەکو یەکە. حەبیب بەدوای ئەمەدا گوتی:

- ئێمە مەسیحییەکانمان وەکو برای خۆمان خۆش دەوێ، ئەوان ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە شۆڕشدا هەیە. هاوپشتی خوێن هەتا هەتایە بەیەکمانەوە دەبەستێتەوە. جارێك یەکێك لە هاوخوێنانی ئێمە ((ئیسماعیل ئاغا-سمکۆ))ی سەرۆکی شکاك ویستی ئەم هاوپشتییە تێك بدات، ئەوە بوو ((مار شیمون بنیامین)) پەتریرکی تایفەی ئاشوورییەکان)) ی لە ساڵی 1918 کوشت. بەڵام عەدالەتی خوایی تۆڵەی لێ کردەوەو باجی تاوانەکەی خۆیدا ئەوە بوو ئاشوورییەکان بەخەنجەر[1] کوشتیان.

بە حەقیقەت جووڵانەوەی تێکۆشانی ئێمە لە سەروی هەڵەوە نییە. ئێمە لە میانی هەنگاونانمان دا فێر دەبین. مێژووی هەموو میللەتان هەندێك گۆشەی شەرمەزاری تێدایە، بۆ ئەوەی ئەم باسە دوورو درێژەت بۆ کورت بکەمەوە تەنها مەسەلەیەکت بۆ دەهێنمەوە کە لای ئێمە بڵاوە ((لە نێوان ئێمەو مەسیحییەکان تاڵە موویەك هەیەو لە نێوان ئێمەو ئەرمەن کێوێك هەیە.))

((حەبیب گوتی: چەوساندنەوەو زەلیل کردنی کورد لە لایەن حکوومەتە عەرەبییەکانەوە وای کرد کە مەشخەڵی شۆڕش دابگیرسێ و بیروڕای گشتی وریا بکاتەوەو بۆ سەربەخۆیی ئامادەیان بکا...

پاشان ئەمەی ڕاست کردەوە و گوتی:

---

(1) لە واقیعدا ئیسماعیل ئاغای شکاك کە بە سمکۆ ناسراوە، لە ساڵی 1930 لە بۆسەیەکدا کوژرا کە هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانی بۆیان نابۆوە، ئەو کەسەی کە بە خەنجەری ئاشوورییەکان کوژرا، کوڕی سمکۆ بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کوڕێکی تری لە هێرشێکی تۆڵەکردنەوەی ئاشوورییەکاندا کە هەر دوا بەدوای تیرۆر کردنی (مار شەمعون کردیانە سەری بە گوللە کوژرا. بۆ زانیاری تەواو بڕوانە کتێبی ((مهد البشريه)) الحياه فى شرقى کوردستان بغداد 1971)) من لەو باوەڕەدام کە نووسەر لە کاتی گواستنەوەی وتەکانی حەبیب مەحمەد کەریم)) دا کەوتۆتە هەڵەیەکەوە.

- بەڵام دەتوانم بڵێم ئێمە شێت نەبووین تا خۆمان پەل بکێش بکەین داوای سەربەخۆیی بکەین، یاخود بۆ یەکگرتنەوەی هەموو نەتەوەی کورد کار بکەین. هەرگیز جیهان بەوە رازی نابێ سنوورەکانی پێنج دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی ئێمە ئاڵوگۆری تێدا بکرێ ئێمە تەنیا حوکمێکی ناوخۆیی ((ئۆتۆنۆمی)) مان لە چوارچێوەی سیاسی عێراقدا دەوێ. جۆرێك لە سیستەمی فیدراڵی لە سەر شێوازی سویسری یان ئەمریکی. کە تیایدا جێگری سەرەك کۆماری عێراق کورد بێت. رێژەیەکی داد پەروەرانە لە داهاتی نەوت، و بەرێوەبەرایەتییەکی خۆیی – شارستانی و سەربازی لە هەرێمەکەماندا، بەکارهێنانی بێ قەیدوبەندی زمانی نەتەوەیمان.

یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی بۆی گێرامەوە کە دوو نوێنەر لە کوردەکانی ئێران و تورکیا پێشنیاریان خستە بەردەمی ((بارزانی)) کە گۆرەپانی خەبات فراوان بکا تا ناوچەکانی ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام بارزانی بە شێوەیەکی لێبڕوانەوە رەتی کردەوە، چونکە بەم کارە کێشە راستەقینەکە هەموو هیوایەك بەسەرکەوتن دەخاتە مەترسییەوە. بەنێودەوڵەتی کردنی ئەم ململانێ چەکدارییە گێروگرفت دەخاتە ناو چوارچێوە گشتییەکەیەوە و تووشی نسکۆیەك دەبێ کە پاش ئەوە هەڵ ناسێتەوە. بە گوزارەیەکی تر ئەگەر کوردەکانی تورکیاو ئێران شۆڕش رابگەیەنن و دۆزی برایان لە ئێران بەسەرکەوتنی تەواو گەیشت ئایا پێتوایە ئەوانیش هەمان یەکسانی لە مافەکانی خۆیان وەردەگرن؟ من لەو باوەڕەدانیم. ئەمەش بەو هۆیەیە کە هەر کۆمەڵگایەك شێوازی ژیانی خۆی هەیە، و ئەمە لە لایەکەوەو لەبەر ئەوەی کە تەنیا یەك ((مستەفا بارزانی)) هەیە کە لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا رێکخستنێکی سیاسی – سەربازی بۆ گەلەکەی ئامادە کردبێت کە لە ئەرکی تێکۆشاندا رێکخستنێکی پتەو و هەڵسوڕاو بێت. کوردی عێراق بەردەوام راونراون، بە ئاگر مامڵە کراون، بەناپاڵم سوتێنراون و لەناو چیاکانی خۆیان و لەسەر خاکی خۆیان گەمارۆ دراون ئەوان وێنەیەکی زیندوون لە سەرکردەکەی خۆیان. ئەوان بەو هەلومەرجەوە کە تیایدان بە ژیانێك بەستراونەتەوە کە پڕیەتی لە کارەسات.



کشتوکالیان بەردەوام پێشێل دەکرێ. سەربازەکانی عێراقی سەریان دەبڕن،ماڵەکانیان خاپوور دەکرێ. بەردەوام کێلە قەبر لە گۆرستانەکانیان راست دەبنەوە. باوەڕی سیستەمی ژیانی ئەوان کە لە بەرامبەر مەترسی و نەگبەتیدا تەئکید لە برایەتی چینایەتی دەکاتەوە، مەسەلەیەك دەخاتەوە بیر کە دەڵی ((تا جەهەننەم بە چاوی خۆت نەبینی، تام لە بەهەشت ناکەی.)) ئێمە ناتوانین چەنسی ئەوان بۆ مانەوە بقەبلێنین. کێ هەیە بتوانێ پێشبینی ئەوە بکا.. هەرچەندە لەمەودایەکی تەسکیش دابێ، کە راکێشان و خەرۆ کردنی ئەوان بۆ ئەوەی بچنە ناو ئاگر بازی خەبات لە چوارچێوەی کوردستانی گەورە دا، کە ئامانج و سیمایەکی روون و ئاشکرای نەبێ، کاروانی شەهید بوونی بێ پسانەوە، ئەوان بەرەو چ چارەنووسێك دەبا..((مستەفا بارزانی)) کە لە داخوازییەکاندا میانەڕۆ بوو، زۆر باش دەیزانی کە ((کوردستانی گەورە)) جگە لە خەونێکی ئەسیوبی شتێکی دیکە نییە. لەبەر ئەوە بەردەوام تۆمەتی ((جیابوونەوە)) ی بەتوندی رەت دەکردەوەو پڕوپاگەندەو لاف و گەزافەکانی بەغدای ریسوا دەکرد. پیسی دەوڵەتە ئەوروپییەکان کارێکی کردووە چەند کوردستانێك دروست ببێ، ((مەلا مستەفا بارزانی)) هەر کوردستانێك وا ئامۆژگاری دەکا کە گێروگرفتە رەواکان و راستەقینەکانی خۆی لەناو چوارچێوەی نیشتمانیدا چارەسەر بکا ئەگینا دەبن بە تۆزی بەر رەشەبا.

فارسەکان وەکو کورد لە رەگەزی هیندو ئەوروپین، ئەوان بۆ لێك تێگەیشتن و گونجان نزیك ترن. بەڵام بە هەمان رادە بە تێپەرینی کات وردە وردە زەمینەی کرانەوەی دەرگەی دیالۆگ لەگەڵ عەرەبدا ئامادە دەبێ. لەبەر ئەوە ((مەلا مستەفا بارزانی)) هیوای ئەوە دەخوازێ کە سەرکەوتنییەك جارەکی ئەو دەرگای ئازادبوونێکی ئاشتیانە بۆ براکانی بکاتەوە.

بەغدا کە ئەم دەرئەنجامەی هەست پێ کردبوو، بەهەڵە داوان ژنراڵ ((عارف))ی وەکو ناو بژیوانی خۆی ناردە ئەنقەرەو تاران بۆ دان وسەندن، دەتوانین بڵێین لە هەردوو پایتەختەکەدا بە پێشوازییەکی گەرم پێشوازی کراو لەوێ بە شێوەیەکی گشتی

ئامۆژگاری خستەڕوو کە سیمایەکی گشتییان هەبوو. بە رای من هەر شۆڕشێك کوردەکانی ئێران پێی هەڵبستن مانای خۆ کوژی دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی خنکاندنی ((مەلا مستەفا بارزانی)) و هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکانی. وەنەبێ بەغدا ئەمە نەزانێ، سنوورەکانی ئێران ئەو جۆرە سنووره داخراوانە نین، کە نەتوانرێ ببەزێنرێ. ئەی ئەم هۆکارە چییە ئێرانی خستۆتە سەرباری هەڵوێستێکی ئاواوە، ئایا سۆزێکی رووتە؟ تاران سێ کەمینەی نەتەوەیی گەورەی لەسەر سنوورەکان هەیە. لە باکوور تورکمانەکان کە بێ پسانەوە چاویان لە ئازەربایجانی ئێرانییە، لە باشوور لە عەبادان هەرێمی خۆزستان و عەرەبەکان هەن کە بەهاندانی ((عەبدولناسر)) دەچنە ناو پرۆژەی سەرتا سەری عەرەبییەوە، ئەم هەرێمە بە((عەرەبستان)) ناسراوە، لەڕاستیدا تاران لە کەمینەی کورد کە لە هەموو کەمینەکانی تر بەهێزترە زیاتر دەترسێ و بەردەوام نیگەران و سەرقاڵی کردووە، ئێران دوای ئەوەی ماوەیەکی دورودرێژ کوردی چەوساندەوەو زوڵمی لێ کرد ئێستا خەریکە گرنگی پێ دەداو چاودێری دەکاو بگرە دەی لاوێنێتەوە هەروەکو چۆن ئێستا کوردەکانی عێراق لە رادەبەردەر چاودێری دەکا، ئەم کارە کارتێکی سیاسییە، قازانجی مسۆگەرو و چەن بەرانبەری چ لەمەیدانی ناوخۆیی و چ لەمەیدانی دەرەوەدا تێدایە. ئەم کارە ئێران دەخاتە ناو چوارچێوەی کاروباری ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەمە جگە لەوەی جەنگی کورد بەغدای زۆر لاواز کردووە کە ئاگای لەوە نەماوە گرنگی بە پرسی ((خۆزستان)) بدا، ئەگە وانەبوایە ((بەرەی رزگاری عەرەبی هەوڵی دەدا پشێویو ئاڵۆزی لەو هەرێمەدا بنێتەوە. ((عەبدولناسر)) زۆر باش ئەمەی دەزانی، بۆیە بەردەوام هانی ((قاسم)) و پاشان هەردوو برا، ژەنەڕاڵ ((عەبدولسەلام))و ((ژەنڕاڵ عەبدولڕەحمان عارف))ی دەدا بۆ دانوسەندن لەگەڵ ((مەلا مستەفا بارزانی))و پێشکەشکردنی داشکاندنی شەڕەف مەندانە هەروەها خۆشی لەم بارەیەوە دڕکاندێکی دا کە ئەو لەو باوەڕە دایە کە ئیقرارکردنی رادەیەکی دیاریکراو لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق شتێکە کە بواری نکۆڵی کردنی تێدا نییە. سەرۆکی میسر کە پێشەوای یەکێتی سەرتا سەری عەرەبییە هەوڵ دەدا کە چەند لە توانایدا بێ دوژمنایەتی ئێران و سعودییە هێور



بکاتەوە. کە ئەمەش پایە گاکانی بەرگری ((بەرەی شۆڕشگێڕی)) زیاتر جێگیر دەکا. هەروەها ئەو وای دەبینێ کە هەنگاوێکی جوامێرانە لەلایان بەغداوە بەرەو کورد ((زامنە بۆ ئەوەی کورد پەیوەندی خۆیی لەگەڵ ئێراندا هەڵبرێت)). لە هەمانکاتیشدا رێگا بۆ کاری تێکدەرانە لە ((خۆزستان)) خۆش دەکا. بۆیە هەوڵدانییەکێك لە چاودێرانی میسری بۆ رەخساندنی چاوپێکەوتن لە نێوان ((عارف)) و ((مەلا مستەفا بارزانی)) لە پایزی رابردوو لە ((ڕەواندز کارێکی سەرپێی نەبوو)).

سەرەڕای هەموو ئەوەش تاران پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ ((تەل ئەبیب)) دا هەبوو، ((ئیسرائیل)) کە خاوەنی بەرژەوەندییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێ لە رێگای ئێرانەوە چەك بدات بە کورد، هەروەکو کە رۆژنامەکانی عێراق لافی ئەوە لێ دەدەن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستەیان لەسەر دروستی تۆمەتەکانیان پێ نییە. لێرەدا پێویستە لەسەر من کە شایەتی لەسەر واقیع بدەم. من لە ماوەی مانەوەمدا هیچ نوێنەرێکی ئیسرائیلی یان تفەنگێکی ئیسرائیلیم بەدەستی پێشمەرگەوە نەبینی. بەڵام رادیۆی تەل ئەبیب لە کوردستان بە بایەخەوە دەکرێتەوە، چونکە رادیۆی ((دەنگی کوردستان)) دەلێتەوەو بەستایش و گەرمییەوە هەواڵەکانی بڵاو دەکاتەوە لە چیاکان زۆرەها جار ئەو گریمانەیەم گوێ لێ دەبوو:

- ئەگەر ئیسرائیل لێمانەوە نزیك بوایە، جیهانی عەرەبی رێزیان دەگرتین.

لە واقیعدا ئەم ئاڵۆزییانە لەوەسفی دۆزی کوردیدا، کە گەورەترین گیروگرفتە لە گیرو گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونەتە زاراوەو ناونیشان. گیروگرفتی کورد بە روونییەوە هەستەکانی ژێر پەردە ئاشکرا دەکا کە بۆچی چارەسەرکردنی دژوار کەوتووە.

ئەو شەوە کەرەستەی پێویستم بۆ دەمامك و خۆ روپۆش کردن بە جل و بەرگی کوردی ئامادە کرد، بۆ ئەوەی بچمە ناو جەنگاوەران لەبەرەی شەڕ. دکتۆر ((حیکمەت)) کڵاوێکی کە دەسچینی ژنانی سلێمانی بوو وە زۆر بە وردی نەخشێنرابوو، پێشکەشکردم، هەروەها ((حەبیب)) مێزەر ((جەمەدانی)) لەسەرمەوە پێچا کە بە خاڵی رەش و سپی نەخشابوو لەو جۆرەی ((سامی)) لەسەرییەوە دەپێچا. هەروەها ((باوکە بێدار)) دوعای بە خێری بۆ کردم... هەندێك مشك هاتنە سەر

سفرەکە تا وای لێهات بەتەواوی لێم نزیك کەوتنەوەو دەستیان کرد بە خاوێن کردنەوەی بەرماوەی خواردنی ئێوارە. پاسەوانەکەم ((ئەحمەد)) بەبەردەمی خێوەتەکەدا تفەنگەکەی بە شانییەوە بوو، جگەرە بە لێوییەوە دەهات و دەچوو. ((ئەبو سەمرە)) هەندێك خەڵوزی دیکەی خستە سەر ئاگرەکە کە خەریك بوو دەکوژایەوە. هاورێکانم رۆیشتن، گەشتێکی کورتم بەچوار دەوری ماڵەکەمدا کرد، پاسەوان بە شێوەیەکی خۆبەخۆ دەهات و دەچوو. ئەسیرەکە نیوە رووت بوو هەڵ دەلەرزی و بەپێوە لە ژێر فەرمان راوەستابوو. سەرمای شەو تەزاندبووی و بوونی منیش لەو جێگایە سڕی کردبوو. جگەرەیەکم دایە دەستی، وەکو یەکێك دیارییەکی بەنرخی دابێتێ خستی یە ناو پەنجەکانییەوە. پێم گوت:

- چایەکم بۆ لێ بنێ.

- بەڵێ گەورەم ((بە ئینگلیزی گوتی!))

شەو وەکو هەموو شەوانی لادێ لە وەرزە جوانەکان دابوو لە گیزەگیزی پەیتا پەیتا و هورژمی لە ناکاوی زیندەوەران خامۆش بوو. فانووسەکان روناکییان بە ناو هەموو سەربازگەکەدا بڵاودەکردەوەو بە سەر زەویدا پان دەبۆوە. بەدەم چا خواردنەوەوە پیاسەم دەکرد. سێبەری سینییەکە وەکو شێوەگەلێکی ئاژەڵان لە حاڵی شەیدایدا وەدەردەکەوت. ((ئەبو سەمرە)) گەیشتە لام و بەدەستێك قاپی شەکرو بەدەستەکەی تری قۆری چایەکەی پێ بوو، بەو دیمەنەیەوە دەتگوت خزمەتکاری کڵێسایەو لەپشت کەشیشەوە دەڕوا. هەروەها روناکی لە خێوەتەکەی ((باوکە بێدار))ەوە تیشکی دەدایەوە. بە پێویستم نەزانی نوێژەکانی پێ بڕم گەڕامەوە بۆ ژووری خێوەتەکەم و لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتم. ئەحمەد لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوت و خۆی لە پێخەفەکەیەوە وەرپێچا و قایشی تفەنگەکەشی لە دەستییەوە ئاڵاند... و مۆڵەتی ((ئەبو سەمرە)) م دا بڕوا، ئەو گەڕایەوەو لە نزیك خۆڵەمێشی گەرمی ئاگرەکە پاڵ کەوت تا بچێتە جیهانی غەیبەوە، لەوەختێکدا خەریك بوو خەوم لێ دەکەوت دەنگی تۆپ رای چەناندم تا بیرم بخاتەوە کە چەند هەنگاوێکی کەم لەبەرەی شەڕەوە دوورم.

# بەشی پێنجــەم

## قەسابخانەی هاونیشتیمانانی سڤیل

# قەسابخانەی هاونیشتیمانانی سڤیل

((دنیا هەر وابووە، گورگ مەڕی خواردووە))

((پەندی کوردی))

من ئاراستەی خۆم دەزانی، سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەکان ئەوانەی کە لەبەردی چیا سەختترن. سوپای عێراقی چوار ((فیرقە)) سەربازی بە پرچەکترین چەکی نوێوە، بە هاوکاری چەکی بەهێزی ئاسمانی کە بریتی بوون لەسەد فرۆکەی روسی و ئینگلیزی ((ئەلیۆشن. میك، هاوکر هنتر))، کۆکردبۆوە. بەلاّم من دەمزانی کە ئەم هێزانە مەشقی تەواویان لە شەڕی چیادا پێ نەکراوەو زۆر جار دەبنە نێچیری کورد، کە ترس و لەرزیان خستۆتە ناو دڵ و دەروونیانەوە. ئەسیرەکان هیچ گومانیان لەوەدا نەبوو، و بەردەوام دەیانگوت کە ئەوان بەزەبری قۆنداغە تفەنگ و، شەقی پۆستاڵ بەرەو شەڕ راپێچ کراون، هەروەها دەیانگوت کە وایان تێگەیاندووین کە ئیشی ئەوان بریتییە لە پاککردنەوەی چیاکان لە چەتەکان و دزان و کەسانی بەربەری و ئەوانەی سەری خەڵك دەبڕن و گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. لەبەر ئەوە ئەو قەناعەتە وا بلاّو ببۆوە کە ئەرکی ئەوان تەنیا کردەوەیەکی سادەی پۆلیسییانەیە. ئەم فێڵەش وەنەبێ داهێنانێکی نوێ بێ. ئێستا ئەو ئەسیرانە لەگەڵ پێشمەرگە لەو ژیانە چەرمەسەری و کۆڵەمەرگییەدا هاوژیانی یەکن. بەلاّم ئەوان مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا ناکرێ. دوو قوتابی کە لە پەیمانگای بەغدا دەیانخوێند بەمنیان گوت کە ئەوان، بە پێی تەئکیدکردنی سەرچاوە رەسمییەکانی حکوومەت، ماوەیەکی درێژ بوو قەناعەتیان وابوو کە دۆزی کورد خەریکە لەناو دەچێ، بەلاّم ئەوان حەپەسانی خۆیان لای من دەربڕی لەوەی کە لە شاری موسڵ بینیویانە، هەڵوێستی دانیشتوانی موسڵ لەبەرامبەر حکوومەت بە ئاشکرا دوژمنانەیە، دەستەکانی پێشمەرگە بەرۆژی رووناك و بە ئاشکرایی، بێ ئەوەی پێویستییان بە خۆشاردنەوە هەبێ، چالاکی ئەنجام دەدەن،



رێگا بە کاروانی سەربازی دەگرن و بۆسەیان بۆ دادەنێن، مین دەچێنن، هەڕەشە لە ناوەندە حکوومییە دورە دەستەکان دەکەن. کە شەویش داهات، شارەکان دەبنە گۆرەپانی کاروکردەوەی تێکدان و فڕاندن و بگرە دەبنە مەیدانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی کوشتن. هەروەها ئەم دوو قوتابییە سەرەتاکانی ((ماوتسی تۆنگ)) یان خستەوە بیرم کە پێویستە شۆڕشگێر وەکو چۆن ماسی لە ئاودا دەژی، ئاوا لەناو جەماوەردا کاربکاو بجوولێتەوە. هەروەها بە زاراوەی کەسێك کە بیەوێ سەرسوڕمانی خۆی بشارێتەوە: گوتیان: کەس بۆ ئازایەتی و دلێری کێبەرکێی کورد ناکا، لەو ماوەیەی لە موسڵ ماینەوە. بەبەرچاوی خەڵکەوە حوکمی کوشتنیان بەسەر یەکێك لە گەورەکانی خۆیاندا جێبەجێکرد کە لە ریزی خۆیان چووبووە دەرەوە، لە کەرکووك دوو بەرپرسی ((دائیرەی ئەمن)) یان فڕاندو کوشتنیان. هەروەها لە ترسی ئەوەی نەوا رووت بکرێین نەیانهێشت بەتەنیا بچینە دەرەوە چونکە چەکمان پێ نەبوو. لە راستیدا بەلای کوردەوە هیچ شتێك لەم کارانە ئاسان تر نییە... لە بەغدا ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا بەدوای بەرێوەبەری بەرنامەی کوردییەوە بوون لە بەرێوەبەرایەتی ئێستگەی عیراقی و کوشتیان. سەیرترین چالاکی کەلەم بوارەدا ئەنجامیاندا کوشتنی ((بەدرەدین)) بوو لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی رابردوودا. ((عەقید بەدرەدین عەلی مستەفا)) پارێزگاری پێشووی هەولێر بوو، ناوەندی ئەم پارێزگایە دەکەوێتە بەردەمی چیاکانی کوردستانەوە. بەدرەدین عەلی بەو پەری توندوتیژییەوە کاری داپلۆسین و سەرکوت کردنی ئەنجام دەدا، لەوانە فەرمانی تەخت کردنی سێ گوندی دا و لەگەڵ زەوی یەکسانی کرد. هەروەها بێ دادگایی کردن حوکمی گوللە باران کردنی دەپیاوماقووڵی دەرکرد. کوردیش حوکمی کوشتنیان بۆ دەرکردو سەرەتای ئەمساڵ دەقی حوکمەکە لەڕادێوی دەنگی کوردستان))ەوە رایەگەنرا. بەدرەدین بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، بەپەلە خۆی گەیاندە بەغدا. پاش چەند رۆژێك لەمە چوار پێشمەرگە چوونە ناو ماڵەکەی کە دەکەوێتە گەڕەکی تایبەتی ئەفسەرانی سوپا. لەناو ماڵەکەیدا حوکمی کوشتنیان بەسەردا داو بەسزای رەوای خۆیان گەیاند. لە

ئەنجامی ئەم کارەدا، لە ناوەندە کوردییەکانی پایتەخت، و کەرکووك و موسلّ هەلّمەتی رەش بگیری کوێرانە دەستی پێکرد، لە ناو ئەم گیراوانەدا ژنەراڵ ((فوئاد عارف)) کە پێشتر لە حکوومەتی ئیئتلافی نیشتمانی پاش روخانی ((قاسم)) وەزیری دەولّەت بوو. بەلاّم لە مانگی نیساندا بۆ خۆش کردنی کەش و هەوای دانوسەندنێکی سەرەتایی ئازادیان کرد.

لە ناو ئەو ئەسیرانەی چاوم پێیان کەوت سایەقێکی کەرکووکی عەرەب بوو، ئەو قژ زەردێکی سیما جوان و چاو سەوز، کە هەر وەکو کوپییەکی نایابی رەچەلەکی بەریتانی دەچوو، لە شەڕی ((بانە نێرگز)) دا کە هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر سەربازییەکەی دا تێپەر نەبوو بوو، بەدیل گیرابوو. ((فەوج)) ە کەیان بەڕووی بانێکەوە بوو، گولّە نێرگز بەسەرییەوە بلاّو ببوونەوە و بەسەر سێکوچکەی سنووری نێو دەولّەتی تورکیاو ئێران و عێراقدا دەیڕوانی. لە یەکەمین سەعاتەکانی بەرەبەیان دا تەقینەوەی تۆپێکی هاوەن ترس و تۆقینی خستە ناو سەربازگەکەیانەوە، سەربازەکان نەپەرژانە سەرخۆیان و کت و پڕ ئەو پێشمەرگانەیان بینی کە لەکاتی شەودا گەمارۆیان دابوون، لەگشت لایەکەوە پەلاماریان دان، توانیان پازدە ئەسیریان لێ بگرن لەناویاندا ئەفسەرێك بە پلەی ((ملازم)) کە بەسەختی زامدار بوو بوو. سەرکردەی پێشمەرگەکان کە جەنگاوەرێکی دێرین بوو بەناوی ((عیسا سوار)) هەلّی دەگرێ و دەیباتە گوندێك لە نزیك ((دێر بوون)) کە گوندێکی مەسیحییەکانە و لە ژێر چاودێری خەلّکەکە دایدەنێ، پاش چەند رۆژێك ((بارزانی رێگایدا بە فڕۆکەی هیلی کۆپتەری عێراق بگوازرێتەوە.بەلاّم ئەو سایەقەی لەپێشدا باسمانکرد لە کاتی هێرشەکەدا زەندەقی دەچێ و لەناو ئوتۆمبێلە (جیب)ەکەیدا خۆی مات دەکاو بە مردوو خۆی پیشان دەدا پێشمەرگەکان کشانەوەی خۆیان بە ئۆتۆمبێل بە بیرۆکەیەی باش دەزانن، بەم شێوەیە ئەم ئەسیرە خۆی لە ناوچەی رزگارکراودا دەبینێتەوە. پاشان لە رادیوی دەنگی کوردستانەوە رێگایاندا بۆ دلّنیاکردنەوەی خێزانەکەی سەلامەتی خۆی رابگەینێ. لە کوردستان جگە لەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە رێگای رادیۆوە، پەرەپێدانێك لەم بارەیەوە بۆ پەیوەندی کردن هاتۆتە دی، دامەزراوەیەکی نامەبەری



سەیر بۆ ئەسیرەکان فەراهەم کراوە.. کە بەو هۆیەوە رێکخراوەکانی شۆڕش هەلّدەستن بە دانانی نامەی ئەسیرەکان لە سندوقی پۆستەکانی هەولێرو کەرکووك و سلێمانی و موسلّ و هەندێ جاریش بەغدا، هەندێکیان لەوەدا بەختەوەرن کە باوکیان پەیوەندی باشیان لەگەلّ ناوەندە کوردییەکاندا هەبێ بۆ ئالّ و گۆر کردنی نامە لە نێوانیاندا. هەروەها کرێکارێکم بینی کە لە بەندەری بەسڕا کرێکار بوو، خاوەنی حەوت منالّ بوو، تەئکیدی دەکرد کە ئەو تەنیا لەبەر ئەوەی پارەی ((بەدەل)) سەربازی نەبووە بۆیە هاتووە بۆ سەربازی. دەی گوت پاش ئەوەی لە سەربازگەیەك بۆ ماوەیەکی کورت مەشق دراوە یەکسەر گوازراوەتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە باکوور. هەروەها زۆربەی سەربازەکان لەشەڕ بێزارن، بەلاّم ئەفسەرەکان بەزۆر سەربازەکانیان ناچار دەکەن کە لە خەتی سەنگەرەکانیانەوە پێشڕەوی بکەن، و دەمانچەکانیان لێ دەردەهێنن، هەروەها باسی جێگری ئەفسەرێکی هەوالّگری دەکرد کە ئەفسەری پەیوەندی بوو لەگەلّ جاش، بە ئارەزوومەندانە ئیقراری بەوە کردووە کەزۆرایەتی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان لەگەلّ ((مەلا مستەفا بارزانی)) دان. ئەوانەش کە لە ریزەکانی ئەو دەردەچن و لێی یاخی دەبن، راوکردن و راکێشانیان نرخێکی گەورە دەکەوێ لەسەریان.

((ئەبو سەمرە)) ش ئەو ئەسیرەی لای منە کاتێك ئەسیرکراوە خەریکی تالاّنکردنی گوندەکانی کورد بووە. لە ئەنجامی ئەوە بەجۆرێك تەمێ خواردوو کراوە کە لە یادی نەچێتەوە، پاشان براوە بۆ نەخۆش خانە بۆ ئەوەی لای دکتۆر حیکمەت چاودێری بکرێ، ئەمەیە دادپەروەری پێشمەرگە. ((ئەبو سەمرە)) ئێستا پاش ئەوەی چاك بۆتەوە، وەکو هەموو ئەسیرەکانی تر بە ئازادی بەناو هەموو سەربازگەکەدا دەسورێتەوە، ئەو ئەسیرانە هەندێ کاری وەکو، دار کۆ کردنەوە، گەلاّبرین بۆ شاردنەوەی خێوەتەکان، ئاو کێشان، خواردن ئامادەکردن و کاروباری خاوێن کردنەوەیان پێ دەسپێرن. هیچ کام لەو ئەسیرانە سەرەڕای نزیکییانەوە لەبەرەی شەڕ، هەولّی ئەوە نادا رابکا، ئێستا قەناعەتیان بەوە هاتووە کە ئەوان بەساغ و سەلامەتی لەسەر بەفەتارەت چوون دەربازیان بووە، ئەو ماملّە باشەش کە لەگەلّیاندا دەکرێ

هەر چەشنە ئارەزوویەكی ئەوەی سریوەتەوە كە دووبارە هەوڵ بدەن بگەڕێنەوە بۆ شەڕ. ئەو سایەقە چاو سەوزەش كە لە ((بانە نێرگز))ەوە هاتبوو، دووبارە گەڕایەوە و بە پێكەنینەوە گوتی: ئەمە یەكەمین مۆڵەتی پشودانە كە لەژیانم وەری دەگرم. لەناو ئەو كۆمەڵە ئەسیرەدا، هەندێكی تێدابوون كە بەخۆ خشاندن لەسەر سنگ و ئانیشكەكانیانەوە خۆیان رزگار كردبوو تا گەیشتبوونە ناوچەی ((زێوە)) دژە هێرشێك بۆ گەڕانەوەیان كرابوو، بەڵام ئەوان توانی بوویان خۆیان بگەینە پشتەوەی بەرەكانی شەڕ و خۆیان بدەنە دەستی سەركەوتوانەوە! بێگومان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ كتێبە مێژووییە جەنگییەكان كە شتی سەیری لەم جۆرە رووداوانە تێدایە، بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەندێك شت روودەدەن كە لە خەیاڵ نامۆ ترن و هەموو شتێك بۆی هەیە ببێ و رووبدات، مرۆڤ تەنیا ئەوەندەی بەسە كە جەنگی سویس بهێنێتەوە یاد كاتێ سەربازانی ئیسرائیلی بەسەر سەربازانی میسریدا سەركەوتن.

دادوەر ((عیرفان تاڵەبانی)) گوتی:

- ئێمە حەز دەكەین هەر پیاوێكی ئێمە كە دەكەوێتە دەستی دوژمن هەمان مامڵەی لەگەڵ دابكرێ كە لێرە لەگەڵ پیاوانی ئەواندا دەكرێ. ئێمە پێشنیارمان كرد خاچی سووری نێو دەوڵەتی، تۆژینەوە لە هەردوو لا بكا، كەچی بەغدا رازی نەبوو.

ئەسیر لە ریزەكانی پێشمەرگەدا ئەوەندە كەمە كە شایانی باس كردن نییە، ئەگەر وردتر بڵێین لە واقیعدا پێشمەرگە تەسلیم نابن. بەڵام سەربازگەكان و بەندیخانەكانی حكوومەت لە هاوڵاتیانی كورد جمەی دێ. لێرە ژیان نرخی نەماوە، مافەكانی مرۆڤ كەمترین چاودێرییان لێناكرێ. مرۆڤ ناتوانێ لەمەڕ ئەو كۆمەڵە ئەسیرە خۆی لە خەیاڵاتی خۆی دەرباز بكا، هەر چۆنێك بێ، پرسەكە بەرو دوا دەكەوێتە سەر مەرام پاكی بەندیوانەكانیان، لەم بوارەدا ((باوكە بێدار)) پەیامێكی مرۆڤایەتی مێر خاسانە بەجێ دەهێنێ. مرۆڤی كورد هەر كاتێك كارێك لە كارەكانی دادپەروەری ئەنجام دەدا هەست بە مەزنی و ئاسوودەیی دەكا. بەرێوەبردنی داد لە ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش بەپێی رێساو سەرەتاكانی فەڕەنسی بەرێوەدەچێ، لێرە دادگاكانی ((بەرایی))، ((پێداچوونەوە))،((هەڵوەشاندنەوەو بڕاندنەوە)) مان هەیە. ((مەلا مستەفا بارزانی لە



پیادەكردنی مافی بەزەیی و لێبووردندا سەرچاوەی كۆتاییە[1] گومانی تێدا نییە كە جەنگ نارێكی و شێواوی دەخاتە ناو هەموو بەدەنی كۆمەڵگاوە، لەبەر ئەوە سەركۆنەو لۆمەی گەلێك ناكرێ كە بەردەوام نەزانی و ئیستیبداد حوكمی كردووە، پێ لە عاتیفەو راسپاردە پیرۆزەكان بنێ، بەهەر حاڵ مرۆڤ چاوەرێ ئەوە ناكا لە ژێر بارانی بۆردومان دا، برێكی گەورە لە روناكبیری بدۆزێتەوە. هەروەها دادپەروەریش لە قەیرانێكدا گیر دەخوا كە لەسەرووی دەستەڵاتی خۆیەتی، ((عیرفان تاڵەبانی)) لە هەمانكاتدا دەستیكرد بە گێڕانەوەی چیرۆكی جاسووسێك كە یارمەتی دەری نانەوا بوو، هەڵدەستا بە گەیاندنی زانیاری لەسەر شۆڕش بۆ جاشەكان. ئەم جۆرە كەسانە لە ناو دڵی ((باوكە بێدار)) دا هیچ بەزەییەكیان پێ رەوا نابینرێ. ((باوكە بێدار)) ئارەزووی هیچ جۆرە ئاسان كارییەكیان لەگەڵدا ناكاو بێ دادگایی كردن داوای كوشتنیان دەكا، بەڕای ئەو ئەو جۆرە هەڵسوكەوتە، دەرس دانێكی هەموو ئەو جاسووسانە دەبێت كە پێ دزە دەكەنە ناوچیاكانی كوردستان. بوونی ئەو جاسووسانە ((مەلا مستەفا بارزانی)) ناچار دەكا كە لەژێر چاودێری پاسەوانە وریاكانی خۆیدا، رۆژانە جێگای مانەوەی خۆی بگۆرێ هەروەها جەنگێكی نهێنی گەرم و توندوتیژ بەداوێنی جەنگە ئەسڵییەكەوە هەیە. كوردەكان لە هاوكاری هەموو هاوڵاتییەكی خۆیان كەڵك وەردەگرن، هەروەها شانازی بەو هەواڵ گرە باوەڕ پێكراوانەی خۆیانەوە دەكەن، كە بە هەموو گۆشەیەكی عێراقدا تەنانەت لەناو بەغداد و بەناو

[1] سەرۆكایەتی دادگای باڵای كوردستانی ئازاد كراو لە ئەستۆی من دابوو، و من دەتوانم تیشكێك بخەمە سەر ئەم خاڵە. دادگاكانی ئێمە هەموو یاساكانی عێراقییان پەیڕەو دەكرد، جگە لە هەندێ یاسا كە مەكتەبی تەنفیزی دەری دەكرد، كە ئەم یاسایانەش بنەمایەكی ئینگلیزی – عوسمانی هەبوو لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم روحی قانوونی فەڕەنسیش تیایاندا بێبەش نەبوو، چونكە یاساكانی عوسمانی لەبنەماكانی فەرەنسییەوە وەرگیراون، دادگای باڵا لە پرسە شارستانییەكاندا سەرچاوەی كۆتاییە، بەڵام كاروبارە (جەزاییەكان) گەرچی (مەلا مستەفا بارزانی) كەم واهەبوو وەك سەرۆكی دەوڵەتێكی واقیعی دەستەڵاتی خۆی بەكاربهێنێ و مداخلە بكا، بەڵام بە كردەوە حەقی لێبووردن یا سووك كردنی حوكمەكانی بەدەست بوو.

فەرمانگەکانی حکوومەتیشدا، بڵاوبوونەتەوە. لە راستیدا هەر لە سۆنگایی ئەوەشە کە بەهەموو جموجۆڵەکانی هێزەکان ((میلاکات)) و تەشکیلاتی عێراقییەکانیان دەزانی و رۆژنامەکانی شۆڕش بێ شاردنەوە ئەم زانیارییانەیان بڵاودەکردەوە.

رۆژنامەکانی شۆڕش لە گوندێکی بچووك نزیك هێڵەکانی شەڕ چاپ دەکران، بەڵام بە چاکی شاردرابۆوەو لەناو دارستانێکی چڕو پڕدا بە جۆرێك لە چاوان ون کرابوو، سەرنجڕاکێش نەبێ و لە بینینی فڕۆکەکانەوە نەدیو بێ منیش بەدەوری خۆم وای بە چاك دەزانم ناوەکەی بە نهێنی بهێڵمەوە. مرۆڤ پاش ئەوەی بەناو کۆمەڵە باخێکی بچووکدا کە کەوتوونەتە ناو یەکترییەوە تێدەپەرێ، بەپێی خۆی دەتوانێ بگاتە ئەوێ. ((سامی)) بەرپرس و سەرپەرشتیارە، ئەو دامەزراوەیەك بەرێوەدەبا کە خاوەنی بایەخێکی زۆر گەورەیەو بە چاپ خانەیەك کە پیتە سندوقییەکانی بەدەست ریز دەکرێ، هەڵدەسورێ. لەناو ئەم دەزگایە مانگانە سێ رۆژنامەی کوردی دەردەچێ ((خەبات)) کە رۆژنامەی زمان حاڵی حیزبە، دوو هەزاو پێنج سەد دانەی لێ چاپ دەکرێ و گشت پرسە گەورە ساتە وەختییەکان و کاروباری گشتی بڵاو دەکاتەوە. بڵاوکراوەی ((هەواڵنامە)) کە زۆربەی پرسە سیاسییە ناوخۆییەکان و هەواڵ و باسی گشتی بڵاو دەکاتەوە. ((دەنگی پێشمەرگە)) کە پوختەی بەلاغەکانی جەنگ و کاروباری لەشکر بڵاو دەکاتەوە، ئەم چاپخانە سادەو سەربازییە کە بەئاسانی دەگوازرێتەوە، کەلتووری شارستانی لەگەڵ پاڵەوانیەتی سەربازیی بەیەکەوە بڵاو دەکاتەوە. هەروەها هەوڵ دەدا چەمکەکانی سیستەمی فیدراڵی و ئیئتلافی نیشتمانی جێگیر بکاو ئەو جیاوازییەش کە لە بەینی تێکڕای گەلی عێراق و حکوومەتی بەغدا دا هەیە روون بکاتەوە.

سامی بەم شێوەیە ئەمەی بۆ روون کردمەوە :

– ئێمە رق و کینەی بەرنامە رێژکراو دژی عەرەب جۆش نادەین، قەدەر هێناویەتی بەیەکەوە بژین، لەبەر ئەوە ئاواتی ئێمە ئەوە بووە بە ئاشتی بەیەکەوە بژین، بەڵام ئێمە ملکەچی مامەڵەی ئەوان نابین کە وەکو هاولاتی پلە دوو مامەڵە بکرێین، یاخود رەعیەت گەلێکی کۆیلەکراوی ئەوان بین، ئێمە پێش ئەوان لەسەر ئەم



زەوینە بووین، شارستانیەتی ئێمە هیچی لە هی ئەوان کەمتر نییە، ئەوەتە خۆت دەبینی، عەرەبەکان، نەزانی باڵی کێشاوە بەسەریاندا و هەژاری و ماڵ وێرانی پرزەی لێ بڕیون و، ملکەچی زوڵمی دەستەڵاتدارانیان بوون، دەیان چەوسێننەوەو قورسترین باجیان بەسەردا سەپاندوون، کە مەرامیان ئەوەیە بە دوو ئەنجامیان بگەیەنن.. ئەویش دەمارگیری ئایینی و دەمارگیری نەتەوەییە. بەڵام لە هەمانکاتدا لە عێراق ژمارەیەکی گەورە لە دیموکراسیخوازان هەن کە ئیقرار بە مافەکانمان دەکەن و باوەڕ بە دادپەروەرییەتی دۆزی ئێمە دەهێنن. وەکو حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی نیشتمانی دیموکراتی و حیزبی نیشتمانی پێشکەوتووخواز، هەروەها حیزبی بەعس هەیە کە پێشنیاری دەستووری دەوڵەتێکی فیدراڵی عەرەبی — کوردی بۆ عێراق کردووە.

لەم نووسینگە رۆژنامەوانییەدا کە بۆ لە دووچوونی دەنگوباسی بەرەکانی شەڕ و هەواڵەکانی تری جیهانییە. پرسەکان بە گرنگی پێدانێکی گەورەوە توێژینەوەیان لێ دەکرێ. لێرە تاو و توێ کردنی سیاسەت کە لە نێو تەقینەوەی بۆمباو دەنگدانەوەی تۆپدا، نەك لەسەر خوانێکی رازاوە یان لەهۆڵێکی ساردکراوەی نهۆمی سەرەوەدا ماناگەلێکی تر بەخۆیەوە دەگرێ. لەم نووسینگەیەدا ((شیوعییەت)) جێگایەکی فراوانی هەیە.

لەم بوارەدا کەس لە ((مەلا مستەفا بارزانی)) زاناتر نەبوو، ئەو کە هەر لە سروشتی خۆی هەستیار و پارێزگارە، بە پەلە کەوتە پاککردنەوەی حیزبەکەی لە کەسانی مارکسیستی توند رەو، ئەو لە ماوەیەکی درێژدا سەرنجی لە گۆشەنیگاو هەڵوێستە سیاسییەکانی شیوعییەکانی عێراق گرتبوو، و رواڵەتێکی ناکۆك بەیەکتری و بیرورِای تەمومژاوی نادیارکراوی تیایاندا بەدی دەکرد کە بەپێی سروشتی ژێرەوژوور بوونی پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و بەغدا هەڵوێستی خۆیان دیاری دەکرد.

هەروەها لە کوردستان حاڵەتێکی هەڵگەڕانەوەی چەکداری نزیك بە بەردەوامیی بوونی ئاگرەکەی هەبوو کە هەستی نارەزایی پتر جۆش دەدا و لە هەمانکاتدا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دەکرد. لەو کاتەدا لە 9ی تەمووزی 1963 لە

خولی سی و شەشەمینی ئەنجوومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەکێتی سۆڤیەت یادنامەیەکی دەربارەی قەڵاچۆکردنی ڕەگەزی گەلی کورد لە کۆماری عێراقدا خستەڕوو. هەروەها پرۆژەی دارشتنی بڕیارێکی پێشنیار کرد کە ئیدانەی ڕاشکاوانەی حکوومەتی بەغدا بکاو داوا بکا کە سنوورێکی کۆتایی بۆ کردەوەی سەربازی دابنرێ. لەو سەردەمەدا ((مستەر نەهرۆ)) ناڕازی بوو، و ڕایگەیاند کە ئەمە پرسێکی تەواو ناوخۆییە، کەچی لە هەمانکاتدا لەبەردەم هەیئەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مامەڵەی وەحشی گەرانەی هیندییەکانی ڕیسوا دەکرد کە لەلایەن حکوومەتی باشووری ئەفریقاوە پیادە دەکرا. جگە لە یەکێتی سۆڤیەت و چیکوسلۆڤاکیا بۆ ئیدانە کردنی عێراق کەسی تر دەنگی نەدا و پێشنیارەکە لەلایەن سێزدە دەوڵەتەوە کە لەناویان دا فەڕەنساو ئینگلتەراو ئەمەریکا بوو ڕەتکرایەوە. هەروەها هەوڵ دانی مەنگۆلیا بۆ ئەوەی دۆزی کورد بخاتە ناو لیستی کارەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەو پێودانگەی کە دۆزی کورد مەترسییەکەو هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی دەکا، بێ ئاکام مایەوە. پاش ئەوە ((مۆسکۆ)) دەستی کرد بەنزیکبوونەوە لە بەغداو چەکی بۆ نارد کە دەشی زانی لە کوێ بەکاری دەهێنێ. ئەم کاڵا کوشندەیە دەخرایە ناو سندوقەوە و لە ڕێگای چیکوسلۆڤاکیاوە بە فڕۆکە دەگەیشتە عێراق. بەڵام ((عەبدولناسر)) کە لەم جۆرە هەڵوێستەدا تەنیا بە وریا و ژیر دەتوانرێ وەسف بکرێ ئەوەش نەك لەبەر خۆشەویستی ئەو بۆ دۆزی کورد بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی کە پەی بە بوعدەکانی دۆزەکە بردبوو و لەبەر ئەوەی نزیکەی یازدە هەزار سەربازی میسری لە عێراق هەبوو) ئامانجی سەرەکی ئەو هێزانەی میسر ئەوە بوو بواری ئەوە نەبێ شۆڕشێکی ناوخۆیی دژی حکوومەتی لەسەرکار هەڵبگیرسێ. لە سەرەتای ساڵی 1966 ڕۆژنامەکانی ئێران وایان بڵاو کردەوە کە ئەم هێزانە بۆ شەڕی کورد نێردراون. بەڵام لێرە ئەسیرەکان تەئکیدیان لەوە دەکرد کە یەك تاکە سەربازی میسریان لەبەرەکانی شەڕ نەدیوە. بە ڕواڵەت وا پێدەچوو ئەو ئەسیرانەی ئێرە ڕێزێکی زۆریان بۆ سەربازانی میسری نەبوو.



چاپخانەی شۆڕش لە خانوویەکی شاخاویدا دامەزرێنرابوو کە بە شتێکی تایبەتی لە خانووەکانی تر جیا نەدەکرایەوە، ئەو مادەیەش کە خانووەکەی پێ بنیاد نرابوو قوڕی سوور بوو. قوڕی سوور تێکەڵێکە لە گڵ و کای کوتراو کە بەدەست شێلدراوەو لەبەر خۆرەتاو هەڵ دەخرێ.

لەناو خانووەکەدا دوو دەلاقەی بچووك لە بەرزییەکی کەم بەسەر زەوییەوە لە دیوارەکاندا هەبوو کە وەکو پەنجەرە بوون ڕووناکی لێ دەهاتە ژوورەوە، ژووری دانیشتنەکە کەلوپەلی تێدا نەبوو. ئاگردانێکی سەرەتایی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدابوو کە هەروەکو گۆزەیەکی سك هەڵ ئاوساو دەچوو بە نێو تەختایی ژوورەکەدا کە پەستابویانەوە دانرابوو. هەندێ ڕایەخ و پێخەفی لێ بوو بەدەستی ئافرەتەکانی گوندەکە گوڵچین کرابوو. بنمیچی ژوورەکە بە کۆمەڵە لق و داری بچووك بەسەر چەند کۆڵەگەیەکی خوارو خێچی دار سپێندارەوە دارەڕێ کرابوو. لەو بنمیچە هەموو جۆرە زیندەوەرێکی کە لە کوردستان دەژی و مایەی هەراسانی و بێزارکردن بوون هەر لە جرج و مشکەوە تا دەگاتە مار و دووپشك لە وێدا هەبوو.

خاوەنی ئەو ماڵەی کە لێی مامەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی خەوتنمدا لە پێشهاتی ناخۆش و کت و پڕ بمپارێزێ، هەوڵی دەدا هەندێك ئیحتیاتی خۆپاراستنم بۆ بکا، بە پارچە قوماش یاخود کارتۆن سێبەری بەسەر سەرمدا دروست دەکرد، هەر چەندە من خۆم حەزم دەکرد لەهەوای بەرەڵاداو لەژێر ئاسمانی شیندا بنووم و خۆم لەجموجۆڵ و خشپەخشپی بنمیچەکە یان ئەو چەترەی بەسەر سەرمەوە دروستی کردبوو، لە کاتی شەودا ڕزگار بکەم. هەروەها لە خانووەکەدا دەلاقەی ئەستوور هەبوو کە لە قوڕێکی خەست و بەهێز ساز کرابوو، کونی ڕێکوپێکی تێدا بوو کە بۆ چوونە دەرەوەی دووکەڵ بوو. ڕۆژێك لەو پەنا تەریك کەوتووەدا کە ((بابا نوئێل))[1] فەرامۆشی کردووە جووتێك دووپشکی ماڵیم بینی دەیانویست بەرەو خۆرەکە بێن. بەڵام کە من نزیك

[1] مندالآن لە ئەوروپا بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونەوە لە دەلاقەو پەنجەرەکانیانەوە پێشبینی دیاری (بابا نوئێل) دەکەن.

بوومەوە دەسبەجیٚ لیٚك بلاٌو بوون و بەرەو دواوە گەڕانەوەو لە نیٚو پوش و پەلاٌشی تیٚکچڕاوی بن میچەکە خۆیان شاردەوە. لە کوردستان خەلٌکی بەسەر بانە تەختەکانەوە پیاسەدەکەن و شەوانە لیٚی دادەنیشن و یاری لیٚ دەکەن. مالٌەکان هەندیٚکیانی بە هەندیٚکی تریانەوە نوساون و بەبناری چیاوە پالٌیان داوە. ئەم سەربانانە تاکە ریٚگای هات و چۆن بەناو گوندەکەدا. لەسەر هەموو سەربانیٚك باگردانیٚکی شیٚوە لوولەیی لەبەرد چاك کراو کە لەکاتی باراندا بۆ کوتانەوەو بان گیٚران بەکاردیٚ، هەیە. نووسینگەی رۆژنامەوانی هەروەکو زۆربەی مالٌەکانی ئەو ولاٌتە بەلای رۆژئاوای دا بەر هەیوانیٚکی بەر کراوە هەیە کە بن میچەکەی بەسەر کۆلٌەگەوە راوەستاوە، هەیە لەویٚوە ئافرەتان دەپەرژیٚنە سەر کاروباری خۆیان کە پیٚویستی بە ئاگر کردنەوەیە. هەروەها هەندیٚك قەفەزیش هەیە کە هەندیٚك پەلەوەری مالٌی تیٚدایە.

کوردستان پڕە لە دووپشك و مار بە تایبەتی لە رۆژانی گەرمدا. کورد تەئکیدیان دەکرد کە کوردستان تاکە ولاٌتە کە بەتەنیا ((کورە مار))ی[1] لیٚ هەبیٚت کە دایکە مارانەی ئەسلٌی هەموو مارانە، ئەفسانە دەلٌیٚ کە ئەم مارە ((کەشتی نوح))ی[2] کون کردووە، وەکو دەشلیٚن هەمو خشۆکەکانی تر لەوەوە هاتوون. مار بەبەردەوامی رۆلیٚکی گرنگی لە ژیانی دانیشتوانی رۆژهەلاٌتی ناوەڕاست هەیە. هەر ئەمەش دەرکەوتنی ویٚنەی مار لە سەولٌەجانی ((مارس))ی سیحری و کردنی بە دروشمی ((ئیسکلیپۆس)) خواوەندی پزیشکان و حەکیمان، شیدەکاتەوە مار لەناو ئەفسانەو چیرۆکەکانی کوردستاندا وەکو زیندەوەریٚکی بەسام و پڕ لە نهیٚنی بەدەردەکەویٚ و پیٚ

---

([1]) دانەر بە ((ئورامار)) نووسیوویەتی بەلاٌم من زانیم کە مەبەستی ((کورەمار)) بووە. ئەم جۆرەمارە ماریٚکی زۆر ناسراوە لە کوردستان و سەر گەورەی هەموو مارەکانەو ژەهریٚکی کوشندەی هەیە و لەزەرفی چەند کاتژمیٚریٚکدا کاری خۆی دەکا، ئەم ناوە ناویٚکی ئاویٚتەی کور = کویٚر. واتە ماری کویٚر. ئەمەش چونکە کەلەی سەری زۆر بەباری پیٚشەوەدا چەماوەتەوە. جا وەکو کویٚر دیٚتە بەرچاو. هەندیٚکیان دەگاتە دوو مەتر و تیرەکەشی 10-13 سم دەبیٚ و کلکی کورتە.

([2]) ئەوە لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی ئایینییە کە لە ناو یەزیدییەکاندا بلاٌوە.



یان وایە پاسەوانی لەگەزنە و گەنجینە شاراوەکان دەکا. بچینەوە بۆ سەردەمانی دواوە دەبینین لە داستانەکانی یۆنانیدا هەژدیها جیٚگای ماری گرتۆتەوە تا وردە وردە پیٚ دزکە بکا بۆ هەموو گۆشەیەك لە گۆشەکانی جیهان و دەچیٚتە ناو ئەفسانەکانی رۆژهەلاٌتی دورو ولاٌتی جەرمان. لە ولاٌتی کورد دا تۆ چواردە خیٚزانی جۆر بەجۆر لە مار دەبینی، چوار لەوانە یەکجار ترسناکن، لە کاتی هاتنی فرۆکە بۆم ریٚکەوت جۆریٚکی سەیر ببینم. من لە ناو کۆمەلٌە بەردیٚکدا خۆم شاردبۆوە کە لە ناکاو فیشکەیەکی ترسناك هاتە بەر گویٚم لە جیٚگای خۆم وشکی کردم، کە ئاوڕم دایەوە چاوم بە ماریٚکی زەبەلاحی خاکی کەوت، رەنگی لە ماسی سالمۆن دەچوو هەر تەنیا هەنگاویٚگ لیٚمەوە دوور دەبوو. خەریك بوو خۆی دەخشاند چاویٚکی زەرد ((بەچاوی شوم))ی، هەر وەکو لە کوردستان دەلٌیٚن، تیٚمەوە بڕیبوو، وام بە خەیالٌدا هات دەیەویٚ بەو چزوە دوفاقەیەوە پیٚمەوە بدا، ئیتر وام لیٚهات لە نیٚوان دوو مەترسیدا سەرپشك بم، مەترسی مارو مەترسی رۆکیٚتەکان، بیٚگومان مارەکە ترسناك تربوو. بەلاٌم بای دایەوەو لە نیٚوان دووبەردا بە هیٚواشی، هەروەکو تارمایی کە لەبەرچاو ون دەبیٚ، ئاوا لەبەر چاوم ون بوو، مارەکە بەلایەنی کەمەوە دوو مەتر دریٚژ دەبوو. بەلاٌم تا لەو جیٚگایە نەرۆیشتم لەبەر چاووم ون نەدەبوو. بەلاٌم دەربارەی دووپشك وەکو هەموو جیٚگایەکی تر لە کوردستانیش دوو جۆر هەیە جۆری زەرد کە لەسەر زەوی دەژی، و جۆری رەش کە لە ناو مالاٌندا هیٚلانە دەکا، پیٚوەدانی زەردەکە ئازاری هەیە، بەلاٌم تەشەنا کردنی زیٚدەباری بەدوادا نایەت، بەلاٌم رەشەکە جاروبار ژەهریٚکی کوشندە دەریٚژیٚ. ئاشکرایە دەرمانیٚکی دژە ژەهر لە کوردستان نییە، بەلاٌم هەموو گوندیٚك یا هەواری رەشمالٌیٚك دەرمانی شیفا بەخشی خۆی هەیە کە لە گژوگیا ئامادەی دەکەن. ئەوەش نهیٚنییەکی تایبەتی و پاریٚزراوە. بەلاٌم دکتۆر حیکمەت تەئکیدی دەکرد کە ئەو دەرمانانە تەنیا کاریگەرییەکی سرکەرانەی هەیە. بەگویٚرەی رای ئەو حالٌەتی مردن بە هۆی پیٚوەدانی مارو دووپشکەوە کەمە. جگە لەوەش ئەو تیٚبینی ئەوەی کردبوو کە ئەم خشۆکە ترسناکانە لەکەش و هەوای دۆزەخ ئاسای جەنگدا غەریزەی دڕندانەی تیٚدا وریا دەبیٚتەوەو چالاك دەبیٚ، بەتایبەتی لە گۆڕەپانی شەڕدا، لە کاتی

بۆردومانی رۆکیت مارو دووپشك بەرچاو دەکەون کە هەڵـدێن، وەرێـك دەکـەوێ کـە بەسەر لەشی ئەو پێشمەرگانەدا دەڕۆن کە لەسەر زەوی پاڵ کەوتوون بێ ئـەوەی هـیچ یەکێکیان ئازاریان پێ بگا.

هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد لەو گوندە بەو رادەیە پـشوو بـدەم و بحەسـێمەوە کە لەخۆزگەی خۆم تێ پەڕیکا. مێشکم لە دەنگدانەوەی تۆپ و گیزە گیزی فڕۆکەکان شۆرایەوەو شەوێکی ئەوەندە ئارامم بەسەربرد کە بەدرێژایی مانەوەم لە کوردستان بـۆ رێك نەکەوتبوو. ئەوێ وەك مێرگێکـی ئاشـتی لـەناو بیابـانێکی سـوتێنەر، بەسـەر بەرزاییەك لە بەختەوەری کە لـە ناوەڕاسـتی ((کونـشرتو)) یـەکی جەهەنەمیـدا بـێ. گوندەکە سەرەڕای ئەرکی رەسمی و رۆژنامەوانی، میوانداری دوو کەسـایەتی گـەورەی دەکرد یەکێکیان ((عـەباس ئاغا)) سەرۆکی عـەشیرتی ئاکۆ، و شـێخ لـەتیف[1] کـوڕی ((شێخ مەحموود))ی بەناوبانگ کە یەکێك بوو لە پێـشەنگەکانی خـەباتی نیـشتمانی کورد. ژیان لێرە پێداگری لەسەر مافەکانی خۆی دەکا. بەرەبەیانی ئـەو رۆژە لەبۆنـەی زەماوەندێکی بووك گواستنەوەدا کە لەگوندەکە داکرا، چـی خواردەمـەنی پێـشکەش کرا، پێی بەهرەمەند بووم، حەلوایەك کە پێی دەگوترا ((ئکەرشیك))[2] لەسەر شـێوەی پێڵوی چاو، پڕ لە گوێزو ناواخن کرابوو. گـژو گیـای بـۆن خۆشـی لەگەڵـدا تێکـەڵاو کرابوو. پەندی کوردی دەڵێ ئەم حەلوایە وەکو ئەو ئافرەتە وایـە کـە دەتـوانێ بـەنازو لەنجەولاری سەرنج راکێش و دلگیربێ، بێ ئەوەی پێویستی بەوەبێ دیمەنی جوان بێـت. خواردنەکان سادە بوون، بەڵام بەتام بوون، جێگـای بـووك و زاوا لاوەکـە لەبـەردەمی دەرگاکە بوو. زاوا تفەنگی خۆی بەشانییەوە بوو، بـووکیش بەچارشـێوێکی درێـژەوە، رووپۆش کرابوو. برای زاواش لەگەڵیاندا بوو. رادیوی ((دەنگـی کوردسـتان)) سـرودی

---

[1] عەباس مامەند ئاغا لە کاتی دانوسەندنەکانی 1966 لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی بەغـدا کۆچی دوایی کرد. بەڵام شێخ لەتیف لەساڵی 1972 کۆچی دوایی کرد.

[2] نازانم مەبەسی دانەر چ جۆرە حەلوایەك بووە، لەوانەیە ناوەکەی لێ تێك چوو بێ. لەوانەشە بەپێی ئەو وەسفەی داویەتی ((کولیچە)) نزیکترین شت بوو بێ یاخود لەوانەیـە مەبەسـتی ((شەکلەمە))بوو بێ.



نیشتمانی ((ئەی رەقیب)) ی بڵاودەکردەوە. ئەم سرودە ئاماژە بە مافە مێژووییەکانی گەلی کورد و تێکۆشانی ئەو دەکا لە پێناوی ئازادی خۆی دا. ئینجـا بـەدوای ئـەودا بەلاغی جەنگی دەربارەی چالاکییەکانی بەردەوامی پێشمەرگەی لە هەموو بـەرەکانی شەڕدا بڵاودەکردەوە وێرای هێمنییەکی کەم کە لەبەرەکانی شەڕدا هەبوو. پـاش ئـەوە خاوەنەکانی ئەم بانگهێشتە پێکەوە سرودی جـەنگی تایبـەت بەپێـشمەرگەیان گـوت (ڕاپەرن، بـڕۆن بـۆ پێـشەوە)) هەنـدێك لەوانـە دروشمـی نیـشتمانییان لـەلای چـەپی چاکەتەکەیان دابوو. بەهەقیقەت رادیوی ((دەنگی کوردستان)) لە نـاو خـاکی عێـراق دایە نەك لە ناو خاکی ئێراندا وەك بەغدا بانگەشەی بۆ دەکـا. ئێـستگەکە دەکەوێتـە جێگایەك لە شارۆچکەی ((گەڵاڵە))، و حکوومەتی عێـراقیش سـەرەڕای گەزافەکـەی پێشووی خۆی، ئەم راستییە دەزانێ. چونکە ناوە ناوە فڕۆکە (هاوکر هنتر)ەکانی خـۆی بۆ بۆردومان کردنی ئێستگەکە دەنێرێتە سەر ئەو ناوچەیە، کاتێك لە تاریکـایی شـەو دا دەمویست بۆ رۆیشتن خۆم ئامادە بکەم روناکی بلێسەیەکی گەورە لـە نزیکمانـەوە تاریکی شەوی شەق کرد، لەژێر روناکییەکەدا، لە پێچی ئاوی جۆگاکە کۆمەلێك بـۆق هاتنە بەر چاو، من راچەنیم، هاورێکانم لە و تۆقینەی مـن دایەنـە قاقـای پێکـەنین، دابی ئەوێ وا دەخوازێ ((برای زاوا)) بە ئـاوایی گوندەکـە رابگەیـەنێ کـە زەماوەنـد کۆتایی هات و لە خراپترین و نارێکترین هەلومەرجی نیگەرانیدا هەموو شتێك وەکـو پێویست بەرێوە چوو.

نزیك بوونەوەم لەبەرەی شەڕ منی گەیانـدە گونـدی ((بـۆڵێ)) لـەوێ بەپەلـە دوو خەستەخانە ئاواکرابوون یەکێکیان سەربازی و ئەوی تریان شارستانی بـوو. دەرمـان و کەرسـتەی پزیـشکی ئـەوێ، زۆر لـەوە کـەمتر بـوو کـە لای خۆمـان لەبنکەیـەکی فریاکەوتنی مەیدانی دا هەیە. ئەم دوو خەستەخانەیە، بریتـی بـوون لـە دوو خـانووی لەتەنیشت یەکترییەوە، زەوی ناو ژوورەکانیان لە قوڕی کوتراوە بوو، بەبن دیوارەکـانی ناوەوە سەکۆی بـەرز دروسـت کرابـوون، ئەمانـە وەکـو قەرەوێلـە بـۆ برینـدارەکان و نەخۆشەکان بەکاردەهات، بەڵام ژووری نەشتەرگەری ئەوەندە تاریك بوو، مرۆڤ بەزەیی پێدا دەهاتەوە، ئەم ژوورە لانی هەرەکەمی ئامرازی نەشتەرگەری تێدا نەبوو، رونـاکی

ژوورەکە بە هۆی چرایەکی نەوتییەوە دابین کرابوو. دکتۆر حیکمەت ناچار بوو بەکەمترین توانای کەلەبەر دەست دایەو هەلومەرجەکە ڕێگای پێ دەدا بەکەرەسەی تەندروستی و پاکژ کردنەوە، قەناعەت بکا.

خەستەخانە شارستانییەکە کەسی لێ نەبوو، بەڵام خەستەخانەی سەربازی هەشت برینداری تێدابوو کە بەساچمەی بۆمباو گوللە بریندار بوو بوون، بەڵام برینەکانیان جێگای مەترسی نەبوون. لە ناویاندا برینداڕێك هەبوو، نیوەی باسکی ڕۆیشتبوو، ئەمەیان ترسناکترین حاڵەت بوو. ئێرە بنکەیەکی فریاکەوتنی سەرەتاییە. حاڵەتە ترسناکەکان لە خەستەخانەکانی پاشەوە چارەسەر دەکرێن. ئەوان دەکەونە لێواری ڕێگاکەو کەمێك لێرە باشترن. لەوانە خەستەخانەی (ناو پردان) بوو، لێرە هیچ ئامرازێك بۆ گواستنەوەی بریندارە سەختەکان نییە جگە لەوەی بەسەر پشتی پیاوانەوە، یاخود لەسەر پشتی ئەسپ و وڵاخ بەناو ئەو ڕێچکە شاخاوییانەدا ماوەیەکی دورو درێژ بیان گوازنەوە. زۆر لەوانە بەرگەی ئازاری ڕێگاکە ناگرن. بەڵام تاکە ئومێدی ئەوان بە ژیان، کە هێشتا هەناسەیەکیان تێدا ماوە، ئەوەیە بگەنە خەستەخانە. بەڵام دەرمان ئەوە واوەیلا بەحاڵییەتی، چونکە لە زێڕ نایاب ترە، زۆر جاریش وا هەیە سارێژبوونی برین و یەك گرتنەوەی ئێسك، تا لەخۆیەوە دەوری خۆی ببینێ بۆ سروشت بەجێ دەهێڵرێ. هەرچەندە ئێران چارەسەرکردنی ئەو بریندارانەی ڕەت نەدەکردەوە کە دەگەیشتنە سەر سنوورەکانی. هەروەها چارەسەری دانیشتوانە شارستانییەکانیشی دەکرد لە قوربانیانی بۆردومانەکانی فڕۆکەکان. گیر و گرفتی تەندروستی وەك ئاڵۆزترین گیروگرفتی ئەو جەنگە ماوەتەوەو لە هەموو گیروگرفتەکانی تر زیاتر جێگای غەم و کەسەرە.

من سوێند دەخۆم، خواوەندیش بەسەر قسەکەمەوە شایەتە کە گوندی ((بۆلێ)) هیچ بارەگایەکی سەربازی یاخود جێگایەکی لێ نییە کە سیفەتی جەنگی بەخۆ یەوە گرتبێ. بەڵام ئەم ڕووداوە ئاوا بوو: ڕۆژی هەینی بوو، کاتژمێر دوو نیوی پاش نیوەڕۆ بوو، تازە لە نانێکی سووکی ژەمی نیوەڕۆ لای دکتۆر حیکمەت تەواو بوو بووین، و لەژێر هەیوانی خانووەکەدا خەریك بوو دەچووینە ناو وت و وێژەوە، لە کاتی چا



خواردنەوەدا، دوو فڕۆکەی ((مێك)) گەیشتنە سەر سەرمان، دەنگدانەوەی بۆردومان کە لە بەرەی شەڕدا دەهاتە گوێمان، تا فڕۆکەکان نەگەیشتنە نزیك مانەوە نەی هێشت گوێمان لەدەنگیان بێ. فڕۆکەکانمان بینی بەسەر دۆڵێکی بچووکەوە، ئاسۆگەیان داگرتبوین، پاشان یەك بەدوای یەکتر دا داهاتنە خوارەوە، دوو تەنی گەورە هاشەیان لێ دەهات، زۆر نزم بووبوونەوە تەنانەت وامان خەیاڵ دەکرد کە ڕەنگە خۆیان بە ڕووکاری خانووەکەدا بدەن. ئێمە خۆمان بەزەوی داداو ڕیزێك گوللەی دۆشکە بەچوار دەورمان دا بڵاو بوونەوەو ڕیزێك کونی یەك بەدوای یەکیان لە دیوارەکە کردبوو، گوللەیەکیان بەر کۆڵەگەیەك لە کۆڵەگەکانی بەر هەیوانەکە کەوت و کردییە دوو کەرت و پارچەیەکیان کەوتە ناو مەنجەڵێکەوە دەنگێکی زرنگانەوەی لێ دەهات دەتگوت یەکێك زەنگێکی کارەبایی لێ دەدات، ئەو مەنجەڵە لەوێ بۆ کوڵانی شیر بەکاریان دەهێنا. هەر ئەوەندە فڕۆکەکان تێپەڕین تا بسوڕێنەوە، دکتۆر حیکمەت، ڕای کێشام تا خۆمان لەناو کۆمەڵە بەردێکدا بشارینەوەو خۆمان لەبن نوای بەردەکان مات بکەین لەو جێگەیەماندا ناتوانێ هێرشمان بۆ بکاو بمان ئەنگێوێ، برین پێچەکان بەهەست کردنێکی بێ وێنە بە لێپرسراوێتی خۆیانەوە. بریندارەکانیان هەڵدەگرت، یاخود دەچوونە ژێر شانیانەوەو بەشەلە شەل بەرەو جۆگای ئاوەکەیان کێش دەکردن کە بەبەردەمی ماڵەکانی گوندەکەدا دەڕۆیشت. خەڵکی گوندەکە لەژێر دار سپیندارەکەدا کۆ ببوونەوە، ئەوان هەستێکی غەریزی پاڵی پێوە دەنان کە ئەویش بریتییە لەوەی مەترسی لەو کەسە دور دەکەوێتەوە کە باکی بەترسان نییە؟ ئەو گوللە بارانە بەو قریشکە تیژە زرنگاوەیەوە، دابەش کردنێکی مۆسیقای ((ڤاك نیری))[1] بۆ بوولێڵی مرۆڤایەتی پێك دەهێنا. لەوێ ((حەربایەکی)) لێ بوو، بە هۆی دەنگە دەنگی ئێمەوە بەبەرو پشتدا خۆی ئاوەژو دەکردەوە، حەرباکە بەسەر کۆمەڵە بەردێکەوە بوو چاوی تێمانەوە بڕی بوو و سیمایەکی گیلانەو دوو چاوی دەرپەڕیوی

(1) مەبەست ((ڤاگنیر)) ((وگنر)) مۆسیقاری بەناوبانگی ئەڵمانییە، کە دابەشکردنێکی خۆ — بەخۆی هەیە، لە مۆسیقایەکی ئەو پەری بەهێز و تیژەوە بۆچوونە ناو مۆسیقایەکی بەسۆزو نەرم و کت و پڕ.

هەبوو، فوی لە قورگی دەکردو بەسەر دوو قاچی پێشەوەی بە هاوسەنگییەکی خۆ بەخۆیی هاوسەنگی خۆی ڕێك دەخست. ئەم گیانلەبەرە کەبەر لە مێژوو هەبووە، بەردەوام جێگای گرنگی پێدانی کورد بووەو ئەوان پێی دەڵێن ((مار ئاسمان)) واتە ماری ئاسمان، ئەوان تەئکیدیان دەکرد کە ئەم گیانلەبەرە نە خواردنی هەیە و نەخەوی هەیەو نە ئاویش دەخواتەوە، کاتێ ڕەنگی لەشی خۆی دەگۆڕێ و بە ڕەنگاو ڕەنگ خۆی دەنوێنێ ئەوان پێیان وایە ئەوە تابلۆیەك لە ((پەلکە زێرینە-کەسك و سوور)) دەنوێنێ و توانای ئەوەشی هەیە پیاو بکاتە ئافرەت و، ئافرەتیش بکا بە پیاو! تەقینەوەیەك لەسەر سەرمانەوە تۆزو گەردێکی بڵاوکردەوە کەچی حەرباکە هەستی پێ نەکرد، بەڵام تەقینەوەکە هات و هاوارو ناڵەو فیغانێکی گەورەی لەژێر دار سپیندارەکاندا نایەوە.

دکتۆر حیکمەت لەسەرەوەرا خۆی خستە خوارەوەو دەستی کرد بە خلۆربوونەوە تالای سەرەوەی باخەکە کە لەوێ فڕۆکە میکەکان ئاخرین خولی خۆیان دەخواردەوە. نۆ بریندار لە ژێر دارەکاندا کەوتبوون. پێنج ئافرەت و سێ لاو، پیاوێك، ئەم پیاوەیان دەم و چاوی لە خوێندا نقوم بوو بوو، چاوی ڕاستی لە قوڵکە دەرپەری بوو. دیمەنێکی سەرسامهێنەربوو، لەو دیمەنانەی کە شیکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە. لەگەڵ بریندارەکاندا بەناو ئاهەنگی مەترسی و ناڵە ناڵەوە چووین بۆ خەستەخانە، چوومە ژێر شانی ئەو پیاوەیان کە چاوی دەرپەری بوو، وا دەردەکەوت ئاخرین هەناسەی ژیانی دەدا، یەکەمین هەلی چارەسەرکردن بۆ ئەو بوو، قوڵکەی ئەو چاوەیانی کە چاوەکەی لێ دەرپەریبوو بەپێی توانا بە گیراوەی ((میرکوری کروم)) پاکژ کراو ئینجا هەندێك مەرهەمی پەنسلین لەسەر پارچە لۆکەیەك خرایە سەری و بۆیان پێچا. دوای ئەوە دەرمانێکی ئارام کەرەوەیان دا بەو پیاوە بەد بەختە تا خەوی لێ بکەوێ! پاش ئەوەی دکتۆر حیکمەت لەوە تەواو بوو گوتی:

- لەوە زیاتر ناتوانم هیچی تر بکەم.

پاش ئەو، ئەو ژنەی کە برینەکەی لە هەموویان سەخت تر بوو، هێنایان، تەنیشتی ڕاستی ئاوەڵە ببۆوە، دکتۆر حیکمەت سەیری ئەو برینە ترسناکەی کردو



بەدەست شوێنی گۆشتە دڕاوەکەی دەستنیشانکرد... ژنەکە لە هۆش خۆی چوو بوو... پیاو بەڕوونی دەی توانی ناو هەناوی ببینێ... گرژبوون و لێك کشانەوەی سییەکانی دیاربوون. لێرە هەموو سەرەتاکانی زانستی پزیشکی لە دروست کردنی کارێکی گەورە دەستە وستانە.. لێرە پیاو دەبێ داهێنەر بێ. پاش ئەوەی دکتۆر بریندارەکەی پاکژکرد. بەخێرایی برینەکەی دوورییەوە. ئینجا ((میرکوری کروم، ئینجا پەنسلین و دوای ئەویش ئارام کەرەوە. کیژۆڵەیەکی تر ڕواڵەتی هیلاکی پێوە دیار بوو، نیوەی قژی سەری داماڵرابوو، بەڵام ئازایەتی ئەوەی لە خۆی دەبینی کە زەردەخەنەیەك بکا، لەگەڵ ئەوەشدا بەگوشارێکی کەم لەسەر پەنجەکانی وای لێ هات لە دەست ئازار هاوار بکا، منیش بەشداریم لە برین پێچان و بەستنەوەی برینەکەیدا کرد، بریندارەکانی تریش لەدەست پڕیشك و ساچمەگەلی هەڵبەزیو بۆ سەرسەریان یان پارچە بەردی پەڕیوەوە دەیان ناڵاند، کە لە ئەنجامی هەڵ بەزینەوەی گوللەکان یا ساچمەی بەردو دار بەسەریان دا هاتبوو. لەوێ ((میرکوری کروم)) و پەنسلین دوو دەرمانی گشتی بوون. برین پێچان کۆتایی هات و چووینە دەرەوە تا گەشتێك بەناو گوندەکە دا بکەین. من شایەتی دەدەم بێ ئەوەی لە بەرپەرچ دانەوە بترسێم کە ئاراستەی بۆردومانەکە لەسەر هەردوو خەستەخانەکەو ماڵی دکتۆر حیکمەت چڕ کرابۆوە، دکتۆر حیکمەت پێی گوتم:

- ئەوانە چونکە سوپاکەیانم بەجێ هێشتوەو هاتوومەتە ناو ریزی هاو خوێنەکانی خۆمەوە، چاوپۆشیم لێ ناکەن و لەسەرمەوە ناچن.

گوتم:

من تەنیا بۆ ئەوە هاتومەتە ئێرە تا شایەت بم کە چۆن دەست درێژی دەکرێتە سەر بەها مرۆڤایەتییەکان و بەچاوی خۆم پێ شێلکارییەکان ببینم و بەریسواکردن ریسوایان بکەم.

- ئەمە چ سوودێکی هەیە، ئایا ئەمانە دەبێ بکوژن و ببڕن و تۆقاندن بڵاو بکەنەوە؟ ئەمە جەنگ نییە، ئەمە وەحشیگەرێتییە.

دکتۆر حیکمەت سێ برای هەیە، دوانیان لە لەندەن دەژین، یەکێك لەوانە کچێکی فەرەنسی هێناوە، سێیەمیان لە ئەڵمانیایە، ژنەکەی دکتۆر حیکمەت و سێ منداڵەکەی لە بەغدا دەژین، بەڵام ئەو شتێك لە بارەیانەوە نازانێ. وێنەکانی پێ نیشان دام پاشان گوتی:

- کاتێ هاتمە ناو شۆڕشەوە ژنەکەم لە هەولێر مامۆستابوو، دەست بە جێ گواستیانەوە بۆ باشووری عێراق، پاش ئەوە خستیانە بەندیخانەوە ساڵی 1965 وەکو ئاگاداریان کردمەوە، ئازاد کراوە. ئێمە لە پێناوی تاکە ئاواتێکی خۆمان، قوربانیمان بەهەموو شتێك داوە ئەو ئاواتەش : سەرکەوتنە، دەشبینی بەو دوو دەستە بێ دەستەڵات و بەتاڵەوە ناتوانم خزمەتی براکانم بکەم بەڵام ئەو پشوو درێژی و ئارام گرتنەم هەیە کە بتوانم وەکو پێویست پیشەکەی خۆم بەرێوە بەرم...

دوای ئەوەی ((بۆڵێ)) مان بەجێ هێشت فڕۆکەیەکی ((ئەلیوشن)) مان بینی کە کت و پڕ لێمان دەرکەوت، ملێکی درێژی هەبوو هەروەك ملی لەق لەقێکی زەبەلاح دەچوو. لەبەینی دوو بەرد دا پاڵ کەوتم و عەدەسەی کامێراکەم ئاراستە کرد، فڕۆکەکە لە کاتێکدا لە حاڵەتێکی ئاسۆیی دابوو دەستی کرد بە سوڕانەوە، لەو حاڵەتەدا تیشکی رۆژ دەکەوتە سەر سکییەوە رەنگێکی زیوی دەدایەوە. هەستێکی جارز کەر سەرو هۆشی داگرتم و وام بەبیر دادەهات ئەو فڕۆکەیە بەتایبەتی بەدوای من دا هاتووەو هەستم کرد ئەم جارەیان مردن گورزی پیسی خۆی دەوەشێنێ بێ ئەوەی چاوەڕێی سزادانێك بکا.

به راشکاوی هەستی خۆم بە ((سامی)) گوت کە چوار مەشقی لە نزیك منەوە دانیشتبوو، تەماشام کرد ئەویش هەمان بۆچوونی منی هەیە[1]. بەڵام ئەنگاوتنی مرۆڤێك بەبۆمبا لەبەرزییەکی ئاوادا هەولێکی هیچ بوو، وەکو ئەوەی هەوڵ بدەی بە دەمانچە، مێشێك بەسەر دیوارەوە بئەنگێوی. فڕۆکە ئەلیۆشنەکە بەچوار دەوری ئەو دارستانی دار بەڕووەدا دەستی کرد بە پشکنین و گەڕان بە سەر ئەو خانووە مردوانەدا کە تەنانەت سەگەکانیشیان بێ دەنگ بوون، پاشان بەسەر سەربانەکانەوە سوڕایەوەو لەو کاتەدا وەکو بە نەزانی و بەهێواشییەوە بەسەر کۆمەڵە بەردێکەوە کە هیچ جووڵانەوەیەکی تێدا نییەو پەل بکوتێ ئاوا دەهاتە بەرچاوم. ((سامی)) بانگی سەرۆکی پاسەوانەکانی کرد، ((کاکە عوسمان)) ئەو برا پیرەمێردە! کە هەر لە جێگای خۆی لەسەر زەوی پاڵ کەوتبوو. بەئارامی و توندوتۆڵییەوە وەڵامی دایەوە: وا هەڵدەستێ تا بزانێ ئەو دەنگە دەنگە چییە. لە ناکاو ئەلیوشنەکە لە خولێکی کورتدا سوڕایەوەو ئەو ژێر سکە سپییەی وەدەرکەوت ئێستا لەم شێوەیەیدا وەکو لەقلەق ناچێ بەڵکو وەك سەگی دەریا دەچێ، داهاتە خوارەوە پاشان بەرزبۆوە، بۆمبایەك، دوو، سێ، چوار بۆمبای فرێدا، ئەو بۆمبایانەی لەژێر سکییەوە فڕێی دەدا لەبەر تیشکی خۆرەکە لێك جیادەبوونەوە، زۆر بە ئاشکرایی دیتم لە هەوادا خۆی بەروپشت

(1) دوورنییە ئەم فڕۆکانە بەتایبەتی بۆ بەدواکەوتنی نووسەر نێردرابن. لە بەغدا گرنگییەکی تایبەتی بەو رۆژنامەنووسانە دەدرا کە سەردانی کوردستانیان دەکرد. هەر لەو کاتەوە پێ یان دەخستە ناو خاکی شۆڕشەوە لە رێگای سنوورەکانیانەوە چاودێرییان دەخستنە سەر. ئەم ئیجرائاتە توندوتیژە بەشێك لەو بەرنامەیە بوو کە دەیانویست دەنگوباسی شۆڕش=

=لەناو قولایی کوردستاندا بخنکێن و رێگایان بە رۆژنامەنووسان نەدەدا بێنە ناو کوردستانەوە. ئەم گرنگی پێدانەی تایبەتی حکوومەت بەتەنیا نووسەری ئەم کتێبەی نەگرتۆتەوە، لە ساڵی 1962 فڕۆکەکانی عێراق هەوڵیان دا ((دانا ئادامز شمیدت)) خاوەنی کتێبی (رحلە الی رجال الشجعان) کە هەر خۆم کردوومە بە عەرەبی، لە گوندی (رواشە) لە پشت چیای شیرنەوە لە کاتێکدا بەرەو ناوچەکانی شۆڕش دەهات. کەوتبوونە دوایەوە، بەڵام ((دانا)) بەرەبەیان گوندەکەی بەجێ هێڵابوو، فڕۆکەکان دواکەوتبوون، بۆمباران کردنی گوندەکە بەدوو فڕۆکەی ئەلیوشن و سێ فڕۆکەی میك بە درێژایی ئەو رۆژە بەردەوام بوو. چونکە وایان زانی بوو هەر لەو گوندەیە، بۆمبایەك لە دووری تەنیا نۆپێ لە (سابیر)، کوڕی (مەلا مستەفا بارزانی) کەوتبووە خوارەوە. هەروەها بەدوای (دیڤید ئادامس) پەیامنێری رۆژنامەی (سندەی تگراف) و دانەری کتێبی، الحرب الکردیە)) بوون و زۆریان هەوڵ دا بۆردومانی ئەو رێگایانە بکەن کە لێی دەسوڕایەوە. هەروەکو خۆشی لە کتێبەکەیدا باسی دەکا. هەروەها کچە رۆژنامەوانی ئەڵمانی (کریستیل پلیز) کە ماوەیەکی کەم پێش بەیان نامەی ئازار لە ناوچەکە بوو. حکوومەتی بەغدا ویستی بەو رێگایە راپۆرتەکانی لەناو ببات.

هەڵدەگێرایەوە تا لە ئاسمانی شینی بێ بڕانەوە دا لە چاو ون بوو. ساتە وەختێك چاوم داخست. قریشکەیەکی تیژ هات و دوای ئەویش دەسبەجێ دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە کە گوێی کاس دەکرد لەسەر زەوی هات کە وەك نافورەی (گیزەر)ێکی زەوینی دەلاژایەوەو هەورێك لە دوکەڵ بەرزبۆوەو تا دەهات فراوان ترو بڵاوتر دەبۆوە تا بەری ئاسمان بگرێت. هەستم بە ئازارێك کرد لە گوێمدا. تەقینەوەی بۆمباکان لەمنەوە دوور بوون. دوو دارکونکەرە بەئاراستەی باکووردا ڕێ یان هەڵە کردبوو لەسەر بەردەکەی من نیشتنەوە و دەستیان بەگەڕان کردو وا دەهاتنە بەرچاو کە لەکاتی مەترسی بۆ ئادەمیزاد بگەرێن. ئەلیوشنەکە بۆ ئەوەی خۆی هاوسەنگ بکا سورێکی تری خوارد، پاشان جارێکی تر دەستی کردەوە بەبەرزبوونەوە تا کەمێك پشوو بدا. پاش ئەوە بە خێرایی دورکەوتەوە، دیسانەوە بەم شێوەیە یەوە هەروەکو لەق لەق کە هەردوو قاچی بۆ دواوەو ئەو ملە درێژەی بەرەو خوارەوە درێژ کردبێ، دەهاتە بەرچاو. لە فرینێکی راستەڕێ بۆ سەر لوتکە بەفرینەکان چوو. ((سامی)) تەماشایەکی منی کردو زەردەخەنەیەکی غەمبار بەسەر روخسارییەوە بوو. کاکە عوسمان خێرا خێرا نەفرەتی بۆ دەنارد. هەردوو بێقڵی لووتم گرت و دەمم داخست و دەستم کرد بە خۆپڤ دان تا فشاری سەر گوێکانم سووك بکەم. پاش هەر داخستنێك. دووبارە دەم و لووتی خۆم دەکرەوە. ژاوەی ناو شیوەکە تەنیا دەنگی یەك دەنگدانەوەی لێ دەهات: دادو فریادی ئافرەتان و قریشکەی منداڵان و باعە باعی نوزانەوەو کروزانەوەی ناو هەناوی مەڕو بزنان بوو. کیفی کامێراکەم دۆزییەوە کەوتبووە ناو درزێکەوە و نیوەی نقوم بووبوو. ئاو لە ناو چاڵی بۆمباکەوە دەهاتە دەرەوە دەتگوت حەوزی مەلە کردنە، دوو دار بەڕوو لە رەگەوە هەڵکەنرابوون و بەسەر تەنیشتی خۆیاندا کەوتبوون، ئەوان نەسووتابوون. بەڵام ئاگر لە پووشەکە بەر بووبوو لەڕێی خۆیەوە رەشی کردبوو.

...هەموو خەڵکی گوندەکە لە دەوری کۆببوونەوە، ئەوان لە پێشدا باسی جوانی و دڵگیری ئەو کچەیان دەکرد. هێشتا تەمەنی لە بیست ساڵان تێ نەپەریبوو. جوان چاك بوو. هەردوو چاوی سوور بووبوون و بەسەر ئەو روخسارە چرچ و لۆچە



ئاوساوەیەوە کە ئاوی لێ دەچۆڕایەوە داگیرسابوون. دەتگوت سێوی کوڵاوە، بەدەم ناڵینەوە نوزانەوەیەکی لێ دەهاتە دەرەوە چونکە ئەو نەی دەتوانی لێوە ئاوساوەکانی بکاتەوە تاغەمەکانی کە لە ناخیدا جۆشیان دەخوارد دەریان ببڕێ. ئەو نەی دەزانی چی بەسەر ئەو دوو دەستە دامالڕاوەی هاتووە. پێستی شەقار شەقار بوو بوو، و دڕابوو. ئەو دو دەستانەی درێژ دەکرد کە وەك دەستی پاڕانەوە دەچوون و هەروەکو بۆ هەتوانێکی شیفا بەخش بگەڕێ، ئاگر هەردوو قاچی و پێی داگرتبوو، هەروەها بەشێك لە جلەکانی سووتاندبوو، کەلەکەیەکی هەروەها سینگی کە مەمکی کردبوو، دەرکەوتبوو. ئێمە هەروا بەبێ دەنگیی سەیرمان دەکرد، ئیتر هیوا بڕا بوو. هیچ یەکێ لە ئێمە زاتی ئەوەی نەدەکرد دەس لەو کچە شەهیدە یا تەنانەت دایکیشی بدات کە چوار مەشقی لە نزیك سەرییەوە دانیشتبوو و لەسەری دەگریا، هەروەکو بڵێی ئەو فرمێسکانەی کە دەیانڕێژێ بتوانێ ئازارەکانی سووتانی گۆشتەکەی ئارام بکاتەوە. باوکی دەست بەخەنجەر، بەدەم و چاوێکی گرژەوە، راوەستابوو بیری خۆی لەتۆڵە سەندنەوەیەك دەکردەوە کە دەستی پێ رانەدەگەیشت. مناڵەکان هەموو حەپەسابوون، لێڕوانینی ئەوان لەو دیمەنە سامناکە لە دەروونی ئەواندا رەنگ دانەوەیەکی نەبوو.

ناپاڵم! زانست دەڵێ: گیراوەیەکە لە ((ئەسیدی نەفتالین و ئەسیدی ئولیك و ئەسیدی زیتیك، کە روحی بەنزینی بەسەردا کراوە تا قەوامێکی جەلاتینی بداتێ. لەکاتی تەقینەوەی ئەم بۆمبایە ئەم پێکهاتەیە لەسەر شێوەی دلۆپەی سوتێنەر بڵاودەبێتەوە، بەلەش و جل و بەرگ و شتەکانەوە دەنووسێ و بە ئاگرەکەی دەیان سووتێنێ. بەڵێ زۆر لەوەش خراپ ترە، کە جەنگاوەران لە ((زۆزك)) دەیان گێڕایەوە کە پێش مردن وڕێنە و بزڕکاندن دەهێنێ، لەوێ زۆران کەس بەوە لەناوچوون، بە شێوەی ((ئەسیدی کبریتیك)) ی شل لە لوولەوە بەسەریاندا هەڵ دەڕژا... کچەکەیان بەمێرکۆری کرۆم دەرمان کرد. سەری بۆ دواوە وەرگێرابوو، بەدوو چاوی زۆر سپی کراوەوە سەیری منی دەکرد. من لە ئەورووپاوە هاتوم وڵاتی شارستانێتی و ژیاری و پێشکەوتن و زانست، وام خەیاڵ دەکرد کە ئەو من وەك موجیزەیەك دەبینێ. شەرمم

لە خۆم دەکردەوە، چونکە ئەو ئاگرەی لەشی ئەوی سووتاندوە ئەویش لە ئەوروپاوە هاتووە. پێشنیارم کرد زەیتی زەیتون لەگەڵ شیر تێکەلاو بکرێ و بخرێتە سەر شوێنە سووتاوەکان. دکتۆر حیکمەت گومانی هەبوو کە بژیا، ئەو دەستی کرد بە هەڵڕژتنی ئازارەکانی ناخی خۆی، گوتی:

-فڕۆکەی روسی. بۆمبای ئەمریکی، دۆشکەی چیکی و پەترۆلی ئینگلیزی. دنیا ئاوایە. بازرگانی لە سەروی هەموو شتێکەوەیە، پاش ئەو بیروباوەڕەکان، دەبینی جەماوەر لە پێناوی بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤ هان دەدەن. تا ئەو رادەیە جەماوەرەکە دەبێتە ژێر فەرمانی ئەوان. ئینجا ئەگەر جەماوەرەکە باسی سەرەتاو بیروباوەڕی کرد لێی هەڵ دەگەڕێنەوەو مەرگی بەسەردا دەبارێنن. ئەمە چ فێڵ و ساختەیەکی گەورەیە. هەموو شتێك لەبەرامبەر ئەو کچە سووتاوەدا کە ئێستا لە گیانەلاو دایە جێگای شەرمە. دڵنەوایی سوودی نییەو بەکار نایە. من مەسیحیم، بەلاّم لێرە بەدواوە بیر لە رووداني ((موجیزات)) ناکەمەوە. رۆژانی خوێندن هەستم کرد کە ئەمە گەوجێتی و پوچێتییە، ئێستا باوەڕم تەنیا بە برایەتی و مرۆڤ دۆستی هەیە. خەڵك لە بەغدا، تاران، ئەنقەرە، پاریس، لەندەن، واشنتۆن، مۆسکۆ، سەما دەکەن و کەیف دەکەن.... شەوی تاریکیان بەکارەبا روناك دەکەنەوە، بێ ئەوەی ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ بیر لەوە بکەنەوە کەلەم جیهانەدا زۆر جێگای تر هەن بۆ سووك کردنی ئازارەکانیان پێویستیان بەکارەبا هەیە. من کاری نەشتەرگەری بۆ خەڵك دەکەم لە حاڵەتێکدا لە تەواوی هۆشیاری خۆیان دان و ئازار لە باتی دەرمانی سڕکەر بەکاردەهێنم. لام وایە غەمباری کاریگەرییەکی مەست کەرانەی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەچەوسێنەوە، لەوانەیە بتوانێ لە جوولانەوەیان بخا چونکە دەیانباتە حاڵەتێکی دیکەوە. بەلاّم رێگا بەوانە نادا دەربارەی دیموکراسی و سیاسەت و مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانییان و نازانم چی... قسە بکەن. هەموو ئەو دەسکەوتەی ئێمە لە مەسئەلەی پاراستنی ئارامی و ئاسایشدا دەستمان دەکەوێ، ئەمەیە زگی هەڵ ئاوساو، قاچی سووتاو... دەبێ لەبەردەمی ئەو کچەدا بۆ هەموو جیهانی دەربخەین و روونی بکەینەوە، چۆن؟ کێ فەرمانی ئەوەی داوە؟ وە بۆچی؟



فڕۆکە بۆردومان کەرەکان روسییە و بۆمباکانی ئەمریکی و فڕۆکە وانەکانیش عێراقین و هێرش دەبەنە سەر خەڵکێکی سپی کە خوای هەردووکیان یەکێکە. چۆن رێگایان پێ دراوە لەم تاوانە دا هاوبەش بن؟ ئەو خەڵکانە بە بەرچاوی خۆیانەوە دەبینن دەزانن چی روودەدا. بەلاّم نابینی دەنگیان لێوە بێت. ئێستا بەبەرچاوی خۆتەوە تەماشای ئەم قوربانییە بکە. کچێك لە هەموو دارای دنیادا جگە لە بیست ساڵ تەمەن شتێکی دیکەی نییە. سیاسەتی ئێوە چییە؟ بۆچی بۆمان دەرناخەن؟ بەلای منەوە یەك جۆر سیاسەت هەیەو لەوە بێتەوە سیاسەتێکی تر ناناسم و تا کۆتایی تەمەنیشم هەر ئەوە دەزانم، ئەویش سیاسەتی لابردنی مەینەتی و ئازارە، یان هەر نەبێ کەمکردنەوەی گوڕ و تینیانە. ئێستا من لە ناو گەلێکی سادەدا دەژیم زۆربەیان شوانن، بەلاّم دەبینی لە خەڵکانی تر پتر سەودا سەری ئازادین. ئێستا ئەوان کەوتوونەتە بەر شالاّوی کوشتن و قەلاّچۆکردن، رۆژێك دێ لەوانەیە ئەڵقەی خنکاندن پتر تەنگەتاویان بکاو لە ناو ئەم چیا جوانانەی خۆیاندا گەمارۆ بدرێن، ئینجا کۆمەڵی گەشتیاران و سەیرانکەران لە سەیرانی بەرنامە ئامێزدا ببرێنە لایان و.... ئاماژەیان پێ بکەن و بڵێن ئەمانە کوردن... پاشماوەی ئەو کوردانەن کە ماون، کورد تێکۆشان، بەلاّم روویان لە هەر کوییەك کرد چ رۆژئاوا چ رۆژهەلاّت، باکوور یاخود باشوور بەئاگر و ئاسن رووبەروویان وەستان. بەهەر حاڵ حاڵی ئەوان لە کاروانی خۆیاندا بەرەو پێشکەوتن، بە جۆرێکی تایبەت دەیانویست پارێزگاری لە نەوتی خۆیان بکەن. بەلاّم ئۆتۆمبێلیان نییە، ئەو کاتە پێویست بوو جڵەوی سەرکێشییان بکرێ و لێرە لە رادەیەکدا رابگیرێن. وا ئێستا دەبینی بە ئارامی و ئاشتی دەژین. ئێمە لێرە پێویستمان بەکارەبا هەیە تا گەشتیاران پشوو بدەن و ماندوویان بحەسێتەوە.

لێرەدا دکتۆر حیکمەت گەیشتە کۆتایی گرژبوونی خۆی و هەر دەتگوت گریانی لە قوڕگی دایە.

من دەتوانم بەو زنجیرە وەحشیگەرێتییەدا بچمەوە کە بۆ لە ریشە هەڵکێشانی نیمچە بەردەوامی بەشەریی کراوە و هێشتاش قوربانیانی بێ تاوان دەدروێتەوە کە گەیشتۆتە دەیان هەزار کەس هەر لە ساڵی 1961 وە تا ئێستا. بەرپرسیارێتی لە

بەرامبەر ئەم گەلەدا کە ئاگر قووتی دەداو خوێنی لەبەر دەڕواو دەکرێتە قوربانی، ڕۆژبەرۆژ چەند ئەوەندە زیاتر دەبێ، ویژدانی جیهانی بە بیانووی کۆمەڵە هۆکارێکی وەك تاکتیکی سیاسی، پێ نەزانین، خۆپەرستی، یاخود خۆ بواردن لە دەردەسەری، خۆیان لە بەرامبەر بانگەوازەکانی ئەم میللەتە کەڕکردووە و هیچ بایەخێکی بۆ دانانێن هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕایگەیاندووە کە ئامادە نییە ((موداخەلە)) بکا. ئەوەی جێگای گاڵتە پێ کردن بێ-((کە ئەمەش گاڵتەجاڕیی ناو تراژیدیاکەیە))- ئەوەیە ئەگەر ((ڕێکخراوی خاچی سوور نێو دەوڵەتی)) لێ دەرچێ، کە جاروبار یا ناوە ناوە دەرمان و هەندێ کەرەسەی تری دەدا بە کورد، لە لایەن هەموو ڕێکخراوەکانی تری جیهانەوە وەڵامی بانگەوازەکانیان نەدراوەتەوە، جگە ((کۆمەڵەی بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵ)) کە تووڕەیی و سەرزەنشتی خۆی لە بەرامبەر کوشتنی بە کۆمەڵی گاڕانی ماڵات ڕاگەیاند. هەتاکەی کوشتنی مناڵان و ئافرەتان و پەك کەوتوان لە بەشێکی ئەم جیهانەدا بێ سزادان تێدەپەڕێ کە بەرێگای ئاسمانیدا تەنیا هەشت کاتژمێر لە پاریس و حەوت کاتژمێریش لە فاتیکانەوە دوورە. ئایا کەوابێ پێویستە شان بەشانی ئەو بۆڕییانەی نەوتی پێدا دەڕوات، بۆری تریش لە چیاکانی کوردستانەوە تا دەگاتە لێوارەکانی سووریاو لوبنان، رابکێشین تا فرمێسك و لێشاوی خوێن بەسەر پەڵەی گەورەی شەرم لەسەر دەم و چاوی جیهان بشواتەوە؟

لەو شەڕە گەرم و سەختەی کە ئێستا لەگەڕدایە، زۆرجاران دەنگوباسی ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە گەلی کورد لە میانی بەرگری لە شکان نەهاتووی خۆیدا بەدەستی هێناوە، دێتە گۆڕێ. لە هەردوو ساڵی 1961 و 1962 دا بەرەی شەڕ لەبەردەمی شارۆکەی زاخۆو دەربەندو گەرووە شاخاوییەکانی هەمان شارۆکەو گوندی ((باتوفە)) چڕ ببۆوە. لێرە سوپای عێراقی تووشی تێك شکانێکی گەورە هات و دوو هەزار کوژراوی لە پاش خۆی بەجێ هێشت، و لە ساڵی داهاتوودا شۆڕشگێران سەرکەوتنێکی گەورەیان لە چیای ((مەتین)) لە نزیك ئامێدی بەدەست هێنا. هەروەها گەمارۆی داسەپاوی حکوومەت بەسەر ناوچەی ((بارزان)) مەڵبەندی لە دایکبوونی ((مەلا مستەفا بارزانی)) بەشکستێکی گەورە شکستی هێنا.



پاش ماوەیەك لە ئارامی، لە ساڵی 1964 کە قەیرانی ناوخۆیی حیزب تیایدا ڕەنگی دایەوە. بۆ زستانی ساڵی 1965- 1966 لە پێنجوین)) سەرکەوتنێکی بەسەر سوپای عێراقیدا بەدەس هێنا کە لەوێش نزیکەی هەزار کەس لە سوپای عێراقی لەبەین چوو[1] . یەکێك دەیگوت: هاتم بۆ چیای سەفین کە بەشارۆکەی شەقڵاوەدا دەڕوانێ و هەروەها بەسەر ڕێگای هەولێریشدا زاڵە. دەبینم شەڕو لێکدان گەرمەو بێ پچڕانەوەیە. هەر لوتکەیەك لەو لوتکانە چەندین جار ئەم دەست و ئەو دەست دەکا. چیاکە بۆتە گۆرستان. لەوێ ((ڕەشید سندی))[2] کە لە مەسیحییەکانی زاخۆیەو پێشتر ئەفسەر بووە لە سوپای عێراقی، زەرەری گەورەی لێ داون هەروەها دەربارەی ئاخرین گورزی کتوپڕ کە ڕۆژانە لە پاشماوەی دوژمن دەدرێ. قسەی دەکرد، بە شێوەیەکی تایبەتی باسی چۆنییەتی داگیرکردنی شەقڵاوەی کرد کە بەشەوێك چوونەتە ناویەوەو هەموو دامەزراوە تەکنیکی و سەربازییەکانیان وێران کردو هەموو ئەو داستانە سەربازییانە جیهانی دەرەوە بێ ئاگایە لێ یان. ئەو پەڕی کارێك کە جیهان دەیکا ئەوەیە، هەرکاتێك پترۆڵ کەوتە بەرمەترسییەوە چاوی بەرەو کوردستان وەربگێڕێ.

---

(1) بەرپرسی سەربازی ئەو کاتەی قولّی پێنچوین ((عەبدولوەهاب ئەتروشی))ی بوو، ئەو ئەفسەری پۆلیس بوو. پاش ڕێکەوتنی ئازار بوو بە پارێزگاری هەولێر، ئەم شەڕە بیست ڕۆژی تەواوی خایاند.

(2) ڕەشید سندی پاش بەیاننامەی ئازار کرا بە سەرۆکی ((فەوجەکانی حەرەس حدود). کاتی خۆی ئەو فەرماندەی بەرەی سەفین بوو، هێزەکانی ئەو چەند شەڕێکی بەرگریی یەکجار توندوتیژیان کرد کە ئەو ساڵە سێ مانگی خایاند، ئەوان بەرەنگاری دوو فیرقەی سوپای عێراقی بوونەوە کە ژمارەیان دەگەیشتە (بیست هەزار کەس) ئەمە جگە لە جاشەکان لە کاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە لە هەزار پێشمەرگە زیاتر نەدەبوو. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ((ئیستخبارات))ی وەزارەتی بەرگری عێراقی زیانەکانی سوپای عێراقی 650 کوژراو بوو و، نزیك بەم ژمارەیەش لە جاشەکان، بەڵام بە پێی ئامارەکانی ئێمە تەنیا (71) پێشمەرگەمان شەهید بوو. شایانی باسە ڕەشید مەسیحی نییە. بەڵام بە هۆی بەردەوامی تێکەڵ بوونی لەگەڵ پێشمەرگە و کۆمەڵی مەسیحیاندا کەسێکی خۆشەویستە، و زۆر کەس وایان خەیاڵ دەکرد کە مەسیحییە.

عەلی سنجاری پێی گوتم:-

- نەوت لە وڵاتی ئێمە دەردەهێنرێ. بە پێی مەرجەکانی ئیمتیاز کە کۆمپانیای نەوتی عێراق هەیەتی. بەغداد سەد ملیۆن پاوەنی ئسترلینی وەردەگرێ تا چەرخی ئەم جەنگەی پێ بگێرێ کە بەغداد بەسەر ئێمەی دا سەپاندووە[1] ئێمە هەر کاتێك بمانەوێ دەتوانین دامەزراوەکان و چاڵەکانی نەوت وێران بکەین. بەڵام ((بارزانی)) حەز ناکا هەستی پاریس و لەندەن و واشنتۆن ئاڵۆز بکا. تۆ پێم بڵێ ئەوروپا لەو خۆ کڕ کردنەدا لە بەرامبەر بانگەوازەکانی ئێمە چ قازانجێك دەچنێتەوە. ئەوەش حاڵی ئێمەیە کە دەیبینی؟ ئێستا ئەوروپا بە ئاقارێکی پێچەوانەدا کاردەکاو سیاسەتی پشتیوانی کردنی عێراق پەیرەودەکاو باکی بەوە نییە گەلەکەمان لە چ ئازارێکدا دەناڵێنێ؟ ئەوروپا ئەوەندەی هەست بە بۆنی پترۆل دەکا ئەوەندە هەست بە ئازارەکانی خۆی ناکا...

لە سەرەتای ئایاری 1966 لە نزیك کەرکووك ئاگر بەردرایە چاڵێکی نەوت و بڵێسەکەی بەرز ببۆوەو کە لە لوتکەی چیاکانی کوردستانەوە دەبینرا. مەلا مستەفا بارزانی پاش ئەو رووداوە پێی گوتم:

**- هەمیشە وام بەپەسەند دەزانی لەم جۆرە کارە توندوتیژو توندڕەوییانە دور بکەوینەوە. بەڵام کاتێك ((دکتۆر مەحموود عوسمان))م ناردە لەندەن تا داوا بکا چەك ناردن بۆ حکوومەتی عیراق رابگیرێ. جگە لە دوو نوێنەری پارتی کرێکاران کەسی تر گوێی لێ رانەگرت.**

هەموو کەس لایان وایە ئەگەر ئینگلتەرە ئارەزووی بکردایە، جەنگ رووی نەدەدا. ((ئارشیباڵد ماین هاملتۆن))[2] ئەو ئەندازیارەی کە هەمان ئەو رێگایەی دروست کردووە کە ئێستا ئێمە بەرگری لێ دەکەین، لەم دواییەدا لە رۆژنامەی

---

([1]) عەلی سنجاری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتییەو بەرپرسی لقی یەکە. ئەو لە دانانی ئەو ژمارەیەدا. لانی کەمی داناوە. داهاتەکانی نەوت لەو کاتەدا زۆر زۆر لەوە زیاتربوو.

([2]) نووسەری کتێبی ((رێگایەك لە کوردستان 1936)). ئەم کتێبە کۆمەڵەیەك یادەوەری ئەو ئەندازیارەیەکە لەو کاتەدا لە کوردستان خەریکی بڕینی ئەو رێگایە بوو (1928-1932) لەو سەردەمەدا بە موجیزەیەکی کاری ئەندازەیی دادەنرێ.



((دەیلی تلگراف)) وتارێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. بەڵام حساباتی حکوومەتی (خاوەن شکۆ!)ی ئەو بە ئاقارێکی دیکەدا ملی ناوە، ئەو بەرامبەر قەسابخانەی بە کۆمەڵی گەلی کورد چاوی دەگرێ و لە هەمانکاتیشدا جیاوازی رەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریقا ریسوا دەکاو ئیدانەی دەکا. مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا تەنیا یەك مافە و هەمووان تیایدا یەکسانن. کە وابێ بۆچی ئێمە قەدەغە بکرێین دەست بخەینە ناو کاروباری پترۆڵی خۆمانەوە، بەڵام رێگا بەکەسانی تر بدرێ یاری بە چارەنووسی ئێمەوە بکەن

لەو ماوەیەدا ((لەندەن)) هەموو باڵوێزەکانی خۆی لە ((رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)) بانگ کردەوە تا ئەو کێشە گشتییانەیان لەگەڵ دا تاووتوێ بکا کە لەم پارچەیەی جیهاندا رووبەروویان دەبێتەوە، هەروەها بە جۆرێکی تایبەتیش کێشەی کوردیان لەگەڵدا باس بکا. لە هەمانکاتدا لە بەیروت کۆبوونەوەی دیپلۆمات کارانی ئەمەریکا گرێ دەدرا کە نوێنەرایەتی ئەمەریکایان لەم پارچەیەی جیهاندا دەکرد. لەکاتی بەرێوەچوونی ئەم دوو کۆنگرە سامناکەدا شەڕی ((ڕەواندز)) زەنگی بۆ لێ دەدان تا بێنەوە هۆشی خۆیان. چونکە ئەو کوردانەی کە لە خەیاڵ بازی دەرچوو بوون لەسەر رایەك گیرسابوونەوە ئەویش گیانبازی بوو بە هەموو شتێك بۆ بەدەس هێنانی هەموو شتێك. ئێستا کورد ئامادەن ئەگەر پێویست بێ هەموو گەلەکەیان بەتەواوی بێننە مەیدانەوە. ئەوان دەزانن کە ناکارێ هەموو جیهان بۆ قەڵاچۆکردنی ئەوان یەك بگرێ. وێرای بێ دەنگی ((ژەنەڕاڵ دیگوڵ)) لەهەمبەر بانگەوازەکانیان، بەڵام کورد هێشتا لە دەروونی خۆیاندا باوەڕیان بە هاوسۆزی فەڕەنسا هەر هەیە. ئەوان دەڵێن ئەگەر فەڕەنسا دەرفەتی هەبێ چاو لە راستییەکان بکا، ئەوا لێمان تێ دەگا و دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکا.

سەرباری ئەوە، فەڕەنسا نابێ لەبەرامبەر کوشتنی مەسیحییەکاندا دەستەو وستان دابنیشێ، ئەو مەسیحییانە کە رەچەڵەکی راستەوخۆی پێشڕەوانی مەسیحییەکانی پێشینن. فەڕەنسا یەکەمین کرێگرتەی پترۆڵی عێراقە، ئەو هەڵوێستێکی نەرم و نیانی وەرگرت. (مەلا مستەفا بارزانی) وای بەباش زانی نامەیەکی تر ئاراستەی ژەنەڕاڵ دیگوڵ بکا. لە نامەکەدا هاتووە: ئەو ((واتە دیگوڵ)) دەستی یارمەتی بۆ گەلانی

ئەفریقا درێژ کرد، لە کاتێکدا مافەکانی ئەوان لە باری مێژووییەوە لە مافـەکانی کـورد دێرین تر نەبوون. من زاتی ئەوە ناکەم وابیر بکەمەوە کە ژەنەراڵ گرنگی بـە ئێمـە نـادا چونکە ئەمە بە نەریتەکانی فەرەنسا ناکۆکەو لەگەڵا هێڵی سیاسی ((ئازادی خوازانـە))ی فەرەنسا لارێیە. هەروەها ساتێك وای بە خەیاڵدا دەهات کـە گەیانـدنی نامەکـە بـەمن بسپێرێ تا بەدەستی خۆم پێشکەشی سەرۆك کۆمارەکەمانی بکەم. گومانی تێـدا نییـە کە سەرکەوتنی ((ڕەواندز)) بەو دەرئەنجامە سەرسامهێنەرەیەوە لە نامەکەیـدا نمـایش کـرا بوو. بەڵام دوو مانگ بەسەر ئەمەدا تێ نەپەڕی کـە ژەنـەراڵ دیگـوڵ (عـەدنان پاچەچـی) وەزیری دەرەوەی عێراقی لە کۆشکی (ئەلیزیە) پێشوازی کرد. تۆ بڵێی لە میـانی گفتـۆ گۆدا ئارەزووی فەرەنسای بەوەزیری عێـراق راگەیانـدبێ بـۆ ئـەوەی فەرەنـسا بـە رۆڵی ناوبژیوانی هەڵبستێ بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی کورد؟

ئەو شەوە کە بلێسەی ئاگر لە چاڵە نەوتێکی کەرکووکەوە بەرزبۆوە. پێـشمەرگەیەك بەسەر لوتکەی چیایەکەوە ئامێرێکی لێ دەدا هەروەك (ماندولین) دەچوو، لەوێ پێ یـان دەگوت ((ئازات))[1]، ئەو ئاوازێکی لێ دەدا دەنگەکانی بەلای سـەلیقەی منـەوە نـامۆ بوون. ئەو کاتەش کاتی پشووودانی شەو بوو کە کوردستان دەرفەتی بۆ دێتە پێش هـێمن بێتـەوەو بحەسـێتەوە. ئـەم جـەنگاوەرە داسـتانی ئـەڤین و خۆشەویـستی بـە دەنـگ خواردنەوەیەکی غەمناکانەوە بە وەستانێکی تیژو خێراوە دەچڕی.

پاش گۆرانییەکە شـاییەکی ((ئیقـاعی)) دیـلان کـە تیایـدا شـان بەشـانییەکەوە دەدەن، بەدوادا هات. جاروبار جەنگ بواری ئەوە دەدا خەونێکی خێراو تیـژڕەو بـەناو هارمۆنیای ژاوەی جەنگدا گوزەر بکا. ئـەو کـوڕەی (مانـدولین)ەکـەی لێ دەدا نـاوی ئەکرەم بوو، ئەکرەم لاوێکی بەسەرو سیما، روخۆش، جووتێك سمێڵـی باریـك کـە لـە خوار لێوییەوە وەکو نیشانەی پرسیار بوون، هەروەکو سمێلی ((کلارك کیبـل))[2] وابـوو

---

([1]) ئامێری مۆسیقای نیشتمانی بەربڵاو لە ئامێرە ژێ دارەکان تەنبوور هەیە نازانم دانەر ئـەو وەسفەی لەکوێ هێناوە، رەنگە پرسیاری ناوەکەی کردبێ، پرسیار لێکـراویش وای زانیـوە پرسیاری ناوی سرودەکەی لێ دەکا ئەویش گوتویەتی ((ئاواز)) کە جـۆرە گۆرانییەکـە یـان ((ئازاد. ئازادی)) لەو دەمەدا لەوێ وشەکانی لێ تێکەڵ بووبێ.

([2]) ئەکتەرێکی سینەمایی ناسراوی ئەمریکییە.



لە پڕ هەڵدەستاو پێی دەدا بەزەویدا و، چەند ئاوازێکی پچڕپـچڕی چـاکی بـە شـێوەی قورس و هێواش و هەروەها ئاوازێکی دەگوتەوە کـە گۆرانییـەکانی سـفانی ڤۆلگـای وەبیر مرۆڤ دێنایەوە:

**پێشمەرگەین بەهەڵمەتین**

**پاڵەوانی میللەتین**

**شێری رۆژی زیللەتین**

**لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان**

**بەخت ئەکەین سەروماڵ گیانمان**

کورد حەزی لە گۆرانی و هەڵپەرکێیە. ئـەو هـەر بـە سـەلیقەو سروشـتی خـۆی سترانبێژە. کورد گۆرانی بۆ خۆشەویستی، سروشت و وەرزەکـان، هـەروەکو جـەنگ و تێکۆشان دەڵێ، چونکە ئەو دەبینێ دنیا تەنیا بۆ ئازایان و دلێرانە.

ئەوانەی پەسنی کورد نادەن و هەوڵ دەدەن لە گەورەیی کورد کەم بکەنەوە خەڵکێکی وەحشی و بەر بەرین. لە واقیعدا مرۆڤی کورد تا رادەیەکی گەورە نەرم ونیانی و ناسکی و خوێن شیرینی تێدایە. دەبینی ئەو خۆی دەلاوێنێتەوە و بە خەون لێکی دەداتـەوە. گوڵـە ئەستێرە کە بـەخێرایی بەبەرچـاوتەوە بـازدەدەن وا خـەیاڵ دەکـەی ئـاگر بەربۆتـە نـاو دارستانەکەوە. ئاسمانی بە ئەسـتێرە رازاوە لـە ئاقـاری رۆژ ئاوایـەوە دەمـەو بـەیان بـە لێشاوێکی ئاگر تێربووە. جا دەڵێن گزنگێکی نوێ لە شەوی کوردستان لـە دایـك بـوو. ئەمە هیندەی قسەکەی لای خۆمان راستەکە لە کاتی لە دایکبوونی رۆژێکـی نـوێ لـە رۆژانی کیشوەری ئەوروپا دەیلێین. (سامی) پێی گوتم کە لە دابی ئێمەدا ئەستێرە چاوانی بە کل رێژراوی کچانی جیهانن... دەمویست پرسیار بکەم:

ئەم خەڵکە عاتیفییانە چۆن دەتوانن لە مەیـدانی شـەڕدا ببنـە سـەختگیرترین و دلڕەقترین جەنگاوەر؟ ئەوان لەبەر زۆری چەسـاندنەوەو راونانیـان بـە درێـژایی مێـژوو پەییان بەو راستییە بردووە کـە هـەق هەمیـشە لایـەنگیری خـاوەن زۆرە، یـەکێ لـە پەندەکانی ئەوان تەئکیدی ئەوە دەکاتەوە:

**(دنیا هەر وابووە، گورگ مەڕی خواردووە) ئەوان لێرە بەدواوە هیچی تر رازی نـابن وەکو مەڕ بن.**

# بەشی شەشەم

# ڕۆڵەکانی نەینەوا

# رۆڵەکانی نەینەوا

**((دوو بهەڤ برایی راست بن یێ سییێ خودایە))**

((پەندی کوردی))

لێرەدا دەمەوێ چەند تیشکێك بخەمە سەر رواڵەتی ئەو جیاوازییانەی کە ((کلدان)) ییە کاسۆلیکەکانی سەر بەڕۆما (کە ژمارەیان دەگاتە سەدو پەنجا هەزار کەس)[1] لەو ((ئاشووری))یە مەسیحییانەی کە بە ((نستورییەکان)) دەناسرێن (و ژمارەیان دەگاتە پەنجا هەزار کەس) جیادەکاتەوە، لەوانەی کە زۆربەیان مل کەچی سەرۆکێکی روحی و دنیاین کە ئەویش پەتریك ((مار شەمعون))ە. لە واقیعدا ئەوانە، نەوەکانی ئەو میللەتە خاوەن مێژووە پڕ لە سەروەری و خاوەن فتوحاتە گەورانەن کە بەگوتەی (هیرو دوتس)[2] سەرەڕای ئەو چەوساندنەوە بەردەوامە و نالەباری زەمانەش کە نەوە بەدوای نەوەدا لەگەڵیدا دەستەو یەخە دەبوونەوە. توانیویانە زمان و ئامانجی نەتەوەیی و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و ئایینی مەسیحیی خۆیان بپارێزن، لەم بارەیەوە باوکە (جان فییە) مامۆستای کۆلیژی بەرزی لاهوت لە موسڵ لە گۆڤاری (رۆژهەڵاتی سریانی iorient syrien) بەرگی دووەم ل 141 نووسیویەتی:

دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بەزاراوەی ئاشووری ناویان رۆیشتووە تەنیا ئەوان لقێکی دروستی رەگی ئاشوورییەکانی پێشینانن. ئەوانە پاش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان لە ساڵی 612 پ.ز بۆ چیاکانی هەکاری

1- ژمارەی سریان و کلدانی کاسۆلیك لە هەموو عێراق دەگاتە نیو ملیۆن، بە پێی تۆماری کەنیسەکانی بەغدا پتر لە سێ سەدو پەنجا هەزار لەوێ دەژین. بەڵام ئاشوورییەکان زیاتر لەسەدو پەنجا هەزار کەسە.

2- هیرودوتس مێژووناس و گەڕیدەی یۆنانییە لە 484-425 پ.ز بە باوکی مێژوو دەناسرێ، هەموو جیهان گەڕاوە و هاتۆتە وڵاتی نێوان دوو رووبار و یادنامەی خۆی تۆمارکردووە. کتێبی ئەو لەو تۆمارگەیەدا بە تاکە سەرچاوەی تێرو تەسەل لەمەڕ ئەو وڵاتانە دادەنرێ.



پاشەکشەیان کردووە. ئەوان ئەمرۆ قەناعەتیان ئاوایە. ماڵەکانیان بەوێنەی شاژنە (سەمیرامیس)[1] کە سواری گالیسکە جەنگییەکەی بووە، رازاوەتەوە. هەروەها کارتەکانی پیرۆزبایی کردنی سەری ساڵ هەمیشە وێنەیەکی (ئاشور پانیبال) دەگرێتە خۆی کە لە وێنەکەدا رمێکی خستۆتە ناوسگی شێرێکەوە. ئەوان کوڕەکانیان بە سەرجۆن و سەنحاریب ناو دەنێن[2]. ئەو لە کۆتایی توێژینەوەیەکی تێرو پڕو و بەڵگە بەهێزدا ئەمەی خوارەوەی هەڵێنجاوە:

1- شاژنە (سەمیرامیس)ی ئاشووری یا ((شموراما)) پاش ئەوەی ناوەکەی لە ناو ئاسەواری پاشا ئاسوورییەکانەوە کە لەلایەن باستان ناسان لە ناو کەلاوەکانی پایتەختی ((ئاشوور)) کە دەکەوێتە سەر دجلەو لەنزیك شارۆکەی شەرقاتی ئێستاوە (140 کێلومەتر باشووری موسڵ) دۆزرایەوە، لە قۆناغی ئەفسانە هاتۆتە دەرەوەو چۆتە قۆناغی مێژووەوە.

2- من هەر لە گەوهەردا بیروڕام لەگەڵ هاوڕێ باوکە فییە pere. J. Foey دا بۆ روانینەکانی لەمەڕ بنەڕەتی ئاسوری و کلدانی جیاوازە، سەرەڕای ئەو تەمومژە چڕە مێژووییەی کە بەسەر چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵگا تایفییەوە هەر لە رووخانی نەینەواوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی زایینی هەبووە، کۆمەڵێك توێژینەوەی ئەنتروپۆلۆژی هەیە کە مامۆستا (هنری فلیدنگ) ئەنجامی داوەو لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (The Anthropology of iraq Northern Jasira & Kurdistan) بڵاوی کردۆنەتەوە، کە بەرهەمی توێژینەوەیەکی ئەنتروپۆلۆژی پەیمانگای تایبەتی زانکۆی هارفارد. لە رێگەی شاندێکی زانستی کە هەر لەو ناوچەیەدا توێژینەوەکانی ئەنجام داوە، لەم توێژینەوەدا کە ئێمە وەمانگێڕاوەو ئامادەمان کردووە بۆ چاپ، کەڵکی ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە لە ئەنجامی پشکنین و وەرگرتنی نموونە لە سەدان کەسی ئاسوری، دەرکەوتووە کە خەسڵەتی بەدەنی و نەژادی ئەوان هەر هەمان ئەو خەسڵەتانەیە کە لەو کوردانەی ماونەوە، هەیە ئەگەر بێتوو بگێڕدرێنەوە بۆ گروپەکانی (ئەرمینۆید و ئەلپنیۆید و نیمچە ئەنادۆڵ ArmpnoidK AlpenoidK Eur Anatoloan types) وە بەم شێوەیە کێشەکە پتر ئاڵۆز دەبێ.

من هەر جارێك باسی ئەم مەسەلەیە دەهاتە پێشەوە گفتوگۆم لەگەڵ باوکە (فییە)دا لە بارەی ئەو دەکرد دوایین جاریش کە چاوم پێکەوت لە بەیروت بوو کە پاش سی ساڵ لە نیشتەجێبوون لە عێراق بە سیفەتی ئەوەی کە کەسێکی (شیاوی پەسندکردن نییە) دەریان کردبوو، لەو دیدارەدا بەتایبەتی لەسەر ئەم خاڵە گفتوگۆمان کرد. پاش ئەوە تەنیا بەچەند رۆژێك لە لوبنان رووبەڕووی هەمان مامەڵەبوومەوە کە لە عێراق دووچاری هاتم. بەسەرداکەوتنەکان و دەوران دەوری ژیان شتی سەیرو سەمەرەی زۆر تێدایە. (ج-ف)

((ئەم ئاشوورییە کەساسانە بەدرێژی زەمانە زۆر شتیان لەدەس داوە تا ئەو رادەیەی خودی ناوەکەشیان بۆتە جێگای دەمەتەقێ و بگرەو بەردە)) (ل 160 هەمان سەرچاوە). باوکە (فییە) لە ساڵی 1964 (بەرگی4، ل 470) دەربارەی ئەوان دەڵێ:

هەرچی چونێك بێ ئاشوورییەکان توخمێکی نەتەوەیی پاکی بێگەرد پێك دەهێنن. ئەوان لەوانەیە لەگەڵ یەهودەکانی سبی (دیاسبورا)، ئارامییە چەوساوەکان، کوردە مەسیحییەکان و ئینجا ئەرمەنەکاندا ژن و ژنخوازی یان کردبێت. لە یەکەمین جاردا کە لەگەڵ ئەم (ناشدخورە- خەڵکی چیا) بیانەدا تێکەڵ دەبین، هەمان ئەو خەسڵەت و سیفاتانەیان تێدا دەبینین کە لەرۆژگارە هەرە دێرینەکاندا دەربارەیان بیستومانە، تا ئەو رادەیە کە گوتەی والی عوسمانیمان دەخاتەوە یاد کە لە ساڵی 1839 دا دەربارەیان گوتویەتی ((دانیشتوانی چیاکان ئەم کافرانە ئیعتراف نە بەپاشا دەکەن و نە بەسوڵتان، هەر کەسێکیان بۆ خۆی سوڵتانی خۆیەتی)).

ئاشوورییەکانی ئەمرۆ هاوپەیمانی ئەو کوردە موسوڵمانانەیە کە لە رابردوودا دوژمنایەتی دەکردو لە گۆرەپانی ناکۆکیە دەرەبەگایەتییەکاندا یاخود لە شەڕە ئایینییەکاندا- جیهاد- دەستەویەخەی دەبوو، و بۆی دەچووە مەیدانی شەڕەوە، تا ئەوەی ئاشوورییەکان ئەمرۆ سەرسامییەکیان بە کورد هەیە کە دوو دڵی تێدا نییە. لە واقیعدا کوردیش کە مل بۆ هیچ کەسێکی دیکە کەچ ناکا جگە لە ئاشوورییەکان، لە مەیدانی شەڕدا دان بەکەسێکی تردا نانێ کە بتوانێ بەرامبەری رابوەستێ. ئەمرۆ لە کوردستان ئایینی نیشتمانپەوەرێتی پێش ئایینی هیلال و ئایینی خاچ کەوتۆتەوە.

مەسیحییەکانی کوردستان، لە باکووری رۆژئاوای عێراق هەر لە ئاکرێ وە تا دهۆك و ئەلقۆش و تا دەگاتەوە زاخۆ، هەر هەموویان شایەتی بۆ جوامێری و پاڵەوانێتی هورمز[1] دەدەن کە نیمچە ئەفسانەیەك بوو لە شەڕدا کە بەداخەوە

1- هورمز کوڕی (مالك) چەکۆیە، کە یەکێکە لە پێشەواکانی هۆزی ((تیار))ی ئاشوورییەکان.



ئێستا لە ژیاندا نەماوە، وێنەی هورمز بە جل و بەرگی کلاسیکی ئاڵ و والاو کڵاوی[1] پەڕداری ئاشوورییانەوە، بەتەنیشت وێنەی ((مەلا مستەفا بارزانی)) یەوە بەسەر دیواری ماڵەکانەوە هەڵواسراوە. ئەم وێنەیەمان لە کتێبەکەدا بڵاوکردۆتەوە. هورمز هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگەوە سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن و داستانی بە دوای داستانەوە تۆماردەکرد لە زستانی رابردوودا توانی (کڵێسای هورمز) کە دەکەوێتە بناری ئەو چیایەوە کە بەسەر (ئەلقۆش) دا دەڕوانێ و لە چوار سەد دێر پێکهاتووە کە لەبەردی رەق هەڵکەنراوە، بگرێ و پاشان بتوانێ شارۆکەکە کۆنترۆل بکا کەبەسەر شێوێکدا دەڕوانێ. هێزەکانی حکوومەت ئیتر توانای ئەوەیان نەما لەو قەڵا سەختە نزیك ببنەوە کە بەفر داپۆشیبوو. ئەم کارەی هورمز رێگای بۆ سەرکەوتنەکانی گەرووی زاخۆ و چیای ((مەتین)) خۆش کرد. بەڵام ئازایەتی هورمز سەری کێشایەوە بەلای گیانبازی و سەرەرۆییەوە، و لە ساڵی 1964 دا لە کاتێکدا بە نارنجۆکی دەستی هێرشی دەبردە سەر (ڕەتلێکی ئالیات) ی سوپای سووری لە باشووری دهۆك گیانی لە دەستدا، ((مەلا مستەفا بارزانی)) بە قووڵی بۆی غەمبار بوو، پاش ئەو یەکێك لە ئامۆزاکانی خۆی ((تلیا شەمعون))[2] سەرکردایەتی گرتە دەست. هەروەها لە ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕشیش جێگای گرتەوە، هەروەها لەو ئەنجوومەنەدا مەتران ((مار یوالاها))[3] کورسییەکی هەیە. لەگەڵ ((هورمز)) دا پیاوێك وەکو یارمەتیدەر کاری دەکرد ناوی ((تۆما تۆماس)) بوو، هەر رۆژێك کە لە ژیانی هورمز تێدەپەڕی لە ئەفسانە نزیکی دەکردەوەو دەیگەیاندە ریزی پاڵەوانانی گیانفیداوە. هیچ شتێك لەبەردەم خەیاڵی هورمزدا کاری مەحاڵ و لە کردن نەهاتوو نەبوو. هێرش و پەلامارەکانی ئەو گەیشتنە نزیکی رۆژئاوا تا ناو شاری موسڵ. ئێستا ئیتر جێگای ئەو جۆرە

1- کڵاوێکە لە لباد دروست کراوە و سەرەکەی نوکێکی قیتی هەیە، لەلای چەپییەوە، پەڕێکی تێ هەڵ کێشراوە، ئەمە تاکە نیشانەی تایبەتە لە جلەکانی ئەواندا. کە لە جلی کوردی جیای دەکاتەوە.
2- ئەم جەنگاوەرەش لە یەکێ لە شەڕەکانی ساڵی 1967 دا شەهید بوو.
3- مەتران یولاها مەترانی ئاشوورییەکانی ئامێدی بوو. لە سەرەتای ساڵی 1973 دا کە هێشتا لە سەرەتای لاوی دابوو بە ((سەکتەی دڵ)) کۆچی دوایی کرد.

نیشتمانپەروەرییە تێکەڵ بە ئایینە نەماوە کە یەکێك بوو لە سیماکانی شۆڕشەکانی پێشوو. ((مەلا مستەفا بارزانی)) دەڵێ:

**- مەسیحییەکان و موسڵمانەکان بەو پەڕی ئیرادەو ئارەزووی خۆیانەوە پەیمانیان بەستوە کە بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانی خۆیان و سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان خوێنی خۆیان بڕێژن.**

تا ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە ئێستا کچێك لە سەرەتای لاوێتیدا تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵ تێپەری نەکردبوو. ناوی ((مارگرێت جۆرج)) بوو، لە هەندەران بە ((جاندارکی کوردستان)) ناسرابوو، بەهەمان شێوە کە کچە پاڵەوانی فەڕەنسا ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو نموونەیەکی لە سەیرترین سیمای جەنگەکانی خاچپەرستی زیندوو دەکردەوە. لەو وێنەیەیدا کە بڵاو ببۆوە مێزەرێکی کوردی بەسەرەوەو تفەنگەکەی بەشانیەوە بو وەڕیزێك فیشەکدانیش بەکەمەرییەوە هەڵواسرابوو. دوو چاوی رەش و قژێکی درێژ بەسەر شانییەوە پەرش و بڵاو بو، دەمێکی فراوان و شەهوانی هەبوو. ئەو ئاشووریيانەی هەندەران کە بەردەوام خەون بەسەروەرییەکانی رابردوویانەوە دەبینن، وێنەکەی ئەویان بەسرودی نیشتمانی خۆیانەوە ئاوێتە دەکرد:

بێڵە بەدەنم بنێم بەسەر سنگتەوە
ئاخ ئەی نەینەوا، ئەی شاژنی هەموو وڵاتان
ئەی سەر زەمینی گڕگرتوو، مێژووم بۆ بگێڕەوە
مێژووی رێگای سەرفرازی، کە تۆ گرتووتە بەر
گشت رۆڵەکانی خۆت بە ئەی رۆڵەکانم بانگ بکە
هەر کە نەینەوای دێرین دووبارە زیندوودەبێتەوە.

لە وڵاتانی ئەوروپای مەسیحی چی ماوە دەربارەی ((مارگرێت جۆرج)) بگوترێ؟ دەڵێن هەر پێشمەرگەیەك ناچێ بۆ شەڕ ئەگەر وێنەی ((مارگرێت)) بەسەر دڵییەوە نەبێ.

دەڵێن ئەو نیشانەی هیوایە بۆ ئارام کردنەوەی دانیشتوانی کوخ نشینەکان. هەروەها دەیانگوت... و.... دەیانگوت...



بەڵام بەتەئکید (مارگرێت) ئەو ناوەندە نییە کە جەنگ بەدەوریدا لەگەڕدایە. هەروەکو پێویستە مرۆڤ بیر لەوە نەکاتەوە کە ((مەلا مستەفا بارزانی)) رێگای لە هەڵپەو هەڵچوونی ئەو گرتبێ، وەکو کە پاشای فەڕەنسا رێگای لە ((جان دارك)) دەگرت[1]. ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە رۆژنامەیەکی ئەڵمانی هەستا بە بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێك کە لەلایەن هەواڵ نێرێکییەوە لەگەڵ ((مارگرێت جۆرج)) دا کردبووی.

لەم چاوپێکەوتنەدا ئەو کچە جڵەوی بۆ خەونەکان و خەیاڵەکانی خۆی بەرەڵا کردبوو. یان بڵێین رۆژنامەکە ئاوای بڵاوکردەوە و گوایا لەسەر زمانی خۆشییەوە گواستویەتییەوە، مارگرێت دەڵێ:

کە ئەو کاتێك چۆتە ناو ریزی پێشمەرگەوە پاش ئەوەی کە جاشەکانی زێباری[2] باوکیان کوشتووەو خانووەکەیان روخاندوە، و ((مەلا مستەفا)) ئەرکی رێکخستنی

1- جان دارك یاخود جان هاشیت (جان هاشیت نازناوی بنەماڵەکەیەتی) 1412-1431 کچێکی لادێیی فەڕەنسی بوو. لە کاتێکدا مەڕەکانی باوکی دەلەوەڕاند. گوێی لە بانگەوازێك بوو کە فەرمانی پێ دەکرد بچێتە لای (شارلی حەوتەم) پاشای فەڕەنسا و داوای لێ بکا بیکاتە فەرماندەی سوپایەك تا بەرەنگاری ئینگلیزە داگیرکەرەکان بێتەوە پاش دوو دڵی و نابێ و ناکرێ رێگای پێدرا، توانی چەندەها سەرکەوتنی سەرسام هێنهەر بەدەس بهێنێ و ناوی جادوگەریان بەسەردا بڕی، پاش ئەوە دوژمنەکانی بۆسەیەکیان بۆنایەوەو گرتیان و تەسلیمی دادگایان کرد، لە دادگا داوایان لێ کرد کە دان بەوەدا بنێ کە ئەو بانگەوازانەی کە هاتۆتە بەرگوێی لەشەیتانەوە بوە نەك لە رەحمان. بەڵام ((جان دارك)) سەرەڕای ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی دایان رەتی کردەوە ئیعتراف بکا. ئەوە بوو بەزیندوویی لە شاری (روان) ی فەڕەنسا سووتاندیان، پاش چەند ساڵێك ئەو بڕیارەی کە بەجادووگەریان لە قەڵەم دابوو هەڵوەشێنرایەوە بە ((پیرۆز)) یان ناساند. جا ئێمە لێرەدا بەراوردەکانی دانەر لە مبارەیەوە بۆ زیرەکی خوێنەر بەجێ دەهێڵین.

2- زێبارییەکان: واتە خەڵکانی هۆزی گەورەی زێبار کە گوندەکانیان کەوتوونەتە ئەو دیوی زێی گەورەوە، هۆزی بارزانیش لقێکی کۆنی زێبار بووە. بەڵام زۆرایەتی زێبارییەکان لە جەنگی رزگاری کوردستان دا، بە هۆی دوژمنایەتی کۆن و مەترسی بەرژەوەندەکانی سەرۆکەکانیان لەخزمەتی حکوومەتی بەغدا بوون.

خزمەتگوزاری تەندروستی پێ سپاردووە، بەڵام ئەو بەر لەوەی بچێتە سەر دەس بەکاربوون لە ئەرکەکەیدا، بە سەرۆکایەتی بە تالیونێك پێشمەرگە چۆتە ناو بەرەی شەڕەوە. هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێ کە حکوومەت خەڵاتێکی بە نرخی داناوە کە دەگاتە نرخی هەمان خەڵات کە بۆ سەری ((مەلا مستەفا بارزانی)) دوژمنی ژمارەیەکی دەوڵەت تەرخان کراوە. ڕۆژنامەکە لە کۆتایی دیدارەکەدا دەڵێ کە ئەمە چەکێکی پڕوپاگەندەیە کە کەم سوپا هەیە لە جیهاندا لەم جۆرە چەکە پڕۆپاگەندە ئایینییەی هەبێ؟ کە ئەمەش ڕەنگە هەر وابێ. ئەگەر جاروبار بەڕمێن دانی هەندێ ئەفسانەی مێژوویی بە ڕاست بگەڕێ، ئەوا لەئەنجامدا زیانەکانی لە قازانجەکانی کەمتر نابێ. ئەم جۆرە پڕۆپاگەندانە هەڵڵاو هەنگاو دەنێتەوەو زووبێ یا درەنگ لە ژێر پەردەی ئاییندا شتێك دەخاتە ئاراوە کە لە نێوان هەقیقەت و خەیاڵ دا ئەم بەرو ئەوبەر بکا، و داپەروەرترین و بەرزترین شت حەتمەن بەرەو هەڵدێرگەی شێوان و گومان لێکردن خلۆر دەکاتەوە.

((مارگرێت جۆرج)) لەبەرەی شەڕ دوورخرایەوە و لە ساڵی 1966 دا گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکی (ستیڤان جۆرج) بچێتەوە لای دایك و خوشك و مێردەکەی لە نزیك گوندی (دورێ)، لە واقیعدا (جان دارکی کوردستان) مێردی هەبوو! بارودۆخ ڕێگای پێ نەدام سەردانی بکەم، چونکە لەو کاتەدا شەڕی ((ڤردۆنی کورد)) دەکراو هەموو گرنگی پێدانێکی لێ ستاندبووم. هەروەکو گەیشتن بەو گوندە. دە ڕۆژ کاتی لێ دەگرتم و هەروەکو گەشتێکی شەکەتباریش بوو بەسەر پشتی ئەسپەوە. سەرەڕای ئەوەش ((مارگرێت)) وەکو تەئکیدیان دەکرد تووشی نەخۆشییەکی درم بوو بوو کە خستبوویانە ناو ژووری چارەسەرکردنی تەندروستییەوە. ئەم هەلومەرجانە بوونە هۆی ئەوەی نەتوانم چاوپێکەوتن لەگەڵ ((کچە پاڵەوانی نیشتمان)) دا بکەم. لە هەمانکاتیشدا هانی دام نهێنی ئەو مەتەڵە بەشەرییە هەڵ بێنم کە لە گۆشەنیگای بەرپرسە ژیرەکانی شۆڕشی کوردەوە شتێکی زۆر سادەو ساکار دەهاتە بەر چاو. لەم بارەیەوە باوکە بێدار گوتی:



- ئێمە وای بە پەسەند دەزانین هەواڵی ئەو کچە هەروەکو چۆن ئەفسانە بڵاودەبێتەوە، با ئاوا بڵاوبێتەوە.

دکتۆر حیکمەت کە ئەویش مەسیحییە و هەر خۆشی چارەسەری دەکرد گوتی:

- ئەو تووشی جۆرێك لە ئاوڵەی پێست بووە. هەردووکیان تەئکیدیان دەکرد کە دەربارەی ژیانی ئەو کۆمەڵێك ڕاستی و کۆمەڵێك درۆ هەیە.

((مارگرێت جۆرج)) سەر بە هۆزی ((جیلو)) یە کە کاتی خۆی لە چیاکانی هەکاری دادەنیشتن کە بۆ ئاشوورییەکان قایم و سەخت بوون. مارگرێت کچی گەورەی خێزانەکەیەتی، بەدەنی دارێژراوە، ئازاو بەهەڵپەیە، یان وەکو هاوڕێکانی دەڵێن لە جلی ئافرەتدا لە دایك بووە. لە ساڵی 1961 دا چۆتە ناو ڕیزی پێشمەرگەوە، و بەهەمان گیانی فیداکاری مەسیحییەکانی دەوروپشتی ((مەلا مستەفا بارزانی)) کاری دەکرد. مەسئەلەکەش ئەوە نەبوو کە تۆڵەی باوکی لە پیاوکوژەکان بکاتەوە هەروەکو بڵاویان کردبۆوە، باوکی لە ژیاندایەو ماوە. هەندێکی تر دەیانگوت بۆیە هاتۆتە ناو شۆڕشەوە بەس بۆ ئەوەی لە ژیانی هاوبەشی مێردەکەی ڕزگاری بێت کە مارگرێت هیچ گرنگییەکی پێ نەدەداو هەستی بە سۆزێکی خۆشەویستی بەرامبەری نەدەکرد. هەر چی چونێك بووبێ، مارگرێت زۆر بە خێرایی جەنگاوەرێکی کەم وێنەی خاوەن ئازایەتی و دەس پێشکەر و سەرکێشی لێ دەرچوو. بێ ئەوەی هیچ سەرکردایەتی یەك، هەر چەندە لاوەکیش بێ وەربگرێ. ئازایەتی و لە کارزانی مارگرێت بەبەراورد لەگەڵ کچانی هاوڕەگەزی خۆی شتی سەرسام هێنەری دەهێنایە دی، ئەو هەمیشە خۆی تەرخان دەکرد بە سامناکترین ئەرك هەڵبستێ، گوللەی ئەو نەجاش و نەسەربازی نەدەبوارد. هەروەها ئەو لەستایش کردن بێباك بوو و بۆ بەدەست هێنانی پێ سەرسام بوون سڵ کردنەوەی نەبوو و سومعەیەکی بەهێزی پاراستبوو.

بەڵام دڵسۆزی لە وڵاتی کورددا هەرگیز لەوە نابوڕێ کە لەنرخی چاکێتی بێتە خوارەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوا کە لە ناو خۆیدا خنکاوەتەوەو گیانی ئایینی بەسەریدا زاڵە، خۆ خواردنەوەو پاکێتی خۆیان لەبەر دەم پلاری هێرش و گومان

لێکردندا دەبیننەوە. واپێ دەچێ کە تێبینی هەندێ هەڵەشەیی و عەبوسی لە کاتی بەرەڵا کردنی جڵەوی خۆی بۆ سروشتی هەڵپەبازی و هەڵپەی شەڕ کردن لە((مارگرێت جۆرج)) کراوە. لەم بارەیەوە بەڵگەش کەوتە بەر دەست. تەنانەت باوکە بێدار لەم بارەیەوە نەیتوانی تەسلیم نەبێ لەبەر ئەوە گوتی:

- ئەو، لە ناو ئەو چیایانەدا شەو رۆژ خۆی لەناو پیاوان دا دەبینی، ئەمەش نە لە ئێمەی مەسیحی و نە لە مسوڵمانەکانیش نەدەوەشایەوە. بەم شێوەیە داستانە سەربازییەکانی ئەو کەوتنە ژێر هەندێ لە کارە ئاگربازییە عاتفییەکانی، سەرکۆنەیەکی زۆری هاتە سەر کە بەیەکێك لە مەسیحییە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی سەرمەست بووە ناوی (موسی)[1] بووە کە ژنی هەبووەو منالێشی هەبووە ئەمە لێشاوێك نارەزایی گەورەی بەرپاکرد. من لەو باوڕەدام ئەم هەواڵە بەشێکی هەڵبەستراوی ئەفسانەکەیەو فڕی بەسەر راستییەوە نییە. من بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم کە بڕیاری ئەوە بدەم کە دادوەرەکانی ((جان دارکی کوردستان)) لە زۆربەی جارەکاندا لە کاتی حوکم دان بەسەر چاك و خراپدا هەستی هاوسەنگی خۆیان لەدەس دەدا. لەوەی دەمبیست و تەئکیدیان دەکرد گوایا باوکی لەو لەڕێ دەرچوونە رەوشتییەیدا هاندەری بووە. سەرەڕای ئەمانە لاف و گەزافەکانی خۆشی زیاتر سومعەی ئەوی دەشێواند. لە ساڵی 1965 دا هات بۆ رانیە و خۆی بە سەروەرییە سەربازییەکانی خۆیەوە هەڵدەدایەوەو بەجۆرە شەوق دانەوەیەکی گەورەیی خوازییەوە، هاتە کۆبوونەوەی ((مەکتەبی تەنفیزی)) یەوە، و بە هەندێك بێ منەتی و مل هورییەوە، رۆلی خۆی زۆر زل کردبوو، و بەپشت ئەستووری ناوبانگی خۆی لە هەندەران داوای کورسییەکی لە بەرزترین هەیئەتی بەڕێوەبردنی شۆڕش داکرد، هەروەها داوای کرد باوکی لە ئەنجوومەنی باڵای سەرکردایەتی شۆڕشدا بکرێ بە ئەندام. لێرەدا رۆلی باوکە بێدار دێتە پێشەوە و دەچێتە سەر شانۆو دەڵێ:

1- ئەم قسەو باسە چی راست و چی درۆ، ئەرکێکی پێویستە کە بلێین مێردەکەشی هەر هەمان ناوی هەبوو (موسی خمو).



- بەڕای من بەسیفەتی ئەوەی نوێنەری مەسیحییەکانم و بەو پێودانگەی کە رابەری روحی ئەوانم، ناکرێ لەم جۆرە هەلومەرجەدا باسی ئایین بخرێتە روو، بەڵکو تەنیا پێداویستییەکانی شۆڕش بەچاوی گرنگی پێدان وەردەگیرێ. هەروەها گوتم: بەهەر حاڵ من پەیڕەوی لە رای زۆرایەتی دەکەم. ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی بەگشتی دەنگ داواکەی ((مارگرێت)) یان رەت کردەوە. مارگرێت دەسبەجی تفەنگ و دەمانچەو فیشەکدانەکانی فڕێ دایە سەر زەوی و پاشان بێ ئەوەی یەك وشە بلێ لەگەڵ باوکی چوونە دەرەوە. کە (مەلا مستەفا بارزانی) بە مەسەلەکەی زانی فەرمانی دا لەماڵی خۆیدا دەس بەسەر بکرێ و قەدەغە بکرێ لە چوونە بەرەی شەڕ... ئاکار و هەڵسوکەوتی بەربەرەڵای مارگرێت، ئەوی گۆڕیبوو، و تووشی شێتایەتی مەزنی خوازی بوو بوو. ئەمەش وای لێکرد کە لەسەر رێگاکە بترازێ. لەمەشدا پشکی گەورەی ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە سەر باوکی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین لە رادەی ئازایەتییەکەی کەم بکەینەوە. بەهەقیقەت ئەفسانەی ئەو لە هەندەران خزمەتی ئێمەی کردووە.

لەوانەبوو بچمە سەر ئەو بیرۆکەیە کە وازبێنم با ئەفسانەکە وەك بووە بڵاوبێتەوەو بۆ پێشەوە پاڵ بنرێت. مەبەستم ئەفسانەی ئەو کچە نائاساییەیە. بەڵام کە کار لەکار ترازاو کاتی هەق گوتن هات، ئەوا وا باشترە هەموو ئەگەرەکان و ئەو هۆکارانەی دەستەبەری هەڵگێڕانەوەی مێژووەکەی دەکەن بۆ ئەفسانەیەکی ئایینی، هەروەکو کە چیرۆکی (جان هاشیت) واتە (جان دارك) ی پێ شکایەوە، لابرێ. پاراستنی خەسڵەتە راستەقینەکان، ئازایەتییەکەی نادزێ و لەپایەشی کەم ناکاتەوە بگرە نزیکبوونەوەی ئەو کچە بەهەڵەدا چووە لەحاڵەتێکی ئاسایی ئینسانییەوەو چوونە ناو جیهانی ماقولیەت و پەی بردنی هەستەوە لە چوارچێوەی سەرسامی و خۆشەویستی دا، زیاتر بەرزی دەکاتەوە تا پلەی پیرۆزی، ((مارگرێت جورج)) ئەو کچە جەنگاوەرەی کە مانای ترسی نەدەزانی و لە هەڵە بێ بەری نەبوو، نیشتمانی خۆی خۆشویست و پێیەوە سەرگەرم بوو، ئەوەندەش بۆ ئەو بەسە. جانی حەپس کراو! ئای لەم ناونیشانە بۆ تراژیدیایەکی دراماتیکی!

مەسـیحییەکانی کوردسـتان بـستێك چییە لـە ڕێگـای خـەباتی چـەکدارانە دەرنەچوون، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوە بوون و لەبەرەکانی شەڕ دوور بـوون، هەنـدێك بێزاری و توڕەیی خۆیان لەمەڕ بەسەر هاتی مارگرێت دەربڕی. بەڵام ئەو ناڕەزاییەی ئەوان نەبووە مایەی گێروگرفت نانەوە. چونکە ئەوان لەپیاوانی شەڕ نەبوون.

نیشتیمانی ئەسڵی ئاشوورییەکان وڵاتی نێـوان دوو رووبـارە ((میزوپۆتامیـا)). ئاشورییەکان به زوویی پێشوازی یان لـە بانگەشـەی مەسـیحییەت کـردو وەکـو ئایینی خۆیان قبووڵیان کرد. ئەو باوەڕەی کە لە رۆژگاری خۆیدا بە وڵاتانی ئەغریق و رۆمان و بەرسییەکاندا وەکو با تێپـەڕی، پاشماوەیـەکی ئـەوتۆی لـە پـاش خـۆی بەجێ نەهێشت. تاکە نوسـخەی تـەواو لـە تـەورات ئێـستاش ئـەوان لـە گونـدی ((کوسی)) پاراستویانە کە سوێندی پێ دەخۆن[1] رۆژگارێکی درێژ بەسەر ئەواندا تێ نەپەڕیبوو کـە بناغـەی کڵێـسایەکی سـەربەخۆیان دامەزرانـد کـە بـە ((کڵێـسای رۆژهەڵات)) ناسرا. ئەو کڵێسایە کە لە هەموو جیهانی مەسیحی بەسـەر بـەخۆیی مایەوەو بووە ئامانجی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك. لە سەدەی پێنجەمـدا بـاوەڕی (نستوریوس) بەتریرکی قوستەنتینەی[2] بنیات نا، کە دەڵێ مەسـیح دوو سروشـتی هەیە یەکێکی ئیلاهی و ئەوی تر بەشەری، و نکولی یان لـەوەکرد کـە ((مریـەمی عەزرا)) بە ((دایکی خوا)) ناو ببرێ، چونکە ئـەوان تـەنیا بـە (دایکـی مەسـیح)ی دەزانن. بەو کارەش کڵێساکەی ئەوان بەتەواوی لە رۆما جیابۆوە. بـەپێی پێناسـەی (باوکە روندو)[3] لە کتێبەکەی خۆی لە ((مەسیحییەکانی رۆژهەڵات))دا:

((ئەوان تایفەیەکی نەتەوەیی تایبەتن بە ئەندازەی ئەوە کە تایفەیـەکی ئـاینین، بە ئایینی مەسیحییەوە پابەندبوون و لەبـەردەم ئـاڵوگۆڕی رووداوە سیاسـییە یـەك بەدواییەکاندا خۆیان راگرتووە، راهیبەکانی نەستورییەکان بە سەرزەمینێکی بـەرین

---

1- لەوانەیە مەبەستی دانەر ((گوندی کوسی)) ی ناوچەی زاخۆ بێ.

2- نستور پەتریرکی قوستەنتەنیە (428-430).

3- رەنگە ئەمە ناوی خوازراوەی باوکە (تومابوا) بووبێ، کە لەو کاتانەدا دەربارەی لایەنە سیاسییەکانی دۆزی کورد دەینووسی، بەکاری دەهێنا. بڕوانە پەراوێزەکانی بەشی چوارەم.



دا بڵاوبوونەوە و بەقوڵایی ئاسیادا نفووزیان کـرد تـا گەیـشتنە چین و دورگـەکانی سند. لەم بارەیەوە دەربارەی ئەوان گوتراوە کـە ژمارەیـەکی گـەورە لـە خانـەکانی مەغۆل هاتنە ناو مەسیحییەتەوە، تەنانەت یەکێکیان کە ((هۆلاکۆ))یە[1] لە سـاڵی 1258 دا بەغدای داگیر کرد. هەڵمەتێکی پیرۆزی بەرپاکردو لـە پـشتەوە جیهـانی ئیسلامی غافڵگیرکرد، بەڵام لە قایم کردنی پێگەی سەرکەوتنەکانی خاچ پەرسـتی شکستی خوارد[2]. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو هەڵمەتانـە لەگـەڵ ((جیهادی خاچ پەرستی مەغۆلی!)) دا وەڵام دانەوەی نەبوو. یـاخود ئیعترافـی پـێ نەدەکرا، لەبەر ئەوە ڕێگایاندا (مەمالیك) لە شەڕی (جەلیل) دا هۆلاکۆ بـشکێنن. ئەم شکستەش بەرەنجامەکانی ئاشکرابوون، ئەستێرەی نفووزی ئیسلامی دەرکـەوت و درەوشایەوە، و تایفەی ئاشووری کەوتە بەر شاڵاوی چەوسانەوەو کوشتن و راونان و قەڵاچۆکردنی کوێرانە، تا ئەوەی بۆ خۆ شاردنەوە پەنایان بردە بەر قوڵایی شـارەکان و گوندەکان بۆ ئەوەی بەتەواوی تۆزی لەبیرچوونەوەیان لێ بنیشێ. بـەڵام نـاوکێکی گەورەی گـرنگ کـە بەسـەخت گـیری و زینـدوویی لـە بەرگریـدا جیادەکرانـەوەو ژمارەیان سەد هەزار کەس دەبوو لە وڵات دەربـەردەر بـوون و لـە چـیا حەسـتەم و لەگرتن نەهاتووەکانی هەکاری لە باشووری گولی ((وان)) خۆیان مـەڵاس دا، لـەوێ دووبارە لەگەڵ برا هاودینەکانی خۆیان کە لە سەردەمی یەکەمی ((نەسـرانیەت)) دا پەریبوونە ئەوێ یەکیان گرتەوە. لەناو چیا سەرکەشـەکانی ((جیلـۆ)) و نـاو شـیوە بەرینەکانی زێی گەورە بەسەر حەوت هۆزدا دابەشبوون. کە ژمارەی هیچ یەکێکیان نازانرێ. هەر هۆزێك لەوانە مل کەچی ((مالك)) ێکـە. لەگـەڵ هـۆزە کوردەکانـدا

---

1- داگیرکەرێکی مەغۆلییە (1217 – 1265) دامەزرێنەری دەوڵەتی مەغۆلەکانە لە وڵاتی فارس. مەمالیکەکانی میسر لە باشووری شامدا هەڵمەتیان بردە سەر سەربازگەکەی و قەڵاچۆیان کرد. کتێبە باوڕپێکراوەکانی مێژوو باس لەوەناکەن، ئەو مەسیحی بووبێ، بەڵام ژنەکەی مەسیحی بووەو بە کۆششی خۆی توانیویەتی مەسیحییەکانی بەغدا بپارێزێ لەو کاتەدا کە سەربازەکانی دەستیان بەڕەڵاکرا.

2- هێرشی ئەو لەگەڵ ئاخرین هێرشی خاچ پەرستی کە هەشتەمین هێرش بوو. لە ئەورووپاوە ئاراستەی رۆژهەڵات کرا لە ساڵی (1291) دا کۆتایی هات.

بەهاوکارییەکی پتەو بەیەکەوە دەژیان. ئەم دوو دەستەیە کۆمەڵیکیان لە مەسیحی و موسڵمان پێکەوە نا کە یەکگرتنێکی نیمچە تەواوی لەسەر ئاستی رۆژهەڵات لێکەوتەوە. کە دیاردەی ئەو یەکێتییە بێ ئەوەی گومان رێی پێ بەرێ ئەمرۆ لە کوردستاندا دەبینین. میرە کوردەکانی هەکاری و بەتریرکی نستوری لە هەڵسوڕاندنی کاروباری فەرمان رەوایی و بڵاوکردنەوەی سێبەری دادپەروەری بەیەکەوە هاوبەش بوون متمانەی هاوبەش بەیەکتری گەیشتە رادەیەك کە کوردە موسڵمانەکان، هەر کاتێك ناچار بوونایە سەفەری دوور و درێژ بکەن، متمانەی ئەمانەتی ئافرەت و خێزانی خۆیان بەو مەسیحی یانە دەکرد کە بەحوکمی راسپاردەکانی ئایینەکەیان بە پاکێتی و مەیل خوازی بۆ رەبەنی، بەرخورداربوون. ئەم دو کۆمەڵگایە هەر کامێکیان سوڵتانێکی جێگیری خۆیان هەبوو کە لە پاشکۆیی ئەوانەوە بۆ میر، و هەروەها لە پەیوەندییەکانی خزمایەتیشەوە بۆ پەتریرك. سەرچاوەی دەگرت.

لە قەدپاڵەکانی چیاکانی هەکاری لە کڵێسای ئەلقۆش، لە سەدەی شازدەیەمدا پیاوێك لە پیاوانی هێڵی پشتاوپشت هاتووی پەتریرکی لەگەڵ کڵێسای رۆما یەکی گرت و تایفەیەکی کاسۆلیکی نوێ سەری هەر هەڵداو... ناوی (کلدان)) ی بۆ خۆی دانا تا لە تایفەی ((ئاشووری))یەکان یان ئاشوورییە نەستوورییەکان جیابکرێتەوە[1].

1- ئەمە دروست لە ساڵی 1559 لە شاری ئەلقۆش، کاتێك کە تایفەکە لەسەر دانانی پەتریرکی نوێ جیاوازی یان تێدا پەیدابوو، دەسبەجێ ئەو پەتریکەی جیاوازیان لەسەر هەبوو (مار سولاقا، واتە لاواز) لەگەڵ رۆما دا کەوتە وتووێژ و مل کەچی خۆی و ئەو بەشەی هەوادارەکانی کە لەگەڵی جیابوونەوە بۆ کورسی پاپا راگەیاند کە زۆربەیان ئەستوورییەکانی موسڵ و گوندو شارۆچکەکانی نزیکی ئەوێ بوون. پاشان لە ناوەڕاستی چەرخی هەژدەیەم دا دابەشبوون کە بە جۆرێکی کۆتایی هاتە دی. کەنیسەی کلدانی نوێ لە ((کونکور داتو)) لەگەڵ (فاتیکان)) دا پەیمانی بەست، هەر چەندە زۆرایەتی هەرە زۆری کەش و نەریتە کۆنەکانی خۆی پاراستبوو، بەڵام تەواوی باوەڕی کاسۆلیکی و مل کەچ بوونی روحی بۆ دەستەڵاتی بەرزی پاپا قبووڵ کرد.



لەبەر ئەوەی چیاکانی هەکاری بە گۆشەگیری و داخراوی بەڕووی هەر چەشنە نفووزێکدا مانەوە، ئەم کۆمەڵگا کوردییە ئاشوورییە بچووکە لەلایەن جیهانەوە بە نەناسراوی مایەوە، هەر چەندە هەژار بوون. بەڵام کامەران بوون و قەناعەتیان بە حاڵی خۆیان هەبوو. لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا تورك هەستان بە مل کەچ کردنی ئەو میرنشینە بۆ حوکمی راستەوخۆی خۆیان و چنگی خۆیان لە کاروباری ناو خۆی ئەواندا قایم کرد، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە، گەڕیدەو (تەبشیرکاران) بیروباوەڕو خولیای نوێ یان خستە ناوەوە. بەوە گڵۆڵەی دەستەڵاتە کلاسیکییەکە کەوتە لێژی و لە ناو زنجیرەی ناکۆکییە خوێناوییەکاندا وردوو خاش بوو. لە ساڵی 1915 دا هۆزە ئاشوورییەکان دەستیان خستە ناو دەستی هاو پەیمانەکانەوە. پەناگەی گونجاوی مێژوویی خۆیان بەجێ هێشت و بەرەو ئێران دەربەدەربوون تا لەوێ بچنە ناو ریزی هێزەکانی ئەنگلۆ- روسییەوە،گەرچی بەریتانیا بەڵێنی رەسمی بۆ سەربەخۆیی پێ دابوون و هەرچەندە بە (بچووکترین هاوپەیمانەکانمان) ناویان دەبرا، بەڵام چارەنووسیان بەوەدا شکایەوە کە جارێکی تر وڵاتی خۆیان نەبیننەوە ئەم کۆڕەوەی ئەوان کە وەکو داستانێك لە ریزی شاکاری داستانەکان بوو، زنجیرە شەرێکی خوێناوی بەردەوامی بەدودا هات. پەتریرك ((مار شەمعون)) بەدەستی پێشەوای شۆڕشگێری کورد ((سمکۆ)) کوژرا. مردنی ئەو لاپەڕەیەکی لە لاپەڕە پڕ لە قەیرانەکانی حوکم کردەوە چونکە پایەی ئەو بەمیرات هاتەوە دەستی منالێکی تەمەن سێزدە ساڵە (مار شەمعون ئیشعیای بیست و سێیەم) کە چارەنووسی ئەو وابوو لە ژیانێکی نائارام و پڕ لە ئازار و ناسەقام گیردا ژیابوو، پاش ئەوە لە ئاخرین مەنزڵگەی خۆی لە شیکاگۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گیرسایەوەو رەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرت.

ئینگلیزەکان لە عێراق باوەشیان بۆ ئەو ئاوارانە کە لە وڵاتی خۆیان دەربەدەربوو بوون کردەوەو بەشێکی گەورەیان بۆ مەبەستی خزمەت کردنی مەرامەکانی خۆیان بەتایبەت دژی کورد لێ گرتنە ئامێز (لەندەن) لە بیری چوبۆوە چ بەڵێنێکی بەوان داوە. هەرێمەکانی سەر بەهەکاری کەوتنە ناو چوارچێوەی

سنوورەکانی تورکیاوە، و وڵاتی نێوان دوو رووباریش ((جەزیرە)) خرایە سەر دەوڵەتی نوێی عێراق. پاش ئەوەی عێراق خرایە ژێر ئینتدابی بەریتانیا، دووبارە کاری پشێوی کە هێشتاکە بەتەواوی نەبڕابۆوە، دەستی پێ کردەووە. (بەغدا) قەسابخانەی ئاشوورییەکانی بە کردەوە کردە نیمچە جەنگێکی پیرۆز (جیهاد). ئەم شەڕانە هەر بە (جیهاد) ناوبانگیان بڵاوبۆوە. هەست و نەستی ئەوروپا لە بەرامبەر ئەو کارە دڕندە گەرێتییە غەمناکە بێ هودە مایەوە. ئەوروپا دەستەوستان راوەستابوو، کە بووە هۆی دابەزینی سومعەی ئەوروپاو قەناعەتێکی بێ چەن و چوون بەسەر مەسیحییەکانی رۆژهەڵات باوی سەند کە دوو سەرە بوو، لەسەرێکەوە ئەوان بەوە گەیشتن کە ناتوانن هیچ متمانەیەك بە هیچ حکوومەتێکی رۆژئاوایی بکەن، لەسەرەکەی تریشەوە بەوە گەیشتن کە پشت بە هیچ رایەڵەکی مەسیحی ببەستن. ئەم کاردانەوەیە تا رادەیەکی گەورە لەبەر تیشکی دەرەنجامەکانی هەمووارکردنی پەیمان نامەی سووری — فەڕەنسی — ساڵی 1936 هەڵێنجرابوون. ئەم پەیمان نامەیە سیاسەتی فەڕەنسای لە سووریا و لوبنان بەرەو رێگایەکی بن بەست راماڵی.

پاش ئەم تاقیکردنەوە سەختە، ئاشوورییەکان نەیانتوانی جارێکیتریش سەر بەرزبکەنەوەو وەکو جارانی پێش تر بە سەلامەتی بێنە دەرەوە. هەر یەکەی بەلایەکدا پەرش و بڵاوبوونەوە، بەشێکی گەورەیان بەرەو لوبنان و ئێران و بەریتانیا و ئەمریکا کۆچیان کرد. هەروەها هەندێکییان بەرەو فەڕەنسا کۆچیان کردو لەوێ ((جالیە))یەکی رێکوپێکیان لەژێر ئالای کەسایەتی بەرزو دڵاوا(ئاغا پەتروس)دا رێکخست. ئەم پاڵەوانە ئازایەتی و زیرەکی یەکی لە سنوور بەدەری تێدابوو. ئەو کوڕی خێزانێکی هەژار بوو کە لە دەوروپشتی موسڵ دادەنیشتن. تزاری روسیاو پاپای رۆما پێشوازیان لێ کرد، ئەو لە رۆژانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەنرخترین یەدەگی هاوپەیمانان بوو. فەڕەنسا نازناوی شاسواری (گروپی شەرەف)ی پێ بەخشی، بەڵام بەریتانیا کە بێ ئەمەگی لە سیفەتە زاڵەکانی بوو، بە هۆی زێدەرۆیی لە خۆشەویستی و داژداری (ئاغا بەتروس) لە فەڕەنسا، لە عێراق وەدەری نا. (ئاغا بەتروس) بەخۆی و چوار سەد خێزانی پەیرەوییەوە گەیشتە فەڕەنسا.



یەکەم جار لە (مارسیلیا و تولوزو و یۆردۆ) نیشتەجێبوون. پاش دوازدە ساڵ لە گەیشتنیان بۆ فەڕەنسا زۆربەیان لێك بڵاو بوون. بەتایبەتی پاش مردنی (ئاغا پەتروس) لە ساڵی 1932[1]. لەبەر ئەوە لە فەڕەنسا کۆلۆنیالێکی بچووکی ئاشووری دێتە بەرچاو کە لەلایەن تێکرای خەڵکەوە دانی پێدا نەنراوە. بەڵام لە ساڵی 1950 دا کە جەنگاوەرە پێشەنگەکانیان بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە چونە ناو سوپای فەڕەنسا و پاشان (سووریا و لوبنان)یان بەجێ هێشت ژمارەیان زیادی کردو بایەخیان هاتە بەرچاو. لە جەنگەی ئەو رووداوانەدا، وا دەهاتە بەرچاو کە بەتریرکی نستوری (مار شەمعون ئیشعیای بیست و سێیەم) لەبەر چەند هۆیەکی جۆر بەجۆر بەشێك لە پایەی خۆی لەناو گەلە پەرش و بڵاوەکەیدا لەدەس وەهەندێك لە رۆلەکانی گەلەکەی و قوتابییەکانی رەخنەیان لێ دەگرت، بەتایبەتی لەو ژیانە نەرم و نیانەی کە بەفەزلی ئەو پیتاك و خێراتەی لەلایەن هاونیشتیمانەکانی خۆیەوە بۆی کۆ دەکرایەوە، تیایدا دەژیا. جگە لەمەش بە هۆی هەڵوێستی بێ باکانەی بەرامبەریان لە کاتێکدا ئەوان لە نیشتیمانی دایکدا لە خەباتێکی بەردەوام دان. من کە لە کوردستان گەڕامەوە، لە تاران چاوم پێ کەوت کە چەند رۆژێك بوو پێش من گەیشتبووە ئەوێ، پاش ئەوەی ساڵانێکی زۆر بوو نەهاتبۆوە، شای ئێران بەڕەسمی لە کۆشکی خۆیدا پێشوازی لێکرد. ژمارەی ئاشووری یەکان لە ئێران دەگاتە هەشتا هەزار کەس زۆربەیان لە پایتەخت دادەنیشن. ئەوانە زۆر جیدی و کۆشش کارن و زیرەکی و زیندوویی خۆیان لە مەیدانی بازرگانی و گواستنەوەو پیشەی ئازاد دا بەکارهێناوە. بەتریرك (مار شمعون) پیاوێکی کورتە باڵایە بەدەنی پان و رووخۆشە ریشی ماش و برنجی بووە. بەلای پەیڕەوەکانی خۆیەوە وەکو بەرجەستەکەری ئایین و نیشتیمانی ئەوان هەم پاپایەو هەم پاشایانە. لە گۆشەنیگای ئاشوورییەکانی ئێران کە لە پرسە نیشتیمانییەکان دا توند رەون و لە پرسی ئایندا زۆر هەستیارن، ئەوانەی کە داوای

1- لە بارەی چیرۆکی ئەم پیاوە گیانبازە سەربازییە و دیبلۆماسییە بەدبەختە نالێکییەکانی لەگەڵ دەستەڵاتدارێتی بەریتانیا، بڕوانە کتێبی (مهد البشریە) ی (ویکرام). چاپی بەغدا 1932.

سێ گۆشەی موسڵ ((نەینەوای پێشوو)) دەکەن. پایەی ئەویان لە پایەی ((مەلا مستەفا بارزانی)) لە لابەرزترو گەورەترە، تا ئەوەی گەیشتونەتە ئەو جێگایە لە بیریان چۆتەوە کە چارەنووسی ئەوان بە توندی بە چارەنووسی کوردەوە گرێ دراوە. لە هەموو جووڵانەوەکانی رزگاری نیشتیمانیدا گۆشەنیگای خەڵکی دەرەوە کە کۆشکی پاڵەوانێتی خۆیان لە دەرەوە بنیات دەنێن لەگەڵ گۆشەنیگای ئەو خەڵکانەی لە ناوەوە دەجەنگن جیاوازە. زۆر بەدەگمەن رێك دەکەوێ لە ناو رۆڵەکانی (سەمیرامیس) کە بە هەموو پارچەکانی جیهاندا بڵابوونەتەوە کەسێك ببینی کە ئەوەندەی هیوای بە بەرەکەت و دوعاکانی بەتریرکەکەیان هەیە ئەوەندە هیوای بە چەکی ((مەلا مستەفا بارزانی)) هەبێ. یەکێك لەو کەسە نایابانەی دەرەوە کە لە هەموو نوێنەرەکانیان سورترو بەحەماسەت ترە (دیمتری پەتروس ئیلوف) کوڕی (بەتروس ئاغا) یە. ئەو بێ شاردنەوەو بێ تێدا هێشتنەوە داوای هاوکاری موتڵەق لەگەڵ کوردا دەکا، لەم رایەیدا بەتەواوی لەگەڵ (باوکە بێدار) دا یەك دەگرێتەوە کە کاتێ لە کوردستان لە ژێر بوردومانی تۆپ و تەقینەوەی بۆمبادا بووین نەك لە بارێك لە بارەکانی هەوا فێنکەکانی تاران دا، ئەو پێی دەگوتم:

لێرە هەموو شەڕ دەکەن و وەکو یەك ئازار دەچێژن، ناوەڕۆکی رێبازی راستیش ئەلێرەدا بەدەردەکەوێ. ئێمەی کاسۆلیك ژمارەمان هەیە، بەڵام کەرەسەمان نییە. خودی پاپا پشتمان لێ دەکا. بەڵام نستورییەکان توانایەکی گەورەیان لە دەرەوە هەیە. بەڵام چاوەڕوانی هیچیان لێ ناکەین ئەوانە رابردوو شەنە دەکەن و بەسەر کەلاوەکانەوە دەگرین و کۆشش بۆ ژیاندنەوەی رابردوو دەکەن، هەرچەندە ئەمە کارێکی جوامێرانەیەو هیچ ئاشوورییەك نکۆلی لەوە ناکا، بەڵام چاویان باری ئێستا نابینێ، تۆ تەماشایان بکە چۆن لەبەینی خۆیاندا دابەش بوون و تەنانەت هەندێکیان دان بە دەستەڵاتی بەتریکیشدا نایەنێ. ئەوانە لەژێر سێبەری ناکۆکی و حەساسیەتە مەزەبییەکانیاندا دەژین. بەڵام تاکە هەقیقەت لە دووتوێی خەباتی ئێستاماندایە. بەتەنیا هەر ئەوەشە کە دەمان گەیەنێتە یەکگرتن هەر ئەوەشە کە لە ناوەوە و لەدەرەوەش دەتوانێ هەموومان رازی بکا. مەسیحییەکانی وڵاتی ئێمە



چ ئەوانەی کە بەکلدان ناسراون چ ئەوانەی بە ئاشووری ناوبراون ئەم هەقیقەتە بە پراوپڕی هەقیقەت دەزانن. لەم بارەیەوە هیچ گرفتێك لە ئارادانییە. ئەوان ئەمرۆ خەون بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی مەسیحییەوە نابینن. ئەمە وەختی بەسەر چووە. دەوڵەتانی ئەوروپاش کاتێك کە دەیان توانی ئەمە بسەپێنن خۆیانیان لێ دەرهاویشت. ئەمرۆش بزانە ئەوە حاڵی ئێمەیە:

لەو چەند رۆژەی پێشوودا سی و چوار گوندی مەسیحی بە تەواوی خاپوور بوون. تایفەی ئایینی ئێمە دەچەوسێنرێنەوەو ئاگری بۆ هەڵکراوە و فاتیکانیش هیچ نیازێکی نییە بانگەوازی جیهانی مەسیحی بکاو، یارمەتیمان بۆ تەرخان بکا کە ئێمە لەو پەڕی پێویستی داین. با وتەیەکی (ئینجلی مەتی) بخەمەوە بیرت ((برسی بوم نانتان نەدامێ تینووم بوو ئاوتان نەدامێ غەریب بووم نەتان گرتمەخۆ نەخۆش بووم چارەسەرتان نەکردم ئەسیر بووم سەردانتان نەکردم...)) ئەی تۆ بڵێی خوا وازی لێ هێناوین؟ هەرگیز نەخێر. ئێمە کوردی موسڵمان و مەسیحی بەدڵ و بەگیان یەکمان گرتووە و پەندێکی باوی کوردیمان هەیە دەلێ: ((دوو بهەڤ برایی راست بن بێ سیێ خودایە)).

مرۆڤ هەق بڵێ، تەنیا گرنگی دان بەسەرکەوتن بەسەر هزرو گیانی ئەواندا زاڵە. لە چیاکان تووشی یەکێك لەو ئاشوورییانە بووم کە لە نۆرەی خەفارەتدا بوو. ئەو زۆر شانازی بە تفەنگەکەیەوە دەکردو دەستی پێدا دەهێناو هەروەکو چۆن خۆشەویستەکەی خۆی بلاوێنێتەوە ئاوا دەیلاواندەوە، مەعدەنی تفەنگەکەی و قۆنداغەکەشی بەردەوام دەبریسکایەوەو دەدرەوشایەوە. زانست و رۆشەنبیریم تیایدا بەدی کرد. ئەو دەستی کرد بە باس کردنی رابردووی گەلەکەی و گوتی:

- ئەم گەلە ماوەی سێ هەزار ساڵە توانیویەتی زمانی خۆی بەتەواوی بپارێزی. کە ئەمە رووداوێکی بێ هاوتایە لە رووداوەکانی مێژوو. ئەم زمانە لە کاتی خۆیدا بنەمای ئەلف و بێی دەنگی فینیقی و سۆمەری و ئارامی و زمانەکانی تر بووە، هەروەها لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە هەرچەندە گەلەکەی پارچە پارچەیە، بەڵام بەهەر چوارگۆشەی ئاوەدانی دا بڵاوبۆتەوە. هەندێ ناوی هێنایەوە کە

هەمیشە لە کەلەپووری ئایینی ئەواندا تێبینی دەکرێ وەکو داریوس، نمرود ئوراهام (ابراهام)، ئیشۆ (یسوع)، یوسف (جۆزیف)، شمعون (سیمون)...
لەپاشاندا گوتی:

- خواوەند کە پەیامی خۆی بۆ ئادەمیزاد ناردۆتە خوارەوە بە ئێمەش گەیشتووە. لای ئێمە (ئادەم) بەمانای نان و (حەوا) بەمانای دایکی ژیان، سەرەڕای هەموو ئەو چەوساندنەوەو قەسابخانانەی کە تووشمان هات باوەڕی مەسیحی خۆمان پاراستووە. هەروەکو توانیومانە چەند تێگەیشتنێکی دیاریکراوی ئازادی بپارێزین. ئەو تابلۆیانەی کە تۆژەرە باستان ناسەکان دۆزیویانەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە جۆرێك سیستەمی دیموکراسی لە نەینەوا دا هەبووە، پێم وانییە هیچ گەلێك وەکو گەلی ئێمە بەو شارستانێتییە دێرینەیەوە کە بوویەتی، ئەوەندە تووشی قەڵاچۆکردنی بەردەوام بووبێ. جار لە دوای جاریش زیندو دەبێتەوە، کە ئەمە کارێکی سادە نییە. بەڵام ئێستامان شتێکی نوێیە و جیاوازە، گەرچی بۆ زیندووکردنەوەی رابردووی گەلەکەمان و شارستانێتی یەکەی نییە، بەڵام پاڵمان پێوە دەنێ دووبارە بە شێوازەکانی خەباتی خۆمان بچینەوەو لێرامانی تێدا بکەین.

ئەم ئاشوورییە ناوی ((فرانسۆ)) بوو، پاکەتە فیشەکێکی خستە ناو تفەنگەکەی و فیشەکێکی خستە بەری، کاتێك هەستایە پێ لەبەر مەشخەڵی ئاگرەکە سێبەری قەڵافەتی ئەو کەوتبووە سەربەردەکان و بەزل و گەورە هاتە بەرچاو ئینجا دوای ئەوە گوتی:- خواوەند لە کتێبی خۆیدا بەڵێنی بە میللەتی یەهود داوە کۆیان بکاتەوە. هەروەها خواوەندی (عزوجل) هەمان بەڵێنی بە ئێمەش داوەو ئەم بەڵێنەش دێنێتە دی. هەروەها خوای گەورە دەڵێ: سەرەتا، کار پێویستی بە پیاوێکی لێهاتوو هەیە تا سەرکەوتن لەسەر دەستی ئەو بەمەچەك و تفەنگ بێنێتەدی، من لەو باوەڕەدام ئەو کاتە نزیك بۆتەوە.

(فرانسۆ) بەهەمان چالاکی و لەش سووکی باڵندەی ((پۆر)) سەرکەوتە سەر هەورازەکە، ئەو بەهێمنییەوە سەرکەوت تا گەیشتە خاڵی پاسەوانی کە لەمەودای گوێبیستی دوژمنەوە نزیك بوو. خەیاڵی ئەو لەبەر چاوم ون دەبوو.



دەتوانم شایەتی دانێکی رەسمی پێشکەش بکەم کە مەسیحییەکان هیچ گیروگرفتێکیان لە کوردستان نییە. بوژانەوەو زیندووبوونەوەی دۆزی برایانی هاودینمان، بەفەزلی ئەو بەشداریکردنە تەواو دڵسۆزانەیە کە لە خەباتدا لەژێر فەرماندەیی ((مەلا مستەفا بارزانی)) دا کردوویانە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە بوو چەند جارێك ((بەغدا)) هەوڵی دا ئاین وەکو ئامرازێکی دووبەرەکایەتی نانەوە لەبەینی ئاشوورییەکان و کورددا بەکاربهێنێ. زل کردنی نیاز پاکانەی رۆڵی ((مارگرێت جۆرج)) لە دەرەوە کە لەواقیعدا تاڕادەیەکی گەورە زل کرابوو، نەبووە مایەی لێڵ کردنی کەش و هەوایەکە و، هیچ کاردانەوەیەکی خراپی لێ نەکەوتەوە. لە تاران من بەڵگەی خۆمدا بە ئاشوورییەکانی ئەوێ و پەردەم لە رووی هەڵسوکەوتی ((کچە پاڵەوان))ی ئەوان لادا. شانازییەکەی ئەوان گۆڕابە غەمباری و تووڕەیی دایگرتن. جا دەستیان کرد بە قسەکردن دەربارەی چەوساندنەوەی ئایینی و باس کردنی جیاوازی و دوو بەرەکایەتی.. بەڵام هەموو جارێك تاکە پرسیارێکی سادە هەموو مشت و مڕێکی دەبڕاندەوە کە دەمخستە بەردەمی ناوەندە پەیوەندی دارەکان، من دەمگوت:

- ئەگەر ((مەلامستەفا بارزانی)) نەمێنی، تووشی نەخۆشییەك هات و لەجێگادا خستی، یا لە شەڕێك کوژرا یاخود تیرۆرکرا، کێ جێگای ئەو دەگرێتەوە؟

ناحەزو ناڕەزایانی بارزانی لە ستراتیژو بیروڕا، و هەندێکی تر لە ((پیاوانی بەرگری)) لە دەرەوە بەپەلە وەڵامیان دەدایەوە ((شۆڕش بەبێ ئەویش بەردەوام دەبێ)) و دەهاتنە سەر ناوهێنانی هەندێك لە لاوەکان. بەڵام کاتێك چانسی سەرکەوتنی شۆڕش لەبەر چاو بگیرێ و کاتێکیش ئەم کارە دەخرێتە بەر مەحەکی یەکگرتن و هاودەستی گەل، ئەوا لە ناو هەموو ئەواندا، کامیان ئەوپەری خۆپارێزەوە وە لە ناو هەموو تەوژمە سیاسییە جۆر بەجۆر و پەیڕەوە ئایینییە جیا جیاکانەوە، کەسێکیان تێدا نابینی ئیقرار بەوە ناکا کە (مەلا مستەفا بارزانی)) نوێنەری خەباتی کوردەو بە شێوەیەکی تایبەتیش نوێتەری خەباتی ئاشوورییە. بارزانی نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەموو کۆرە

نێو دەوڵەتییەکاندا بۆتە هێمای کورد. ((مەلا مستەفا بارزانی)) سەرەڕای تاکڕەوی بەلای خۆی و سەرەڕای ئەوەی لە تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان کەمێك بەلای راستدا دەشکایەوە، تاکە پیاوی لێهاتووی بەدی هێنانی ئەو پەری رادەی سەرکەوتن بوو لە رێکخستن و یەکخستنی ریزەکانی گەلەکەی لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا کە کەس نای شارێتەوەو دەمەتەقێی تێدا ناکا.

((حەبیب)) کە سکرتێری گشتی مەکتەبی تەنفیزییە و سێیەمین کەسایەتی رەسمییە لای گەلی کورد، بەم شێوەیە ئەم مەسئەلەیەی بۆ روون کردمەوە: بێ ((مەلا مستەفا بارزانی)) نەدەتوانرا هیچ شتێك بهێنرێتەدی. ئەو خۆشی ئاسۆ فراوانی و سومعەو ناوبانگی سەرۆکەکەی خۆی نەبوو بۆ ئەوەی ئەم جۆرە یەکێتییە بسەپێنێ — ئەگەر بارزانی لەسەر شانۆی رووداوەکان نەمێنێ لەوانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان ببێتە دوو کەرتەوە. و لەوانەشە لە نێوان (ئیبراهیم ئەحمەد) و (جەلال) و (حەبیب) دا دابەش ببێ. لە واقیعدا جەنگی ناوخۆیی بە کردەوە لە ساڵی 1964 هەڵگیرسا تا بەغدا پەنجەی تێوەرداو کوردستان بخاتە ژێر رەحمەتی حوکمی خۆیەوە. کە ئەمەش وێران بوون و کۆتایی هاتنە. بەڵام لەبنەڕەت دا ((ئیدریس) لاوێکی زۆر زیرەك، دوربین، ئاقڵمەند، خاوەنی ئاسۆیەکی فیکری فراوان بۆ وەرگرتنی چەمکە نوێیەکان، فراوان تر لە ئاسۆی باوکی کە دەبێتە سەرچاوەی دووبارە گەڕاندنەوەی کارەکان بۆ سەر رێچکەی خۆیان ئەگەر هات و کارەساتەکە روویدا، و ((جەنگاوەری پیرەمێرد)) یش بە پەی بردنێکی تەواوە وە پەی بەوە دەبا کە پاش خانەنشین یا لێکەوتنی خۆی چ بۆشاییەك بەجێ دەمێنێ هەربۆیە کۆششی خۆی دەخستەکار تا کوڕەکەی خۆی بخاتە جێگاکەی خۆی و لەپاش خۆی جێگیری بکا بۆیە گرنگترین و قورس ترین بەرپرسیارێتی پێ دەسپارد. لەوانە بەرێوەبردنی ئوپەراسیۆنی شەڕ لەبەرەی رواندز، بەو هیوایەی کە (ئیدریس) هەمان ئەو رێزەی کە خۆی هەیەتی و هەمان ئەو شکۆ و سامی گەورەییە کە خەڵك بۆی دادەنێن و هەمان ئەو رێزە کە پێشەوایانی گەل لێی دەنێن بەدەست بهێنێ... کورد و ئاشوری لەسەر ئەوە کۆکن کە لەبەرامبەر چارەنوسی نادیاری خۆیان و لە ناو کۆمەلێك



داخوازی تەنیا یەك داخوازییان لە خوای گەورە هەیە، ئەویش کە بارزانی یان بۆ بپارێزێ و تەمەنی درێژی بداتێ.

هەروەها ((شێخ ئەحمەد))یش برا گەورەی مەلا مستەفا هەیە. کە شێخی بارزانەو پێشەوای ئایینی خاوەن پەیڕەوە لە هەموو وڵاتی بادیناندا. لێرە تەئکیدی ئەوە دەکەن ئەگەر شێخ ئەحمەد فەرمانی بەدە پێشمەرگەدا خۆیان بخەنە ناو ئاگرەوە، ئەوە دەسبەجێ بێ دوو دڵی دەیکەن[1] شێخ ئەحمەد پێش سی و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا هاتۆتە ناو مەیدانی خەباتی نیشتیمانییەوە. بەڵام ئەمرۆ بەتەمەندا چوونی ئەو (ئەو لە هەشتا و پێنج تێپەریوە) وای لێکردووە لە سەرووی رەخنەلێگرتنەوەبێ. ماوەیەکی درێژە لە بارزان ئاکنجی بوەو تەنیا بۆ بەغدا ئەوێ بەجێ دەهێڵێ[2] لەم دوایانەدا لەکاتی شەڕەکاندا حکوومەت فڕۆکەیەکی هیلۆکۆپتەری بۆ هاتن و چوونی لە ژێر دەستی داناوە، حکوومەت لە پشت ئەو چاودێرییەوە ئومێدی ئەوە دەکا کە شێخ ئەحمەد بتوانێ مەلا مستەفا بۆ سەر رێگای خۆی رابکێشێ. بەڵام ئەم مەرامەیان بەری نەدا. بارزانییەکان لە تاقیکردنەوەی خۆیانەوە فێربوون کە پێداویستی کار ئەوە دەسەپێنێ بەسەریاندا کە پێی خۆیان بخەنە ناو هەموو سەربازگەیەکەوە. شێخی گەورە هەرگیز گۆشەنیگای خۆی لای هیچ کەسێك نەدەشاردەوە و دەیگوت: (من بەلامەوە پەسەندترە متمانەی خۆم بەسەگ بدەم نەك بەوانە) دوای ئەوە شێخ ئەحمەد لە بارزان مایەوەو بە جێی نەهێڵا. تا ئەو دەمە بارزان تاکە ناوچەیەکی کوردستان بوو کە ئاگری بۆردومانی ئاسمانی داخی نەکردبێ، بەغدا زاتی ئەوەی نەدەکرد لە کردەوەیەکی ئاگر بازانە دا شێخێکی ئایینی بکوژێ و بڵێسەی ئاگرێکی ئایینی بەسەر ئاگری

1- بەمەرجێك ئەوانە لە پەیرەوی (مریدانی) تەریقەتی خۆی بن.

2- شێخ ئەحمەد لە ساڵی 1969 دا کۆچی دوایی کرد. ئەو بۆ چارەسەرکردن دەچووە بەغدا، ئەمە پاش ئەوە بوو کەرێکەوتنێك لە نێوان (شێخ ئەحمەد) و حکوومەتدا کرا کە لەبەرامبەر بێ لایەنی شێخ ئەحمەد حکوومەت دەس درێژی نەکاتە سەر حورمەتی ناوچەی بارزان. بەڵام ئەم رێکەوتنە زۆرەها جار لەلایەن فڕۆکەکانی حکوومەتی عێراقەوە بێ شێل دەکرا.

کێشەیەکی سیاسی دا بکا کە ئێستاکە سیفەتێکی نەتەوەیی هەیـە، و ئـەو بێتـوو تاووتێن و نێڵەی ئاگرەکە پتر جۆش بدا.

یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی زاراوەی ((مەلا)) کـە دەکەوێتـە پـێش ناوی ((مستەفا بارزانی)) یەوە بەم شێوەیە بۆ شیکردمەوە:

- لێرەدا وشەی ((مەلا)) ئەو مانا ناسراوە ناگەیەنێ کەلای موسوڵمانان بـە پیـاوی ئایینی دەگوترێ و لەگەڵ وشەی ((قەشە))ی مەسیحییەکان بەرامبەر دەبێتـەوە. بارزانییەکان سەدانی ئاوایان هەیە. لەبەر ئەوەی تا ماوەیەکی زۆر کـەم بـەر لـە ئێستا ئەو ژینگەیە لە رادەی هەرەکەمی پەروەردەو رۆشنبیری بێبەش بـوو، جـا هەر کەسێك خوێندەواری ببوایە بۆ جیاکردنەوەی لە کەسانی تر پێ یان دەگـوت ((مەلا)). ((شێخ ئەحمەد)) پێشەوای گەورەو تاك و تەنیایە، لێرەدا دەبـێ ئـەوەش بگوترێ کە ((بارزان)) لە زۆر هۆز و تیرە پێکهاتووە کە پەیڕەوی ((شێخ ئەحمـەد))ن و باوەڕیان بەتەریقەتی ئەو هەیـە. بـەڵام ((مـەلا مـستەفا بـارزانی)) سـەرکردەی سەربازییە. بە سادەترین گوزارە ئەو جەنگاوەرێکی گیان بازی بێ هاوتایە. بـەپێی نەریتەکانی لای ئێمە تـەنیا ئـازادیخوازان و نەجیبـەکان مـافی چـەك هـەڵگرتن و شەڕکردنیان هەیە. بەڵام چینی عەوام ئەوانەی بە ((ڕەعیەت)) ناو دەبرێن ئـەوا لـە گشت خزمەتگوزارییەکانی دیکەی کۆمەڵ بەشدار دەبن، جگە لـە ژمارەیـەك لـە پاسەوانانی تایبەتی کە پایەیان هەڵ دەگرێ ببنە پاسـەوانی تایبـەتی پێـشەوایانی میللەت و لەم حاڵەتەدا رێگایان پێ دەدرێ چەك هەڵبگرن.

لە واقیعدا جەنگ ئەم نەریتانەی بە گیانێکی دیموکراسی متوربە کردووە، بەڵام وێرای ئەوەش هێشتا لەمپەری زۆر وردماون کە لە دەروونی پێشمەرگەدا نیشتووە.

پرسیم:

- ئایا پاش ((شێخ ئەحمەد)) ((مـەلا مـستەفا بـارزانی)) بـرای، لـە شـێخایەتی و پێشەوایەتی روحیدا جێگای دەگرێتەوە[1].

1- نفووزی شێخی تەریقەتی بارزان ((کە لە ئەسڵدا نەقشبەندییە) بۆ ناو هەموو ئەو هۆزانەی تر بڵاوبوونەتەوە: هەرکی بنەجێ. نزاری، دۆڵەمەڕی، مزوری، گەردی هەروەها زۆربەی=



- شێخایەتی لای ئێمە میراتییە بەزنجیرە بۆ کوڕەکان دادەبەزێ، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێ کە زانرا کوڕی گەورە شایانی ئەوە نییە یـاخود لێهـاتوویی ئـەواوی نییـە. بەهەر حاڵ لە کاتی مردنی ((شێخ ئەحمەد)) ئەم کێشەیە دروسـت نـابێ. مـەلا مستەفا بارزانی لە چوار چێوەی ژینگەی هۆزایەتی دەرچـووە. ئـەمرۆ بـارزانی، بێ رکابـەر پێـشەوای هـەموو گـەلی کـوردە و نوێنـەری ئازایـەتی و ئـیرادەی ئازادییە. بارزانی تەمەنی گەیشتۆتە شەست و پێنج ساڵ. سێ ژنی هێنـاوە کـە ئەوانە تا لێوارەکانی بەرەی شەڕ لەگەلی دان، ئەو سێزدە منالّی هەیە، هەشـتیان کوڕو پێنجیان کچ، ئەوان بەپێی زنجیرەی تەمەن (عوبیـدوڵڵا، لوقمـان، ئیـدریس، مەسعود، سابیر، نیهاد، دلشاد، سهاد) و چـوارەکەی تـر بـچووکن. عوبیـدوڵڵا و لوقمان بەشداری لە خەباتی چەکداریدا ناکەن و لە بـارزان بـە کاروبـاری ئـازادەوە خەریکن، و حکوومەتی بەغدا دەڵێ کە ئەوانە جیاوازییان لەگەڵ باوکیاندا هەیـە. هەر چوونێك بێ (لوقمان) لە ساڵی 1961 دا رۆڵێکی گرنگی لە شۆڕشـدا هـەبوو. کاتێك ((عەبدول کەریم قاسم)) لەبەر بە ساڵا چوویی شـێخ ئەحمـەدی ئـازاد کـردو رێگای بدا بچێتەوە بارزان ((لوقمان)) قبـووڵی کـرد وەك بارمتـە لـەجێی مـامی بچێتە بەندیخانەوە. پاش لەناوچوونی حوکمی قاسم لە سـاڵی 1963لوقمـان ئـازاد کراو گەڕایەوە کوردسـتان. بـەڵام (مەسـعود) سەرپەرشـتی مەشـقی پیـشمەرگەو کاروبارەکانی ئەوان دەکا لە پشتەوەی بەرەکانی شەڕ. کاتێـك شـەڕی رەوانـدز لـە گەرمەی دابوو بەتەنیا ئیدریس لە نزیکی باوکییەوە بوو.

(ئیدریس) تەمەنی بیست و دوو ساڵە، باریك و کورتە باڵایـەو رووخـۆش و دەم بـە پێکەنینـە. لاوێتـی و حەماسـەتی تێدایـە، سمێڵێکـی وردو رەش بەسـەر لێوەکانییەوەیەتی. ئەو بۆ خۆی ئۆپەراسیۆنەکانی جـەنگی بـەرێوە دەبـرد، کاتێـك شۆڕش دەستی پێ کردوە تەمەنی حەڤدە ساڵ بووە کـە تفـەنگی هـەڵگرتووەو لـەو

=دانیشتوانی ئاکرێ و (ئامێدی) باوەڕیان بە تەریقەتی ئەوان هەیەو هەروەها دەیان گوندیتر لە ناو سنووری عێراق و کوردستانی تورکیا هەن کە لە ژێر نفووزی شێخی بارزان دان. هەروەها هەندێك کۆمەڵگاو گوندەکانی ناوچەی زێباریش.

کاتەوە تا ئێستا بەرگی پێشمەرگایەتی دانەناوە، و هەمووان باسی زیرەکی و ئازایەتی و ئاقڵمەندی ئەو دەکەن.

لێرەدا بۆ ئەوەی لە رووداوە ورد و هەستیارەکانی ئەو بارودۆخە نزیك ببمەوە ئەم واقیعانەی خوارەوە دەگێرمەوە.

لەدەوروبەری ناوەڕاستی مانگی ئایار دابوو، رادیۆی بەغدا بێ ئەوەی هەست بە هیچ شەرمەزارییەك بکا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەلاغاتی باق و بریق دەربارەی ئەو سەرکەوتنانەی کە گوایا سوپای عێراق لە مەیدانی شەڕدا بەدەستی هێناوە، ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ پیسترین شکست کە بەدرێژایی مێژووی خۆی بەسەر سوپای عێراقیدا هاتبوو. لە ناکاو بێژەرەکە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەو سەرکەوتنانەی بڕی و بە زاراوەی کەسێکی سەرکەوتووی حەساوە کوژرانی (لوقمان بارزانی) بەهۆی بۆردومانێکی فڕۆکەوە لەبەرەی شەڕ راگەیاند. ئەم هەواڵە مایەی نوکتە و گاڵتەیەکی گەورە بوو بۆ کورد، و بۆ مەلا مستەفا بارزانیش بە پلەی یەکەم. پاش چەند رۆژێکی کەم خۆم لە بارەگای سەرکردایەتی ((ئیدریس)) بینییەوە کە لە ناو ئەشکەوتێکی ناو گەروی چیایەکدا بوو بەسەر لێواری رووبارێکەوە لە گوندی ((وارەکۆن)) لە نێوان هەردوو چیای (زۆزك) و هەندرێن کە ئەو کاتە گۆرەپانی شەڕەکان بوون. ئێمە خەریکی گفتوگۆ بووین کە تۆپخانە و فڕۆکەکان وەك لێزمە باران تۆپ و رۆکیتیان بەسەردا دەبارانـدین. ئێمە لەجێگای خۆمان جێگیر بووین و هیچ جۆرە جووڵانەوەیەکمان نەدەکرد. لە ژێر دەنگدانەوەی تۆپ و تەقینەوەی بۆمبادا دەستمان کرد بە گفتوگۆ، (ئیدریس) دەربارەی خێزانی قسەی بۆ کردم گوتی کە ئەو لە بنەماڵەیەکی کوردییەو لە خەڵکی چەپی دانیشتووی شاری سلێمانییە[1] هەروەها دەربارەی کچەکەی خۆی (ندی) کە تەمەنی نۆمانگانە... هەروەها دەربارەی زێدە هۆگریی و هاوبەندی و سەرسامی خۆی بە

1- ئەو کچی حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغای (سلێمانیە) و یەکێکە لە نیشتیمانپەروەرە ناسراوەکانی کوردو یەکێکیشە لەوانەی بەیان نامەی ساڵی 1930 یان ئیمزا کردووە کە ئاراستەی کۆمەڵی گەلان کرا دەربارەی مافەکانی گەلی کورد.



باوکی دڵاواو لێبووردەیەوە بەرامبەر بە دوژمنانی، و سەخت گیرو بێ بەزەیی بەرامبەر ئەوەی ناپاکی لە متمانەی بکاو غەدری لێ بکا. لەوانەیە ئەمە رانانی باسی خەزوری (مەلا مستەفا بارزانی) واتە (محموود ئاغای زێباری) بێ کە یەکێکە لە سەرۆکەکانی ((جاش)). ((مەلا مستەفا بارزانی)) بەر لە بیست و حەوت ساڵ پێش ئێستاکە (حەمایل خان) ی کچی ئەم سەرۆکەی[1] زێباری هێنا، مەرامی ئەوەبوو کە پردی خۆشەویستی لە نێوان ئەم دوو هۆزەدا دروست بکا، لەو سەردەمەدا (حەمایل خان) تەمەنی شازدە ساڵان بوو. بەڵام جارێکی تریش ناکۆکی لە نێوان زێبارییەکان و بارزانییەکاندا بە داوێنی ئەم شەڕەی ئێستاوە، دەستی پێکردەوە، ئەم درامایە هیچی لە دراماکانی دیکەی ئەم جەنگە وەحشی گەرێتییە کەمتر نییە کەوا لە کچێکی لاو بکا یەکێك لەم دوو سەربازگەیە هەڵبژێرێ. ئەوە بوو (حەمایل خان)) سەربازگەی خۆی هەڵبژاردو بڕیاریدا کە باوکی ناپاکە، و بە مکومی لەگەڵ مێردەکەی دا مایەوە و پاڵی دایە پاڵ دۆزی کورد.

کاتێ تاریکان داهات (ئیدرس) بڕیاریدا پەناگەی خۆی بگۆڕێ. لە دەوروبەری کاتژمێر دووی پاش نیوە شەو گەیشتینە سەر لوتکەی تیشە شاخێك هەردوو لێوارەکانی تیژ بوون. ئەوێ زۆر لەو پەناگایەی (مولازم خدر) کە ئەفسەری پێشوی سوپای عێراق و فەرماندەی تۆپخانەی شۆڕش بوو، دوور نەبوو، ئەو بەرەو رومان

1- (مەلا مستەفا بارزانی) پێش ئەوەی بە راپەڕینی نیشتیمانی چەکداری ساڵی 1945 هەڵبستێت، بۆ ئەوەی تواناکانی گەلی کورد ئامادە بکا. دەستی کرد بە کاری ئاشتبوونەوەو چاکبوونەوە لەگەڵ عەشیرەتەکانی دەورو دراوسێی خۆی، لە پێش هەموویاندا هۆزەکانی زێبار کە (مەحموود ئاغای زێباری) سەرۆکیان بوو، ئەم ئاشتبوونەوەیەشی لە رێگەی ژن خوازییەوە، تۆکمەکرد، هەروەکو لە ناو دابی عەشیرەتاندا باوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاخرین قۆناغی شەڕدا، زێبارییەکان هەڵگەڕانەوەو پاڵیاندا پاڵ حکوومەت و بەمەش قۆڵی بەرگری و پشتی شۆڕشگێران لە ترسناکترین جێگەدا ئاوەڵە بۆوە. تەوقی گەمارۆ لەسەر بەشی هەرە گەورەی سوپای عێراقی ئاوەڵە بۆوە و (مەلا مستەفا) بارزانی ناچار بوو لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو خاکی ئێران پاشە کشە بکا. لەو کاتەوە تا دانانی، کتێبەکە زەماوەندی بارزانی دەبێتە 23 ساڵ نەك 27 ساڵ).

هات (خدر) بەسەر قاچی چەپیدا دەشەلی. کە پێشتر بە ساچمەی بۆمبێك کە لە بەردێکی دابوو و ساچمەکانی پەری بوون و بریندار بوو بوو. (خدر) بە قاچێکی شەلەوە بەسەردار گۆچانێکەوە شەڕەکانی خۆی بەڕیۆوە دەبرد. هەر ئەوەندە بەیان داهات، بێ پچرانەوە فڕۆکەکان بەسەر سەرمانەوە دەسوڕانەوە، بەڵام ئێمە یان نەدی. ئەو ڕۆژە ئارامییەکی (نسبی) باڵی بەسەر بەرەی شەڕدا کێشابوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە ناوە ناوە بەتاکەوە تۆپێکی تۆپخانە مەیدانییەکانی، یاخود چەند ریزیك دۆشکە دەتەقێنران و لە ناو شاخەکەدا دەنگی دەدایەوە. (ئیدریس) تاکاتی دەی بەیانی لە ژێر تیشە شاخێکدا کە نوای لێ کردبوو، و دار بەڕوویەکی سەوز لە کەلێنی شاخەکەوە دەرچوو بوو، هەم لە تیشکی خۆر سێبەری بۆ کردبوو هەم لە چاوی فڕۆکە نەدیوی کردبوو، خۆی لە لێفەیەکەوە پێچابوو نووستبوو، لە نزیکییەوە دانیشتم و دەستم کرد بە ڕێکخستنی یاد داشتەکانم دەربارەی گەشتەکە. پاسەوانەکان لەسەر بەرزایی چیاکە بوون وەکو کەو چاویان دەگێراو لەسەر هەست بوون. (عەقید قازی) بەدرێژایی گەرووەکە چاوی بەو دەسکەوتانەدا دەگێرا کە لە ڕۆژانی پێشتردا لە سوپای عێراق بەغەنیمەت گیرابوون و لە ژێر دارەکان دا کۆکرابوونەوە. (ئیدریس و قازی و فاخر) لە پاڵەوانانی شەڕی بەلاداکەرەوەی هەندرێن لە کاتی نانی بەیانیدا سەرگەرمی دارژتنی پلانێکی دژە هێرش بوون بۆ شکاندنەوەی سوپای عێراق لە داوێنەکانی چیای زۆزك.

لە نێوان کاتەکانی دوای نیوەڕۆ کە لەژێر سێبەری چەند لق و پۆپێکی چڕ دابووین فڕۆکەکانی ئەلیۆشن و هاوکر هنتر دەستیان کرد بە بۆردومان کردنێکی چڕو پڕی هێلەکانی دواوەی بەرەی شەڕ لەکاتی سوڕانەوەیاندا بۆ جاری دووەم و پاشان سێیەم دەهاتنە سەر سەرمان هەروەکو بلێی دەستەویەخەمان دەبنەوە، لە ناکاو (ئیدریس) م بینی تفەنگەکەی هەڵگرت بەبازێك لە حەشارگەکەمان چووە دەرەوە، من وام بەبیرداهات کە ئارامی لێ بڕاوە یا خەریکە لە وزەی دادەمێنێ، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی فڕۆکەکان ببێتەوەو کارێکی گیانبازانە ئەنجام بدا و گیانی خۆی بە فیدای میللەتەکەی بکا. (قازی و فاخر) بەپەلە خۆیان گەیاندە (ئیدریس) بۆ



ئەوەی نەهێلن کارێك بکا کە بەلای سەرکێشیدا بچێتەوە کە پێویستییەکی تێدا نابینرێ، بەڵام (ئیدریس) ئارامی کردنەوەو ئارێلی رادیۆ ترانزیستۆرییەکەی هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگوباسی رادیوی بەغدا بگرێ. بێژەرەکە بەیانێکی رەسمی بەزمانی حکوومەتەوە، بەزاراوەیەك بڵاودەکردەوە وەك کەسێك کە هاوار بۆ مژدەدانی سەرکەوتنێکی گەورە بکا کەتێیدا کوژرانی ئیدریس بارزانی سەرکردەی گشتی یاخی بووەکان و کوڕی ((مەلا مستەفا بارزانی)) راگەیاند. ساتە وەختێك واقمان وڕ بوو، پاشان کۆبووینەوەو بەبۆنەی دووبارە زیندووبوونەوەو هاتنەوەی بۆ سەر دنیا پیرۆزبایمان لێ کرد!!

کاتێك گەڕامەوە بۆ فەڕەنسا، تەماشادەکەم ڕۆژنامەکانی جیهان دەهۆڵ و زۆرنا بۆ ئەم هەواڵە لێ دەدەن و تاڕادەیەکی زۆر زل و قەبەیان کردوەو هەڵڵایەکی گەورەیان بەدەوری دا بەرپا کردووە. من حەپەسام و سەرسام مابووم کە ئاژانسی دەنگوباسی فەڕەنسا هەوالێك بڵاوبکاتەوە کە لە بەغداوە دەرچووبێ و لەگەورەترین و بەڕمێنترین ڕۆژنامەدا وردو درشتی هەواڵەکە بڵاوکرابۆوە کە بریتی بوو لە بەیانێك لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراقییەوە دەرچوو بوو کە تیایدا لە ناوبردنی یەکجارەکی شۆڕشی کورد رادەگەیەنێ کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی و لە لاپەڕە شەشی ڕۆژنامەی (لوموند- ژمارەی ڕۆژی (24 ی ئایار 1966) بڵاوکراوەتەوە:

((داواتان لێ دەکەین چەکەکانتان فڕێ بدەن و دەسبەجێ خۆتان تەسلیمی هێزەکانی سوپای سەرکەوتوومان بکەن، کۆتایتان نزیك بۆتەوەو لەدەست ڕەتلە هێرشبەرەکانمان دەربازتان نابێ، سوپای دلێرمان بڕیاری داوە پاشماوەی ناپاکان قەلاچۆ بکا. هیچ کەسێك ناتوانێ لەڕووی ئیرادەی سوپای مەزنمان و لێشاوی پیرۆزیدا رابوەستێ، لێرە بەدواوە هیچ بەرگرییەك دادتان نادا، و بۆ ئێوە وا باشترە ئەی یاخیبووانی کورتە باڵا کە بەپەشیمانییەوە خۆتان بەدەستەوە بدەن پێش ئەوەی هێزەکانمان قەلاچۆی هەرکەسێك بکا کە جورئەتی ئەوە بکا ڕێگا بە پێشڕەوی کردنی هێزەکانمان بگرێ.))

هەروەها رۆژنامەی ((لومۆند)) پتر لەسەری رۆیشتوەو دەڵێ:

((...لەلایەکی ترەوە رادیوی بەغدا بەبۆنەی ئەو (سەرکەوتنە گەورانەوە) کە لە قۆڵەکانی زۆزك، بیرە، رەواندز)ەوە بەدەست هاتبوون پیرۆزبایی گەرمی بۆ لیواکانی (یەك، سێ، چوار، پێنچ) و سوارەکانی (سەلاحەدین) کە ئەمانە هێزی کوردین و شان بەشانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت دژی کورد دەجەنگن، ناردبوو. هەروەها رادیۆکە گوتویەتی کە حکوومەت بڕیاریداوە هەموو ئەفسەرانی هێزەکان کەلەم کردەوە سەربازییەدا بەشدارییان کردووە نمرەیەك بەرزبکاتەوە، هەروەها رادیۆکە گوتویەتی کە خەڵکەکە هەندێك دیارییان پێشکەشی ئەو ئەفسەرو سەربازانە کردووە کە لە قۆڵی رەواندز جێگیربوون کە پێکهاتووە لە چەند نوسخە لە قورئان و پێنج سەد رادیۆی تراتریستوری و دو سەد کاتژمێری دەست)).

وام دەزانی خەونم دیوە!! من بۆ خۆم لە ناو ئەو شەڕە بەناوبانگانەدا بووم، نزیکەی دەرۆژ لە ناو گۆرەپانەکانی ئەو بەرەدا هات و چۆم کردووە، ئەو شەڕانە بە لێدانی کوشندەترین گورز لە سوپای عێراقی کۆتاییان هات. رێژەی ژمارە دەکەس بەرامبەر بە یەك کەس بوو، تفەنگەکان و خەنجەرەکانی پێشمەرگە لەگەڵ تازە بابەتترین چەك و ئامێر و دەزگای جەنگی بە پشتیوانی بۆردومانێکی بەردەوام و چڕی تۆپخانەی بەهێز و هێزی چالاکی ئاسمانی کە بەبەردەوامی لەکاردابوو، رووبەروو دەبۆوە. ئەم کورتە بالآیانە ((کورتە بالآیانی هەژار))ی کورد شەڕی خاوەن زەبرانی لە شکان نەهاتوویان بەرپاکرد. لە واقیعدا زۆربەی زۆری ئەم دوو فیرقە سەربازییەی کە لە سەریان کۆکرابۆوە قەلاچۆ کردو بێ بەزەیی و بێ پەروا راوی پاشەواری هێزە شکستەکانیان نا تا ئەو جێگایەی کە هێرشەکەیان لێوە دەست پێ کردبوو. ئەم پێشڕەوەییە پاڵەوانییەی کە بەغدا بانگەشەی پێ دەکا، زۆر بەخێرایی گۆرا بە هەڵدیرگەیەکی بێ سەرو بەرو هەلآتن لە مەیدانی شەڕ، کە سەدان تەرمی کوژراوی تێدا بەجێ ماو بڕێکی گەورەش لە چەك لەمەیدانەکانی شەڕەکە کەڵەکە بوو بوو.

بەتەئکید ناتوانرێ تۆمەت یان سەرزەنشتی ئاراستەی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا، یان ئەو رۆژنامانەی کە ئەم هەواڵە یان لێ وەرگیراوە، بکرێ لەبەر



ئەوەی کە باوەڕیان بە دەنگوباس و هەواڵی درۆ و هەڵبەستراو کردبێ کە تارادەیەك سیمایەکی سەیریشی هەبێ کردبی، بەلآم من تێبینی ئەوە دەکەم کەلەم چەرخەی ئێستامان دا دەکرێ کە مرۆڤ بە وردترین ئامرازی زانستییەوە، بگاتە دوورترین خاڵی ئاوەدانی بەمەرامی لاڕێ کردنی رای گشتی جیهانی. واش پێ دەچێ بەغدا نەی دەزانی و هەرگیز گومانیشی بۆ نەدەچوو کە پەیامنێرێکی رۆژنامەوانی بیانی لەوێ ئامادەیە، بۆ ئەوەی لە پاشاندا وەکو شایەتێك بەسەر ئەو رووبەڕووبوونەوە جەنگییە یەکلایی کەرەوەدا راست بێتەوە کە مافی خۆیەتی بە ((**ڤردۆن**))**ی** کوردی ناو ببرێ.

# بەشی حەوتەم

# ڕۆژی قیامەت

# ڕۆژی قیامەت

**((خەنجەر برایە و تفەنگ پسمام))**

(پەندی کوردی)

(مەلا مستەفا بارزانی) زۆر داخی لەوە خوارد کە ژەنەڕاڵ (عقیلی) بەشەخسی خۆی نەیتوانی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پلانە بەناوبانگەکەی خۆی بکا لە مەیدانی شەڕدا. کە ئامانجی ئەوەی پێ هەبوو سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدی بهێنێ، پاشان هاتە قسەو گوتی:

- بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ خۆی هەڵ بداتەوەو، لەبەردەم بەرپرسیارێتیدا خۆی دەربازبکا. ئەویش بەوەی کە لافی ئەوە لێ بدا کە ئەو خۆی تووشی شکست نەبووە و بەرپرسیارێتی شکستەکە ناکەوێتە سەرشانی ئەو، چونکە لەکاتی پیادەکردنی نەخشەکەدا نە وەزیری بەرگری بووەو نەسەرکردە.

بەڵام ژەنەڕاڵ (شکری مەحموود شکری) وەزیری نوێی بەرگری نەخشەکەی دەقاو دەق جێ بەجێ کرد. هەمان ئەو نەخشەیە کە کەسانی پێش ئەو هەستابوون بەداڕشتنی و بەوپەری وردەکارییەوە تادەگاتە بچووکترین خاڵ ڕێکیان خستبوو. لەواقیعدا هێرشێکیان کرد کە فراوانترین هێرش بووە تا کو ئێستا حکوومەت کردبێتی. حکوومەتی بەغدا هیچ گومانێکی لە ئەنجامی نەخشەکە نەبوو. تەنانەت باڵوێزی عێراقی لە تاران لە ڕۆژی (ج) دا کە ڕۆژی دەست پێکردنی هێرش بوو. یادنامەیەکی دابوو بە حکوومەتی ئێرانی، لە یادنامەکەدا داوا دەکا کە ڕێگا بە پاشماوەی هێزەکانی یاخی بووەکان نەدا پاش تێك شکانیان بێنە ناو خاکی وڵاتەکەیانەوە. بەشێوەیەکی تایبەتیش داوای کردبوو کە مافی پەنا بەرێتی بە ((مەلا مستەفا بارزانی)) نەدرێ.

نەخشەکەی ((عقیلی)) یەکجار سادە بوو. تەنانەت بەلای (نایب عەریف)ێکەوە کە کەمترین زانیاری دەربارەی ستراتیژی جەنگ هەبێ، بەلایەوە



تێگەیشتنی ئاسان بوو: (دوژمن بەسەر تاکە ڕێگای هاتوچۆدا زاڵە کە هەم پاراستنی خۆی پێ دابین دەکاو هەم کەرەسەو تفاقی لێوە دابین دەکا. ئەم ڕێگایە چۆن دەکەوێتە ژێر دەستی هێرشبەر؟ کەوابێ بۆ گەیشتن بەو مەرامە پێویستە ئاستەنگی ڕەواندز کە خۆی لە هەردوو چیای ((**زۆزك و هەندرێن دا**)) دەبینێ و بەسەر ئەو ڕێگا بەناوبانگەدا زاڵە تێك بشکێنرێ. ئەم ڕێگایە لە هەولێرەوە دەست پێ دەکا و بەقوڵایی کوردستاندا دەڕواو دەیکا بە دووکەرتەوە و دەڕوا تا سنووری عێراق — ئێران لە گەرووی (شینۆك) لێرە بانێکی بەرزی لێیە، ئینجا ڕێگاکە لەگەڵ ڕێگای (حەیدەر ئاباد) لە میحوەری ڕەزائیە (ورمێ) — مهابادەوە یەك دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە نەخشەکەی عێراق هەوڵی دەدا ئامانجێکی جووتەوانە بەدی بێنێ. لەلایەکەوە ئامانجی ئەوە بوو (الحبل السری) کە کورد بە تاکە وڵاتی دۆستییەوە دەبەستێ ببڕێ. بەم شێوەیە وە تەق بکەون و کوردستانی عێراق و هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانی ببن بە دووکەرتەوەو لە ڕێگای کردەوەی سەربازییەوە ئەم دوو کەرتە لە یەك جیابکەنەوە، و لەلایەکی ترەوە لێك ترازانێك بخەنە ناو هەرێمی سۆرانەوە.

(باوکە بێدار) ئیقراری بەوەکرد کە سەرکەوتنی ئەم نەخشەیە لە مەیدانی شەڕدا تۆزیان بەبا دەکا، ئەو گوتی: ئێمە هەموو شتێکمان لەو ڕێگایەوە بۆ دێت. خواردن، ئازوقە، دەرمان و زۆر شتی تر بەتایبەتی هیواو ئومێد...

ئەم ڕێگا مێژووییە بە ڕێگای ((هاملتۆن)) ناسراوە. هاملتۆن ناوی ئەو ئەندازیارە ئینگلیزەیە کە لە ساڵی 1926 دا هەستا بەبرینی ئەو ڕێگایە و بەردەوام بوو لە برینی تا دەگاتە گەرووە سەیرەکانی ڕەواندز کە ژیری مرۆڤ لە بەرامبەریاندا سەرسام دەبێ، ڕێگاکە هەروا بەردەوام دەبێ تا دەگاتە سنوورەکانی ئێران، بەسەر ڕێگاکەوە پێنج پرد بەسەر ڕووباری ڕەواندزەوە بنیات ناوە، ئەم ڕێگایە تا دەگاتە کۆتایی هەر بەڕێگای (هاملتۆن) ناسراوە، پاش ئەوە کە دەگاتە ناو دڵی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەگەڵ ڕێگای (سوڵتانی) دا کە بەسەر هێڵی کاروانەکەی داریوش و ئەسکەندەری گەورەدا درێژ بۆتەوە، تێکەڵ

دەبێتەوە. (ئارشیبالد ماین هاملتۆن) لەکاتی بەرێوەبردنی ئەم کارە بێ وێنەیەی دا بیرێکی یەکجار بەرزی لەسەر کورد لەلا دروست بووە و لەناخی دڵدا رێزێکی قوڵی بەرامبەر کورد هەڵگرتووە، ماوەیەکی زۆر کەم پێش ئێستا لە وەسفی ئەواندا دەڵێ ((**میلەتێکی سەرسەخت و لەشکان نەهانوو، دڵسۆزو جێی متمانەن ئەمە لە مەلا مستەفا بارزانی دا، مەزنترین و هەڵکەوتووترین پیاوی سەربازی ئەم چەرخەماندا، دەبینرێتەوە.** لەنامەیەکی کراوەی دا بۆ رۆژنامەی ((ئیڤنینگ ستاندرد)) ئەو جەنگە خوێناوی و زاڵمانەیەی کە ((بەپێی قسەی ئەو)) نەتەوەی دەس درێژکەری عەرەب بەرپای کردووە، ریسوا کرد. ئەم رێگا بێ هاوتایە هەر لەسەرەتایەوە بەناو دۆڵێکی سامناکی ترسناکدا وەکو مار پێچی خواردووەو، سروشت بۆیە وا عاسێی کردووە تا گەنجینەی ئەفسوون و جوانی تێدا بشارێتەوە. بە شێوەیەکی ئاواز و گۆرانی ئاسا بەناز و لەنجەوە بە پارێز و پیرۆز درێژ دەبێتەوە. لە هەندێ شوێندا سەر دەکەوتە سەر لێواری لوتکەیەکی سەرکەش و لە هەندێ شوێنی تردا شۆر دەبۆوە تادەگەیشتە ئاستی ئاوی رووباری رەواندز کەشانەو شانی رێگاکە دەهات. ئەم رووبارە، ئاوێکی فراوان و بەخورو رێژەنی پێدا دەهات کە دیمەنی (رووباری دورانس)ی وڵاتی خۆمانی دێنایە وەبیر، پێچاو پێچەکانی رێگاکە هەروەکو پێچی مار دەچوو، لە شوێنی بەرەی شەرەوە تا دەگاتە سنوورەکانی ئێران بەسەر بیست بانی بەرزدا بڵاو دەبۆوە. بۆردوومان و تۆپ باران هەندێك لەو رێگایەی خراپ کردووە، پیاو هەق بڵێ، فرۆکە وانە عێراقییەکان کە لە سەرکەوتنی خۆیان دڵنیا بوون، ئەوەندەیان تێك نەدابوو، هێندەی ئەوەی کە دوای تێکشکانیان خراپیان کرد. هەروەها سەختی و لافاوی زستانیش کە لە توانەوەی بەفرەکانەوە دێتە خوارەوە بایسی ئەوەبوو بەشێکی گەورەی لێ خراپ ببێ. بەڵام ئێستاش رێگاکە بەتێکرایی بۆ ئامرازەکانی گواستنەوە گونجاوەو بۆ ئەو ناوچەیە کە تۆری رێگاو بانەکانی تێك چرژاون زۆر لە بارە. هەروەها بەسەختییەوە رێی خۆی بەناو وێڵگەیەکی سەرسام هینەری تاوێرە بەردی چەقیودا بڕیوە یاخود بەدەوریاندا سوڕاوەتەوە کە باشترین نموونەی بەربەستی سروشتی پێك دەهێنن. جۆگاو ئاورێژگەی چیاکان بە ئاراستەی



رێگاکەدا دێنە خوارەوە بەرەو ناو رووبارەکە دابەشکردنێکی زەخرەفەکراوی ئورکسترایی پڕ لە خەیاڵ و رۆمانسییەت لەسەر ئاوازێکی ڤاکنیری[1] رەسەن رێك دەخەن. ئەو رێگایە بەناو سروشتێکدا دەڕوا دیمەنێکی دڵفرێنی هەیە. دەبینی لە جێگای واهەیە بە تیشەلوتکەکانی چیاکانەوە هەڵواسراوە، یان لە دارستانی ئەسپیندار دا ون بووە، یا بەناو کێلگەی چەڵتوکدا کە هەر دەڵێی پارچەیەکە لەوەرتەی کاشانی، مەلەدەکا (**حاجی هۆمەران، رایات، چۆمان، ناو پردان، رەش دور، خەلکان، رێزان، ناوکێلەکان، پاش کوز، ریزانۆك، بەرسرین، وارەکۆن...**) بەناو هەموو ئەو کۆمەڵە بەردانەدا کە لە یەکتری دەچن و، بەناو چیمەنی سەوزو بەردەڵانی وشکدا، بەلێواری سەربەرەوخواردا کە هەر لە گردێکی گلی سوور دەچن و رێگای لێ جیابوونەتەوە کە بوونەتە لێژگەو لە سەرەوەی چیاکانەوە دەخزێنە خوارەوە تا دەگەنە ناو گوندی گەورەوە. ئەو گوندانەش بە دەوری خۆیان چوونەتە ناو مێژووی کوردستانەوە وەکو (**گەلاڵە، قەسرێ، چومسارك، قصر السلام، دەرگەڵە، بەرزێوە. سەلان و زێوە**) لە راستیدا بچووکترین گوندی کوردستان پەیوەندی بە جەنگەوە هەیە. ئەم رێگایە بەو حاڵەوە کە هەیەتی رێگایەکە لە رێگاکانی چیای ئەلب بە هەموو شیرینییەکەوە کە هاژە هاژو وەسوەسەو چرپەکانی ئاوەکە دەبخاتە ناو دەروونەوە. دەمارو لێواری رازاوە لەو لوتکە بەفرینانە هاتوونەتە خوارەوە یاخود چلوەی سەهۆڵ، پاش هەشتا کێلومەتر لەو پێچانە لەناکاو لە سوڕانەوەیەکدا دەچێتە ناو خەرەندی رەواندز. زۆربەی شارو شارۆکەکانی کوردستان لەسەر پارچە زەوی یەکجار جوان و دڵفرێندا بنیات نراون، ((ڕەواندز)) بەو گەرووە جوان و شکۆمەندانەیەوە. لە وڵاتێکدا کە هێشتا سروشت کچێنی خۆی پاراستووە لەم رێسایە بەدەرنییە، ((شاری رەواندز)) بۆ خۆشی شیوێکی نزمی بەرینی داگیرکردووە کە ئەگەر پیاو لەسەرەوە را سەیری دەکا

---

1- لە لاپەڕەکانی دیکەشدا هەمان وەسف دێتە بەر چاو. ئەمە جۆرێك خواستنەوەیە کە لە سروشتی ئاوازەکانی مۆسیقاری ئەڵمانی ((ڤاگنر))ەوە وەرگیراوە، کە بە ئاوازی بەهێز، بەرزبوونەوەی لە ناکاو لەنەرمییەوە بۆ توندی و لەڕەقییەوە بۆ ناسکی، دەناسرێتەوە.

شیوی (دیان بیانفو)ی دەکەوێتەوە بیر، ئەوە سەرەڕای ئەوەی پشتێنەیەکی چیای بەرز بەدەوری دا هەیە کە زۆربەی لوتکە نزیکەکانی لە دوو هەزار مەتر بەرزترە.

شۆرشگێرانی کورد جگە لە چیای ((**کارۆخ**)) کە چیایەکی رووتەنەو پاراستنی بە زەحمەت دەکەوێ و سوودێکی سەربازیشی نییە، ئەوا هەموو ئەو چیایانەیان داگیر کردووە. هەر کام لە چیای زۆزك (2220 مەتر بەرزە) و چیای هەندرێن (2875 مەتر بەرزە) وەکو پاسەوانێك بەسەر هەردوو تەنیشتی جادەکەدا بڵندبوونەتەوە. جگە لەمە هەندێ پێگەی تر هەن کە هەریەکەیان گرنگی جۆربەجۆری خۆی هەیە، بەدەوری شیوێك دا بڵاوبوونەتەوە کە سوپای عێراقی هەموویانی یا هەندێکیانی کردووە بەسەربازگە، وەکو ((باڤیستیان، باڵەکیان، هاودیان، بادیلیان، دلزانو دیانا) دیانا شارۆکەیەکی گرنگی مەسیحییەکانە. بەلای باشووری رۆژهەڵاتی شاردا دۆلێکی قوڵ درێژ دەبێتەوە کە دۆڵی (ئاکۆیانە)ە. ئەم دۆڵە گرنگییەکی گەورەی ستراتیژی هەیە چونکە بەدەوری چیای (هەندرێن) دا دەسورێتەوە.

**ئەمە چوارچێوەی گۆرەپانی شەڕی ((ڤردون))ی کوردییە. لەو شەڕەدا رێگای (هاملتۆن) وەکو خەڵاتێکی بارمتەکراو وایە.** کە بەغدا لە حەسرەتی داگیرکردنیدا، خەریك بوو شێت و هار دەبوو لە هەمانکاتیشدا مکوم بوو لەسەر سەلامەتی رێگاکە. هەروەها بۆ کوردیش مەسەلەی مان و نەمان بوون، ئەم رێگایە بەرۆژ چۆڵەو کەشەو داهات لە جووڵانەوە جمەی دێ. ئەمە رێگای پیرۆزی کوردستانەو ئەم جووڵانەوە بێ پسانەوەیەی ئەویش بەلای سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق شتێکی شاراوە نەبوو، بەڵام ئەوان جەسارەتی ئەوەیان نەدەکرد فڕۆکەی مێك یان هاوکرهنتر بنێرنە سەریان لەترسی ئەوەی کە نەبنە تەڵەی چیا سەرکەشەکان، ئەو کاتەی لەوێ بووم، جارێکیان فڕۆکەیەکی ئەلیوشن بەتاکەوە، کاتژمێر یازدەی شەو بوو، لەبەرزاییەکی زۆرەوە بۆردوومانی رێگاکەی کرد. من لەو دەمەدا لەسەر ئەو رێگایە کە لەمپەر و ئاستەنگ دابڕ دابریان کردبوو، لە ئۆتۆمبێلیکی جیبدا بووم، چەند مووشەکی روناك کەرەوە تەقینەوە، دەسبەجێ لایتی



ئۆتۆمبیلەکان کوژێنرانەوە و برانە ناو پەنا بەردەکانەوە، یان لە پێچاو پێچی رێگاکە دا شاردرانەوە. بەڵام جەنگاوەران بەناو شوانەکان و مێگەلەکانیاندا رێگەیان کردەوەو خۆیان هەڵدایە لێواری رووبارەکە، پیاوەکانی تریش بەناو ئاژەڵەکاندا پەرت و بڵاو بوونەوە، و لە تاریکاییدا لەچاو ون بوون، ئاژەڵەکان وەك بڵێی دەستێکی جادوویی بەناویاندا رەت بووە چاویان لەڕەشەوە دەچوون. دەنگێك هاتە بەر گوێ، دڕی بەخامۆشی شەوەکەدا. خەڵکەکە هەستییان لێ راگرتبوو، هەموو جۆرە نەفرەت و جنێوێکیان بۆ دەنارد جاری واش بوو گاڵتەشیان پێ دەکرد. رۆکیتە روناك کەرەوەکان بە هێواشی و شێنەییەوە دادەبەزین و وردە وردە روناکی یان زیادی دەکرد و رێگا چۆڵەکەیان بە تیشکێکی سووربباو رەنگ کردبوو، پاش ئەوە بایەك هات پاڵی بەروناك کەرەوەکانەوە ناو لارێ بوون تا بەرەو بناری چیاکە چوون. ئەو ئەلیوشنە کە لەسەر سەرمان دەسوڕایەوە. دوورکەوتەوە، لێرو لەوێ دیسانەوە لایتەکانی ئۆتۆمبێلەکان هەڵکرانەوە.

سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق دوو ((فیرقە)) سەربازی لە باشترینی ئەو پێنج فیرقەیەی کە هەیبوو لە شیوی (رەواندز)) کۆکردبۆوە، کە ئەوانیش فیرقەی یەکەم و فیرقەی دووهەم بوون. فیرقەی دووهەم کە بارەگای لە کەرکووك بوو بە فیرقەیەکی هەڵبژاردە دادەنرا. فیرقەکە لە لیوای سێ و چوار و پێنج پێکهاتبوو، سەرۆکی فیرقە ژەنراڵ (ئەنساری)بوو[1]، ئەم فیرقەیە لە جەنگی چیادا تایبەتمەندی پەیدا کردبوو. بەڕێوەبردنی ئوپەراسیونەکانی جەنگ بە ژەنەڕال (زەکی حسین حلمی) کە سەرکردەی فیرقەی یەك بوو سپێردرا. ئەم فیرقەیە لە لیوای یەك و چواردە و پازدە پێك هاتبوو، بێجگە لە هێزەکانی (جاش) بەتێکرایی ژمارەی هێزەکانی دەگەیشتە سی و پێنج هەزار سەرباز کە بەتازەترین چەکی هێرش

1- لیوا روکن (ئیبراهیم فیصل الأنصاری) پاشان بوو بە سەرۆك ئەکانی سوپا تا پاش حەڤدەی تەمووزی 1968. لەلایەن ئەم حوکمەی ئێستاوە بە پیلانگێڕان و بەکرێگیراوی و جاسووسی تۆمەتبارکراو خرایە بەندیخانەو ژێر ئەشکەنجەوە. پێموایە ئێستا بەردراوەو دەنگۆ وایە کە بە هۆی ئەشکەنجەوە تووشی کەمایەتییەك بووە.

بردنەوە پڕچەك کرابوون و تۆپ خانەی قورس و فڕۆکەکانیش بەچالاکییەوە هاوکاریان دەکردن. لەلایەکی دیکەوە شۆڕشگێرانی کورد بەهەر حالێك کە هەیە- ناچارن کە بەدرێژایی بەرەیەکی شەڕ کەلە (زاخۆ) تا دەگاتە (خانەقین) درێژبۆتەوە بەرگری بکەن، سەرەڕای ئەوە لە پێناوی بەرگری کردن لەو لوتکانەی کە بەسەر (رەواندز)دا دەڕوانیٚ چارەگی لەشکری مەیدانیی خۆیان کۆبکەنەوە کە دەگەیشتە نزیکەی سیٚ هەزارو پێنج سەد جەنگاوەر، سەرکردایەتی جەنگ بە (ئیدریس بارزانی) لە ژێر فەرماندەیی و دەستەڵاتی بەرزی باوکی دا سپێردرا و سەرۆکی ئەرکانیش ((قازی)) یارمەتیدەری بوو، لێپرساوێتی بەرگری کردنیش لەهەردوو چیای (زۆزك) و (هەندرێن) یش بەدوو لاو سپێردرا بوو کە باشترین سەرکردە بوون (فاخر محەمەد) خەڵکی (مێرگەسوور) کە نزیك بارزان، و (فارس کورەمارکی) خەڵکی ناوچەی زاخۆ بوو پێشمەرگەکان بە شێوەیەکی گشتی چەکی سووك و نارنجۆکیان پیٚ بوو کە زۆربەی دەست کردی خۆوڵاتی بوو، لەگەڵ کەمێك تۆپی هاوەن و نزیکەی دە تۆپی مەیدانی کە پێنج لەمانە لە هێرشە تێك شکاوەکانی دوژمن گیرابوون. پیشمەرگەکان لە رێگای ((دەوریات))ەوە کۆنترۆلی چیاکەیان دەکردو بەباشترین شێوە کەڵکیان لە سپەری سروشتی وەردەگرت. هەروەها لەو چیا روتەنەی (زۆزك) تۆرێك سەنگەر بەندی و قایمەکارییان تێدا دروست کردبوو. هەروەها زانیاری تەواویان لەسەرهەنگاو بەهەنگاوی دوژمن هەبوو کە لە شیوی رواندز دا ئامادەباشی بۆ هێرشی بڕیاردراو دەکرد، گەرچی رۆژ و کات ژمێری هێرشەکەیان نەدەزانی، بەڵام دەست پیٚ کردنی هێرشە گەورەکە شتێکی لەناکاو نەبوو.

هێرشەکە لە ناوەڕاستی شەوی 3/2مانگی ئایار پاش بۆردومانێکی چڕی تۆپ باران دەستی پیٚ کردو تا بەرەبەیان بەردەوام بوو، بوردومانەکە بە شێوەیەك بوو کە شاخەکە ببووە یەك پارچە ئاگر. کە دنیا روناك بوو چەند پۆلێك فڕۆکەکەیەك بە دواییەکدا نۆرەیان دەکرد، بەبەردەوامی بە ناپاڵم دەیانکوتا، و پاشان دادەهاتنە خوارەوەو بەئاگری دۆشکەو رۆکیت دەیان کێڵا. ئینجا پیادە بە



هاوپشتی ئامێرەکان دەستیان بە پێشڕەوی کرد. ئەو ئامانجەی بۆ لیوای سیٚ و لیوای چوار دیاریکرا بوو کەوتبووە ناو دڵی هەردوو چیای (زۆزك و هەندرێن)ەوە، بەڵام لیوای چواردە دەستە راست و لیوای پازدە لە دەستە چەپ دانرابوون و ئامانجی دیاریکراوی ئەوان پێگە قایمەکانی (**وارەکۆن**) و دۆلی (**ئاکۆیان**) بوو. لیوای یەك و لیوای پێنج وەکو یەدەگ و پشتەوان و هەم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لەناو سەربازگەی سەرەکیدا مابوونەوە. پێشمەرگە کە سەنگەرەکانی پێشەوەی دەشتەکەیان لە ژێر رەحمەتی تۆپ بارانی تۆپخانەی مەیدانی و بۆمبابارانی فڕۆکەکان و لەژێر گەورەیی هێرشێکی رامالینی هێزی پیادە ئاشکرابوو بوو، بەدەم شەڕەوە پاشەکشەیان کرد بۆ لوتکەکان، گەرچی لە هەردوو بەرەی (وارەکۆن و دۆڵی ئاکۆیان) دا پێشرەوی دوژمنیان راگرت، بەڵام ناچار بوون لە هەردوو لوتکەکانی (**هەندرێن و زۆزك**) را هێزەکانی خۆیان دووبارە رێك بخەنەوە.

ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە پێشمەرگە بەرگریکەرەکان لە زۆزك تێی کەوتبوون بووە هۆی ئەوەی هەندێك گیروگرفتیان بۆ دروست بکا، لەناو ژمارەیەك لە بریندارەکانی جاری یەکەمدا سەرکردەیەکی گەورەی تێدا بوو بەناوی (عەبدوڵڵا ئەحمەد پشدەری)، پاش ماوەیەك لە خەستەخانەی ناوپردان چاوم پێکەوت کە لەویٚ، لای ((دکتۆر حەسەن)) چارەسەر دەکرا، ئەو ماوەیەی کە لەویٚ لە قۆناغی چاك بونەوەدا بوو، هەلەکەی قۆزتبۆوە تا ئینگلیزییەکەی خۆی پیٚ مشتوماڵ بکا. بینیم لە چاپێکی سادەدا کتێبی (شا ئارسەر یان سوار چاکانی خوانی بازنەیی) دەخوێنێتەوە. هیندەی پیٚ نەچوو جەنگاوەرانی (زۆزك) کەوتنە سەر پیادەکردنی تاکتیکی نەرم — جا بۆ ئەوەی پیگەکانی خۆیان قایم بکەن- پەلاماری ئەو سەنگەرانەیان دەدا کە دوژمن بەپەلە دای نابوون، پێش ئەوەی سەربازەکان تیایدا جێگیر بن و مەحکەم بن، هەموو سەربازەکانیان دەکوشت و چەکەکانیان دەبردن، لە یەکێك لەو دژە هێرشانەیاندا، بەتایبەتی شەوی چواری ئایار، (72) سەربازیان کوشت و (46) پارچە چەکیان لە تفەنگ و

دەمانچەی ئۆتۆماتیکی و رەشاش دەسکەوت، (سەعید) کە یەکێك لە کەسە دیارەکانی ئەو رووداوەبوو، هەروەها ئەو کە بە ئازایەتییەکی هەڵکەوتوو ناسرابوو، لە هەمانکاتدا دەسکەوتێکی باشی دەستکەوتبوو گوتی:

- لێ یان نزیك بووینەوە و کتوپڕ پەلامارمان دان و بە بەسەریاندا دەمان دەقیژاند. ئەوانیش بانگی یەکتری یان دەکرد یاللا بگەڕێنەوە، ئێرە جێی ئێمە نییە. بەلام ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نەدان بگەڕێنەوە.

لە چەند کاتژمێرێکی شەوی 7/6 ی ئایاردا پێشمەرگە توانیان هەشت پێگەی قایم لە ئەسڵی دە پێگە کە پێشتر لە دەستیان دابوو بگرنەوەو دەستکەوتێکی زۆریشیان لە دوژمن گرت کە دیارە ئەوەیان شتێکی بەڵگە نەویستە. پاش ئەوە کورد قەناعەتیان هات کە ناتوانن هەموو چیای (زۆزك) بپارێزن، ئەو چیالووس و رووتەنە کە بۆمبای ناپاڵم ئەوەندە دەوەن و رووەکەی لێشیبوو، نەی هێشتبوو. جا بڕیاریاندا وردە وردە پاشەکشە لە نیوەی چیاکە لە بناری رۆژئاوایدا کە بەسەر گوندی ((دیانا)) وە دە دەڕوانێ، بکەن. بەلام لە هەندرێن لەگەڵ ئەوەشدا کە سروشتی خاکەکەی لە هی (زۆزك) جیاوازە و لێرەوا رەو دارو تەراشی پێوەیە، لەرۆژانی یەکەمدا هەڵوێستەکەدا شێواو بوو، تا رادەیەکی گەورە تەنگاوکەر بوو، لیوای چواری عێراقی بە سەرکردایەتی عەمید (محەمەد سەعید محەمەد) هەستابوو بەجووڵانەوەیەکی بە دەوردا سوڕانەوە، ئەو سوودی لەو هێرشە وەرگرتبوو کە وەك مانۆرێکی سەرقاڵ کردنی کاریگەر کرابووە سەر (ئاکۆیان). توانی بووی تا ئەو دیو هێڵەکانی بەرگری پێشمەرگە پێشرەوی بکا و پێوە بوو بەسەر بنارەکانی چیاکە بکەوێ و توانیشی تا مەودایەکی گەورە پێشڕەوی بکا. لە هەمانکاتدا توانی بچێتە ئەو دیوگوندی ((گۆڕی ساتی)) تا لە لوتکەی یەکەمی چیاکە کە وەك دوو کلاوەی سەرپشتی وشتر دەچوون. لەوێ لەپشت ئەوانەوە ژمارەیەك تەپۆلکەی بەفر هەبوون. پێشمەرگە (عەزیز) تەئکیدی دەکرد و دەیگوت کە ئەو پێشکەوتنە، (500) کوژراوو دوو تۆپی قورس و چوار زرێپۆشی هێرش کردن لەسەر سوپای عێراق وەستاوە.



ئەم سەرکەوتنە سەرەتاییانە کەم و بێبایەخ نەبوون: سێیەکی چیای (هندرێن) تا دەگاتە لوتکە، نیوەی چیای زۆزك. لە راستیدا ئەم سەرکەوتنە نرخێکی گران لەسەر هێرشکەرانی کەوت، و بروسکەکانیشیان بەڵگەی ئەوەیە. زۆری پێ نەچوو کورد توانی ژمارەی زیانەکان بگەیەنێتە سێ ئەوەندە، ئیتر ئامێرەکان توانای ئەوەیان نەما هاوپشتی لە هێزی پیادە بکەن کە بەهەورازدا پێشڕەوییان دەکرد. زۆر جار بە شێوەیەك لە گەڵ پێشمەرگەدا بەیەکدا دەچوون کە هیچ بوارێکی ئەوەی نەدەدا چەکی تۆپ خانە و فڕۆکە بەکار بێت. بەم شێوەیە پێشمەرگە توانییان نا بەرامبەری لە ژمارەی زۆری دوژمن بە شارەزایی و لێهاتووی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە. لەهەردوو رۆژی هەشت و نۆی ئایاردا هەموو دەرگاکانی دۆزەخ کرانەوە... پاش ئەوەی چیای (هەندرێن) بە شێوەیەکی (جوزئی) کەوتە ناو چنگی حکوومەت و لیواکە پێگەکانی خۆی جێگیر کرد، سەرکردەی لیواکە محەمەد سەعید محەمەد بروسکەیەکی پیرۆزبایی و رێزلێنانی بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەیەوە پێ گەیشت) کۆششەکان لەسەر چیای (زۆزك) چڕ دەکرانەوەو لە هەمانکاتدا تۆپخانە بەگەرمی لەکاردا بوو، و بوردومانی بەردەوامی فڕۆکەش زیاتر ئاگرەکەی دێنایە جۆش.

(عەلی ژەنگاری) گوتی:

- بە شێوەیەکی گشتی، ئەوە مسۆگەرە هەمووانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو هەمەجییە مرۆڤ خۆرانە بە شەریعەتی جەنگەڵ رەفتار دەکەن، ئێمە حەز دەکەین قەلاچۆ بکرێن و بپلیشێنەوە، نەك ئارەزووی ئەوان بێتەدی و کەف و کوڵی خۆیان لە ئێمە تێر بکەن. بەم شێوەیە لە میانی پشوودانی هەفتەدا، کە رۆژێکی ترسناك بوو شەڕێکی سەخت و خوێناوی دەستەویەخەی سنگاوسنگ درێژەی هەبوو، و لێکدانی خوێناوی گەرم بوو تا گەیشتە لێکدان بەچەکی سپی. پەندی کوردی دەڵێ ((خەنجەر برامەو تفەنگ ئامۆزا)) کە مانای ئەوەیە دەمی خەنجەری تیژ هەرگیز لە داوەشاندنی خۆیدا هەڵەناکا، بەلام لەوانەیە چەکی ئاگرین ئامانجی خۆی نەپێکێ. پێشمەرگە لە جێگای خۆیاندا

به خۆ راگرتنێکی سەر کێشانەوە خۆیان راگرتبوو، و ئامادە نەبوون یەك بست لە جێگاکانی خۆیان هەڵبستن، و قەسابخانەیەکی خوێناوی یان خستە ناو لیوای سێ کە (عەقید مەزهەر عوبید) سەرکردایەتی دەکرد، و زۆری نەمابوو هەر بەتەواوی ئاسەواری لیواکە ببڕنەوە، لە بەینی کوژراوو بریندار هەزار کەسی لە دەستدا، هەندێك لە ئەسیرەکان تەئکیدیان دەکرد کە ئەفسەرەکانیان زۆر جار بە زەبری دەمانچە سەربازەکانیان بۆ پێشەوە پاڵ دەنا. لە چیای هەندرێن ((فاخر)) لە لوتکەی دووەم (کلاوەکە) پێی چەقاندبوو و رەتی دەکردەوە واز لەیەك بست خاك بهێنێ. پاش تەواوبوونی هەفتەیەك لە درێژە کێشانی شەڕەکان کە بەوپەڕی توندوتیژی و بێ بەزەییانەوە درێژەی هەبوو، رۆژێکی کەمێك ئارام بە درێژایی بەرەی شەڕەکە هەڵهات. سەرکردایەتی بەرزی عێراقی ئەم ئارامییەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی پشویەك بە لیوای شەکەت بووی سێ بدا کە لە چیای (زۆزك) تووشی گەورەترین زەرەر بوو بوو هەروەها، بۆ ئەوەی لەگەڵ لیوای پێنجدا جێ گۆڕکێ یان پێ بکا. لە چیای (هەندرێن) سەرکردایەتی سوپا سەنگەرەکانی خۆی لەو پیگانەی داگیریان کردبوو، قایم دەکردو، بە مەرامی خۆ ئامادەکرن بۆ هێرشێکی نوێ برێکی گەورەی لە کەرەسەو تەقەمەنی بۆ گواستنەوە. ئەم هێرشە بە هاوکاری بەهێزی تۆپخانەی چیایی بەفەوجی یەك و فەوجی دوو سپێردرا. بەڵام پێشمەرگە لە بەدوودا چوونی ئەم جموجۆڵانە وریا بوون و چاویان کراوەبوو.

لە رۆژی یازدەی ئایار کاتێك کە عەمید (محەمەد سەعید محەمەد) لە پاداشی ئەو پێشکەوتنەی بەدەستی هێنابوو (ویسام)ی سەرکەوتنی پێ دەبەخشرا، لیوای پێنج کە ئێرەیی بەو بەخشش و رێز لێنانەی لیوای چوار دەبرد، بۆ گەمارۆدان و داگیرکردنی (زۆزك) کەوتنە هێرش. لە کاتژمێرەکانی یەکەمی دەمەو عەسری ئەو رۆژە پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە لەگەڵ تەوق کردنی شەپۆلی بە شەریدا رووبەڕووبوونەوەو بۆمبای ناپاڵم و ئەسیدی سوتێنەری کبریت بە دڵسەختییەکی بێ وێنە بەسەریاندا دەرژا، جگە لەوەی کە زیاتر خاکی تریش لە دەست بدەن چارێکیان



نەما. بەڵام پاش کاتژمێر پێنجی عەسر هێرش بەرانیان شکاندەوەو ناچاریان کردن بگەڕێنەوە بۆ ئەو پیگانەی کە پێش هێرشەکە لێی بوون. ئەم گورز لێدانە کتوپڕە چاوەڕوان نەکراو بوو، بەدرێژایی شەو شەڕو لێکدان بەچەکی سپی بەردەوام بوو، لە دوایی دا ئەفسەرێکی عێراقی بەم شێوەیە وەسفی شەڕەکە دەکا:

- ئایا قەت وابووە لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاودا، بەسەر زەوییەکی نشێوەوەبیت کە لاری گۆشەکەی (45) بێت و بەرزاییەکەی هەزار مەترو دوژمنێکی بەدەست و بردیش لەبەر دەمتەوەبێ و چاویشت نەتوانێ دوژمن بەدی بکا؟

ئەو بەرخودانە پاڵەوانییەی چیای (زۆزك) لەوبەرەوە بە داستانێکی سەرسام هێنەر وەڵام درایەوە کە بەرگری کەران لە چیای (هەندرێن) تۆماریان کرد. بەیانی ئەو رۆژە (فاخر) سەرگەرمی خۆ سازدان بوو بۆ دژە هێرش کە ئامانجی پوچەڵ کردنەوەی هێرشی نوێی دوژمن بوو. من لەلای خۆمەوە نەخشەی ئەسڵی ئەو هێرشەم هەر وەکو چۆن دانەرەکەی کێشاویەتی لە دەفتەری تێبینییەکانم هەڵگرتووە. ((فاخر)) سیما جوانێکی باڵا بەرزو بەدەن پتەوبوو، لەوماوەیە ریشێکی هەروەکو ریشی (فیدل کاسترۆ)ی هێشتبۆوەو سوێندیشی خواردبوو تا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ ریشەکەی لانەبا، ئەو بۆ هاوپشتی هێزە بچووکەکەی شەش دانە هاوەنی ئامادەکردبوو ئەو مکوم بوو لەسەر سەرکەوتن بەهەر نرخێك بێ، نەوەکو چیای (هەندرێن) بەتەواوی بکەوێتە دەستی دوژمن کە ئەمە کارەساتێکی گەورەیە لەهەمانکاتدا سەرەتای کۆتاییەکەیە. چونکە ئەم لوتکەیە لە هاوەڵەکانی دیکەی خۆی بەرزترە و بەسەر دوندی (زۆزك)دا دەڕوانی و تەوەری سەرەکی و کلیلی بەرگری لێ کردنییەتی. (فاخر) چاوە رەشەکانی لەناو پێستی روخساریدا کە هەتاو بردبووی دەبریقایەوە، روونی کردەوە گوتی:

- نەخشەیەکی نامۆ بوو لە ناو هەموو نەخشەکاندا. لەسەر ئازایەتی و ئەندازەی ئەو ترسەوە وەستاوە کە دەیخەیتە ناو دڵی دوژمنەوە. سەرەڕای ئەوەش سەرکەوتنی یەکەمیان جۆرێك متمانەو بەخۆدا ابەرمونی تێدا دروست

کردبوون. تەنانەت تا ئەو رادەیە کە هەرگیز پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد دژە هێرش بکەینەوە سەریان. خۆ ئامادەکردنیشیان بۆ هێرشی کۆتایی بەڵگەی ئەوەیە. کە وابێ کاریگەری فاکتەری ((خافڵگیرکردن)) لەو هێرشەدا خەتی هەڵبرینی مەسەلەکە دەبێ.

ئەو رەتڵەی بەرەو قولایی پێشرەوی کردبوو، لەژێر فەرمانـدەیی (عەمید محەمەد سعید محەمەد) دابوو پێشکەوتنێکی بەدەست هێنابوو کە لە رەوانـدزەوە دوازدە کیلۆمەتر دوور بوو، ئەم رەتڵە سێگۆشەیەکی ناڕێکوپێکی پێکهێنابوو سەرەکەی هەروەکو سەرەسنگ بەنێو چیادا چووبوو تاکو سەرەکەی لەلوتکەی چیای (هەندرێن) کۆتایی دەهات. بەڵام بنکەی سێگۆشەکە زۆر فراوان بوو، لاکانیشی درێژ بوون و سەرەڕای هەموو کۆششێك بۆ قایم کردنیان هێشتا هەر لەباربوون بۆ پەلاماردانیان لەسەر ئەو بنچینەیە (فاخر) هێزەکەی خۆی کرد بە چەند رەتڵێکی بچووکەوەو لە شەوی 12/11 و بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا پێشڕەویان کرد بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەو دوو لایەی سێگۆشەکەدا کە هێزەکانی دوژمن جێگیر بووبوون، جێگای خۆیان بگرن. تۆپێکی هاوەنی خستە پێش خۆی لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەی دەست وەشێن، کە بە شێوەیەکی لێبڕاوانە فەرمانی بە هەموویان کردبوو کە هیچ کەسێك لە جێگای خۆی نەجووڵێتەوە تا هێرشی پێشمەرگە دوژمن تۆقێنەرەکان دەس پێ دەکا. ئەو بۆی روون کردەوەو گوتی:

- بەرەوپێشەوە چوونی ئێمە لەو حاڵەتەدا بەرەو ناوجەرگەی دوژمن بوو، بەو کارەش ئێمە پردی رایەل کراو دەبین بۆ هەموو پێشمەرگە هێرش بەرەکانمان. ئامانجی یەکەممان قایم کردنی تەوقی گەمارۆ بوو بەدەوری تۆپەکان و کەرەستەکانی جەنگییەوە.

ئەو بیروڕای خۆی لەمەڕ نەخشەکە روون کردەوە کە من بۆ یادگار لای خۆم هەڵم گرتووە. رەتڵی سێ گۆشەی عیراقی بەمەرەکەبی رەش دیاری کراوە، بازنە بچوکە سەوزەکانیش ئەو پێگەو سەنگەرانەن کە چوونەتە ناو لاکانی سێگۆشەکە و گۆشە تیژەکانەوە. بەڵام ئەو تیرانەی کە بەڕەنگی سوور دیاریکراون، ئاماژە بەو



خالانە دەکا کە هەڵمەتی جەنگاوەران و ئاراستەی هێرشەکان دیاری دەکا. هەروەها لەنەخشەکەدا ئاماژە بۆ پێگەی تۆپەکان، هاوەنەکان، سەنگەرە قایم کراوەکان و قەڵای رەواندز کراوە. ئەو سەرکردە پێشڕەوەی کورد دەیویست شەڕەکە تا ناو لێوارەکانی شارەکە ببات.

کات ژمێر چواری پاش نیوەرۆی رۆژی داهاتوو بە کاتژمێری (سفر) دیاریکرا بۆ هێرش. لەکاتی دیاریکراودا لە بنارەکانی چیای (هەندرێن)ەوە تەقە دەستی پێکرد. بەردەوام بوون و بەرین بوونی مەوداکەی وایان گومان بردە ناو سوپای عێراقییەوە کە ژمارەی هێرشبەران یەکجار گەورەیە، ئەو پێشڕەوی کردنە لەناکاوە، ئەوان وایان خەملاندبوو کە هێرشێکی سەرتاپاییەو تا هێلەکانی پشتەوە شیانی گرتۆتەوە، لە بەر ئەوە نەیان توانی داوای هاوپشتی لە تۆپخانە قورسەکانی شیوی (ڕواندز) یاخود داوای فڕۆکە بکەن لە ترسی ئەوەی نەوەکو خۆشیان بکەونە بەر ئاگری تۆپە مەیدانەکانیان یان بۆمب بارانی فڕۆکەکانیان. پێشمەرگەکان بۆ لەچاو ون بوون گیاو گوڵی سەوزیان لە مێزەرەکانیانەوە ئالاندبوو، سەربازەکان دەیان بینی لە حەشارگەکانیانەوە دەردەپەڕن، یا لەبەرزایی داربەرووەکانەوە خۆیان فڕێ دەدەن یا بەسەر بەردەکانەوە بازدەدەن، بەقایم هاوار دەکەن و دەقیژێنن، سەربازەکان تەنیا بەرهەڵستییەکی لاوازو لەرزۆکیان کردو بە هۆی ئەو ترسەی ناودڵی داگرتبوون هێندەی پێ نەچوو پێگەکانی خۆیان بەردا، شکستەکە ئەوەندە خێرابوو کە تەنانەت پێشمەرگە هێرش بەرەکان بواریان نەما هەناسەیەك هەڵکێشن یا رابووەستن. سەرکردایەتی سوپا بیری کردەوە لە هەموو لایەکەوە کۆمەك و فریاکەوتن داوا بکا، بەڵام لە هەمانکاتدا ناچار بوو پاشەکشەیەکی (جوزئی) لە لوتکەکە بکاو هەندێك لە تۆپەکانیشیان کێشایەوە تالە دوولای سێگۆشەوە بۆردومانیان پێ بکەن، ((فاخر)) کە هێشتان خێرێکی لە هێرشەکە دەست نەکەوتبوو، دەستەی پێشمەرگەکانی خۆی بە هاوپشتی ئاگری هاوەنی ((عوقدە2)) بەرەو ناو جەرگەی شەرەکە برد، ئەوەندەی پێ نەچوو، هێرشەکەی کەلێنی خستە ناوەڕاستی دوژمن و لێك دابڕینێکی خستە ناو

هێزەکانی دوژمنەوە، و پەرش و بڵاوی کرنەوەو بەرەو ناوەڕاستی ئەوان ملی پێوەنا، ریزەکانی دوژمن شکستی تێدا دروستبوو، و پشێوی و لیك هەڵوەشانێکی گەورە کەوتە ناو ریزەکانیانەوە، و لەماوەیەکی کەم دا کە تەنیا شایەت عەیان دەتوانێ قەناعەت بکا هەموو سەنگەرەکانی دوژمن قەڵاچۆکران و هێزەکانی عێراقی لە هەموو ئاقارێکەوە خۆیان لە ژێر گەمارۆدان و راونان دابینییەوە. لەترساندا خەریك دەبوو شێت دەبوون و بە کۆمەڵ یاخۆیان تەسلیم دەکرد، یا چەکەکانیان فرێ دەداو لە پشێوییەکی گشتیدا کە ئەستەمە بتوانرێ وەسف بکرێ وەك رەشەبا بەرەو ((رەواندز)) شۆردەبوونەوە. کەس نەیدەتوانی بەرگری کەرو هەڵاتوو، تەسلیم بوو لە یەکتری جیا بکاتەوە، بەڵام پێشمەرگە بە هۆی گورج و گۆڵی و تیژڕۆییانەوە کە هەروەکو ئاسك دەچوون. خۆیان گەیاندە بن چیاکە پێش ئەوەی پاشماوەی هەرە گەورەی دوژمن بگاتە ئەوێ پێشیان لێ ستاندنەوە. پێشمەرگە کە لە بنارەکانەوە بەرەو خواردەبوونەوە و هوتافی سەرکەوتنیان تێکەڵ بە هەڕەشەو بەلێن پێ دانەوە، دەکێشا. ئەم سەر لە دوونانەی لە شکری تێکشکاوی دوژمن بەردەوام بوو تا ئەوەی تەنیا لە دوری شەش سەد مەترەوە لەقەڵای قایم و ئەستەمی (ڕەواندز) چوار دەوریان گرتن. ترس و تۆقاندن هەموو جووڵانەوەیەکی لە سەربازگەی (حامیە) ی ناو شار دا راگرتبوو، یادوور نییە ترسی ئەوەیان هەبووبێ هێرش بکرێتە سەر (حامیە)کەش. ئەو ترسە وای لێ کردبوون لەجێگای خۆیان سڕبن و هیچ جووڵانەوەیەك لەوە بترازێ کە تەقەیان لەسەر هەڵاتوان دەکرد، نەکەن. ئەفسەرێکی عێراقی بروسکەیەکی فریاکەوتنی بە کراوەیی لێدابوو. دەسبەجێ بێ تەلی پێشمەرگە بروسکەکەیان گرتبوو ئەم بروسکەیە بەربەرینی و گەورەیی شکستەکە روون دەکاتەوە کە بە زاراوەی کەسێك کە دەپارێتەوە و هاوار دەکا:

- (**خاطر الله و خاطر سیدنا** (**محمد**) **رزگارمان کەن! کەس نەماوە شەڕ بکا، هەمووی هەر هەڵدێ. هێزەکانمان لێك ترازاون و جاش بە هەموو لایەکدا تەرت و پەرت بوون. شکستەکە هەمەلایەنەیە. هەموو کەرەسەو تەقەمەنیمان کەوتۆتە بەردەستی دوژمن، دەسبەجێ فڕۆکە و ناپاڵم، نەنێرن کارمان تەواوە. کەس وەڵامی بروسکەکانمان ناداتەوە، یاخی بووەکان هەموو پێگەکانیان داگیر کردووین!**



وادیارە کەسێکی تر ویستویەتی ئەو ئەفسەرە لە (هەندرێن) هان بدا کە بەهەر نرخێك هەیە خۆیان رابگرن، ئەویش بە ئاخرین بروسکە وەڵامیان دەداتەوە:

- بۆ نازانن ئەمە رۆژی قیامەتە؟

لەناو ئەو پشێوی و پاشا گەردانییە گەورەیەدا تۆپخانە و فڕۆکە نەیدەتوانی بە جۆرێکی چالاکانە بێتە مەیدانەوە، زۆربەی شەڕەکە بە لێکدانی چەکی سپی و خەنجەر دەکرا و تفەنگ پشکێکی ئەوتۆی تێدانەبوو، لە قەدپاڵی چیای هەندرێندا بەدارو درەخت و لق و پۆپییەوە هیچ وەسفێك لەوە دروست تر نەبوو کە مرۆڤ بلێ: پیاوێك کەروێشکێك راودەنێ! مرۆڤ چەند لەوە سەرسام دەبوو پێشمەرگە چۆن دەیانتوانی خۆیان لەیەکتر بپارێزن لە کاتێکدا لە هەموو ئاقارێکەوە وەکو زریان و با دەردەپەرین و تا ئەو پەڕی رادە گەرم داهاتبوون و حەماسەتیان بەرز ببۆوە. لەناو رەوتی ئەو شەڕە تیژپەڕەدا (کەلە لەکاتژمێر حەوتی ئێوارە تەواو بوو. دروست سەدو هەشتا خولەکی خایاند) کە پانۆراما و ڕووداوەکانی لەسەروو خەیاڵی مرۆڤ رادەوەستێ. (عەزیز) ی بەناوبانگ کەلە بەرسرینەوە هاتبوو، وەکو شێر دەی نەڕاند، ئەو پێچی جامانەکەی کرابوونەوە، بەڵام هەستی پێ نەدەکرد یان گوێی نەدەدایە، شەوێك لەناو ئەشکەوتی چیایەکدا ئەوم ناسی، ئەشکەوتەکە. عەمباری چەك و تەقەمەنی بوو، مین و نارنجۆکی دەستی تێدابوو کە لەناو لولەی مەعدەنی دانرابوون. عەزیز کە زانی لەبەرەی شەڕدا ئامادەم، هاتە پێشەوەو هاواری کرد:

- بوون سوار لوفرنسیە (ئێوارەت باش ئەی فەڕەنسی) ڤیڤ لافرانس (بژی فەڕەنسا !)، لە وەختێکدا کە چاوم بەناو ئەو کۆمەڵە چەکانەدا دەگێرا کە لەشەرەکانی پێشوودا گیرابوون و سەرسامی دای گرتبووم، من کەتا ئەو دەمە پێشمەرگەیەکم نە بینی بوو بەزمانی ئێمە قسە بکا ئەم هاواری (ڤیڤ لافرانس) لەئەشکەوتێك لە ئەشکەوتەکانی کوردستان وەك زرمەی تۆپ لە

گوێمدا دەنگیدایەوەو وای لێ کردم بە هەموو هەستەکانمەوە لە جیهانی ڕاستەقینەدا نزیك ببمەوەو بەهەمان هەڵپەی عاتیفییەوە کە لەدەروونی (عەزیز) ەوە دەرچوو دەستم بۆ ناو دەستی درێژ کردوو گوتم :

- فەرەنسی! سوپاس. فەرەنسی سوپاس!.....

ئەوە دەقی ڕاستییەکەبوو، بەبیری کەسماندا نەدەهات جارێکی تر لە دیدەنییەکی لە ناکاودا چاومان بەیەکتری دەکەوێتەوە. سەفەرو جێ گۆرکێی بەردەوام بواری ئەوەی نەدەدام بیر لەوە بکەمەوە کە من بەووردەکارییەکانی ناو ئەم تاقیکردەنەوەیەدا و لەو بەشداری کردنە ویژدانییەدا کە پڕاو پڕ لە عاتیفەو سیمای خۆشەویستییەو دڵ دادەگرێ دەبینم.

(عەزیز) بۆی ڕوون کردمەوە کە لە سالآنی 1956 — 1957، 1958 وەکو چاودێر لە پرۆژەی بەنداوی ((دوکان)) لە ژێر سەرپەرشتی سێ ئەندازیاری فەرەنسیدا کە ئەوانیش لیستراد lest rade، میشۆ mechon، تیللو tillot بوون، زمانی ئێمە لەوانەوە فێر بوو بوو دوای ئەوە دەبێتە دیلماج بۆ ئەوان. بەڵام لەماوەی هەشت ساڵی داهاتوودا هەلی ئەوە نەبووە پراوەی زمانەکە بکا. لەبەر ئەوە ئاوازی وشەکانی بەئاشکرا پێوەی دیار بوو، کە ئەمەش هەڵچوونی عاتیفی منی زیاتر کرد. عەزیز هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دەست پێ کردنی شۆڕش لە ساڵی 1961 دا هاتبوە ناو ڕیزی پێشمەرگەو بەشەرەفمەندانەو گەورەییەوە بەشداری لە شەڕەکاندا کردبوو، عەزیز بە شێوەی ((کۆ)) قسەی لەگەڵدا دەکردم و پایەی منی بەرز دەکردەوە، منیش بەهەمان شێوە وەڵامم دەدایەوە، لە ئەشکەوتی ((عەلی بابا)) ئەو ئەشکەوتە جەهەنەمییەی مردن نهێنییەکانی خۆی لە وێدا شاردۆتەوە، عەزیز بەکردارێکی خێرای کیمیاوی، شتێکی وای دۆزییەوە توانی چای پێ لێ بنێ، پاش ئەوەی دوو پیاڵە چای دۆستانەمان خواردەوە، بووین بە باشترین و نێزیکترین هاورێی لە گیانی بەگیانی، عەزیز کە خەونی بە (بازۆکا) وە دەدی گوتی:



- لە پێشدا بازۆکەیەکم هەبوو. دوژمن زیانێکی زۆری لەدەستی بینی، بەڵام داخی گرانم بە هۆی بۆردومانی تۆپخانەوە لە کەڵك کەوت، ئێستا تەنیا پشتیوانم ئەو تفەنگ و ستێنە ئۆتۆماتیکییەیە... تفەنگێکی چیکی لوولە درێژ، بەڵام هەمیشە ئامانج دەپێکێ و هەڵە ناکا. بەلامەوە باشترین تفەنگە کە ئەمڕۆکە لە نێو کوژراوەکانی دوژمندا کۆم کردۆتەوە. تفەنگی ڕوسی لێبون کەنێزەکەیان وەکو تیغی قەڵەم بڕ دەهاتەوە ناویەك... لەوە باشتری لێ نەبوو... ئاخ ئەگەر بازۆکایەکی ترم دەبوو ئەوا ئەو خوێڕییە ترسنۆکانەم تێك و پێك دەشکاند. عەزیز یەکێك بوو لەکەسە نزیك و باوەڕ پێکراوەکانی (فاخر). عەسری ئەو ڕۆژە دوانزەی ئایار، ستێنە ئۆتۆماتیکییەکەی بەژێر قۆڵییەوە کردبوو لەبن بەردێکەوە بۆ بن بەردێکی تر دەچوو، و بەفەڕەنسی دەیقیژاند هەموویان دەکوژم، هەموویان دەکوژم! عەزیز لەو خرۆشانە سەر شێتییەیدا دیمەنێکی جوانی هەبوو. لەناکاو ئەفسەرێك بە پلەی (نەقیب) لە پشت دار بەڕوویەکەوە هاتە دەر، بەڵام عەزیز بواری نەدایەو بێ ئەوەی بە زەیی پێدابێتەوە، ریزێك گوللەی پێوە نا، ئەفسەرەکە بە پێشدا چەمایەوەو هەردوو قاچی نوشتایەوەو هەوڵیدا بە پێوە خۆی ڕابگرێ، بەڵام نەی توانی و بە پشتدا کەوت، گوللەیەك بەر ملی کەوتبوو، خوێن فیچقەی دەهات و بەسەر ئەو لەشە زەرد هەڵگەڕاوەیەوە چەند جارێك تەکان و لەرزینەوەیەکی بەدەر لە ئیرادەی پێداهات و بەچاوانێکی ماندووەوە سەیری بکوژەکەی دەکردو لەتاریکاییدا ون بوو. عەزیز بەنوکی پێ لاشەکەی هەڵگێرایەوە بۆ ئەوەی دیمەنی ئەم ماڵئاواییە بێ دەنگە لەم جیهانە نەبینێ. پاش ئەوە بەو پەری سادەییەوە گوتی:

- ئەم هەڵوێستە چەند غەمبارانەیە!

ئەمەی گوت و دووبارە کەوتەوە بەدواکەوتنی هەڵاتووەکان، ئەم نەقیبە ناوی نەقیب حەمید بوو. لە مەودایەکی ئەو لاترەوە جووتە برا (عەبدوڵڵاو حیکمەت) کوڕانی (حەسەن) لە (زاخۆ) کە وا بزانم دوانە بوون، (عەبدوڵڵا و حیکمەت) بەو

بالاّ باریك و روخسارەیانەوە كە وەكو یەك وابوون و هەر كامێكیان كۆپییەكی راستگۆیانەی ئەوی تریان بوو. چاوم لێ بوو شان بەشانی یەكتر بێ ئەوەی باكیان لە ریزە گوللەی ئەو دۆشكەیە هەبێ كە لق و پۆپی دارەكانی دەجنی یا كەبەر بەردەكان دەكەوتن و وردو خاشیان دەكرد، پێكەوە هەڵیان دەكوتایە سەر دوژمن، ((نعمان)) كە هاورێ و كوڕی شارەكەی خۆیان بوو، لەگەڵیاندا بوو وەلێیان جیانەدەبۆوە، تیشكی خۆر كە بەرەو ئاوا بوون بوو، بەسەر خەنجەری رووتەوە. تیشكێكی دەبریسكاندەوە تیلەی چاوی دەبرد ئەوانە كوشت و بڕیان بڵاودەكردەوە و بێ راوەستان دەیان كوشت و دەیان بڕی. خەنجەر لە دوای خەنجەر دایان دەوەشاندو چاویان بەرایی نەدەدا سەربازێكی دوژمن بەپێوە ببینن، كە خۆیان دەگەیاندێ و لەگەڵ زەوی تەختیان دەكرد. لاشەكان بەدەوریاندا كۆمەڵ ببوون و وای لێهاتبوو رێگەی بەرەو پێشەوە چونیان گیرابوو، (عەبدوللاّ) كە ویستی پاكانە بۆ ئەو قەسابخانەیە بكا گوتی:

– ئەوانە یەكجار زۆرن و ناتوانین پاسەوانیان لێ بكەین.

**بەهەقیقەت راستییەكی سەخت لە ناو ئەو پاكانەیەدا شاردرابۆوە، بەڵام مرۆڤ دەبێ ئەو هەڵچوونە دەروونی و دەمارگرژییە لەبەرچاو بگرێت كە لە ماوەی دەرۆژی پێشودا لەناو جەرگەی شەڕێكی بەردەوام و لەژێر رەحمەتی لێزمە بارانی بۆمبادا تەنانەت یەك دەقیقەش چییە خەو نەچووبووە چاویانەوە، لەبەر چاو بگرێ،** سەرەڕای ئەوەش تێنوێتی پێشمەرگە بۆ ستاندنەوەی تۆڵەی هەموو ئەو ئافرەت و منداڵانەی بە درێژایی پێنج ساڵی رابردوو، دەربەدەر كرابوون و راونرابوون، وەكو چۆن كەروێشك راودەنرێت، رۆڵی خۆی هەبوو.

ئەفسەرانی عێراقی كە لەناو بارەگاكانی سەركردایەتی خۆیاندا دانیشتبوون و لەناكاو بەسەریاندا درا، وەك رەشەبا هەڵدەهاتن، لە پاش خۆیانەوە بوتڵی بیرە، پێكی نیوە پڕكراو، جگەرە، چەرخ، فایل، دارگۆچان، بروسكە، كە لە ناویاندا بروسكەیەكی سوپاسنامە بۆ سەربازەكان، و بروسكەیەك كە هەواڵی ئەوەدەدا ((وسام)) بدرێ بە (عەمید محمد سعید محمد)). هەروەها تاكە پێڵاوێكی چەپ و



كلاوخودەیەكی سەركردەی لێ بوو. هەروەها لاشەیەكی بێ سەر كە تەنیا پێڵاوێكی راستی لەپێ بووە لاشەی چوارده ئەفسەر لە ((پلە)) ی جۆر بەجۆر، لەناویاندا لاشەی فەرماندەی تۆپ خانەی چیا ((فادی ئەلحاج محەمەد)) بوو. ئەو دەسكەوتانەش كە كەوتە بەر دەستی سەركەوتوانەوە بەرامبەر ئەو وێرانكارییەی كە بەسەر تێك شكاواندا هات. بەرامبەر بوو.

شەش تۆپی (75) ملم، چوار تۆپی گەورە، و چوار تۆپی هاوەنی ئەمریكی (عەیاری چوار عوقدە)، هەشت تۆپی هاوەنی سێ عوقدەی ئینگلیزی، چوار تۆپی هاوەنی 81 ملم. پێنج رەشاشی قورسی جۆری ڤیگرس، چل و چوار رەشاش برین، هەزار تفەنگی مازور، سێ سەد رەشاش سترلنگ، برێكی گەورە لە هەموو جۆرە چەكێكی سووك، چل و شەش دەزگای بێ تەلی ناردن و وەرگرتن، یەك دەزگا رادیۆی گەیاندنی هەوایی — زەمینی، سەد خێوەتی سەربازی، شەش هەزار پەتوو، چەند تۆن لە تەقەمەنی كە لە ناو سندوقدا بوون و ئاڵایەكی ئەمریكی لەسەر نەخش كرابوو، لە ژێرییەوە وێنەی دەستێكی درێژكراو بۆ تەوقەكردنێكی برایانە كێشرابوو ((ئای لەو جیاوازییە گاچتەجاڕی و ناشیرینەی نێوانیان!))، هەروەها برێكی زۆر لە ئازوخەو پێداویستی كە لە ئەژمار نەدەهات، گیرا، لەواقیعدا هەرگیز پێشمەرگە بۆ ئاهەنگی زەماوەندێكی لەم بابەتە بانگ هێشت نەكرابوون، بەشینەیی برێك (قزعە)ی سەربازی عێراقیمان خوارد كە سەرچاوەكەی ئەنگلۆ سكسونی بوو. لە راستیدا ماستی چیاكانی كوردستانم بەلاوە زۆر بەتام تر بوو لە پەنیری قوتوی ئوسترالیا. هەروەها هەندێك جگەرەی توركی[1] یان پێشكەش كردم، پێشمەرگە ئەوەندەیان بسكویتی باش و چەور خواردبوو خەریك بوو هەڵ دامسان. لەوێ (عەزیز) م بینییەوە كە نەفرەتی لە ئەمەریكاو ئینگلیزو روس دەكرد كە پڕ بە گەروویان هاواری بەرگری لە ئاشتی دەكەن و لە ژێرەوەش هاوكاری بەغدا دەكەن تا جەنگ دژی ئێمە بەرپابكا، پاشان لەم رووەوە رایەكی جوان و ژیرانەی دەربڕی و گوتی:

1- مەبەست جگەرەی عیراقییە هەندێك لە فەرەنسییەكان ئێستاش بە جگەرەی توركی ناوی دەبەن.

- لای ئەوان ئاشتی مانای گواستنەوەی جەنگ بۆ ناو ماڵی دراوسێ دەگەیەنێ.

(عەزیز) ئەو شەوە لەبەرامبەر ئەو گردە گەورە یە لە دەسکەوت هەستی بە منەتباری و مەمنونییەت دەکرد کە بەرای ئەو بۆ گواستنەوەیان پێویستیان بە دوو سەد ولاخ هەبوو. بەشی (عەزیز) لە دەسکەوتەکانی مەیدانی شەڕ ئەو (بازۆکا)یە بوو کە ئاواتی بۆ دەخواست. عەزیز دەستی بە لولەی ئەو چەکەی خۆیدا دەهێناو بەجۆرێکی خۆشەویستی و تاسە ئامێزەوە دەی لاواندەوەو، ئەو لەشادیدا هەڵ دەبەزییەوە. ئەو قسەیەی کە لەکاتی شەڕدا بەسەر زارییەوە بوو دەیگوت و دەیگوتەوە:

- دەیانکوژم... هەموویان دەکوژم. ئەو ئەسیرانەی لە مردن رزگاریان بوو ژمارەیان کەم بوو، دەنگۆو قسەو باسی ناکۆك بەیەکتری لە گەرمەی لێکدان و شەڕدا بە خێرایی گوللە بەسەر زارو زمانانەوە دەهات و دەچوو. دەنگۆیەك بڵاوبۆوەو گوتیان هەزارو سێ سەد سەرباز بەدیل گیراون. بەڵام کەس نەیگوت خۆم دیتومن، کاتێك پرسیارم کرد گوتیان شتی وانییە تۆ خەونت دیوە. یەکێك لەو دیلانەی رزگاری بووبوو بە پێی خۆی گەیشتبووەوە بەغدا و ئەو کە ئەو چارەنووسەی کە لەبەردەمیدابوو دەهاوەبیر هەر ئەوەتا لە ترسان نەدەمرد، تەئکیدی دەکرد کە ئەو لەناو مەزنترین شەڕدا بووە، ئەو شەڕە کە ئاگری تێدا دەباری، هەر کاتێك بەسەرهاتی خۆی دەهاتەوە بیر مێشکی دەکولا، ئەو پێی گوتم:

- کورد لەناکاو دەردەکەون. هەر دەڵێی زەوی دەقڵیشێتەوەو لەوێ دێنە دەرەوە یا وەکو باڵندە لەسەر درەختەکانەوە بۆمان دەهاتن و بەعەرەبی بەسەرماندا دەیان قیژاند ((هەمووتان قەلاچۆ دەکەین! ئێوە ئامادەن بچن بەهەشتەوە؟ ژمارەیەکی زۆر لاشەی کوژراوەکانم بینی. من پێم سەیرە چۆن لە ناو ئەوانەدا من رزگارم بوو ((عەزیز)) پارچەیەك نانی دایەو پێی گوت:

- کارێکی چاکت کردووە خێرا هەڵاتووی، لەو جۆرە حاڵەتانەدا پیاو نابێ دوو دڵ بێ و هەلی خۆی لەدەس بدا.



هەژماری لاشەی کوژراوەکان نەکرا... بەڵام بەقسەی (فاخر) لە دوو هەزار کەمتر نابن. لە هەموو جێگایەك لاشە کەوتبوون لە ناو هەر تەراشێك لەژێر هەر دارێك، بن بەردێکدا، بڵاوبووبوون. بریندارەکان گیانیان دەداو هەر لەو جێگایەی کە پێکرا بوون مابوونەوە. بناری (هەندرێن) بووە کۆمەڵێك گۆرستان. هێندەی پێ نەچو هەوا لە بۆنی ئەو تەرمانەوە کە بۆگەنیان کردبو بۆنی ئالودە بوونی لێ دەهات. گومانم نییە زۆربەیان بوونە خۆراکی دەعباو درندەی چیاکان بەپێی بروسکەیەك کە بۆ دەستەڵاتەکانی بەغدا نێردرابوو، سەرکردایەتی عێراقی ژمارەی کوژراوەکانی بەهەزارو دووسەد کەس دانا. بەڵام ئەوە تەنیا زیانەکانی (فیرقەی) دوو بوو. حکوومەت دەستی بەسەر خەستەخانە مەدەنییەکانی شارە دەشتییەکانی وەکو کەرکوك و هەولێر و موسڵ و سلێمانی داگرت و پەنای بردە بەر چۆڵ کردنی زۆر لە قوتابخانەکان بۆ گواستنەوەی ئەو نەخۆشانەی کە پێشتر لە خەستەخانە مەدەنییەکاندا خەوێنرابوون. شایانی باسە (عەمید ئەنصاری) کاتێك هەواڵی شکستی ((هەندرێن)) ی پێ دەگا، دەس بە گریان دەکا. بەڵام (مەلا مستەفا بارزانی) دەس پێشکەرییەکی کرد کە بەدرێژایی ژیانی سەربازی خۆی نەی کردبوو کە نامەیەکی رێزلێنانی ئاراستەی سەربازەکانی کرد، کە گرنگترین شت کە لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هاتبوو:

**((من زۆر شانازیتان پێوە دەکەم... ئەو سەرکەوتنەی کە ئێوە بۆ زامن کردنی مافە رەواکانمان بەدەستتان هێنا بەتەنیا سەرکەوتنی شۆڕش نییە، بەڵکو بۆ هەموو دیموکراسی خوازانی عێراقە)).** مەلا مستەفا بارزانی)) لە بارەگای خۆیدا هەر کاتێك ئەو شەڕەی دەهاتەوە بیر چاوەکانی لە شانازیدا بریسکەیان دەدایەوە و ناوە نەخشەی شەڕەکەو جێگیربوونی پێگەکانی بەپارچە کاغەزی بچووك رەسم دەکردەوە، هەروەها (بارزانی) پاش شەڕەکە پێشنیاری کرد کە بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر (ئاگر بەس) بکرێ بۆ ئەوەی خاچی سووری نێو دەوڵەتی سەرپەشتی ناشتنی مردووەکان بکا کە لە مەیدانی شەڕ بەرامبەر (ڕەواندز) بەجێ ماون، و لە پێشنیارەکەیدا لە مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتا هۆشیاری کردنەوە. ئەم بانگەوازەی

((بارزانی)) جوانترین کاردانەوەی لە (جنێڤ) هەبوو، بەڵام مانگی سووری عێراقی هەروەکو عادەتی خۆی وەڵامی پێشنیارەکەی نەدەدایەوەو هیچ کاردانەوەیەکیشی لە لادروست نەکرد. لە مانگی ئایاری داهاتوودا نەخۆشی کولێرا لە پارێزگای کەرکووك و دیالە بڵاوبۆوە، حکوومەتی عێراقی ناچاربوو لەسەر ڕێگای پارێزگاکانی باکوور بنکەی تەندروستی دابنێ و بانگەوازی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کرد کە (موداخەلە) بکا. ئەوە بوو نێردەیەك لە پسپۆرانی تەندروستی بەرێ کراو دوو سەد هەزار (لوقاح) ی دژی کۆلێراشیان درایە، نێردەکەش بەسەرۆکایەتی دکتۆر (ئۆسکار فلسنفید).(De Oskar Felsenfeld) بوو.

بەڕێکەوتێکی سەیر لیوا شکری وەزیری بەرگری، لەکاتی پشکنینیدا بە هەموو لاکانی بەرەی شەڕدا لەکاتی دەست پێ کردنی شەڕی (هەندرێن)دا لەوێ ئامادە بوو[1]. ئەو بەدوا سەرکەوتنێکی سەربازیدا دەگەڕا، بەڵام بە هەواڵی شکستێکی بێ وێنەوە گەڕایەوە کە رووی جەنگەکەی گۆری. ڕۆژی پاش شەڕەکە ((بەزاز))[2] لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە (لەو بارودۆخەی ئێستادا ئەو توخمە بنەڕەتییەی کە پێویستمان پێیەتی متمانەی هاوبەشە، و کورد پێویستە بزانن کە ئێستا حکوومەت لە مەسئەلەی هاوکارییەکی چالاکانە لەگەڵیاندا دەکۆڵێتەوە) رادیۆی دەنگی کوردستان بێ راوەستان وەڵامیدایەوە کە ((گفتوگۆ سەرەتاییەکانی دان و سەندن چوارچێوەیەکی جیدی ناگرێتە خۆی ئەگەر بەغدا هەروەکو عادەتی بووە، پێداگر بێ لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەشکیلاتی پێشمەرگەو تەسلیم کردنەوەی چەکەکانیان. ئەم دەربڕینە کورت و وردەکارییە لە

---

1- (شاکر مەحموود شکری) لە کۆتایی 1968 گیراو دوو ساڵ لە (قەسری نیهایە) لە ژێر ئەشکەنجەدا مایەوە، نازانرێ ئاخۆ حوکم درایا ئازادکرا. بەپێی دەنگوباسەکان تۆمەتی ئەویش لە تۆمەتی هاورێکەی خۆی (ئەنساری) کەمتر نەبوو.

2- عەبدولرەحمان بەزاز: بە هەمان تۆمەتەوە گیرا و ماوەی زیاتر لە دووساڵ خرایە ((قەسری نهایە)) و پاشان کە ئازادکرا بە دەست نەخۆشی زیادبوونی ((کۆلیسترۆلی خوێن))ەوە لە ئازاردا دەژیا. دەنگۆ و قسە و قسەڵۆکی سەیر و ناکۆك لە بارەی ژیان و مردنییەوە و لە بارەی ئەوەی کە لە عێراقە یان لە دەرەوەیە، ئارادابوون.



مەسئەلەی هێشتنەوەی ئەو هێزانە لە کوردستان لەگەڵ ئارەزووی بارزانیدا یەك دەگرێتەوە. لەو کاتەدا کورد بانگەوازێکی نوێ یان بۆ جیهان بڵاوکردەوە کە تیایدا داوا دەکەن سنوورێکی کۆتایی بۆ خوێن رشتن دابنرێ، بەیانەکە تەئکید دەکا کە هەرگیز کوردەکان نایەنەوێ لە عێراق جیاببنەوە سەپاندنی وشەی (جیابوونەوە خوازان) یان رەتکردەوە و ئاشکرایان کرد کە وشەی ((جیابوونەوە خوازی))ی بۆ پاکانە کردن و پەردەپۆشی ئەو سەرکوتکاری یانەی دەرهەقیان کراوە، بەسەر ئەواندا سەپێنراوە. هەروەها دووبارە تەئکیدیان لەسەر ئیرادەی خۆیان بۆ گەیشتن بە رێگا چارەیەك کە لەگەڵ روحی سەردەم و پەیمان نامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بگونجێت کردبۆوە. لە هەمانکات دا کۆمەڵێك پێشمەرگەی گیان فیدا، هێرشیان بردە سەربۆرییە نەوتەکانی عێراقی لە نزیك شاری کەرکووك. زەمینەیەکی گونجاو بۆ دەستپێکردنی دان و سەندنێکی نوێ هاتە ئاراو، لایەنی ژێرکەوتوو بە جۆرێکی (ناواخن ئامێز) ئیقراری بە تێکشکانی خۆی کردو لایەنی سەرکەوتوو و ئامادەیی بۆ لێك تێگەیشتن دەربڕی و دەرگای بۆ دامەزراندنی ئاشتییەك کە هەردوو لا رازی بکا خستە سەر پشت. بەڵام جەنگ لە میانی ئەو ماوەی چاوەرێ کردنەدا، تین و تاوی خۆی لەدەس نەدا، لەسەر هێڵەکانی بەرەی شەڕ بۆمبا بارانی فڕۆکەو تۆپ بارانی تۆپخانە بە چڕی و بێ پسانەوە بە تایبەتی لە چیای (زۆزك) درێژەی هەبوو. هەروەکو بڵێی سەرکردایەتی ئەرکانی عێراقی دەیەوێ ژێرکەوتنەکەی خۆی لە چیای (هەندرێن) بشارێتەوە. بەڵام دەربارەی پشتەوەی هێڵەکانی بەرەی شەڕ فڕۆکەکانی (ئەلیوشن، میك، هاوکر هنتەر) بەهەمان دڕندەییەوە هێرشیان دەبردە سەر گوندەکان و دانیشتوانەکانی و ئەو پێشمەرگانەی لەوێ دامەزرابوون. سامی ئەمەی بۆشی کردمەوەو گوتی:

- سەرکردایەتی عێراقی خووی بەو سیاسەتەوە گرتووە کە هەر کاتێك لە مەیداندا شکستی خوارد سزای دانیشتوانانی بێ وەی بدا. ڕۆژی شەممە رێکەوتی چواردەی ئایار کاتێك پێشمەرگە لە چیای ((هەندرێن)) ئاخرین پاشماوەی دوژمنیان رادەماڵی، هێرشی دوژمن لە چیای (زۆزك) بەردەوام بوو.

له هەر دەقیقەیەكدا بۆمبایەك یا تۆپێكی قورس دەكەوتە خوارەوەو هیچ مەتر چوارگۆشەیەك نەمابوو بەلانی كەمەوە تۆپێكی بەرنەكەوتبێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشەكان دەشكێنرانەوە، رۆژی پازدەی ئایار هەور ئاسمانی داگرت و جم و جۆڵی فڕۆكەوانی راوەستا، لیكدانی پچڕ پچڕ بووە هۆی ئەوەی (جاشە بەكرێ گیراوەكان) شكستێكی ئاشكرا بخۆن و بۆ دواوە رابكەنەوە. رۆژی شازدەیەم تۆپ خانەی كورد كەوتە كار و لەمەدای بینین دا تۆپبارانی پێگەكانی دوژمنی دەكرد لە چیای (زۆزك) و لەسەر فەرمانی ((مەلا مستەفا)) (لەهەر سەعاتێكدا سێ گوللە تۆپی دەتەقاند)) چونكە هیچ شتێك نییە وەكو ئەوە دەمارەكانیان شەكەت بكاو هێزیان لەبەردا داتەكێنێ. سەرەڕای ئەوەش گوللە تۆپ بەڕێژەیەكی ئەوەندە زۆر لەبەردەس دا نییە كە بەخۆرایی بەفیڕۆ بدرێ. رۆژی حەڤدەیەم (ئیدریس بارزانی) پێی گوتم كە دوژمن پاش ئەوەی بۆتە ئامانجێكی ئاشكرا لەبەردەم ئاگری چەكەكانی كورد، زۆربەی هەرە زۆری سەنگەرەكانی خۆی بەجێ هێشتووە. هەروەها گوتی لە ترسی ئەوەی تووشی ژێر كەوتنێكی دیكەی وەكو (هەندرێن) نەبن تۆپە ساخەكانی خۆیان كشاندۆتەوە بۆ دواوە. رۆژی هەژدەیەم ((فاخر)) ریشی تاشی. بێگومان فڕۆكەكانی عێراق هەمیشە بە سەر ئاسمانی كوردستانەوە زۆر لەتین و تاوی خۆیان لە دەسدا بوو، زۆربەی شەڕەكان لەسەر پێكدادانی لاوەكی مابوونەوە، هێرشی بەهار كە وایان دانابوو لە زەرفی یەك هەفتەدا شۆڕشگێڕان تارومار بكا، نەك هەر بەر پەرچ درایەوە و بەس، بەڵكو بەكارەسات وماڵی وێرانی بەسەریاندا شكایەوە، فڕۆكەكانیش پاش ماوەیەكی كەم دانیان بە شكستەكە داناو ئەویش بەوەی كە كەوتنە بۆمبا بارانی پردەكانی سەر رێگا، یاهەر نەبێ بەوەستاندنی جووڵانەوە بەسەر رێگاكانەوە. بەتایبەتی (چۆمان) و (رایات) كەوتنە بەر ئامانج. فڕۆكەوانەكان رێزێكی زۆریان بۆ ئەو دۆشكانە هەبوو كە بەرەو روویان دەبوونەوە، بۆیە نەیاندەوێرا زۆر نزیك ببنەوە لێیان و بەدیقەتەوە ئامانجەكانی خۆیان بپێكن، لەو پردانە تەنیا پردی ((حافیز)) بەركەوت كە پازدە كیلۆمەتر لە (رەواندز) وە دوورە.



عەقید عەبدلڕەحمان قازی سەرۆك ئەركانی پێشمەرگە بەزیپكێكی سەربازییانەی بێ گرێ و گرفتەوە وە تەئكیدی دەكرد كە بەغدا گەورەترین شكستی لە مێژووی خۆیدا خواردوە، ئینجا گوتی:

-(ئەگەر مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی خۆیدا ئەوە لەبەرچاو دابنێ كە حكومەت ناتوانێ دووبارە ئەو دوو فیرقەیە سازبداتەوە كە باشترین و بەتواناترین فیرقە بوون، و ئەوەشی لەبیر بێت كە چۆن تارومارمان كردن، ئینجا دەتوانێ مەودای گەورەیی سەركەوتنی ئێمەو گەورەیی شكستی دوژمن بێنێتە بەر چاو).

جگە لە هەندێ سەنگەر كە بەقەدپاڵەكانی رۆژئاوایی زۆزكەوەن، ئێستا كورد بەسەر هەموو بەرەی شەرەكەدا زاڵن. دەربارەی ئەو زەرەو زیانەی لە دوژمن كەوتووە، بەپێی ئەو هەواڵانەی لە سەركردایەتی دوژمن وەرگیراون (عەقید قازی) بەدوو هەزار كوژراو دەیخەملێنێ. ئەمە لە دەرۆژی یەكەمی شەڕدا جگە لە ژمارەی كوژراوی جاش. پاشان گوتی:

- (بەپێی راپۆرتی لێپرسراوانی هێزەكانمان، ژمارەی كوژراوەكانی دوژمن دەگاتە سێ هەزار كەس، و ژمارەی بریندارەكان بە دوو ئەوەندە دەخەملێنن، بە واتایەكی دیكە نزیك بە سێ یەكی ئەو هێزەی كە لەبەرەی شەڕدا كۆكرابۆوە. سەرەڕای برێكی یەكجار گەورە لە كەرەسەی جەنگی كە خاپووركراوە، یاخود بە غەنیمەت كەوتۆتە دەس هێزەكانمان). هەروەها گوتی: (ئارەزووم دەكرد بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم مەسئەلەیە لیستێكی رەسمیم دەس بكەوتایە بۆ ئەوەی تۆمەتی درۆ نەدرێتە پاڵمان.... و ئەگەر ئەم مەسئەلەیە بۆ حكوومەت بەجێ بهێڵین بە ئارەزووی خۆیان یاری پێوە بكەن، تەنیا كارێك كە لێ یان دەوەشێتەوە داپۆشینی تێشكانەكەیان و پەردە پۆشی كردنیەتی لەبەردەم گەل و رای گشتی جیهانیدا).

لە واقیعدا بەغدا ماوەیەكی كەم بێ ئەوەی هەست بە شەرم بكا، چەند بەلاغێكی بڵاوكردەوە تیایدا باسی ((لەریشە دەرهێنانی رەگ و ریشالی كورتە باڵایانی بچووك)) دەكا. عەقید قازی زیانەكانی پێشمەرگەی بە (150) كوژراو

بریندار مەزندە کردو زیانەکانی هێرشە خافلگیرەکەی ((هەندرێن)) یشی بە (15) شەهید دانا. من لەلایەن خۆمەوە دەزانم کە هەر سوپایەك حەز دەکا کە هەمیشە کوژراوەکانی خۆی کەم بکاتەوە.

**بۆ ئەوەی ئەم گاڵتە جاڕییەی عێراقی ریسوا بکەم. ئامادە نیم هاوبەشی هیچ ساختەیەك بم کە بدرێتە پاڵ کورد هەروەها ئەوەش رەت دەکەمەوە کە هەڵبستم بە ناساندنێکی گێلانە پێشمەرگە پێشکەشی جیهان بکەم کە گوایا پێشمەرگە جەبەروت کارانی لە شکان نەهاتووی ئەم چەرخەن و لەمپەری بەشەرییان شکاندووە و مانای تێکشکان نازانن. من بە پابەندبوونێکی بابەتیانەوە کە بۆ شایەتی دان لەسەر هەق پێویستە، بەورد ترین دەربڕین تەنیا ئەوەندە دەڵێم: چیا بۆ کورد دروست بووە و کوردیش پاژێکە لەچیاو لێی جیا نابێتەوە. کورد وەك دیمەنی چیا جوان و بەرزە. چیا هاورێ و پارێزەری کوردە. چیا دوژمن شەکەت دەکاو هەناسەی لەبەر دەبڕێ بچووکترین بەرد ئاستەنگیکەو سەنگەرێکە، تەنگترین گەروو بێشەی شێرێکە، هەر پێچێك تەڵەیەکە بۆ خۆی، سروشت وەك چاکترین و کاریگەترین چەك خولقاندویەتی. هەر لە سەرەتاوە کە پێم نایە ناو خاکی کوردستانەوە ((شێر)) ئەم خەسڵەتە جەنگی یانەی بۆ وەسف کردم.**

کورد لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵ و بەدەن چیاییە لەهەمانکاتدا سوارچاکیشە دەبینی وەك بروسکەیەکی تیژ ئەسپەکەی تاو دەدا و بەناو پێچ و پەناو گەرووی شاخاوی کە سەری پێچەکانی زۆر تیژن یەکپارچە بەسەر ئەسپە بچووك و خۆشڕەوەکەیەوە، کە هەرگیز سواری خۆی ناگلێنێ و فرێی نادا نوساوە. کورد لەبەر دەستکورتی و کەم چەکی خۆی هەرگیز هێرش ناکا، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە سەرکەوتن بە مسۆگەر دەزانێ. لەو کاتەدا کە هێرش دەکا سوود لە خەسڵەتی زەوی و فاکتەری خافڵگیرکردن وەردەگرێ و ئەگەر ناچارکرا هەلوێستی بەرگری وەربگرێ کەمی ژمارەو نەبوونی کەرستە بەکەڵك وەرگرتنی تەواو لە ژینگەکەی خۆی، قەرەبوو دەکاتەوە ئەمەش سروشتی دووەمی کوردە. غەریزەی کورد دەجار لە زیرەکی و داو بازی و چوست و چالاکییەکەی زیاترە.



ئەگەر بلێم کوردێك بەئاسانی دەتوانێ بەرامبەر دەکەس لە دوژمنی رابوەستێ لە راستی دور نەکەوتوومەوە. کورد توانای هەیە رووبەرووی سوپای نیزامی ببێتەوە کە ئەسیری کەرەسەی سەربازییەوە و پێش هەموو شتێك نێچیری گیروگرفتی هاوسەنگی هێزەکانە. هەروەها پێویستە لە ئازایەتی کورد ئاگاداربین، ئەم خەسڵەتە میراتییە کە خەریکە دەبێتە ئەفسانە، ژیانی سەخت و بارگرانی بێ بەزەیی هێناویەتە ئاراوەو رسکاندوویەتی و هەمیشە لە ژێر کاریگەری سەختی سروشت و دەست درێژی بەشەر دابووە. پاش هەموو ئەمانەو ئاخرین شت پێشمەرگە خاوەنی باوەڕە. ئەو باوەڕەی بە دادپەروەری دۆزەکەی خۆی و ئینجا نامەی مردووەکانی خۆی کە بەدرێژایی نەوەکان لە بوونی گۆرستانەکان و داستانەکانی پاڵەوانێتی یادیان بەنەمری ماوەتەوە، بەمیرات بۆی بە جێماوە. ئەم باوەڕەو ئەم دڵسۆزییە کە ئەو ورەو ئازایەتییە یان پێ بەخشیوە، تێبینی دەکەی وەکو کەلەپوور لە قاڵبی پەندەکانەوە لە گەورەکانەوە بۆ بچووکەکان و لە پێشینانەوە بۆ پاشەوارەکان ماوەتەوە. لەبەر رۆشنایی ئەو هەڵوەشانەوەیەی کۆمەڵگای ئێمەو مانان کە لە شارستانێتی بووە، زەحمەتە بتوانین رەسەنایەتی ئەو هاندەرە تێ بگەین کە ئەم میللەتە بێ هاوتایە بۆ بەرپاکردنی ئاگری جەنگ پاڵ دەنێ. بەم شایەتییە بەهێزە بیروڕای من لەگەڵ بیروڕای هەموو ئەوانەدا کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ کوردا هەبووەو لە ناویان دا ژیاون یەك دەگرێتەوە وەکو (باوکە تۆماس بوا کە ئاماژە بۆ پاکی و بێگەردی هەستی کورد دەکا. یان (ئارشیبالد ماین هاملتۆن) کە بەردەوام لە پەسنی ئازایەتی ئەم گەلەو وەسفکردنی راستگۆیی بەرزی ئەوان نابێتەوە. لەو کاتەدا کە پێشمەرگە خەریکی ستاندنەوەی چیای زۆزك بوون، ئەو چیا شومەی هێمای وێرانی و کاول کاری بوو، و جەنگ لە گۆشەی تاریکی هێنابوویە دەرەوە. وردە وردە پێشمەرگە دەست بەکار بوون بۆ کۆنترۆل کردنی، ئاشوورییەکانی زاخۆ دەستیان کرد بە تەسککردنەوەی ئەڵقەی گەمارۆ بەدەوری هێزەکانی حکوومەتدا و پەلامارو هێرشەکانی خۆیان چڕتر دەکرد تا حکوومەت بواری نەبێ بۆ پەلامارێکی تر لەمەیدانی شەڕی رەواندزدا خۆی ساز بداتەوە بەم بۆنەیەوە عەقید قازی گوتی:

- (وای نابینم بتوانن ئەوە بکەن. ئەوانە کاتێکی زۆریان پێویستە بۆ ئەوەی هێزەکانیان رێك بخەنەوەو مەشقی ئەو هێزە ((تایبەتی)) یانە یان بدەنەوە کە ئێمە تێکمان شکاندوون.

شکستی سەربازی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گێژاوەی سیاسی لە عێراق خێراترکرد. ئەم جەنگە قێزەون و شەکەت کەرە روالەت و سیمای زەبرو زەنگی لەناو دڵی شارەبێ ئاژاوەکانی نزیك بەرەکانی شەڕ هێنایە ئاراوە. لە هەولێر و سلێمانی سەربازەکان و پۆلیسەکان بە شێوەیەکی رەش هاوێژی تەقەیان لە خەڵکی مەدەنی دەکرد. دەیان کەس کوژران و بریندارکران. لە رەواندزیش سوپای عێراقی هەستا بە سەرکوت کردنێکی وەحشیانەی خۆ پیشان دانێك کە خێزانی سەربازە کوژراوەکانی بەرەی شەڕ سازیان کردبوو. پەیام نێرە بیانییەکان لە بەغدا تەئکیدیان لەوە دەکردەوە کە تاکە خێزانێك لە عێراق نەماوە کە بە هۆی کوژرانی خزمێکی یان هەڤاڵێکییەوە لە پێنجساڵی رابردوو لە جەنگی کوردستان دا نەتاسابێ. لەبەرامبەر نیشتنەوەی تین و تاوی شەرەکاندا غەزەبی جەماوەری زیاتر رووی لە هەڵچوون کرد. (لیوا زەکی حسێن حلمی) سەرکردەی گشتی تێکشکاو بۆ هێمن کردنەوەی هەست و نەستی گشتی بەیانێکی بڵاوکردەوە، لە بەیانەکەدا لافی ئەوە لێدەدات کە هەموو بنکە کوردییەکانی پاك کردۆتەوە. چیای هندرێن لە ماوەی بسیت و شەش کاتژمێردا. زۆزك لە ماوەی حەفتاو دوو کاتژمێردا، لە هەمانکاتدا دانی بەوەش دانا بوو کە هێشتا ناوچەی رەواندز یاخیبووانی تێدا ماوە. لەبەیانەکەدا لافی ئەوەی لێ دابوو کە لە هەموو ئەو ئۆپەراسیونە سەربازیانەدا زیانەکانی سوپا لە چل کوژراو تێناپەڕێ. لە هەمانکاتدا سەرۆك (عارف) شاندێکی بەنهێنی ناردە لای (مەلا مستەفا بارزانی)، گەرچی ئەم جۆرە کارانە هەمیشە بە بەڵێن و پەیمانی وەدی نەهاتوو، لێك دەدرانەوە. پێشەوای کورد رەتی کردەوە بچێتە ناو هەر گوت و بێژێکەوە پێش ئەوەی رادەی هەرە کەمی ((زەمانەت)) مسۆگەر بکا، پێشەوای کورد چونکە لایەنی سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوە رۆڵێکی جووتەوانەی گەورەی یاری



دەکرد: لەلایەکەوە حەق و دادپەروەری، لەلایەکی ترەوە خاوەنی هێز بوو. بەدرێژایی مانگی ئایار رووداو بەدوای رووداو بەدوای یەکتریدا دەهاتن و پاشانیش لە یەکی حوزەیراندا بۆرییەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی کە لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا درێژکراونەتەوە مین رێژکران و تەقێنرانەوە. فڕۆکەکانی عێراق بۆ تۆڵە سەندنەوە، بە بەردەوامی کوردستانیان بۆردومان دەکردو ئەم بۆردومانە تا نیوەڕۆی یەك شەممەی دوازدەی حوزەیران بەردەوام بوو. رۆژی سێزدەی حوزەیران کە لە مێژووی پەیوەندی عێراقی — کوردیدا بە ((رۆژی ئەڵقەدر)) دانرا خامۆشییەکی گشتی لە عادەت بە دەر زەوی و ئاسمانی هەموو کوردستانی داگرت. هەموان لە بێدەنگییەکی تەواودابوون پاش تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێکی سەر لە بەیانی، هەموو پرسیاریان دەکردو پێش بینی رووداوێکی گەورەیان دەکرد. ئازایەتی کەوتە ناو دڵی پەنا بردووانی بەر چیاکان و دەستیان کرد بە هاتنە خوارەوە بۆ ناو گوندەکانیان، دەمەو عەسر بەخێرایی بروسکە هەواڵێك بڵاو بۆوە کە حکوومەتی عێراقی داوای ئاشتی دەکا. ئەم هەواڵە دەست بەجێ حەماسەتێکی دروست نەکردو نەگەیشتە ئەو رادەیەی متمانەی ئەوە دروست بکا کە کۆتاییەکی حەق خوازانە بۆ ئەو کارە دەست درێژیانە دادەنێ. هەر چەند فرت و فێڵ لەمبارەیەوە زۆر کرابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش رووناك بوونەوەیەکی گەورەی خستە ناو کەش و هەواکەو، گوڵی هیوای لەدڵی هەمواندا هەر یەکەو بە ئەندازەیەك گەشاندەوە.

ڕاستی رووداوەکەش ئاوا بوو، (مەلا مستەفا بارزانی) لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی عێراقییەوە بەداوایەك ئاگادارکرابوو کە رێگا بدا شاندێکی ئاشتەوایی کە لەدوو نوێنەری کورد پێك هاتووەو لەلایەن (بەزاز)ی سەرۆك وەزیرانەوە دەستەڵاتیان پێ دراوە، لە هێڵەکانی شەڕ بپەڕنەوە، (مەلا مستەفا) شاندەکەی قبووڵکرد. لە رۆژی (15)ی حوزەیراندا لە کاتێکدا کە دانیشتوانی رەواندز سەرگەرمی ژیانی رۆژانەی خۆیان بوون نوێنەرەکان کە لە بەغداوە هاتبوون، لە زەوی حەرام کە هێزەکانی کوردو هێزەکانی حکوومەتی لەیەکتری جیا

دەکردەوە، پەڕینەوە. لە پێش وەفدەکەوە ئالایەکی سپی کە بە ئاراستەی گوندی خەڵکاندا دەچووە پێش، هەڵکرابوو، ئەم گوندە سەرەتای ڕێگای (هاملتۆن)ە کە دە کیلۆمەتر لە ڕەواندزەوە دوورە، ئینجا لەوێوە بە ئۆتۆمبێلی (جێب) درێژەیان بە گەشتەکەیاندا تا دەگاتە (حاجی ئۆمەران) ئاخرین گوند لە سەر سنووری ئێران و لە دەستی چەپی ڕێگاکە. بێگومان بارزانی لە بەچۆکا هاتنی حکوومەتی عێراقی بە سەریەك ئەژنۆوە دڵشاد بوو، لە هەمانکاتدا کە بیرۆکەی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی سەرکەوتنەوە دنەی دەدا. بارزانی لە خانووێکی بچووکی گوندەکەدا کە تازە دروست کرابوو، بە بەردەمیدا کانییەکی زوڵاڵی سارد کە لە قوڵایی زەوی دێتە دەرەوەو دەڵێن دەتوانێ گشت نەخۆشییەك چاك بکاتەوە، پێشوازی لە شاندەکە کرد. لەسەرووی کانییەکە جۆگایەکی ئاو راکێشرابوو دەڕژایە ناو حەوزێکی داخراوەوە کە دەتوانرا بۆ مەلەکردن و دەست شۆردن و چوونە سەر ئاو بەکاربهێنرێت، کە ئەمە لە کوردستان شتێکی نوێ بوو. لە واقیعدا ئەوێ بارەگای ڕەسمی بوو. هەروەها حەشارگەیەکی سروشتی باش بوو، چونکە پاڵی بە کۆمەڵە بەردێکی گەورەوە دابوو، کەوتبووە ناو گەرووێکەوە لەناو دارستانێکی دار سنەوبەردا. لە بەرامبەرییەوە گۆڕستانێك هەبوو. کاتی خۆی ئەو جێگایانە، جێگای بایەخ پێدانی من بوو، من ماوەیەك لە مۆڵەتی پشوودان و حەسانەوەی خۆم لەوێ بەسەر بردبوو. من لەوێ بووم کە فڕۆکەکان هاتنە سەر ڕێگاکەو چاوم لێ بوو لە نزیك لۆفەکەی ((شینوك))ەوە سێ بۆمبای (ناپاڵم)ی فڕێ دایە خوارەوە کەوتنە ناو خاکی ئێرانەوە. یەکێك لەوانە کەوتە ناو گوندی ((تەمەرچیان))ەوە. کات بولێلی ئێوارە بوو کە ڕووناکی لە ئاگرەکانەوە بەرز دەبۆوە، دایکێك کچەکەی و بێشکەکەی بردە سەربانی ماڵەکەیان، لەوێ دەی لاواندەوە و گۆرانی بەسەردا دەگوت تا بەدەم گۆرانی و چیرۆکەوە خەوی لێ کەوت. ئاخرین تیشکی، خۆر کە ئاوادەبوو دەکەوتە سەر ئەوێ و بەتیشکدانەوەیەکی کە وەك خەرمانەیەکی زێڕین بوو. بە سەریدا ڕەنگی دەدایەوە. پاش ئەوەی منداڵەکە



لەناو بێشکەکەدا خەوی لێکەوت، دایکەکەی هاتە خوارەوەو چوو بەلای کاروباری ماڵەکەیەوە. من لە نێوان توودرکێك و تەراشێکدا پاڵ کەوتبووم چاوەڕێی هەڵاتنی یەکەم ئەستێرەم دەکرد بەسەر ئەو بێشکەیەوە کە هەر لە کەشتی کۆنی ((نوح)) دەچوو کە لە چیاکانی کوردستان دەرکەوتووە[1].

چاوپێکەوتنی (بارزانی) و شاندی دانوستاندن عێراقی لەسەر زەوییەکی تەخت لەبەردەم ماڵێکدا کە بە فەرشی مەخمەلینی بە گوڵ نەخش کراو ڕاخرابوو، دەستی پێکرد. لەوێ جگە لە مەقاڵەیەکی ئاگر هیچ کەرستەیەکی دیکەی لێ نەبوو. سەرۆکی شاندی ئاشتی دەست بەجێ ڕایگەیاند کە هێزەکانی حکوومەت فرمانیان پێ دراوە کە هەموو چالاکییەکی جەنگی جگە لە حاڵەتی بەرگری لەخۆکردن، ڕابگرن و تەقە کردن بوەستێنن. هەروەکو تەئکیدی لە ڕاگرتنی بۆردومانی ئاسمانی کرد. پاشان نامەیەکی لە سەرۆك وەزیران (بەزاز)ەوە پێش کەشی بارزانی کرد کە ناوەڕۆکەکەی پرۆژەیەکی پێشنیار کراوی بۆ ئاشتی تێدا بوو. بارزانی پرۆژەکەی بەگونجاو دانا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شاندێکی ڕەسمی دەستەڵات پێدراو بە دەستەڵاتی پێویست، دەست بە داستاندن بکا. پاش ئەوە فەرمانێکی ئاراستەی هەموو هێزەکانی لە بەرەکان کرد کە هەموو کردەوەیەکی جەنگی ڕابگرن. کاتێك شاندی حکوومەت بەرەو ڕەواندز دەهات و عەسری ئەو ڕۆژە گەیشتە شەوێ، (بەزاز) لە بەغدا لەگۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا پەنجەی لەو عەسکەرییە توندڕەوانە ڕادەوەشاند کە (داوایان دەکرد) جووڵانەوەی یاخیبووان تا ئاخرین یاخی لەناو ببرێت. ئەم ئاماژەیە هەوڵدانێك بوو بۆ ئەوەی شەرمی ڕووی خۆیانی پێداپۆشن هەروەها ئاماژەیەکیش بوو کە حکوومەت دەستی کردووە بە گفتوگۆی ئامادەسازی و تا ئێستاش حکوومەت هەر سەرکەوتووە. هەروەها کوردی هۆشیار کردەوە کە لەناو ڕیزەکانی سوپادا ناڕەزایی هەیە بەرامبەربوونی

---

1- ئاماژەکردنە بەکەشتی نوح کە پاش ئەوەی بەسەر لێشاوی ئاوی تۆفانەوە ڕێگای خۆی بڕی لە کوردستان لە چیای (جودی) یان چیای ((ئارارات)) هەر وەکو لە کتێبە ئاسمانی و مێژووییەکاندا هاتووە، گیرسایەوە، بەم شێوەیە کوردستان بە دووەم لانکەی مرۆڤایەتی دادەنرێ.

هەر چەشنە دانوستاندن لەگەڵ کورد. لە شازدەی حوزەیراندا سەربازان و ئەفسەرانی عێراقی کە پارچە قوماشی سپی یان هەڵ کردبوو. بۆ لە باوەش کردن و ماچ کردنی پێشمەرگەو بانگ کردنیان بە ((برا موسڵمانەکانمان)) لە چەندین خاڵەوە لە هێڵەکانی بەرەی شەڕ پەڕینەوە. وردە وردە لە کوردستانی بریندار دا ژیان دەستی بە بوژانەوە کرد. لە هەژدەی حوزەیراندا شاندێکی عێراقی کە لە چوار کەس پێك هاتبوو و دووانیان لە وەزیرانی پێشووی عێراقی بوون و ژەنەراڵ (ابراهیم ئەلراوی)[1] سەرۆکایەتی شاندەکەی دەکرد گەیشتە کوردستان. (بارزانی) لە (حاجی هۆمەران) پێشوازی لێ کردن و ئەمجارەیان ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی لەگەڵ دابوو. کەوتنە سەر توێژینەوەی ئەو دوازدە خاڵەی کە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکەی حکوومەتدا هاتبوون. وێرای پیشان دانی هەندێك خۆپارێزی لەمەڕ خاڵەهەرە وردەکان، بەڵام لەسەر هێڵە سەرەکییەکان ڕەزامەندییان نیشان دا. هەر لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی سەرۆك وەزیران بە وەڵامدانەوەی ئیجابی، یەکسەر داوا لە (مەلا مستەفا بارزانی) کرا نوێنەرەکانی خۆی بێنێتە بەغدا بۆ براندنەوەی کلێشەی کۆتایی ڕێکەوتنەکە. بەڵام ژەنەڕاڵ (عارف) لەژێر کاریگەری نارەزایەتی عەسکەرییەکان دابوو، نەخشەی بۆ مانۆڕێکی خراپ دەکێشاو بە شێوەیەکی ڕەسمی هەستا بە پێشوازی کردنی (جەلال تاڵەبانی) بەسیفەتی پێشەوای پارتی دیموکراتی کوردستان و قسەکەری ڕەسمی بەناوی کورد. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا کەبە دۆستایەتی وەسفکرا. ڕایگەیاند کە دەستووری کاتی عێراق مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی دەستەبەر کردووە. ئەم ئیقرار کردنەش لە دەستووری هەمیشەیی داهاتوودا جێگیر دەکرێ. ڕواڵەتی کار وادەهاتە بەرچاو

1- (لیوا ابراهیم ئەلراوی) لە ڕۆژانی جووڵانەوەی ئایاری 1941 سەرکردەی فیرقەی سێ بوو لەدیوانیە، پاش شکستی ڕەشید عالی گەیلانی و چوونی سوپای بەریتانی بۆ ناو بەغدا، هەڵات بۆ ئەڵمانیای نازی. پاش تەواوبوونی جەنگ بە چەند ساڵێك گەڕایەوە بۆ عێراق و لە زەمەنی پاشایەتی دا گێڕدرایەوە ڕیزی سوپا. دوایەمین پلە کە وەریگرت، وەزیری دەسەڵات پێدراوی عێراق بوو لە (کابوول).



کە سەرۆکی دەوڵەت دەیەوێ دان و ستاندن لەگەڵ (جاش) دا بکاو سەرۆك وەزیرانیش هەنگاوی دان و ستاندن لەگەڵ پێشمەرگەدا گرتۆتە بەر. کاتێك ڕادیۆی بەغدا ئەم هەواڵە سەیرو، سەرسام هێنەرەی خوێندەوە (مەلا مستەفا بارزانی) بەتوندی توڕەبوو و ڕەتی کردەوە لە دان و ستاندنی ئامادە سازی دا بەردەوام بێ و دەنووسێ و دەڵێ:

جەلال تاڵەبانی لەدەستەی خائینانە. هەر گفتوگۆیەك لەدان و ستاندنی ئاشتیدا کە ئەو تیایدا تەرەف بێت من ڕەتی دەکەمەوە. کورد بەجۆرێکی تایبەتی دەیزانی کە (جەلال تاڵەبانی) بە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕی (ڕەواندز) دا شان بەشانی حکوومەت بەشداریان کردوەو بەڵگەی خۆشیان لە بەردەستدا بوو، کە لە بروسکەی ڕۆژی دوانزەی ئایاردا و بەژمارەی (1548) کە لەسەرۆکایەتی ئەرکانی فیرقەی دوو دەرچوو بوو و لای خۆیان هەڵیان گرتووە، واتە ئەو ڕۆژەی کە لە چیای (هەندرێن) ئاڵای (سەرکەوتن) شەکایەوە. (بەزاز) لەلایەن خۆیەوە ئەوپەری کۆششی خستەگەڕ کە هەموو زەمانەت و دڵنیایەکی پێویست بدا بە (مەلا مستەفا بارزانی). لە 21 ی حوزەیراندا شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی (حەبیب) سکرتێری گشتی مەکتەبی تەنفیزی بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ. لە (23) ی حوزەیراندا سەرۆك وەزیران پێشوازی لێ کردن. پاش ئەوە ژەنڕاڵ (عارف) سەرۆکی دەوڵەت پیشوازی لێ کردن. لە ڕۆژی دواتردا ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند کە (مەلا مستەفا بارزانی) پێشنیارەکانی حکوومەتی پەسەند کردوە کە دانپێدانان بەنەتەوایەتی کورد، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگە ڕەسمییەکان و بەڕێوەبەرایەتی (لامەرکەزی) بۆ ناوچەی کورد دەگرێتە خۆی. ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 23ی حوزەیران ڕۆژنامەکانی بەغدا بەجۆرێك دەرچوون و نووسیویانە و دەڵێن کە مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە داهاتویەکی نزیك تەواو دەبێ و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە لە لایەن (بەزاز و حەبیبەوە) دەخوێنرێتەوە. بەڵام واقیع بەڕووکارێکی دیکەدا بوو، سەرۆکی وەزیران لە 29 ی حوزەیراندا بەتەنیا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرکەوت و دوازدە خاڵی لە پرۆژەی پێشنیارکراو بۆ لابەلاکردنی کێشەکە خوێندەوە کە دەڵێ:

- حکوومەت لە بنجینەدا ئامادەیە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دا بنێ، بەڵام حکوومەت داوا دەکا چەکەکانیان تەسلیم بکەن با ئەوەش روون بێت کە هەموویان کەڵك لە لێبووردنی گشتی وەردەگرن. سەرەڕای ئەوە پرۆژەکە بەڵێنی ئەوەی تیا بوو کە هەڵبژاردنێکی گشتی بۆ یاسادانان بەپێی ئەوەی کە لە دەقی دەستووردا هاتووە، لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێ هەروەها وەرگرتنی قوتابیانی کورد لە زانکۆی بەغدا هەروەها دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی تایبەتی کە کوردستان بە دانیشتوانی خۆی بسپێرێت و بوار بۆ کورد برەخسێت بەپێی رێژەی دانیشتوان وەزیفەی دەوڵەت وەربگرن. هەروەها ئازادی بڵاوکردنەوەو پێکهێنانی حزب. لە کۆتاییدا گەڕانەوەی سەربازە کوردەکان بۆ ناو ریزەکانی سوپای عێراقی لە ماوەی دوو مانگ، هەروەها بەیان نامەکە تێیدا هاتووە کە دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەتی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری باکوور. هەروەها دەستبەکاربوون بە خەرجکردنی قەرەبوو بۆ پەك کەوتوان و هەتیوان و بێوەژنان و زیان لێکەوتوانی جەنگ بە زووترین کات. هەروەها رادیۆی بەغدا پەیتا پەیتا ئەو بروسکەیەی دووبارە دەکردەوە کە (مەلا مستەفا بارزانی) ناردبووی. بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێ پێشنیارەکانی حکوومەت لە دامەزراندنی ئاشتی و رێکەوتن لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردا ئارەزووی ئەویش دەنوێنێ و رەزامەندی لەسەرە. بەڵام بە پێچەوانەی تەئکیدکردنە رەسمییەکان و دڕکاندنە ئاشکراکان، هەرگیز ئاگر بەس بڕیارێکی بەدوادا دەرنەچوو. (مەلا مستەفا بارزانی) کە تاقیکردنەوەی ساڵانی رابردوو. هەروەها مانۆڕی فێلبازانەی ئەم دواییەی سەرۆك (عارف) وای لیکردبوو زۆر دوو دڵ و زۆر وشیار بێ، بارزانی بە سەرکێشییەوە سوور بوو لەسەر رای خۆی کە بابەتی ئاگر بەس لەکاتی تاوتوێ کردنی گوتوبێژی دان و ستاندنەکان لە ئارادانەبووە.. رووداوەکانی داهاتوو، دەریان خست کە وریایی ئەو لە جێی خۆیدا بووەو ترسی ئەو پاساوی خۆی هەبووە. رۆژی دوای خوێندنەوەی بەیانەکەی بەزاز واتە لە (30) حوزەیراندا



هەندێك لە عەسکەرییەکانی ناو سوپا دەستیان بەسەر فڕۆکە خانەی موسڵدا گرت، بەڵام ئەمجارەیان فڕۆکەکان بۆمباکانی خۆیان بەسەر پێشمەرگەدا هەڵنەڕشت بەڵکو بەسەر کۆشکی کۆماری لە بەغدا. لە هەمانکاتدا تاقمێك لە پیلانگێران دەستیان بەسەر ئێستگەی رادیۆدا گرت ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان بەسەرکردایەتی (عارف عبدالرزاق) سەرۆك وەزیرانی پێشوو راگەیاند. (عارف عبدالرزاق) کە سەرۆك وەزیران بوو کودێتایەکی ژێر کەوتۆی دژی (موشیر عارف) ئەنجام دابوو، بەڵام چانسی ئەو لەگەڵ ئەو برایەش لە چانسی برای یەکەم باشتر نەبوو. ئەوەبوو سەرۆك (عارف) بەخێرایی توانی بەسەر پیلانگێڕندا کە ژمارەیەکی گەورەیان لە ئەفسەرانی سوپا لەگەڵ دا بوو، سەربکەوێ. ئاشکرا بوو ئەم پیلانە دەستەیەك لە ((توندڕەوە ناسرییەکان)) پێی هەستا بوون، ئەمانە تورەیی هەندێك لە ئەفسەرانی سوپایان بەهەل قۆزتەوە کە نارازی بوون هیچ چەشنە دان و سەندنێك لەگەڵ کوردا بکرێت. ئەوانە وایان دادەنا کە تەسلیم بوونی حکوومەت بەم شێوەیە پەڵەیەکی شەرمە بەناوچەوانی ئەوانەوە. سەرکەوتنی ئەم کۆدیتایە مانای لە ناو چوونی دانوستاندنی ئامادەسازی ئاشتی و دووبارە دەست پێ کردنەوەی شەڕی دەگەیاند. ئەم رووداوانە دووربینی گەلی کوردیان لەمەڕ حاڵەتی نائارامی هەل و مەرجی سیاسی دەسەلماند. بۆیە مکوم بوون لەسەر مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە. (مەلا مستەفا بارزانی) بۆ جاری دووەم نییەتی خۆی راگەیاند کە ئامادە نییە هیچ پەیمانێك بدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە تا جارێکی تریش بارودۆخی سروشتی باڵ بەسەر عیراقدا نەکێشێتەوە. لێرەدا مەبەستی بارزانی ئەوە بوو کە مادام حکوومەت لە خەتی دیموکراتییەوە دوورە و لەبەرامبەر پەیمانەکانی خۆی جیدی نییە هێزەکانی خۆی دەهێڵێتەوە و هەڵیان ناوەشێنێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەمە نابێتە ئاستەنگ بۆ ئەوەی ئارەزووی خۆی رابگەیەنێ لە مانەوەی حاڵەتی ئاگر بەس و درێژە پێدانی وتووێژ. چونکە ئەو بەرنامە ئاشتییەی کە لەلایەن

(بەزاز) ەوە ئامادەکرابوو، لە خاڵی هەستیارو جەوهەریدا مەبەستم دانپیانانی نەتەوایەتی کوردە، جێگای شادی و رەزامەندی کورد بوو، بەڵام لە بۆچوونی (مەلا مستەفا بارزانی)دا پرۆژەکە زۆر بە تەم و مژاوی مایەوە بگرە قرِوقەپ لێکردنی لە ئاستی پرسە جەوهەرییەکانی تری وەکو: مەرجەکانی بەرێوەبردنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان، دیاریکردنی جێگرێکی کورد بۆ جێگری سەرۆك کۆمار، پێکهێنانی (فیرقە) یەکی تایبەتی لە سوپای عێراقی بۆ کورد کە بارەگاکەی لە کوردستان بێ، پێکهێنانی پۆلیسی تایبەتی کورد، پێکهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان کە دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەبێ، تەرخانکردنی بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدانی کوردستان، و دەرکردنی لێبووردنی گشتی نەتەنیا بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو گیراوە سیاسییەکان لە عێراق. لەو سەروبەندەدا ((بارزانی)) سیاسەتێکی بەرێوەبرد کە کەمترین هەڵەی تێدابێ. بۆیە ئامرازێکی دەنگ نزمکردنەوەی خستە سەر چەند بابەتێکی دیاریکراو لە داخوازییەکان. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە هاوسەنگی نالەباری حکوومەتی (بەزاز) کە توانای بەرهەڵستی حکوومەتی (بەزاز) کە لە حکوومەتی هەر دەستەیەکی یەکگرتووی عەسکەری لاوازترە، نەخاتە مەترسییەوە. هەرچی چۆن بێ، ئەمە رووداوێکی گرنگ بوو، رێگای بەکورددا هەناسەیەك هەڵبکێشێتەوەو چالاکی خۆی نۆژەن بکاتەوە. گومانی تێدا نییە بارزانی بۆ سەرکەوتنی دۆزی گەلەکەی، پەی بردن و تێگەیشتنێکی باشتری هەبوو هەر نەبێ بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانی ئەوروپا، پاش بێ پەیمانی و گوێ پێ نەدانێکی زۆر ئەوروپای تێ گەیاند کە مەسئەلەی کورد کلیلی هاوسەنگییە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. هەروەکو ئەندامێك بوو لەبەدەنی پەیوەندییەکانی عێراقی — میسری دا. بۆیە (ناسر) بەئاگر بەس رازی بوو وەرێگەی پێ داو بەشدارییەکی چالاکانەشی کرد بۆ ئەوەی بچێتە مەیدانی واقیعەوە.



لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای ئەم چەرخەوە ژمارەی قفڵەکان لەلای بارزانی لە زیادبووندا بوون، ئەمە وای کرد کە جۆرە تێبینییەك بدا بەدەستەوە کە ئیدی بارزانی ئەوە نییە کە نازانێ چۆن رستە کلیلەکانی بەکاردەهێنێ. لەبەر ئەوە لە جیاتی ئەوەی دەس پێشکەری بکا کە هەموو هەڵوێستەکە بەیەکجار سەرلەبەر چاك بکا، پەنای بردە بەر سازشکارییەك لە بابەتی ئەو سازشانەی کە فەرش فرۆشانی گەرۆك پێی دەناسرێتەوە. بەم شێوەیە لە ناو دیبلۆماسییەتی بازارِدا والێك دەدرایەوە کە حەتمەن دەکەوێتە ناو تەڵەی فێڵی شارەزایانی خۆ وڵاتییەوە ئەوانەی کە هەست بە بەهارِەوشتییەکان ناکەن و نرخێك بۆ شەرەفی بەڵێنەکان و قسەکانیان دانانێن. (مەلا مستەفا بارزانی) زۆر باش ئەوەی دەزانی کە ئەگەر بەتەنیا لە چیاکانی خۆی بێ جگە لە پشت بەخۆبەستن پەنایەکی دیکەی نییە و کاتێك بەرپرسیاری کارەساتی شەهیدبوون هەڵ دەگرێ، و بە حەماسەتی هیوا براوێکەوە دەجەنگێ کاتێك دەبینێ هەموو بیروباوەرِکانی تێکۆشانی کە لە سەروچاوەیەکی ئینسانییەوە هەڵقوڵاوە، کاتێك هەموو ئەوانە دەبینێ بوونەتە جێگای سووکایەتی پێ کردن و پشتگوێ خستن، ئایا لە توانایدا هەیە لە بەشی خۆی وردبێتەوەو سەرپشك بێ ئەوە لە حاڵێکدا ئەگەر هات و بەرهەمێکی باشیدا؟ لە کۆتاییدا لە 4 ی تەمووزدا لە ئاکامی گوتوبێژێکی راستەوخۆ کە لە نزیك ((رِەواندز)) بەرێوەچوو و خۆشی بەشەخسی بەشداری تێداکرد، فەرمانی ئاگر بەسی راگەیاند. بەڵام (عیسمەت شەریف وانلی) نوێنەری خۆی لە ئەوروپا ئاگادار کردەوە کە بلێ ئێمە هێشتا لە حالەتی جەنگ داین.

جارێکی تر هەندێك کاریگەری نوێ کەش و هەوای بەدگومانی و بێ متمانەییان پتر خێراکرد. لە کۆتایی مانگی تەمووزدا (بەزاز) چووە تورکیا، کە بەرەنگاربوونەوەی سەرکەوتوانەی کورد، تێروانینێکی قووڵی لای حکوومەتی (ئەنقەرە) تۆمارکردبوو، لەوێ بەزاز رایگەیاند:

- شتێکی شاراوە نییە کە ئەو هەولانەی دراون بوونە هۆی ئەوە کە عێراق لە بەهێزکردنی بناغەی یەکێتی نیشتمانیدا سەرکەوتن بەدەس بهێنێ. پاشان چوو بۆ مۆسکۆ و لەگەڵ (کوسیگن) کۆبۆوە بۆ ئەوەی دان و ستاندن لە بارەی

یارمەتی ئابووری و هونەری و لەوانەیە سەربازیش، لەگەڵ مۆسکۆ بکا. پاش ئەوەی لەوێ تەئکیدی کرد کە ئاشتی لە کوردستاندا جێگیربووە. مەرامی خۆی لێ حاسڵ کرد. لە هەمانکاتدا دەنگۆ وابڵاوبۆوە کە لە (باکۆ — قەفقاس) بەرێ خۆشکەری یەکێتی سۆڤیتی لەگەڵ (مەلا مستەفا بارزانی) کۆبۆتەوە. لەکاتی سەفەرکردنی سەرۆك وەزیراندا ژمارەیەك لە گەورە ئەفسەرانی سوپا لەوانە ژەنەراڵ (ناجی تالب، رجب عبد المجید سەفیری عێراق لە لەندەن، شاکر مەحموود وەزیری بەرگری، تاهیر یحیی، احمد حسن بکر سەرۆك وەزیرانی پێشوو، عبدالعزیز العقیلی دوژمنی ژمارەیەکی کورد) هەستان بە فشارێکی پلانگێرانە لەسەر سەرۆکی دەوڵەت. وە (عبدالرحمن البزاز) کە لە دوای شۆڕشی ساڵی 1958 وە تاکە سەرۆك وەزیرانی مەدەنی بوو، بە تۆمەتی هەڵوێستی نزیك بوونەوەو دۆستایەتی لەو دەوڵەتە عەرەبییانەی رێبازێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئابووری لیبڕاڵی بۆ سەرمایەداران و هان دانیان، پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پارێزگارانە لە بواری دەرەوەدا، لە کۆتاییدا مۆرکردنی رێکەوتن لەگەڵ کورد، تاوانبارکردو کاتێك لە (مۆسکۆ) گەڕایەوە ناچاریان کرد دەس لەکار بکێشێتەوە. لە (6)ی ئاب دا (عارف) (لیوا ناجی تالب) کە لە ناسرییە ناسراوەکان بوو بۆ پێکهێنانی حکوومەت راسپارد. (ناجی تالب) لە بەرنامەی کابینەکەی کە لەسەر شێوازی هێلی نەتەوەیی سەربازی و ئیجرائاتی نیوەچڵی سۆشیالیتی دارێژرابوو، ئەم دروشمەی چەسپاند بوو (کارکردن بۆ جێگرکردنی ئاسایش و ئارامگیری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی باکوور) هەروەکو دەقی ((بەهێز کردنی سوپا)) لە بەرنامەکەدا هاتبوو. هەروەها (ناجی تالب) سێ وەزیری کوردی خستە ناو کابینەکەیەوە: دکتۆر عەبدوڵڵا نەقشبەندی وەزیری دارایی، و (مصلح نەقشبەندی) وەزیری داد، و (حمد کریم قادر) وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور، (مەلا مستەفا بارزانی) بەتوندی رایگەیاند کە ئەو حاشالەوە دەکا ئەو سێ کەسانە مافی ئەوەیان هەبێ نوێنەری کورد بن. رادیوی (دەنگی کوردستان) بە شێوەیەکی تایبەتی نەقشبەندییەکانی وەها



پێناسەکرد کە لەڕەچەلەکی خێزانێکی ئایینی کۆنەپەرستن و هەستی دڵسۆزیان بەرامبەر بە عێراقییەکان تێدانییە و زیاتر لە (جاش) دەچن. هەروەها روونی کردەوە کە کورد ئەوپەڕی خۆپارێزی یان بەرامبەر بە حکوومەتی نوێ هەیە. لە هەمانکاتدا ((جامیعەی عەرەبی)) نەخشەیەکی جوگرافیای نیشتمانی عەرەبی بڵاوکردەوە کە تیایدا وەکو چۆن ئیسرائیل هاتۆتە ناو نەخشەوە ئاوا هەرێمی کوردستانی عێراقی نەخش کردبوو. بەم شێوەیە رێکەوتنەکە کە حکوومەتی عێراق هەوڵی بۆ دەدا نەهاتەدی. ئاشوورییەکان هەندێك تووڕەیی خۆیان لە بەرامبەر ئاڵوگۆری نوێنەرایەتی دیبلۆماسی لە نێوان فاتیکان و بەغدادا دەربڕی. هەر لەو کاتەدا (یوسانت) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان رەتی کردەوە پێشوازی لە (عیسمەت شەریف وانلی) نێردراوی (مەلا مستەفا بارزانی) بکا.

بێ دەنگی تەنیا بۆ ماوەی سێ مانگ چیاکانی کوردستانی داگرت. کات هاوین بوو. پاشان لە (25) ی ئەیلوول دا دەنگی تەقەو گوللە لە دۆڵەکاندا دەنگیدایەوە. ئەوە پێشمەرگە بوون کە هێرشی جاشەکانی (تاڵەبانی) یان بەربەست دەکرد کە بەهاوکاری سەربازانی لیوای پێنجی عێراقی کردبوویان. لەبەرەی شەڕی قەرەداغ لێکدان و شەڕی تری بەدوا داهات. (مەلا مستەفا بارزانی) دووبارە دەستی کردەوە بە سازدانەوەی هێزەکانی بۆ ئەوەی بواری ئەوەنەدا ئەو بەکرێگیراوانە کە (جەلال تاڵەبانی) بەڕەسمی گوایا لە بەرامبەر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، چەکداری کردبوون، بێنە ناوەوە. ترس کەوتە ناو دڵی دەستەڵات دارانی بەغداو (شاکر محموود شکری) وەزیری بەرگری خۆیان نارد بۆ دیدەنی (مەلا مستەفا بارزانی) کە لەو کاتەدا دەنگۆ بڵاوبۆوە کە نەخۆشەو خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکا کە لە دەرەوەی وڵات نەشتەرگەری بۆ بکرێت. چاوپێکەوتنەکە لە کەش و هەوایەکی راشکاوانەدا بەرێوە چوو پێشەوای کورد وەك دیارییەکی یادگاری دەمانچەکەی خۆی پێشکەش بە میوانەکەی کردو لەبەرامبەردا قورئانێکی لێ وەرگرت. پاش تێپەربوونی تەنیا دوو رۆژ پێشمەرگە

لەناوچەی (پێنجوین) هەستان بە تارومارکردنی ئەو عەرەبانەی کە نەیان دەهێشت جووتیارانی کورد بگەڕێنەوە سەر زەوییەکانی خۆیان، و رادیۆی (دەنگی ئازاد) درێژەپێدانی خەباتی تا گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی راگەیاند. بەغداش بە هایدانەوە وەلامیدانەوە کە ئەگەر پێش 29 تشرینی یەکەم پێشمەرگە چەکەکانیان تەسلیم نەکەن، ئەوا یاسای لێبووردن نایانگرێتەوە. (مەلا مستەفا)ش بەدروشمی (**یان ئۆتۆنۆمی یا جەنگ**) وەلامی دانەوە. لێرە دا (عقیلی) هەلی قۆزتەوە کە بانگەشەی بیرۆکەی لەناوبردنی دۆزی کورد لە رێگای هێزەوە بکا. بەلام لە (28) تشرینی یەکەمدا کە ئاخرین رۆژی هایدانی حکوومەت بوو بۆ پێشمەرگە (ژەنەراڵ عارف) لەوەی کە بەشەخسی خۆی بۆ چاوپێکەوتنی (مەلا مستەفا بارزانی) بچێتە رەواندز دەرەتانێکی دیکەی نەدەدی لەویٚ ئۆتۆمبێلێکی ئەمریکی وەکو دیاری پێشکەش کرد. چاوپێکەوتنەکە لە سەربازگەی دوڕیانی نزیك بە (دیانا) وە بەرێوە چوو، پێشمەرگە بەرزاییەکانی ئەو دەوروبەرەیان گرتبوو، بەچاوێکی هۆشیارەوە چاودێری جێگای کۆبوونەوەکەیان دەکرد. چاوپێکەوتنەکە وەکو دان و ستاندنی نێوان دوو سەرۆك دەوڵەت دەهاتە بەرچاو! ئەوە جاری یەکەم بوو کە عێراق بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئیقرار بە بوونی حکوومەتێك دەکا لە جنوبی ولاتی کوردستان. کاتێك (عارف) گەڕایەوە بۆ بەغدا دەسبەجیٚ تەئکیدی کرد کە (مەلا مستەفا بارزانی) ((جیابوونەوە خواز)) نییەو بەڵێنی داوە کە بەندەکانی ئاگر بەس جێبەجیٚ بکا. ئەمە بووە مایەی نارەزاییەکی گەورەی سەرۆك وەزیران (ناجی تالب). بەلام عێراق نە لە باری ماڵی و نە لە باری سەربازییەوە ئامادە نەبوو ئاگر بەس پیٚ شێل بکا و بچێتە ناو ساڵێکی نوێی جەنگەوە، ئەمە سەرەڕای هاتنی وەرزی زستان بۆ چیاکانی کوردستان، رژێمی فەرمانڕەوا نەیدەتوانی خۆی بخاتە ناو شکستێکی دیکەوە. مەلا مستەفا لە هەموو کەس باشتر ئەمەی دەزانی.

لە نێوان (15) و (25)ی تشرینی دووەمدا لەو کاتەدا کە بەفر پرۆپاگەندەی رەش بینانی دادەپۆشی و ئومێدی بۆ ماوە پشودانێك دەخستە کایەوە، کۆنگرەی



پارتی دیموکراتی کوردستان گریٚ دراو یادنامەیەکی ئاراستەی حکوومەتی بەغدا کرد، کە تیایدا رێکەوتنامەی عێراقی ـ کوردی بە ((بەڵگەنامەیەکی مردوو)) وەسف کردبوو. هەوەها تیایدا هاتبوو کە ئەو بڕگانەی پەیوەندی بە وانەوە هەیە جێبەجییان کردووە کە بریتییە لە ئازاد کردنی دیلەکان، کردنەوەی رێگاکان، راگرتنی پەخشی رادیۆی دەنگی کوردستان، گێڕانەوەی ئەو چەکە قورسانەی لە دوژمن گیرابوون، هەروەها یادنامەکە ژەنرال (عارف)ی بە خۆ دزینەوە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، کە بریتی بوون لە ((ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی باکوور، جێبەجێکردنی لامەرکەزی، خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا، ئازادی چاپەمەنی و را دەربڕین، دانانی وەزیرانی کورد لە کەسانی دڵسۆز، ئازاد کردنی هەموو گیراوە سیاسییەکان، هەڵوەشاندنەوەی تەشکیلاتی (جاش)، دانپێدانانی رسمی بە پارتی دیموکراتی کوردستان، هێنانی قەزای دهۆك بۆ ناو هەرێمی کوردستان. هەروەها حیزب لە یادنامەکەیدا حکوومەتی تۆمەتبار کرد کە خۆی بۆ جەنگێکی نویٚ ساز دەکا. لەو سەروبەندەدا (مەلا مستەفا بارزانی) لە شەوی سەری ساڵدا بە کەڵك وەرگرتنی لەو نارەزایەتیە کە لە دەوری ژەنەراڵ (عارف)و سەرەك وەزیران (ناجی تالب) کۆدەبۆوە، بۆ سارێژکردنەوەی ئەو برینە هەستا بە ئاخرین هەوڵی خۆی، ئەویش بە پێشکەشکردنی پێشنیارێك بۆ پێکهینانی لێژنەیەك کە ئەرکی دارشتنی ئاشتییەکی بناغە پتەو دابرێژیٚ. راگەیاندنی سەفەری نزیکی سەرۆکی دەوڵەتی عێراقی بۆ (تاران) ئاماژەیەکی ئاشکرا بوو کە کورد ناتوانن لە ماوەیەك پشوودان کەڵك وەربگرن.

**سیٚ مانگی دیکە تێپەڕی و دیسانەوە جیهان کوردستانی لە بیر چۆوە. رۆژگار دێت و دەچی کورد هەروا لە حەشارگاکانی چیاکانیان کە زستانی سەخت ئەوەندەی تر عاسیٚ و قایمی کردوون، لە چاوان ون بوون. کوردستان لە ئاشتی سەرماو سەهۆڵ بەندان دا دەژی!!** مەسەلێکی فەرەنسیمان هەیە دەڵیٚ: ((بۆ ئەوەی پیاو ئازاد بژی پێویستە لە سەری لەبەر چاو ون بیٚ)) هەروەها مەسەلێکی دیکە دەڵیٚ ((زەمەن هاوڕێی ئەو کەسەیە کە خاوەنی خۆیەتی))، ئەوەبوو کە (مەلا مستەفا بارزانی) ساڵێکی تەواوی قازانج کرد.

گەشتی بەهاری ژەنەڕاڵ عارف سەروبەندی دەستپێکردنی کۆچڕەوی ماڵات، ژەنەڕاڵ (عارف)ی لە (ئەنقەرە) گیرساندەوە. تورك هاتبوونە سەرباری ئەوە پەی بەوە بەرن کە لێرە بە دواوە بە کارهێنانی هێز لە دژی نەتەوەی کورد ئامرازێکی کاریگەر نییە. (عارف) لە ئەنقەرەوە سەفەری کرد بۆ (تاران)، و لە پەراوێزی گوتوبێژی هەردوولا دەربارەی دیاری کردنی سنوورەکان، ئێرانییەکان (عارف)یان هێنایە سەر ئەوەی قەبارەی رووبەڕووی ئەو زەوییەیان پێ بڵێ کە (مەلا مستەفا بارزانی) کۆنترۆڵی کردووە، و لە بەردەم هەموو رای گشتی جییهانیدا (هەر چەندە پایتەختە گەورەکان بەردەوام خۆیان بە بێ ئاگا پیشان دەدا)، (عارف) هاتە سەر رێگای راست و ئیتر بیرۆکەی لە ناوبردنی کوردی بە هێزی چەك، بە پەسند نەدەزانی و پەی بەوەبرد کە رێگا چارەی جیدی تەنیا لە رێگەی رێ و شوێنی سیاسییەوە دەبێ، بەڵام هەمیشە سەرکردە عەسکەرییەکان فەرمانڕەوای عێراقن.

# بەشی هەشتەم

## ((ئاخرین کەس لە گەورە پیاوانی مەزن))

## ئاخرین کەس لە گەورە پیاوانی مەزن

**((ئێك هەیە بە سەدی، سەد هەیە نەب ئێکی))**

(پەندی کوردی)

هاوینی رابردوو، هێمنی بە سەر کوردستاندا کشا بوو. داس دروێنەی ئەو پەڵە گەنمانەی دەکرد کەلە ئاگری ناپاڵم بە ساغی دەرچووبوون. کاری خەرمان گێرە کردن لە گوندەکان رواڵەتێکی هەرەوەزی هەیە، ئامێری گێرە بەو پلێتە تەختە ئەستورانەوە کە پارچە بەردی سەخت و تیغی تیژی پۆلاینی پێوە بەستراوەتەوە، گامێشێکی ئارام و لەسەرخۆ رایدەکێشێ، لەو کاتەدا ریش سپییانی ((ئاقڵ مەند)) کە گومانیان لە پاشەرۆژ دەکرد، لە رۆژانی جەژندا ئەو دەرسانەیان دێنایەوە بیری لاوان کەلە تاقیکردنەوەی خۆیانەوە فێری بووبوون **((ئەو رێگایەی کە تۆ پیا دەڕۆی هەمان ئەو رێگایەیە کە ئێمە پێش تۆ پیایدا رۆیشتووین)) ئەم رێگایە رێگای داستانی هاوبەشی کوردو ئاشوورییانە کە بە درێژایی دەیان سەدە لە ناو زنجیرەی ئەو چیایە سەرکەشانەوە کێشراوە، قەدەر بە پیسییەکی سەختەوە حوکمی بە سەر پیاوێك داداوە کە لە ناخی ئەو چیایانەوە هاتووە، بۆ ئەوەی کەفالەتی پاسەوانی ئەو رێگایە بکا، پاسەوانییەك کە شکۆمەندی و گەورەیی تێدایە. ئەم پیاوە کە (باوکە بێدار) بە ((پێشەوای مەزن)) ناوی دەباو بە نێردەی ((چاودێری ئیلاهی)) دایدەنێ. لێرە لە وڵاتەکەی خۆیدا بە هەموو شکۆیەکەوە پیشانی دەدەن هەر وەکو جوانکردنی ئەفسانەیەك کە خەریکە بە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە لەوێ... بە ((پیرەمێردی رێگر)) ناویان دەبرد. ئەم پیاوە کە نیعمەتی خوایی بەسەریدا پەرش بووە کە لێرە پێی دەڵێن ((بەرەکەت)) چەند کات ژمێرێکی درێژ لە کەشێکی دۆستانەی گەرم لە کاتی شەڕی رەواندوزدا لەگەڵی دانیشتم و بێ تێداهێشتنەوە بە متمانەی خۆی شەرەفمەندی کردم تا ئەو رادەیەی کە بە بەر چاوی منەوە نەخشەکانی خۆی بۆ**



**ئەو شەڕە راڤە دەکرد و بەلای منەوە ئەو حەشارگانەی کە بۆ بارەگای خۆی هەڵی دەبژارد کارێکی نهێنی نەمابوو.**

((مەلا مستەفا بارزانی)) کە ئەمە ناوی تەواوی ئەوە، زۆر بە کەمی نەبێ ناخەوێ، چالاکی و هەڵسوڕانی ئەو شەو و رۆژ سارد نابێتەوە. بێ راوەستان پێشوازی لە کادرە عەسکەرییەکان و کادرە حزبییەکان و (حەبیب) و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سادەترین پیاوانی پێشمەرگە دەکا هەر وەکو چۆن یەك بە یەك پێشوازی لە پیاو ماقوڵان و گەورە پیاوانی میللەت دەکا. ئەو دەیەوێ گرنگی بە هەموو شتێك بداو ئاگاداری هەموو رووداوێك بێ. شەوانە چاوەڕێی هاتنی کوڕەکەی (ئیدریس) دەکا، کە راپۆرت دەربارەی چالاکییەکانی پێشکەش بکاو، فەرمانی لێ وەربگرێ. هەموو ئەو گوتوبێژانەی کە بە رێوەی دەبا و ئەو کۆنگرانەی کە دەیانبەستێ بە سادەکاری و بە دەر لە (ڕووکەش کاری) بەرێوە دەچن. جێگای دانیشتنی هەمیشەیی ئەو یان زەوی رووتە یا بە رایەخ داخراوە تاکە دیمەنی خۆش گوزەرانی ئەو پیاڵەی چایە. ئەگەر گۆرانکارییەك بە سەر ئەو دیمەنەدا (دیکور)ەدا بێت ئەوە گوللەتۆپ و بۆمبای فڕۆکەکانە کە عەزفێکی مۆسیقای ئورکسترایی دەخاتە ناو دانیشتنەکانەوە. (مەلا مستەفا بارزانی) چوار مەشقی لە سەر زەوی دادەنیشێ و قەدی ئەو لەوپەڕی راستی و رێك و قیت رادەوەستێ و گوێ رادەگرێ و تێ دەگا و بە سیمایەکی گران و سەنگینەوە، لە بیرکردنەوەدا نقوم دەبێ بێ ئەوەی ماسولکەیەك لە روخساریدا گرژ بێت. ئەو بە هێواشی یەك بە دواییەکدا مژی کورت لە جگەرەکەی دەدا. پاشان رای خۆی دەردەبڕێ و بە دەگمەنیش وایە رەخنە ئاراستەی کەسێك بکاو هەرگیز دەنگی خۆی بەرز ناکاتەوە.

پاش ئەوەی گەیشتمە کوردستان، دوای ماوەیەکی کەم ئاگادار کرامەوە کە (سەرکردە) ئارەزووی بینینم دەکا. ئەمەش ئاواتی گەورەی من بوو. شەوێکم لە پشتی بەرەی شەڕ لە ژێر کۆمەڵە بەردێکدا لە پشتی بەرەی شەڕ کەلە بەینی رێگاکەو رووبارەکە گیرسابۆوە بە سەربرد. لە ژێر سەقفێکدا خۆم پەنادا کە

فرۆکە وێرانی کردبوو. لەوێ پیاوان و ژنان و منداڵان بە هەموو جلوبەرگی خۆیانەوە پێکەوە دەنووستن. بە رێکەوت گۆشەیەکی بچووکم بۆ خۆم دۆزییەوە بۆ خەوێکی عەنبەرین کە بە بۆنێکی تیژ پڕ بوو بوو. لە کاتژمێر پێنجی بەیانی لەوێ هاتمە دەرەوە و چاودێری ئەو لادێییانەم دەکردکە بە کاروباری رۆژانەی خۆیانەوە هەڵدەستن، بەرەکەتی خوا هەورێکی رەشی بۆ ناردین لوتکەی چیاکانی داپۆشی بەرەبەیانێکی خامۆش و ئارام بوو، هانی دام بۆ نووسین. لە سەر تەپۆڵکەیەکی گیایی دانیشتم وەکو کورسی دەچوو، تاتە بەردێکیشم پەیدا کرد وەکو مێز وابوو. کاتێك وەختی نانی بەیانی هات دابەزیمە ناو شیوەکە و بە ناو داربییەکاندا چوومە ناوەوەو بووم بە میوانی جووتیارێکی پیر ناوی شاهین بوو (لای ئێمە مانای هەڵۆی پاشایی) ژنەکەی و کچە جوانەکەی خەریکی ئامادە کردنی هەوێن و پەنیرو کەرەی سپی مەڕو نان و چا بوون. دیارە پیازی تەڕیشیان لە بیر نەکردبوو. لەکاتی ئامادەکردنی خواردندا منداڵە بچووکەکان خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکان بوون. کوڕەکەی شاهین ناوی (نێرگز) بوو. ئەو لە چیای (زۆزك) دەجەنگا. شاهین خۆزگەی ئاشتی دەخواست بەڵام نەك بە هەر مەرجێك و بە هەر نرخێك بێ، ئەو ئاگاداری کردم کە خەڵەو خەرمان بە هۆی بۆردومانی ئاسمانییەوە لە بەردەم مەترسییەکی گەورە دایە و هەندێك کار هەیە کە جێبەجێکردنیان ناکرێ پشتگوێ بخرێ. شاهین پێشبینی بارانێکی کەمی کرد.... جریوە جریوی چۆلەکە دەهات، ئەوان بە دەنووك ئاویان لە رووبارەکەوە دەگوازتەوەو دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتە سەرزەوی! پاش نیوەرۆ کە هەورەکان تەنك بوون، پاش کەمێك تۆپەکان دەستیان بە بۆردومان کردو گوێمان بە تەقینەوەیان کاس بوو، لەکاتێکدا کە دووبارە بە چیادا هەڵ دەگەڕاین فرۆکەیەکی (مێك) داهاتە ناو شیوەکە و بە ئاگری دۆشکەکانی پشت گوندەکەی دەڕشاند. بەڵام کە جارێکی تر نەگەڕایەوە ((شاهین)) گوتی شتێك لە سەر چەقی جادەکە سەرنجی راکێشاوە، ئەو پێشمەرگەیەی کە هاتبوو من و هاوڕێکەم (سامی) ببات بۆ لای ((مەلا مستەفا بارزانی)) گوتی: ئەسپێکی



بەڕەڵا لە سەر جادەکەبووە بینیویەتی. مەودایەکمان رێگاکە بڕی. ئێمە بە لێواری بەردەکاندا دەرۆیشتین و چاومان لە ئاسمان نەدەتروکاند لە سەر رێگاکەمان کەلاشی ئەسپێك کەوتبوو چوار پەلی بۆ سەرەوە بەرزببۆوە و پاشەڵی ئاوەڵا ببوو و هەناوی وەدەرکەوتبوو. بە رێگایەکی درێژ و ئاشکرا کە بۆردومان هەڵی دڕیبوو ملمان دەنا پێشمەرگەیەك گوتی:

- فڕۆکەکان تێپەڕین بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە زۆر لە بارەگای بارزانییەوە نزیکن.

لە یەکێك لە تولە رێ بچووکەکانی رێگاکەوە، قەدی پیرە درەختێك نیوەی لە زەوی هەڵکەنرابوو. رەگەکانی هەڵئاوسابوون، لقەکانی بەرەو خوار سیس بوو بوون و گەڵاکانی هەڵوەری بوون. دیوارێکی لە بەردی نارێك بەدەورییەوە هەڵچنرابوو، هەندێك وردە چەو و هەندێ قاپی بەتاڵی لێبوون. ئەم درەختە پیرۆزە کەجنۆکە دەچنە ناویەوە، رێبواران نەزری خۆیانی پێشکەش دەکەن. ئەم جۆرە سەردانانە کاتێك زۆر دەبن کە تارمایی مەرگ لەو ناوچەیەدا دەسوڕێتەوە. کە بە سەر بنارێکی رکدا سەر دەکەوتین تووشی چوار ریانێك هاتین بەسەر مێرگێکەوە کە لە هەموو لایەکەوە دەنگی سیك سیکە دەهات. ئەلێرە ئەو پێشمەرگەیەی کە هاوڕێمان بوو سافیرەیەکی لێدا. لە تیلە چاوێکدا کە هەر لە سیحر دەچوو، لە ئاسۆوە مێزەری سوور و سپی لە بەردانەوە بە دەرکەوتن کە وەکو پشتێنەیەك بە دەوری مێرگەکەوە بوون. لەلای چەپمانەوە جۆگایەکی بچووك لە درزێکی تەسکەوە دەهاتە دەرەوە ژمارەیەك دار بەڕووی سەوز بە سەر ئەو درزە بەرداوییەدا دەیان روانی. هەر هەنگاوێك کە دەمان نا لە هەناوی (سنتور)ێك دەهاتە دەرەوە پیاو تووشی سەرەگێژە دەهات. هەندێك پێشمەرگە لە سەر ئاگرێك کەلە ژێر سێبەری دارەکاندا کرابۆوەو ئاگرەکەیان بە باشی شاردبۆوە و لە ئاسمان نەدیو کرابوو، چایان ئامادە دەکرد. چوار پارچە رایەخ لە شێوەی چوارگۆشە لە سەر زەوییەکە راخرا بوون، (سامی) کە بەرپرسی ئەو دەستە بچووکە بوو هاتە قسەو بە بێ بایەخییەوە گوتی:

- فڕۆکە مێکەکە ماوەیەکی زۆر پێش کاتی خۆی هات.... ئێمە بە وردی چاودێری ڕێگاکەمان دەکرد و بینیمان فڕۆکەیەکە بە تاکەوە وەکو چۆلەکەیەك لە دەستی زریان رای کردبێ شانە و شانی چیاکە دەهات. زرمەیەکی ئاشنامان هاتە بەرگوێ ئەوە دەنگی تەقینەوەی تۆپە دژە هەواییەکەی گەلاّلە بوو، لەناکاو نیشانەی ئامادەسازی لە سەر پێشمەگەکان دەرکەوت، پیاوێك تفەنگەکەی بە شانییەوە بوو بە هێواشی بە هەورازەکەدا سەردەکەوت، بە دوای ئەودا پیاوێکی کورت، چوار شانەی دارێژراو، دەستی لە پشت خۆیەوە گرتبوو، نیگایەکی هەروەکو چۆن لە ناو وێنە فۆتوگرافییەکاندا هەیە، ئاوا لە بیرەوەریمدا مابوو، ئەمە تەئکیدی بۆ من دەکرد کە ئەوە (مەلا مستەفا بارزانی) یە.

پیاوێکی بالاّ کورت لە سەرەتای تەمەنیدا بوو لە پشتییەوە دەرۆیشت، چاویلکەیەکی گەورەی بازنەیی دەم و چاوی داگرتبوو. سامی بە گوێیدا چرپاندم کە ئەوە (عەقراوی)یە نوێنەری پێشووی کورد لە قاهیرە. کە لەم دواییەدا (ناسر) لە سەر داوای حکوومەتی عێراقی دەری کردووە. لە کۆتایی ریزەکەدا پێشمەرگەیەك جلەوی ئەسپێکی تازیاری بە دەستەوە بوو، ئەسپەکە بەجوانی و بەرێکوپێکی زین و پۆشتە کرابوو، رەنگی خۆڵەمێشی بوو.

**(مەلا مستەفا بارزانی) کەمێك راوەستا تا پشویەك بخواتەوە، بە ئاماژەیەك پیاوەکەی کە لە پشتییەوە بو لەگەڵ ئەسپەکەی ئیزن داو، پاشان پاسەوانی تایبەتی خۆشی کە لەپێشییەوە بوو ئیزن دا و تەنیا خۆی و عەقراوی دووبارە سەرکەوتنەوە. (بارزانی) پالتویەکی خاکی سادەی لە (کەبەردین) کە بە شێوازی ئەوروپی دورابوو، بە سەر جلەکانییەوە لەبەر بوو. سەرنجمدا شەروالێکی فراوانی خەت خەتی لەو شەروالانەی کە ماسی گرانی ولاّتی ئێمە لە بەریاندایە، لە بەرە. ریزێك فیشەکدانی بە سەر پشتێنەکەیەوە بەستووە، لە سەر پشێنە قوماشییە**



**رەنگ شینەکەیەوە خەنجەرێکی کلاسیکی هەیە کە دەسکەکەی لە شاخەو کیلانەکەشی بە زێر داپۆشراوە[1].**

**مێزەرێکی بارزانییانەی خاڵدار بە سوور و سپی، هەروەکو شەش لای شانەی هەنگ وابوو، بە سەرییەوە بوو، وەکو مەزندەم کرد مێزەر قوماشێکە لە دەوری سەر دەپێچرێتەوە بێ ئەوەی شێوازێکی دیاریکراو لەو پێچانەوەیەدا لەبەر چاو بگیرێ. ئەو قژێکی رەش و برۆکانی چڕ و پڕ بوون، چاوی رەش و نیگای قووڵ و بڕندە بوون.**

**سمێڵێکی کورت کراوەو تاڵێك مووی سپی تێدا نییە، لوتێکی بەرزو چەماوە، ریشێکی پان و بە سەر لێوەکانییەوە نیشانەیەکی زەردەخەنە دێت و دەچێ کە لە دڵپاکییەوە هەڵدەقوڵێ و جوانییەك لە خەت خەت بوونی روخساری برۆنزییەوە نەخشی بەستبوو. نەم دەتوانی نیگای چاوم لە سەر ئەو سەرە لابدەم کە حکوومەت خەلاّتێکی بە نرخی بەبڕی (15) ملیۆن فرەنکی کۆن بۆ هەر کەسێك داناوە کە بۆی بێنێ. ئێستا ئاخرین سەرداری مەزنی جەنگ لەم سەدەیەماندا بە بەر دەممەوە راوەستاوە. ئەو لە سەردەمێکی مێژوویی نەجیبدا کەوتۆتەوە بۆ ئەوەی بە وێڵ بوویی و حەپەساوییەوە لەم چەرخەی ئێمەدا خۆی تێیدا ببینێتەوە. نیشتمانپەروەرێکی مەعدەن سەخت و، سەربازێکە گەرد رێی پێ نابا بچێتە ناو ئەم ویقارو شکۆمەندییەی کە لە رۆمانسێتی شۆڕشگێڕانی هەموو شۆڕشەکاندا، کە بەپێشەوایەکی شەرعی دەدەن، هەیە. ئەو لەم رۆژهەلاّتەدا دەرهاویشتەی هەموو داستانەکان و هەموو ئەو شتانەی ئەفسانەو دڵسەختی مێژووت پێ دەناسێنن، بەرجەستە دەکا.**

**لەبەر دەمم راوەستاو هەناسەی هەڵ دێنایەوە، (سامی) چەمایەوە تا من پێشکەشی بکا، مەلا مستەفا دەستێکی بەهێزی بۆ درێژ کردم و تۆقەی لەگەڵدا**

1- زۆر رۆژنامەوانی بیانی و سەردانیکەران بە هەڵە وا خەیاڵ دەکەن کە کێلانی خەنجەرەکەی بارزانی زێرە، بەلاّم لە راستیدا تەنیا مادەیەکی مسی برسیکەدارە.

**کردم. نیگاکانی بێ تروکاندن لە چاوەکانمدا چڕکردەوەو بە خێرهاتنی کردم و داوای لێبووردنی کرد کە دواکەوتووە و گوتی:**

((لە راستی دا من پیربووم)) ئەمەی گوت و زەردەخەیەکی فراوانی بۆ کردو دانە زێڕەکانی دەرکەوتن. پێڵاوە رەشەکانی دانان و لە سەر رایەخەکە چوار مەشقی دانیشت. جووتێك گۆرەوی سپی لە وانەی کە لە خوری بە دەست دەچنرێ و لە سەرەوە گرێ دەدرێ لە پێ دابوو، لە نزیك خۆیەوە جێگای بۆ دانام و هەر کام لە (سامی) و (عەقراوی) لە بەرامبەرمانەوە دانیشتن. ئەو زمانانەی بارزانی قسەی پێ دەکرد تەنیا: کوردی، عەرەبی، روسی بوو[1]، لەبەر ئەوە بۆ وتویێژ پەنام بردە بەر وەرگێرانی ئینگلیزی.

لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا لە زۆر بابەتی جۆربەجۆردا قسەمان کرد. (بارزانی) تکای لێ کردم کە زۆر ئاگاداری خۆم بم، بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی گیانی خۆم، (وەکو خۆی گوتی) و بە پلەی دووەم بە هۆی رژدبوون و خۆویستییەوە!

لەوەتی لە گەرمەی جەنگداین ئەوە یەکەمین جارە رۆژنامەوانێکی بیانی دێتە سەردانی ئێمە. لەبەر ئەوە دەمانەوێ بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چی دیوە بیگێڕێتەوە و شایەتی لە سەر بدا. ئەو جگەرەی تووتنی دەپێچایەوە و پاشان دەیخستە ناو دەمی دار جگەرەیەکی درێژی باریکەوە کەلە داری بەلاڵوك دروست کرا بوو. بۆ داگیرساندنی جگەرەکانی چەرخێکی کۆنی ژەنگاوی پێ بوو کە بە دەست ئاگرەکەی دادەگیرسا. من بارزانیم گێڕایەوە بۆ رابردووی خۆی، دەستیکرد بە یادکردنەوەی شەڕەکانی یەکەم جاری لە دەوروبەری سالانی 1930 کە پاش ئەوەی بەریتانیا وازی لە ئینتدابی خۆی بە سەر عێراقەوە هێنا و بێ ئەوەی ئەو بەلێنانەی بە کورد و ئاشوورییەکانی دا بوو جێبەجێی بکا، بە دەربڕینی تاڵ و مانای وردەوە بیرەوەرییەکانی خۆی (بەدەم دان لەچیڕەوە بردنەوە)، گوتی:

---

1- هەروەها فارسیش دەزانێ. (ج. ف).



**عێراق بریتییە لە بیرۆکەیەکی خراپی بەریتانی و بگرە هەڵەیەکی گەورەی سیاسی، هەر چەندە بە هۆی پەترۆڵەوە کە سەرچاوەی ئەو مەینەتییەی ئێمەیە. (سەفقە)یەکی دارایی براوە بوو. من بەرامبەر ئینگلیز هەرگیز کینە لە دڵ نیم، بگرە ئەوە بە پەسندتر دەزانم لە ژێر سایەی ئەواندا بم نەك لە ژێر باری فەرمانڕەوایی بەغدا. لە سەردەمی کۆماری (مهاباد) زۆر تەڵە و پیلانیان لە دژی ئێمە گێڕا و وەختی ئێمەش بە زۆر بلێی و بەگژیەکدا هاتنەوە بە فیڕۆ چوو، کە ئەمە مالۆیرانی ئێمەی نزیك تر کردەوە. کە مەترسی لێمانەوە دور بوو سیاسییەکان هەڵەیان کرد و بێ باکیان کرد، کاتێك پەنام بۆ روسیا برد. پەنای تر نەبوو، من کۆمۆنیست نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی لێم دەترسن بە مەلای سوور! ناویان دێنام. تۆش دەزانی چی خەیاڵات و ئاوات بەدوا ئەمەدا هاتن. ساڵی 1961 ناچارکرام چەك هەڵبگرم و درێژە بە خەبات بدەم. لای ئێمە مەسەلێك هەیە دەڵێ ((ئەگەر جارێك دەستت دایە کارێك وازی لێ مەهێنە. ئەگەر وازیشت لێ هێنا جارێکی تر مەگەڕێوە سەری)) من هەرگیز وازم لە کاری خۆم نەهێناوە...**

پاشان هاتە ناو باسی جیاوازی و لێکترازانی ریزەکانی خۆیان، دەسبەجێ هەستم بە ئەندازەی ئەو غەم و کەسەرە کرد کە بە سەریدا زاڵبوو، بە تایبەتی لە هەندێك رووداوی دیاریکراوی وەکو پەیمان شکێنی و هەڵاتن لە بەرەی شەڕ کە لەو ماوەیەی دوایی تەمەنیدا بەرەو رووی ببۆوە. بێ پچڕانەوە جگەرەی دەکێشا. جووڵانەوەیەکی بەردەوامی ئەو سەرنجی راکێشام، ئەو بە جۆرێکی بەردەوام و نەرم و رێك یان بە دارێکی بچووك یا بە دارجگەرەیەکی لەسەر گرێی پەنجەکانی دەدا. یەکێك لە پێشمەرگەکان چای بۆ هێناین و پێشمەرگەیەك تر بە شکۆمەندی و رێزەوە نزیك بۆوە تا تفەنگە کۆنەکەی سەرۆکەکەی هەڵبگرێ و لە بن تووڕکێکدا بیشارێتەوە. لە وڵاتی (مەلا مستەفا بارزانی) هەر گوللەیەك نرخی خۆی هەیە و ئەوەی بە فیڕۆ بچێت زیانێکی گەورەیە. ((بارزانی)) لە نیشان پێکان دا سومعەیەکی بێ هاوتای هەیە. تێبینیم کرد کە فڕۆکە هات و بە سەر ئەو جێگایەدا دەسوڕایەوە کە ئێمە لێی دانیشتبووین لە جێگای خۆی جووڵەی

نەکرد. هێمنی ئەو ترسی منی ڕەواندەوە. پاش ساڵانێکی دوورودرێژ لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان و ئازاری ئەو هەموو ئاڵووگۆڕە خێرایانە ئەم پیاوە وا دێتە بەرچاو کە باکی بە هیچ شتێك نییە. ئاماژەم بۆ خەنجەرەکەی کرد. خەنجەرەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە ئەم دیوو ئەو کردنی دەمە پان و چەماوەکەی و دەستی لە لێوارەکەی دەدا، گوتی:

- **خەنجەر هەموو کاتێك باشترین هاوڕێی کورد بووە. لە زەمەنی کۆندا چەکی شەڕ بووە. بەڵام ئێستاکە جگە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی، تەنیا ڕەمزێکی کلاسیکییە. ئێستا ئێمە لە حاڵەتی شتی پێویست تر داین.**

لە باسێکەوە دەچووین بۆ ناو باسێکی تر تا گەیشتینە ناو بازنەی واقیعی ئێستاوە. **مەلا مستەفا دەستی کرد بە ئاراستەکردنی تۆمەتی خەتەرناك بۆ حکوومەتی بەغداد گوتی ((موتڵەقەن بیر لە بەرژەوەندی گەل ناکاتەوە و وا گومان دەبا کە بە ماڵ و چەك و کەرەسەی زۆر دەتوانێ خۆی و چارەنووسی خۆی بپارێزێ))** پاشان وت و وێژمان هاتە سەر شەڕی ڕەواندز. مەلا مستەفا روخساری گەشایەوە و دەم و چاوی کرایەوە تیشك دانەوەیەکی زۆر لەو روخسارە برۆنزییەیدا درەوشایەوە و گوتی: **هەرگیز گومانم لە سەرکەوتن نەبوو، پاشان بە زیپکەوە گوتی: جوانترین و نایابترین شتە لە سی و پێنجساڵی تێکۆشاندا.** ئەی دەربارەی دان و ستاندن؟ ئەمەیان لای حکوومەتی بەغدایە کە بە ((هێز)) خۆی هەڵ دەداتەوە. لەو کاتەدا تەئکیدی لە سەر سادەیی داواکانی و زۆری داشکاندنەکانی دەکرد و گوتی: ئەم داوایانە تەنیا بریتین لە دانپێدانانێکی سادە بەمافە ڕەواکانی گەلێکی دێرین و تایبەتمەند بێ ئەوەی لە عێراق جیا بێتەوە، دانپێدانانێك کە جێگیر و تەواو بێت و بە پێی نەریتە نێو دەوڵەتییەکان قابیلی هەڵوەشانەوە نەبێ. بەپێی دەربڕینی ئەو ((یەکگرتنی ئارەزوومەندانەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای دەوڵەت)). زاراوەی (کەر)ی بەرامبەر بە جاش بەکارهێنا و دانی لە سەر بڕگەکانی وشەکە داگرت، لەگەڵ یەکەمین گوتەیدا کە بە فەرەنسی بەرامبەر بە (Bourricot)یە جۆرێك شانازی بەخۆوە کردنی لێ بەدەرکەوت.



و لە عورفی ئەودا زۆر جۆر جاش هەیە وەکو جاشی زێباری و جاشی (جەلال تاڵەبانی) کە وازیان لە دۆزی کورد هێناوە. هەروەها جاشی تریش هەن کە یەکیان گرتووە بۆ ڕەتکردنەوەی هەر بیرۆکەیەك بۆ ئەنجام دانی دان و ستاندن. ئینجا تەئکیدی دەکرد و دەیگوت:

- **چەك ڕێگا چارەیەکی کردەنی نییە نە بۆ ئێمە و نە بۆ حکوومەتی بەغدا و ئەوان پێویستە ئەو هەقیقەتە بزانن و قەناعەتی پێ بکەن. ئێمە نیازمان نییە و ئەو کەرەسەیەشمان نییە جەنگ بگوازینەوە ئەو دیوی سنوورەکانی خۆمانەوە. لە هەمانکاتیش لە بەردەم هێرشەکانی ئەواندا هەڵنایەین. ئێمە بەرگری لە مافەکانی خۆمان دەکەین و ئەگەر هاتوو گەیشتینە ڕێکەوتنێك لەگەڵیاندا ئاشتی و دڵپاکی کەوتە نێوانمانەوە و تفەنگەکانمان فڕێدا ئەوکاتە هەردوولا بۆ خێروخۆشی و بوژانەوەی وڵات بە دڵسۆزییەوە هاوکاری یەکتری دەکەین.**

ئینجا هاتە سەر باسی مەسیحییەکان و بە دەست و دڵاوایییەوە وەسفی دەکردن:

- ئەوان برای ئێمەن. هاونیشتیمانی کوردستانن و گەرد لە هاونیشتیمانێتی ئەواندا نییە. وەکو شێری ئازا شەڕ دەکەن و لە پێشکەشکردنی قوربانی و شەهیددا درێغی ناکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گومانی لەو بێدەنگییەی ((پاپا)) بێ هیوابوو، بەڵام هێشتا ئومێدەوار بوو کە حەبەری پیرۆز لە نوێژەکانیدا لە پێناوی ئاشتی، کوردستانیش لە بیر ناکا. ئەو هیچ گومان و دوو دڵی نەبوو لە بارەی خراپ بە کارهێنانی پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی کە کۆمەڵی بەشەر لە سەری کۆم بوون و وەکو ئامرازێك بۆ فێڵ کردن بەکاردەهێنرێت، نیگای ئەو، ئەو هەقیقەتە جووتەوانەیەی دەبینی کە بە سەر مامڵەکردنی دیپلۆماسی نێودەوڵەتیدا زاڵە، من وام دەبینی بارزانی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە کە من ئاوا دەیگێڕمەوە:

- گیروگرفتی ئێمە بە تەنیا گیروگرفتی دادپەروەری و مرۆڤ پەروەری نییە. بەڵکو مەسئەلەی هاوسەنگییە لە کیشوەرێکی شێواوی نقوم بوو لە ناو گیروگرفتدا.

لێرەدا (بەرژەوەندی جیهانی ئازاد)، پلەیەکی بنچینەیی هەیە، هیوام وایە درك کردن بەم کارە پاش تێپەڕینی کات نەبێ.

دەوروبەری شەشی ئێوارە کە خۆر لە لوتکەکانەوە ئاوا دەبوو، شنەبایەکی فێنك بەرەو رووومان هات. مەلا مستەفا بارزانی بانگی کردم نانی ئێوارە بە یەکەوە بخۆین. لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ نواکەی خۆی کە دەکەوێتە بەردەمی کانیاوێکی قوول و رێژەن. مەلا مستەفا رووی کردە (مەکە) و نوێژی دابەست. پێیان گوتم کە ئەو بەرەو ئەو رێگایە سوژدەی دەبردو نزای لە خوا دەکرد کە هەنگاوەکانی راست بن و بیپارێزێ.

حەشارگەی ئەو لە ناو درزێکی تەسك دابوو کە لە ژێر شکۆنەبەردێکی زەبەلاحەوە چاك کرابوو. جێگای نووستنی بریتی بوو لە پەتویەکی سادەی هەرزانبەهاو سەرینێك کە سەری دەخستە سەری. تەماشام کرد کە بە لەپی دەست لەو ئاوە بە خوڕە ئاو بەناوچاوانی خۆیدا دەکا. هەر لەوێ پارچە زەوییەکی تەختکراو و جوان کوتراوەی لێ بوو کە وەکو هۆڵی پێشوازی ئەو بوو. یەکێك لە پێشمەرگەکان چای هێنا و پاسەوانەکانیش لە سەر جۆگەکە ئاگرێکی گەورەیان کردبۆوە بێ ئەوەی گوێ بە شاردنەوەی بدەن، سەرگەرمی ئامادەکردنی خواردنی ئێوارە بوون. (مەلا مستەفا) کلۆیەك شەکری خستە ناو دەمییەوە و بە شێنەیی و بەفڕی بچووك دەستی کرد بە خواردنەوەی چاکەی. ئەم ژیان سەختییەی کە گەلەکەی پێیەوە دەیناڵاند، بردییە سەر شۆڕشێك لە توڕەبوون و زمانی کرایەوە بۆ ئەوەی بەو پەڕی توندییەوە حکوومەتی بەغدا ریسوا بکاو گوتی:

**- بۆ ئەوەی جوکمێکی رەوا بە سەر ئێمەدا بدرێ دەبێ هەموو ئەو کارەسات و ماڵوێرانییەی بە سەرمان هاتووە لەبەر چاو بگیرێ. لێرەوە من بە بێ ئاوارتەکردن ((تەحەدا))ی هەموو ئەوانە دەکەم کەلە هەڵگیرساندنی ئەم جەنگەدا بەشدارن، کە لە توانای هیچ گەلێك دانییە هەرچەندە پشوو درێژیش بێ بۆ هەتاهەتایە بەرگەی حاڵەتی نەفیری عەسکەری بگرێت. هەروەها پێویستە لە سەرمان داخ و کینەی ئەوانە لە بەرچاو بگرین کە ناو دەروونیان**



**لەدڵڕەقی و سەرسەختیدا هەڵئاوساوە. جیهان هەرکاتێك کارەساتەکانی هیتلەری دێتەوە بەرچاو لە تووڕەیی و ناڕەزایەتی دا دەلەرزێ. سەیری کوردستانی ئێمە بکە بۆتە گۆڕستانێکی گەورەو مەرگ بەهەر چوارلای دا دەسوڕێتەوە و بە ئاگری ناپاڵم دەسوتێنرێ و بۆتە مەیدانێك پیاو و ئافرەت و منداڵ و پیری تێدا دەکوژرێ و هەروەکو مەیدانی کوشتنی بە کۆمەڵ و ئازاردان و گواستنەوە و برسێتی و مەینەتییە. وا پێنج ساڵە ئێمە بە دەس فەرامۆش کردنێکی گشتییەوە ئازار دەچێژین کە شێوەی پیلانێکی رێکەوتن لە سەرکراوی وەرگرتووە بۆ کردەوەیەکی تیرۆری بەرفراوان کە لە سەر شێوازی نازییەت لە ((تاریکایی شەودا)) دەشاردرێتەوە.**

خواردنی ئێوارە دانرا، بۆ هەردوو کەس سینییەك دانرا، مەلا مستەفا فەرمووی منی کرد بۆ سەر سینی خۆی، کولێرەیەکی هەڵگرت و کردی بە دوو لەتەوە ئینجا هێلکەیەکی کوڵاو و چەند قاشە پیازی خستە ناو لەتە نانەکەو ئەم سەندویچە کوردییەی دایە دەستم. هەروەها (دۆڵمە) و پەنیر و پەراسووی بەرخ، ژەمێکی ئاسایی بوو و لە سەر شەرەفی من دروست کرابوو، هەموویان بە پەنجەکانیان نانیان دەخوارد و پەرداخەکانیان لە قاپی دۆیەکە هەڵ دەکێشا. لە دوایی دا (مەلا مستەفا) لە پشت خۆیەوە تەنەکەیەك هەنگوینی چیایی هێنا کە شانە و مێوەکەی تێدا بوو، و سەر و باڵەکانی هەنگەکان لە ناویدا دیار بوون. هەروەك میوەی هەڵگیراو دەچوو. پارچە نانێکی هەڵگرت و وەکو پاروو لوولی داو لە ناو هەنگوینەکەی هەڵکێشاو پێشکەشی منی کرد. ئەوە بەپێی دابی کۆن پیشان دانی دۆستایەتییە. ئەو شەوە ئاسمان چەند جوان و دڵفڕێن بوو! (ئیدریس) هاتە پێشەوە و لە لای چەپی باوکییەوە دانیشت، (مەلا مستەفا) گوێی بۆ قسەکانی راگرت و کەمێك بە لای ئەودا لار بۆوە و چاوەکانی نیوە کرا بوونەوە و مژی کورتی لە جگەرەکەی دەدا. پاش ئەوەی (ئیدریس) قسەکانی تەواو کرد، مەلا مستەفا دەستی کرد بە دەربڕینی تێبینییەکانی و دەرکردنی فەرمانەکانی. لەو کاتەدا کوڕ وەلامی ئەو

راسپاردانەی باوکی بە ڕێز و ماریفەتەوە بە بەڵێ... بەڵێ دەدایەوە. پاش ئەوەی ئەم گوتوبێژە دوو قۆڵییە تەواو بوو. یەکێك لە پێشمەرگەکان کۆمەڵە نامەیەکی دانا کە پۆستەبەرە نۆبەتچییەکان هێنا بوویان یا لە رادیۆوە وەرگیرابوون. باوك و کوڕ لە نێوان خۆیاندا باری سەرنجی خۆیان لەسەر ئاڵوگۆڕ دەکرد و لەو کاتەشدا گوێیان لە درۆو دەلەسەکانی بەغدا راگرتبوو کە لە رادیۆیەکی ترانزسیتۆری نزیکەوە دەبیسترا. (مەلا مستەفا بارزانی) یەکێکە لە وانەی لە دانیشتی شەوانەدا تا درەنگانێك دەمێنێتەوە. سەردانیکەران هاتن و لە بەردەمی درزەکەدا کۆمەڵیان بەستبوو، مەلا مستەفا بە لای مندا چەمایەوە و گوتی:

**- شەوی تاریك  قەڵای مێرانەو ئاخاوتنی بەتام و چێژ بەهاری دڵانە.**

بەو مەسەلە روونکردنەوەیەکی لەسەر خوو پێوەگرتنێکی شەونخونی درێژی خۆی دامێ و پاشان تا لێواری جادەکە لەگەڵم هات و داوای لێ کردم کە هەر کاتێك حەزم کرد سەردانی بکەم و زۆر هۆشیار و ئاگاداری خۆشم بم. دەمەو بەیان کە لە زیرەی فڕۆکەکان خەبەرم بۆوە. خەنجەرێکم لە ژێر سەرینەکەم دۆزییەوە کە کێلانەکەی زێرکەف کراو و دەسکەکەی شاخ و بەبزمار نەخشێنرابوو. ((خەنجەر برایەو تفەنگ ئامۆزا)) بۆ جاری دوایی کە (مەلا مستەفا)م بینی بە هۆی هایدانی هاتنی شەوانەی فڕۆکەوە گوت و بێژەکەمان تێکچوو. ئەمە رێکەوتنێکی رووت بوو، یان خیانەتێکی تەگبیرکراو؟ تیشکە دۆزەرەوەکان بەسەر حەشارگەکەیەوە بوون، قریشکەی دوشکا دەنگی جۆگاکەی خنکاند بوو. بەپێ رێخشاندن ئاگرەکەم کوژاندەوە. لەبەر نەزانی خۆم هەڵ دایە سەر بەردەکانی کەلێنەکەو بەنیوە لە هۆش خۆچوونەوە بە هەڵواسراوی مامەوە، کە هەناسەیەکم هاتەوەبەر (سامی)و دوو پێشمەرگە بەرزیان کردمەوە بۆ سەر رێگا باریکەکە. لەو شەوە زەنگە تاریکەدا تەنیا گڕی جگەرەیەك دیاربوو ئەو دەنگەکاسکەرە تا ماوەیەکی درێژیش لە ناو ئەو گوێ کاس بوانەمدا هەرمابوو.



جەنگی کوردی دروست کراوی بارزانی خۆیەتی، بێ ئەو نەبەردەوام دەبێ و نە سەرکەوتن بەدەس دەهێنێ. ئەو بەو قسەیە رووبەڕووی پڕۆپاگەندەی بەغدا بۆتەوە کە دەڵێ زۆرایەتی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ حکوومەت دایە و رۆژێك بەو قسە رەوان و بێ دەنگ کەرە وەڵامی داوەتەوە:

**- باشە! جا کەواتە من بەهەزارو پێنج سەد بارزانییەوە دژی وڵاتەکەی خۆم وەستاوم و بەرهەڵستی دەکەم؟**

لە رێگای ئەو شەرعییەتەوە کە پشتی پێ دەبەستێ و بەهێزی ئەو بیروباوەڕە دیموکراسی و ئەخلاقییانەی بەرگری لێ دەکا، و بەحوکمی خەسڵەتی سەر راستی و پاکێتی و ئازایەتی و ورە بەرزییەوە کە تیایەتی، بە هەقیقەت قەدەر زۆر دڵسەخت و نا ئینسانی دەبێ ئەگەر سەرکەوتن بەو پیاوە نەجیب، دادپەروەر، بەویژدان، نموونەی زیندوو لە نیشتیمانپەروەری بەرزو مەزن، کە لەشەوەزەنگی شەودا هەموو ژیانی خۆی لە پێناو هێنانەدی ئاواتەکانیدا تەرخان کردووە، نەبەخشێ، سەرکەوتنێك وێڕای ئەو سەرسامی و ستایش لێکردنە وە درەنگ کەوتووە، بەڵام سەرتاپا لەلایەن هەموو ئازادی خوازانی جیهانەوە. کەلێی دەکرێ.

شەوێك (شێر) بە ئۆتۆمبێلێکی (لاندروڤر) تا سەر سنوورەکانی ئێرانی بردم. ئاگاداریشی کردم کە چی پێویست بێ بۆ کاروباری دەستەڵاتەکان ئامادەی کردووە. بەڵام من هەستم بەوە نەدەکرد بەم زووانە کوردستان بەجێ دەهێڵم. من بەهەڵاتن خۆمم لە دەستی قوتارکرد. لەو کاتەدا رێویەك بەبەردەمی لایتەکانی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکان هاتە سەر رێگاکەمان. بەجووڵانەوەیەکی کتوپڕ ئۆتۆمبێلەکە سوڕایەوە تا کیسەڵێکی جوان کە لەسەر جادەکە بوو نەپلیشێتەوە. لە دەربەندی شینوك بورجی پاسگایەکی سنووری کۆنی  عێراقی وەك نیشانەی پرسیار کە بە مەرەکەبێکی چینی لەسەر کاغەزێکی بە ئەستێرە رازاوە کێشرابێ وابوو. کاتێك بەلای پێشمەرگەکاندا تێپەریم هیوای گەشتێکی ئاسوودەیان بۆ دەخواستم. ئینجا (شێر) سوکانی ئۆتۆمبێلەکەی بەرەڵا کردو لە هەورازەکەوە سەر بەرەو ژێر بۆوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئێرە کۆتایی سنووری کوردستانی ئازاد کراوە.

ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەم لەمپەرێك راوەستا. لەوێ ئۆتۆمبێلێکی تر لایتی نزمی هەڵکردبوو چاوەڕێی دەکردم. من زەمەنێکی درێژ بوو لەبیرم چوبۆوە کە جیهانێکی تر هەیە کە لەوێ پێویستە مرۆڤ بیر لە ناسنامەو پسولەی رەسمی و مۆرکردن بکاتەوە. (شێر) منی تەسلیم بە پیاوانی کاروانچیانی ئێرانی کرد. (شێر) فرمێسك لە چاوەکانیدا دەهاتن و دەچوون، لە باوەشی کردم و ماچی کردم ئاخرین نیگای تیژپەڕم لە ئاسمانی کوردستان و لەلوتی سەدەفینی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بڕی کە قەدەر بۆی هێنام لە گیانبازییەکی بێ هاوتا دا تیایدا بژیم. بێگومان ئەمە سەیرترین گیانبازییە لە هەموو ژیانی رۆژنامەوانیمدا. ئەستێرەکان هەموویان هەڵاتبوون و هەر دەتگوت لەگەڵ مندا لە ژوان دان و... هەموو مرۆڤێك ئەستێرەیەکی هەیە کە بۆی دەدرەوشێتەوە و لەکاتی مردنیشدا دەکوژێتەوە. ژمارەیەك خەڵکی کوردم بینی کە لە بۆردومانی فڕۆکە رزگاریان بووبوو. لە بەتاڵاییەك لە بەتاڵاییەکانی دەربەندی شینوك کۆببوونەوە، سواری جێبەکە بووم بێ ئەوەی ترسی ئەوەم هەبێ ئەستێرەیەکی کەوتوو ببینم... لەناکاو غەم دایگرتم و شەکەتی بە هەموو گیانم دا بڵاوبۆوە کە لەوانەیە بە هۆی ئەو رێگا ترسناکەوە بووبێ بە پێچ و پەناو سورانەوە دەڕواتە خوارەوە تا دەگاتە (خانە). (سایقەکە) کە لە پیاوانی ئاسایش بوو، ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەمی ئۆتێلێکدا راگرت کە کەوتبووە سەر شەقامێکی دیمەن نارێك و پیسەوە بەهەر دوولای جادەکەوە خانووی نزم و بێ رەونەق و نەخشە نارێك هەبوون. تیشکی کارەبا تەنگی بە چاوم هەڵچنی، پیاوەکە پێی گوتم کە سبەی بەیانی پاسێکی (ئوتوبیس) دەمبا بۆ (مهاباد و مەراغە). ئەمە وەکو فەرمان وابوو، لە ژوورێکی گشتیدا کەسێ پیاوی نەناسراو لە ژوورەکەدا لەگەڵم بون تامی خەوتنم نەکرد، حەسرەتی شەوانی رازاوە بە ئەستێرەی جوانی سەر مەستکەری کوردستان دایگرتم. هەرچۆنێك بوو لەو ژوورە پیسەمدا رۆژم لێ بۆوە. چوومە خوارەوە بۆ ئەو خەراباتەی کە لە



پێشدا چێشتخانەی نهۆمی خوارەوە بوو، منداڵێکی جل دڕاوی پێخواس دۆلکە ئاوێکی هێنا، منداڵێکی تریش عەرەبانەیەکی پاڵ دەنا کە قالبە سەهۆڵێکی تێدابوو، بۆ مەبەستی ساردکردنەوە بەکار دەهات. هەندێك سەربازی جل و بەرگ شل و شێواو زۆربەی هۆلەکەیان پڕ کردبوو، نانیان دەخوارد. وردە وردە شەقامەکە پڕ دەبوو لە جووتیاران کە سواری ئەسپەکانیان بووبوون. زۆربەیان هێندەی برا لەوانە دەچوون کە لە ڕووکاری ئەو دیوی زنجیرە چیاکەوە دەژین، بەڵام رێبازی بیرکردنەوەیەکی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. لەبەر دەممەوە پیرەمێردێکی بەساڵاچوو، لەدەمی نێرگەلەیەکەوە دوکەڵی بەهەوادا بڵاودەکردەوە لە دەرەوەش هەندێ خەڵکی دیکە شەتڵگای ئەو درەختانەیان ئاودەدا کە بەدرێژایی هەردوو شۆستەی شەقامەکە ریز بووبوون. ژنان و منداڵان بەدەوری ئەو باخچە بچووکانەوە چوار مەشقی دانیشتبوون و چای بەیانیان دەخواردەوە و دەنگیان بەرزدەکردەوەو ژاوەیان دەکرد.

کاتژمێر هەشت سەرکەوتمە ئوتوبیسەکەو لەسەر کورسییەکەم دانیشتم. کورسییەکە لاکانی لێ بووبوونەوە، پاسەکەش دەتگوت بێشکەیەو بە گوڵی دەستکردو رەسمی دروست کراوی لادێیانەو ئاوێنەو ئەنتیکەی کەسکو سور رازابۆوە لەسەروی هەمووشیانەوە وێنەیەکی (شا) و یەکێکی تری (شابانو) هەڵواسرابوو. نەفەرەکان هەریەکەو قاپێك زەڵاتەی کاڵیان درایە. ئەو ناوچەیەی پیایدا دەرۆیشتین لە سەربازگە جمەی دەهات. نیوەرۆ گەیشتینە (مهاباد). بیست ساڵ پێش ئێستا تاکە کۆماری کورد بە پێشەوایەتی (قازی مەحمەد) و (مەلا مستەفا بارزانی) لەوێ لە دایك بوو، لەم شارە ساکارو سیما هەژارەدا کە لەسەر زەوی یەکی تەخت وەبێ رێکوپێکی و بە (تەکعیبێکی) بێ سەروبەر[1] ئاواکرابوو، هیچ شتێك لەوێ ئاماژە بەیادی رۆژانی رابردووی ناکا.

1- رێبازێکە لە رێبازەکانی وێنەکێشان کە بە شێوەی (تەکعیب) و شێوەگەلی ئەندازەیی تر شتەکان دەکێشرێنەوە.

ئاپۆرایەکی رەنگاو رەنگیش خەڵك لەوێ بوون، بەڵام سیمایان غەمبارو دەهاتن و دەچوون لەوێ جگە لە هەندێك لەو بارهەڵگرانە، کەسێکی دیکەی لێ نەبوو بەرگری لەو سومعە نەتەوەییە- لەو هێزە بەدەنییە- بکا. دەمبینی لە ژێر باری بێ سنووردا کە چاوی مرۆڤ باوەڕناکا، دەچەمینەوە، بەڵام کێ لە خەڵکی ئەم جیهانە باوەڕدەکا کە مەسەلی — وەك تورك بەهێزە- تەنیا ساختەو فێڵ بووە؟

لە هوتێلی نوێی تەورێز منداڵە برسییەکان لە نێوان خۆیان پاشماوەی ئەو (چلۆ کەباب)ەیان بەش دەکرد کە لەبەر من مابۆوە. بە سواری (ئوتوبیس) چووم بۆ مەراغە و کاتێك گەیشتمە ئەوێ دنیا تاریك داهاتبوو. ئەو پۆلیسەی خانە کە لەگەڵمدا هاتبوو منی دایە دەست هاورێیەکی خۆی کە راسپێردرا بوو بمباتە (تاران). بەرێکەوت لە ژووری نوستنەکەم لە ناو شەمەندەفەرەکەدا ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای ئێرانی تێدابوو، زمانی فەرەنسی دەزانی. پێڵاوە چنراوە کوردییەکەم و سەروقیافەی شێواوم ئەوی بەرەو سەرسامی برد.

منیش بەسەرهاتی خۆم پێ راگەیاندو ئاگادارام کرد لە کوێ هاتووم و چیم بە چاوی خۆم دیوە، ئەفسەرەکە بەرامبەر بە سەرکەوتنەکانی کە (مەلا مستەفا بارزانی) بەدەستی هێنابوون خۆشی و ئاسوودەیی خۆی پیشان داو گوتی ((عەرەب گەلێکی وەحشین!))[1] بۆ سبەی بەیانی پیاوێکی ئینگلیزیم دی کە لە

1- زۆر جار دەسپاکی وەرگێران، وەرگێرناچار دەکا ئەو بیروباوەڕانەش وەکو خۆی بنووسێتەوە کە لەگەڵ بیری خۆیدا نایەتەوە یان حەزیان پێ ناکا یاخود ناکۆکی لەگەڵیاندا هەیە. لە کۆنەوە گوتویانە ((بەگێڕانەوەی کوفر کافر نابی)) گومانی تێدا نییە کەڕایەکی ئەو تۆ جگە لەسەرەڕۆیی و خۆپەسندی و گاڵتەجاری بە بەها مرۆییەکان شتێکی تری تێدا بەدی ناکرێ و لەوە بێبایەخ ترە کەڕیسوای بکەین و بەڵگە بۆ نادروستی بهێنینەوە. لەم بۆنەیەدا تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە ئەو وڵاتەی قسەکەر باسی دەکا ئێستاش تا ساتی ئێستامان بەنیوە زیاتر لە کەلەپوور و کولتوور و پێگەی ئەقڵانی خۆیدا، قەرزاری شارستانێتی عەرەبەو پێموانییە هیچ تاکە ئێرانییەکی ئاقڵ هەبێ نکۆڵی لەمە بکا. (ج.ف)



یەکێ لە پەیمانگاکانی حەبەشە مامۆستا بوو. ئەوە چوارەم جاری بوو بەدەوری جیهاندا دەسوڕایەوە. ئەو بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵاو ببێ تا بۆی بکرێ سواری فڕۆکە نابێ. ئەو بەم شێوەیە مەبەستی خۆی دەربڕی ((قوتابییەکانم بەم جۆرە چاکتر دەتوانن لێم تێ بگەن)). ئەم پیاوە باریك و لاوازو باڵا بەرز بوو، قژە زەردەکەی روتابۆوە. ئەم پیاوە زۆر خۆی بەهەست و نەستی مرۆڤ دۆستی هەڵدەدایەوە. پرسیارم لێ کرد ئایا شتێك دەربارەی (کوردستان) ی عێراق دەزانی؟ ئایا دەزانی جەنگێکی بڵێسەگرتووی تێدایە؟ وەڵامیدامەوە ئەو شتانە قسەی بێ مانان و ئەو بینینی خەڵکانی زیندووی بەلاوە پەسەندترە لە بینینی مردووەکانیان. بۆم شیکردەوە کە ئەو دەتوانێ مادەیەکی شکۆمەندی بۆ دەرز گوتنەوە تیادا ئامادەبکا کە بیروباوەڕە مەزنەکان فێری لاوان دەکا و مەودای جێبەجێکردنی روون دەکاتەوە. تەنیا ئەوەندەی لەدەس هات کە ئەم ووتە دووبارە بکاتەوە کە دەربارەی کێشەی نەمری نێوان هۆکارو بەرەنجام هەیە. ئەم جۆرە لێڕوانینە فیکریانە کە بەرزترین ئاستی رۆشنبیری دەگرێتە خۆی تەنیا بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ترس یاخود بۆ شاردنەوەی شەریعەی کۆن شەریعەی جەنگەڵ، رێك دەخرێ. دیسانەوە وەکو چەندەها جاری تر بۆم روون بۆوە کە چەند ئاسانە مرۆڤ پاش ژەمێکی چەورو چۆڵ، بوتڵێك ویسکیشی لەبەردەم بێ بۆ ئەوەی چاکتر یارمەتی بدا بیروڕاکانی روون بکاتەوەو برازێنێتەوەو، فەلسەفە بەسەر خەڵکیدا لێ بدا. لە کاتێك هەستم بەپەژارە دەکرد بە دوو دڵییەوە سەلماندنەکەی (باسکال) م[1] بۆ هێنایەوە:

**- گرەو دەکەم کوردستان هەیە!!**

1- بلینر باسکال، 1623-1662 لەزەمەنی خۆیدا یەکێك بووە لە هەڵکەوتووەکانی فەرەنسا لە بواری ژمارەو فیزیك و فەلسەفەو ئەدەب دا. ئێستاش کاریگەری ئایینی ئەو بەحوکمی کتێبەکەی (بیروڕاکان) لەسەر بیری هاوچەرخ بەقوڵی دیارە (ج.ف)

هەروەها ئاماژەم بەوە کرد کە ئـەم سـەلماندنەش بـە دەوری خـۆی هـەموو هەڵاتنێك لە واقیع دەسەلمێنیٚ.

دواجار گەیشتمە تاران. هـاوریٚ کـەم بـۆ ئـەوەی کـەلٚك لـە مۆڵەتەکـەی وەربگریٚ رۆیشت. ئیدی لە سانسۆردا نەمام. فرۆکەیەك بەسەر سەرمدا بـەرەو فرۆکەخانەی (میهر ئاباد) تیٚ پەری ژاوەیەکی گەورەی نایەوە دیسانەوە خەریك بوو خۆم بەسەر زەویدا بدەم...

# بەشی نۆیەم

# دادپەروەری و چاکە کاری

# دادپەروەری و چاکەکاری

**(دنیا گوڵەکە بهێن کەو بدە هەڤاڵی خۆ)**

(پەندی کوردی)

من بەلێنی خۆم بردە سەر..... هەموو شتێکم بەهەندەران گوت.. هەواڵی مردنی (عوبیدوڵاو لوقمان و ئیدریس) کوڕانی (مەلا مستەفا بارزانی)م بە درۆخستەوە... بیری خەڵکم هێنایەوە کە باوکیشیان (مەلا مستەفا) پێشتر چەند جارێك خستویانەتە ناو گۆڕەوە! هەروەها بۆ قەباڵەی قسەکانم وێنەی فۆتۆگرافیم پێ نیشان دان... لە ناو ئەو تاقیکردنەوەیەی خۆمدا کە لە ناویدا ژیام بەڵگەم لەسەر بەرگری کردنی سەرکەوتوانەی شەڕی رەواندز (ڤردۆنی کورد) پێشکەش کردن... قەسابخانەو خراپەکارییەکانی کە حکومەتی بەغدا پێی هەڵدەستێ ریسواکردو درۆو دەلەسەکانیم ئاشکرا کرد... هەروەها ئەو شەریعەتە بێدەنگییە بێ هاوتایەی چەرخی ئێستام ئیدانە کرد... ئەو شەریعەتەی کە مەرامی ئەوەیە ئەو ئۆپەراسیۆنی قەلاچۆکردنە کە بەئەنقەست و پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوەو بەرنامە رێژکراوە، پەردەپۆشی بکا.

لە 16ی ئابی 1966 فڕۆکەیەکی (میك) ئاسمانی عێراقی بەجێ هێشت و پاشان لە فڕۆکە خانەیەکی (ئیسرائیل) نیشتەوە. ئەم فڕۆکەیە (نەقیب) ی فڕۆکەوانی عێراقی (مونیر روفا) لێی دەخوڕی کە بەئایین مەسیحی بوو. ئەم رووداوە ژاوەیەکی دیبلۆماسی گەورەی نایەوەو وەك بەشێك لەبەشەکانی جەنگی نهێنی هەڵایساوی بەینی دەزگا هەواڵگرییەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوا کەوتە بەرچاوی رای گشتی جیهانەوە. ئەی (مونیر روفا) ی مەسیحی چ لێدوانێکی راگەیاند؟ ئەو بە هەموو سادەییەکەوە گوتی: کە بە هۆی باری سیاسییەوە هیچی تر ناتوانێ خزمەتی وڵاتەکەی بکا؟ و ویژدانی رێگابەوە نادا هاوبەشی بکا لە قەلا چۆکردنی برایانی ئایینی خۆی بە هۆی بۆردومان کردنی گوندە



کوردییەکانەوە! هەروەها گوتی کە تراژیدیای ئەو هەمان تراژیدیای هاوڕێیانی هاوچەکیەتی. بە هۆی ئەمەوە بوو مۆسکۆ هەڕەشەی کرد کە یارمەتی بۆ عێراق رادەگریت. رۆژئاوا دەسبەجێ کەوتە سەرباری توێژینەوە لە خاسیەتەکانی (میك21). یەکێك لەو دەرفەتە دەگمەنانەی کە هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی تراژیدیای ئەو ویژدانەی (مونیر روفا) باسی دەکرد و هۆیەك بوو لە هۆکارەکانی هەڵاتن و بێزلێ هاتنەوە، بۆ هەموو خەڵك ئاشکرا بکرێت، نەقۆزرایەوە و کەس سەرنجی بەلای ئەمەدا نەچوو، بەڵام ئەو تۆمەتانەی (مونیر روفا) بەرامبەر حکومەتی بەغدا لە دادگای مێژوودا مانەوەو شایەتی دانی ئەو (چ راست و چ درۆ) دیزە بە دەرخۆنەی لێ کرا، لەوەڕا کە دەیویست بەرگێکی نەجیبی بکاتە بەر هەڵاتنەکەی خۆی. چونکە کارەکەی خیانەتی گەورە بوو کە گەردی تێدا نەبوو

گومانی تێیدا نییە کە (مونیر روفا) یەکێك بوو لەو فڕۆکەوانە سەرکێش و دڵڕەق و سەرسەختانەی کە بە شێوەیەك شایانی بەزەیی و سەرسامییە لە ئەنگاوتنی پێگەو پەردەکەی چۆمان دا هەڵەی کردو، لەترس و تۆقیندا بۆمباکانی خۆی بە چیاکە دادا.

ئەم فڕۆکەوانە کە پەنای بۆ ئیسرائیل بردووە وا هەست دەکا کە کارێکی دادپەروەرانەی کردووە کە لەگەڵ باوەڕگاکانی رەوشتدا راستە رێیە.

بەڵام ئەوەش کارێکی گێلانەی دزێوانەی تر بوو کە کردی. کارێکی گەوجانەی هەڵەشەبوو. بەدکارییەکی دیکە بوو لە سەر رێگای بەرەو زەلکاوی پترۆل چوون دا... هەڵەیەك بوو لە دابەشکردنی کارتەکانی قوماردا لەسەر مێزی یەهودییەتی جیهانیدا. من لەلای خۆمەوە دەڵێم رازیم بەو هێڵەی کە (مونیر روفا) پیادا چوو. چونکە لە عورفی مندا هەر کەسێك کە بەرزدەبێتەوە، هەرچەندە رۆژگارێکی زۆریش بخایەنێ، هەر دەبێ بکەوێتەوە خوارەوە، ئەوەتا دەبینین ئەویش کەوتە خوارەوە. پەشیمانیشی لە ئاست کاروکردەوەی کوشتن ئەگەر راست بێ، تەئیکد

لە و ئازارە سەختانە دەکا کە قوربانیانی کوردستان[1] بەدەستییەوە دەتلێنەوە کە من لە پێشدا گێراومەتەوە.

**لە راستیدا گەلی کورد واپێ دەچێ لە بیرچوونەوە خنکاندویەتی، کەس گوێ لە زرنگانەوەی زەنگی غەمەکانی ناگرێ کە شەو رۆژ ئارام نابنەوە. ئەوانەی کە ئاگایان لە نهێنییەکانی کاروبارەکان هەیە زۆر کەمیان جورئەتی ئەوە دەکەن دەنگیان بەرزبکەنەوە، نەوەکو سیستەمی ویژدانی جیهانی بهەژێنن و خەوی پێ تاڵ بکەن. لەوانەشە گومانەکانی کورد و ئاشووری لەچەرخی ئێمەدا خەوشێکی گەورەو کەمایەتییەکی روون بێت،** کە ئەویش بریتییە لەوەی سەر بە هیچ کامپێك نین و هیچ رەنگێکی سیاسی دیاریکراویان نییە، یان لەوانەیە زۆر لایەن هەبێ کە بیەوێ لە کۆڕە سیاسییە نێو دەوڵەتییەکاندا بۆ هەتا هەتایە دەمیان داخاو زمانیان لاڵ بکا! هەموو ئەو ئافرەت و منداڵ و پیرانەی کە هاواری یارمەتی و فریاکەوتن دەکەن، هەموو ئەو مرۆڤانەی هاوار بۆ هەق و دادپەروەری دەکەن، ئەوانە هیچیان لەو خاوەن یانەو هۆڵانە نین کە هاواری یارمەتی و فریاکەوتن ئازاری هەستی گوێ یان دەدا. ئەمە تەنیا هەڵەیەکی مێژوویییە و بەس. پاش ئەوەی جەنگی ڤێتنام دەنگەکانی کوردی کپ کرد. نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی بەدادو سکاڵا کرد بەدەس هات و هاواری ئەم کەمینانەوە لێرەو لەوێ.... کەمینە؟ ئایا تەنیا مرۆڤێکی سادەش هەیە جورئەتی ئەوە بکا کە گەلی پۆلۆنی لە ریزی کەمینەکان دابنێ؟ کە لەو چەرخەی دوایی دا لە نێوان روسیاو پروسیاو

1- ئێمە لەم بابەتەدا لەگەڵ رای نووسەرداین. ئیدانەی ئەوە دەکەین کە خاوەنی ئەم کارە خیانەت کارییە کە لەخوڕەوشتی جوامێری دورە، مەینەتییەکانی کوردستان بۆ ئەوە بەکاربهێنێ بەرگێکی مرۆڤایەتی بە بەرکارەکەیدا بکا. ئەم کارە تا ئەو جێیە کە پەیوەندی بەویژدانی شۆڕشی کوردەوە هەیە، کارێکە هەر لە بنەڕەتدا بە جۆرێکی بنەڕەتی رەتکراوەیە. ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی عێراقی چ لەکاتی شەڕدا چ لەکاتی ئاگر بەستە درێژەکاندا لە هێڵەکانی شەڕ پەڕینەوەو بە هێزەکانی ئێمەوە پەیوەست بوون و لەلایەن شۆڕشەوە ئەو پەڕی رێز لێنان و ستایش کردنیان بۆ کرا.



نەمسادا دابەش کرابوو؟ ئەی ئێمەی فەڕەنسی کە رۆژگارێك لە نێوان بە لچیکاو ئەڵمانیاو سویسرا و ئیتالیا و ئیسپانیا دا دابەش کرابووین قبووڵمان کرد وەکو کەمینە تەماشان بکرێ؟ کە وابێ بۆ دەبێ دانپێدانان بە گەلی کورد کە کەلەپوور و سەروەرییەکی یەکجار دەوڵەمەندو بەهێزو لە سڕینەوە نەهاتووی هەیە و هەموو ئەم داب و نەریتانەشی بەدرێژایی نەوەکان و سەدەکان تێدا کەڵەکەبووە، رەت بکرێتەوە؟ گەلێکی وەکو کورد کە جگە لە میسر ژمارەی دانیشتوانی لە ژمارەی هەموو وڵاتانی هەر دەوڵەتێکی عەرەبی زیاترە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کێ زاتی ئەوە دەکا نکۆلی لە مافەکانیان بکا؟ تۆگۆ، داهۆمی، چاد، کونگۆ، برازافیل یەمەن یان کوەیت؟

بەتەئکید کورد نەخشەیان بۆ ئەوە نەکێشاوە کار بۆ سەربەخۆیی خۆیان بکەن هەرچەندە ئەوە ئاواتی کۆتایی ئەوانە.

بۆ کورد، لە چوارچێوەیەکی کردەنی نێودەوڵەتی دا، زۆر سنوور هەن دەبێ هەموار بکرێن، لەبەر ئەوە ئاواتی خۆیان لە هێنانەدی کوردستانی گەورەدا خستۆتە ئەو لاوە. کەچی لەهەمان کاتدا (عەبدولناسر) بێ دوو دڵی دروشمی (بەرەنگار بوونەوە) ی خستەڕوو، ئەم دروشمەی کە دروشمی یەکێتی سەرتاسەری نیشتمانی عەرەبییە. کە هێنانەدی دروشمەکە وا دەخوازێ هەمووارکردنێکی ناگشتی لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا بکرێ. کورد داخوازییەکانی خۆیان لەوەدا کورت کردۆتەوە کە مافەکانیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتانەدا یەکسان بکرێ، بەڵام خۆپەرستی جیهان کە بە (ئیمپریالیزم) و کۆنەپەرستی ناودەبرێ پاڵی پێوەدەنێ تا لەدژی ئەوانە هاوپەیمانی بکەن کە بەجووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان ناو دەبرێن لەلایەکی دیکەوە دەبینین کۆنگرەی سێ کیشوەرەکانی (ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای باشوور) کە لە هاڤانا لە ساڵی 1966 بەسترا، نامەی (مەلا مستەفا بارزانی) کە ئاراستەی ئەوانی کردبوو رەت کردەوە. کوردستان بەقەدەر ئەوەی کە بۆ جیهانی یەکەم بێزار کەرە بەهەمان قەدەریش بۆ جیهانی سێیەم بێزارکەرە.

جیهانی سێیەم کوردستان بە (ئیسرائیلی دووەم)وەسف دەکا. بەپێی خەملاندنی رای کەسێکی سووری، لێك چونێك و هاوکاتییەك لە نێوانی ئەو دوانە دا هەیە لەدەس درێژییەکاندا، کورد کە بێ پسانەوە لە دێرینترین رۆژگارە دێرینەکانەوە لەسەر خاکی خۆی دەژی، لە زەمانی زۆر کۆنەوە پێش ئەوەی عەرەب بێن دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیرکردبوو. لەگەڵ ئاڵوگۆڕو سورانەوەی چەرخی رۆژگاردا خۆی راگرتووە و ملی دانەنواندووە. لە هەمانکاتدا گرنگی بەوە نەداوە دەوڵەتێکی تەنك و ناچونیەك، یاخود یەکگرتنێکی فیدرالی کە زادەی رێکەوت و زروف بێت دابمەزرێنێ. گەرچی هەندێك کەس وایان پێ خۆشە کێشەی بەربەرییەکان بە نموونەی ئەم گەلە بهێننەوە. بەڵام گەلی کورد نەتەنیا گەلێکی چونیەکە و بەس، سەرەڕای زمانی تایبەتی خۆی کە زمانێکی شارستانیانەی پێش کەوتووە، رێکخستنی سیاسی و نەریت گەلێکی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمە جگە لەوەی کە سوپاو ئاڵای خۆی هەیە. کورد ناکرێ لەگەڵ گەلی ((بەربەر)) ی پەرت و بڵاوبوودا بەراورد بکرێ کە بەهەموو لاکانی حەوزی بەرینی دەریای سپی ناوەڕاستدا بڵاوبوونەتەوە کە لە چەند کەمینەیەکی ناچونیەکی بەربڵاو پێکهاتوون. گەلی کورد ناکرێ بە چوونەپالێکی تەواوەوە بچێتەپاڵ هیچ گەلێکی دیکە وەکو ئەو شێوەیەی کە لە هۆزە جەزایرییەکاندا هەبوو، ئەوان توخمێکی پێکهەڵپژان بوون لە جەنگی سەربەخۆیی جەزائیردا، و دیسان وایێ دەچێ کەس ئەوە نەزانێ کە کوردستان لە باری نەژادی و جوگرافی و کەلتووریدا لەناو تاپۆی راستییە مێژووییەکاندا تۆمارکراوە ئەمانە کاروباری پێویستی و پڕاوپڕن بۆ پاساودانەوەی بوونی نیشتیمانێکی رەسەنی دێرین.

کە وابێ هەتاکەی رێگا دەدرێ بەم پرۆسەی قەڵاچۆکارییە کە وڵاتانی دروستکراو بەرپای **دەکەن کە مانەوەی بەردەوامی خۆیان لە سات و سەودا لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکاندا دەبیننەوە؟** هەتا کەی ئەم کارانە بێ پەرچ و سزادان دەمێننەوە کە تەحەدای هەموو جیهان دەکەن؟ دووبارە دەسپێکرنەوەی شەڕ لە چیاکانی کوردستان کارێکی حەتمییە و نزیکیش بۆتەوە. عێراقیش بۆ دووبارە



بنیاتنانەوەی سوپا تێکشکاوەکەی بێ پسانەوە یارمەتی لە ئەمریکا سۆڤێت و بەریتانیا و (فەرەنسا) شەوە وەردەگرێ. ئەوەتا دەی بینی ئێستاکە کە زستان کۆتایی هاتووە، لەبەردەمی چیاکانەوە خۆی سازداوەو خۆی خۆی کۆکردۆتەوە. (عارف) ی شۆڕشگێر؟ تۆ بڵێی ئەویش سەرکەوتووبێ لە سازدانی کۆنەپەرستانی ئەنقەرەو تاران وەکو چۆن بە ماوەیەکی کەم لە پێش خۆی (بنەماڵەی هاشمی) کە حوکمی عێراقیان دەکرد لە بەستنی پەیمانێکدا بۆ دانانی سنوورێك لەبەردەم ئاواتەکانی گەلی کورددا بەدەس لە پشتدانی کۆمپانیای جیهانی[1] نەوتی عێراق، سەرکەوتنیان بەدەس هێنا. ئایا ئێران (وڵاتی میدیا)[2] دەستە خوشکی مێژوویی خۆی بەجێ دەهێڵێ و پەڵەی شورەیی لە عاست قەڵاچۆکردنی گەلێك بۆ خۆی قبووڵ دەکا؟ **نەخێر ناکرێ لەوە زیاتر جیهان دەستەوستان بمێنێتەوە لە عاست ئەو قەسابخانانەی کە ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی بەیەکجاری هەموو پرەنسیپەکان و بنەما شکۆدارەکانی مرۆڤایەتی، لەناو چاڵێکی بە کۆمەڵی رێکەوتنە نێودەوڵەتییە بەدکارییە نەفرەت لێکراوەکانی دا، گۆڕەوشار بدرێن. موداخەلەی دەرەکی بۆ بەربەست کردنی تاوانەکانی کوشتن بەدەست تێوەردانێکی لاپرسەنانە ناژمێردرێ لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تردا. لە هەموو وڵاتێکی پێشکەوتوودا، قانوون یارمەتی دانی کەسێکی، کە لە حاڵەتی مەترسیدا بێت، کردووە بە ئەرکێکی حەتمی. ئێستا وا گەلی کورد جارێکی تر کەوتۆتەوە بەرمەترسی، مرۆڤایەتی مەزنی کورد ناگاتە ئاستی پاڵەوانێتییەکانی. مەرامی سادەی من ئەوەنییە فلان و فیسار مەزن بکەم. دادپەروەری و چاکە کاری لێرە کۆدەبنەوە... بەناوی خاچ و هیلالەوە لە پێناوی پاراستنی شەرەف و کەرامەتی مرۆڤدا. کاتێك پێم نایە ناو دەرگای یەکەمین ماڵ**

---

1- دانەر ئاماژە بۆ پەیماننامەی "سەعد ئاباد" دەکا کە هەرکام لە عێراق و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان لە ساڵی 1937دا ئیمزایان کردووە. لە بنەڕەتدا ئەم پەیمانە بەتایبەتی هەردوو مادەی حەوتەم و نۆیەمدا بۆ هاوکاری نێو ئەو لایەنا نەیە بۆ لە نێوبردنی هەر جووڵانەوەیەکی یاخیبوون کە لەسەر سنوورەکانی ئەم وڵاتانەوە سەرهەڵ دەدا بەرێگایی سیاسی و سەربازی.

2- بەپێی رای زۆرینەی هەرە زۆری مێژووناسە ئەنتروپۆلۆجییەکان ئەوا میدییەکان باپیرانی کوردن.


**له کوردستان که میوانداریان کردم ئافرەتێك بەو دەربرینە رووخۆشەوە بەخێرهاتنی کردم که دڵی مرۆڤ دەکاتەوە ((بەخێر بێی سەر سەرو سەرچاوان)) ئەم دەربڕینە شانازی و ئازاری پێکەوە له نێو خۆیدا کۆکردبۆوە.. کاتێکیش که خاکی کوردستانم بەجێ دەهێشت (سامی) له (گەلاڵە) چەن گوڵێکی کێوی بۆ چنیم که بۆن و بەرامی ئەوین دارانی بڵاوەکردەوە، بەدەم پێشکەش کردنییەوە پێی گوتم ((هەر بژی و بەختەوەر بی. ئەوە ئەکسیری ژیانە بۆ تۆ)) لێم پرسی له پێناوی چی؟ لێیەوە روانیم و نیگاکەی هاوبەشییەك بوو لەگەڵ ئەو پەندە نەتەوەییە له جیاتی سڵاوی ماڵئاوایی و پێی گوتم ((دنیا گوڵە بهێن کەو بدە هەڤاڵی خۆ)) لەگەڵ خۆمدا نامەیەکی بە نرخی برایەتیم له گەلێکەوە هێناوە که لەریشە دەرهێنانی خۆی رەت دەکاتەوە، پێشەوایەك سەرکردایەتی دەکا شەرەفی ئەو له گوڵ پاك و بێگەرد ترە. لەبەردەم ئەو چەپکە گوڵە هەڵوەریوەدا وام خەیاڵ دەکرد سرودی پێشمەرگەم گوێ لێیەو دووبارە له نێو پاشماوەی ئەو پەیکەرە ئێسقانانەی له هەردوو چیای (زۆزك) و (هەندرێن) کەڵەکە بوون، هەروا بەرز دەبێتەوە:**

**پێشمەرگەین بەهەڵمەتین**
**پاڵەوانی میللەتین**
**شێری رۆژی زیللەتین**
**له پێناوی سەربەخۆیی کوردستان**
**بەخت ئەکەین سەروماڵ گیانمان**

**له ناو هەموو بۆن و بەرامەکانی رۆژهەڵات که له ناو مێژوو و ئەفسانەکاندا هەواڵ و باسیان هاتووە، له هەمووان بە هێزترو کاریگەرتر هەڵاڵەی گوڵەکەی گەلاڵەیە، ئەو گوڵانەی که له چارەمیان نووسی جیهانی پێ گوڵاو پرژێن بکەم.**

(تولوز) یەکەمی نیسانی 1967

## پاشکۆی وێنە



دیمەنێك لە ناوچەی شەڕەکان و گوندە بۆردوومانکراوەکان. خێزانەکان و مێگەلی ماڵاتەکان ڕێگایان بۆ کراوەتەوە تا لە گردە بەرزەکان پەناگایەك بدۆزنەوە



منداڵ و پیرەکان سواری پشتی ئەسپ و هێسترو گوێدرێژ بوونە و باریشیان بەسەر پشتەوەیە





لێرە و لەوێ پاشماوەی لاشەی ئاژەڵی بۆگەن بوو کەوتوون.
هێندێکیان لە ناوەڕاستەوە بوونەتە دوو پارچە یان و لەت و پەت بوون،
هێندێکیان چوارپەلیان پەڕیوە، هێندێکیان سەریان لێبڕێوتەوە



ڕێگای شاخاوی شینۆك لە کۆتایی (ڕێگای هاملتون)، ئەوێ کە ئامانجی گەورەی هێرشی حکوومەت بوو هەمیشە بەدەستی پێشمەرگە مایەوە



**دکتۆر حیکمەت بە مەرهەمی پەنسلین قولکەیەك کە چاوەکەی دەرپەڕیوە، پاکژ دەکاتەوە و پارچە لۆکەی ئەستوور دەخاتە سەر برینەکە**



**پاش پاکژکردنەوە گۆشتی زیندوو لەو جێیەوە کە هەڵدڕاوە، دەردەکەوێ**





**ناپاڵم..! پێم وایە شتێکی لە موجیزە کەمتر نییە. هەستم بەشەرم و شوورەیی دەکرد چونکە ئەم ئاگرە داگرەش هەر لە ئەورووپاوە دێت**



باوکە پۆلیس بیدار (ابونا) تاکە جارێك بوو کە لە جلوبەرگی کەهنوتیدا بینیم کە سەردانی کۆمەڵێك لە دیلەکانی دەکرد. لە تەنیشتییەوە محەمەد عەزیز قادر بەڕێوەبەری کارگێڕی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دیارە



ئەمە گیانبازییەکی ژپرکەوتووی ئەم فرۆکە ئەلیۆشنە بوو کە داهاتبووە خوارەوە تا ئەوەی خەریك بوو خۆی لە بنارەکە بدات و ئینجا بەرزبېۆوە بەڵام نەیتوانی لە چیایەکە دەرباز ببێ و خۆی بە لوتکەکەدا کێشاو تێك و پێك شکا. (لە وێنەکەدا بەشێك لە بزوێنەرە نەفاسەکەی دیارە).



لای چەپ: وێنەی پاڵەوانی مەسیحی کە هەر بەجلوبەرگی کلاسیکی خۆیەوە شەهید بوو. زۆرجار وێنەی مەلا مستەفا بارزانی دەبینرێ کە لە تەنیشت وێنەکەی ئەو لەسەر دیواری ماڵەکان لەلای راستەوە هەڵواسراوە





کوخی جوتیارێك کە هەروەکو کوخەکانی تر وایە. لە حەوشەکەیدا بەرهەیوانێك هەیە کە ئاوەڵایە و بۆ نوستن بەکاردێ و لەسەر کۆڵەگە بنیاتنراوە



(گوڵێ) رەنگ ئەسمەر و چاوگەورەی رەش لێوەکانی تورت و پڕ. جوان بوو. خۆشی ئەمەی دەزانی. ئافرەتی کورد رۆڵێکی بنچینەیی لە خێزاندا دەبینێ



مەلا مستەفا بارزانی نامەیەك دەخوێنیتەوە كە یەكێك لە تەتەرەكان بۆیان هێناوە. لەلای چەپییەوە (عەقراوی) نوێنەری كورد لە قاهیرە دانیشتووە، ئەو لەم دواییانەدا عەبدولناسر هەستا بەدەركردنی.



لە بەرەی شەڕ لەژێر لق و پۆپی درەختەكان لەراستەوە بۆ چەپ: ئیدریس بارزانی ئەو رۆژە بوو كە هەواڵی كوژرانی لە رادیۆی بەغداوە بڵاوكرایەوە — عەقید عەبدولرەحمان قازی سەرۆكی ئەركان - سامی





رینیە موریس ئەم وێنەیەی لە مەیدانی شەڕدا گرتووە. شەڕی رواندز لە بەهاری 1966دا گەیشتە ئەوپەڕی گەرمی و توندوتیژی تا بەسەركەوتنێكی ئاشكرای پیاوانی مەلا مستەفا بارزانی بەسەر سوپای عێراقیدا یەكلابۆوە. لەوێ لەم شەڕەی (ڤردون)ی كورد لە بەرزایی (2800) مەتر بەتوندی لێكیان دەداو تەرم بەسەر تەرمدا دەكەوت. جگە لە رینیە موریس شایەتێكی بیانی دیكەی لێ نەبوو كە لەو كاتەدا لەنێو ئەو گەلەدا كە مێژوو لەبیری كردووە و تەنیا لە پێناوی مانەوەدا شەڕێكی توندوتیژ بەرێوە دەبا. دانەر بەشێوازێكی سەنگین و كاریگەر رووداوەكان دەگێڕێتەوە و ئەم پرسیارە دەخاتە بەردەمی خوێنەر: جیهان و هێزەكانی تر بۆچی ناجولێن و ئەم ئۆپەراسیونی قەڵاچۆكردنە بەكۆمەڵە راناگرن.





کۆمەڵێك لە بارەگای گشتی شۆڕش لەسەر گیا دانیشتوون گوت و بێژ دەکەن و هێندێك بەڵگەنامە و نەخشە تەماشا دەکەن



تۆپ و تەقەمەنی کەڵەکەبوو کە لە سوپای عێراقی گیراوە بۆ شوێنە وونی لەژێر لق و پۆپی درەختەکاندا شاردراونەتەوە








لەسەر لوتکەی چیای زۆزك کە بەبۆمبای ناپاڵم لە دارو دەوەن دارووتاوە، ئەفسەرێکی عێراقی دیارە کە بەدیل گیراوە. (لە جلەکانییەوە وا دەردەکەوێ کە لە رشتەی پۆلیس بووە ج. ف).



دیلەکان لە ژیانی نانەسکی و و مەمرەو مەژی پێشمەرگەدا بەشدارن و ئەوان مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵدا ناکرێ



ناوت چییە؟ (رزگار). ئەی تۆ؟ (خەبات) هەروەها هی تریشم بینین ناوی لە بابەتی (کوردستان) و (ئازاد) و (شۆڕش)یان لێنرابوو





پێشرکێی ئەسپ سواری لە زاگرۆس لەسەر شێوازی عەرەبی گەیشتۆتە ئەوپەڕی. پێشبڕکێ کاران پێیان بەقایم لە ئاوزەنگیدا توندکردووە و تفەنگە کۆن و لوولە درێژەکانیان کەلەنیشان ئەنگاوتندا هەڵە ناکا بەدەستیانەوەیە



ماوەی پێنج ساڵ لە ئۆپەراسیۆنی قەڵاچۆکردن هێشتا گەلی کورد ئەو پەندە نەمرەی خۆی دەڵێتەوە (بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئازادی بژی دەبێ بمرێ) گەلی کورد گەلێکی نەدارا و بەتەنیا و بێ پشت و پەنایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە شۆڕشەکان و پەندەکانیدا سوورە لەسەر پاپەندبوون و دەستگرتن بەو هیوایە.


ئەم کیژۆڵەیە گەرچی لە کەش و هەوایەکی ترس و تۆقاندندا گەورە دەبێ، بەڵام سەرباری هەموو شتێك پەیامی پێشینانی خۆی دووبارە دەکاتەوە: (دنیا گوڵە بهێن کەو بدە هەڤاڵی خۆ).






ئەمانەن زۆرانبازی کارانی مێژەربەسەری شەڕی ئازادی کە بەلای ئەوانەوە وەکو باوەڕێکی ئایینی لێهاتووە.

لەلای راستەوە (محەمەد) لە درکاندنی تەمەنی راستەقینەی خۆیدا درۆی کردبوو تا دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێ لە شەڕدا بەشداری بکا.







نەخشەی شەڕی هەندرین لە 12ی ئازاری 1966

